# کتێبی ڕەش

دڵشاد عەبدوڵڵا

٢٠٢١

**لەپاش ڕەش ڕەنگی تر نییە؟**

" پەندی کوردی بە هەڵگێڕاوەیی"

## سەرەتا

دەفتەرێکی بەرگ چەرمی دووسەت پەڕیم بە دیاری بۆ هات. بەو مەبەستەی بەرهەمی خۆمی تێدا بنووسم. ئەو جۆرە دیارییە بۆ نووسەران وەکو ڕێزگرتنێکە لە نووسینەکانی.
لەبەرئەوەی کاغەزی ئەی فۆڕ بەکاردێنم و خووم پێیەوە گرتووە، بۆیە دەفتەر وەک خۆی مایەوە بۆ ماوەی دوو ساڵ.
لە یەکێک لە سەفەرەکانمدا بۆ بەریتانیا دەفتەرم خستە جانتای سەفەرەوە، مەبەستێکی دیاریکراو لەم کارەدا نەبوو. دەفتەر یەکێکە لە پێویستییەکانی نووسەر بۆ کاتی سەفەردا.
هێشتا مۆبایل نەبۆتە جێگای متمانەم بۆ ئەنجامدانی کاری لەو جۆرە.
ماوەی دە ڕۆژ لە شاری ئۆکسفۆرد مامەوە. ئەو شارە شوێنێکی گونجاوە بۆ نووسین و بیرکردنەوە و ڕامان. شاری زانکۆ و قوتابیە بە گشتی. باخچە و پارکی فرەیە، جێی پیاسەی سەر ئاوەکانی، کافێ و بارەکانی پڕن لە گەنج. بۆ من شارێکی ئارامە. ڕۆژانە سەرنجەکانی خۆم لەو دەفتەرە دەنووسیەوە. ئەوجۆرە نووسینانە سەرە قەڵەمن، سکێچن بۆ پڕۆژەکان.
ئەم کتێبە داڕشتنەوەی سەرلەنوێی ئەو سەرەقەڵەمانەیە، لەپاڵ هەندێک نووسینی تر.
بەشێکی کتێبەکە وەک گۆشەنیگایە بەرانبەر هەندێک بابەتی شیعر. بەشی دیکەی لەشێوەی بیرەوەرییە، کۆتاییەکەشی خوێندنەوەی ئەزموونی چەند شاعیرێکە.
کاتی خۆی شتێک هەبوو پێیان دەووت، کەشکۆڵ. کەشکۆڵ لە بنچینەدا دەفرێکە دەستگری هەیە، دەرویش بۆ کۆکردنەوەی سواڵ بەکاری دەبەن. کە بۆ دەفتەری بیرەوەریی و تۆماری شیعری شاعیرانیش بەکاردەهێنرێ هەر هەمان مەبەست دەگەینێ.
ئەم وشەیە کاتی خۆی زۆر بەکاردەهات. بەشێکی تۆمار و ساغکردنەوەی بەرهەمی شاعیرانی کلاسیک، لە پشکنینی ئەو کەشکۆڵانە هاتووە کە مەلا و خوێندەواری جاران جێیان هێشتوون.
بەشێک لە شاعیران ئەو جۆرە دەفتەر و کەشکۆڵەیان هەیە. هەندێک جار دوای مەرگیان سەرلەنوێ ڕێکخراون و لە چاپدراون.
"کتێبی نادڵنیایی" فرناندۆ پێسۆوا، سالانێک دوای مەرگی چاپ بوو. شاعیران خاڵی هاوبەشیان زۆرە.کاتێک دەیانخوێنیتەوە تێدەگەی تەنیا ئاسمانیان هاوبەشە.
جوانی دنیای شیعر لە فرە چەشنیەکەدایە.

ناوهێنانی کتێبی شاعیری پورتوگال پێسۆوا لە پێشەکی کتێبی خۆمدا یادکردنەوەی شاعیرێکە چوار شاعیری تر لەژێر پاڵتۆکەیدا دەژیان، بەگوێرەی وەسفی شاعیری کۆلۆمبی مانوێل روکا. لەبەر ئەوەی پێسۆوا بە چوار ناوی جیاواز بەرهەمی بڵاوکردووەتەوە.
"پیشەی ژیان" ی باڤیزی، " دانی پێدا دەنێم کە ژیام" ی نیرۆدا ، " دنیای دوێنێ" ستیڤان زڤایگ و " بدوێ ئەی بیرەوەری" ڤلادیمێر نابۆکۆڤ. هەندێک لەو یاداشت و بیرەوەریانەن سوودم لە خوێندنەوەیان کردووە.
ئەدیبی کورد، کەمتر بایەخی بە نووسینی ئەم تەرزە ئەدەبە داوە. هۆی ئەم بایەخنەدانەی زۆرە . وەفایی و دڵدار و شێرکۆ بێکەس بیرەوەرییان نووسیوە. بەڵام کەمتر فەزای جیهانبینیی تێیاندا دەرکەوتووە.
ئیمێل سیوران لەبارەی نووسینەوەی بیرەوەری و یاداشت لە لایەن شاعیرانەوە ڕایەکی جیای هەیە. ئەو پێی وایە نووسەر کە دەستی کەشفکا، زیان لە بەرهەمەکانی دەدا و ئاسۆ لەبەردەمی خوێنەر بەرتەسک دەکا.
لە وتارێکیدا سەبارەت بە ڤالیری، لە کتێبی " هەندێک ڕاهێنان لە سەرسامییدا"، دەنووسێ، "بەدبەختی نووسەری ڕاستەقینە ئەوکاتەیە کە زانراو، یان پەی پێ بردراو بێ".
یەکبەباری خۆم، ئەم جۆرە نووسینە، وەک فەزای پشتەوەی ماڵی شیعر تەماشا دەکەم. فەزایەکە، چیت بوێ ئەوەی لێ دروست دەکەی. هەیە سەوزەی تێدا دەڕوێنێ، هەشە دەیکا بە کۆگا و وەرشەی خۆی.
عەیبێک لەمندا هەیە و بە بیرەوەرییەکانیشمەوە دیارە، ئەویش ئەوەیە، کەمترین بایەخم بە ڕووداوەکانی دەرەوەی جیهانی شیعر داوە. ئەوەی تۆمارم کردووە لە ماوەی چل ساڵی نووسیندا، فەزای گشتی شیعرەکانمە. ئەوەی تر کە لە هەندێک کتێبی پێشووشمدا هەیە، یادەوەریی و سەرنجی دوای خوێندنەوە و وردبوونەوەی هزرە لە دیاردە ئەدەبی و شیعرییەکان هەر بۆیەش نووسیومە، ئەزموون.
کورد دەڵێ، پاش ڕەش ڕەنگی تر نییە. تابلۆیەکی یەک ڕەنگیی ڕەشی مەدحەت کاکەیی هەڵکۆڵی، بەشێکی وەڵامت دەستدەکەوێ. ڕەش دوا ڕەنگی سەر کانفازە وەک لێفەیەک لە ژێریدا ڕەنگی تر هەیە. لە تەختەی ڕەنگەکاندا ڕەش یەک تۆنی نییە وەک هەموو ڕەنگێک. ڕەش، ئەگەر بە پێچەوانە بیخوێنیتەوە، دەبێتە شەڕ. ڕەنگی ماتەمین و دڵتەنگیی. ڕەنگی فەرمی و بۆنەکانیشە. جلی ڕەش لە جلە شیک و ڕاقییەکانە. ئەو خەیاڵە کورتەی پەندی کوردیی نازانم سەرچاوەکەی لە کوێیە؟ قەت هێندە باپیرانی خۆم بێ سەلیقە نەدیوە. بەهەرحاڵ ئەوانیش عوزری خۆیان هەبووە، ڕەنگە هێشتا درکم پێی نەکردبێ.

هەولێر / کۆتایی ٢٠٢٠

## بۆ دەنووسم؟

لە سێ کتێبی پێشوومدا " بەفرەلۆک" و نوخبی خواوەندێک" و کێڵگەی گەنم" بە شێوەی پچڕ پچڕ وەڵامی ئەم پرسیارەی سەرەوەم داوەتەوە. ئەزموونی نووسین تا دێ ئاسۆی تر لە بەردەم خۆی والادەکا و چشتگەلی نوێ کەشف دەکا.

چی دەنووسی؟  ئەوەی دەینووسی ڕەنگدانەوەی جیهانی واقعییە، یان خوڵقاندنی جیهانێکی ترە؟ چ سوودی هەیە وەها کارێک، مەگەر ئێمە بەدەست جیهانێکەوە گرفتار نین؟ جیهانی تر بۆ چییە؟

بەراوردکردن خەسڵەتێکی مرۆییە. هەر شتێک دەبینێ بەراوردی دەکا لەگەل نموونەیەکی خەیاڵی خۆی، یان دیتراوێکی پێشتر. ئەدی ئەوەی پێشوو لە کوێ هاتووە؟ بەرهەمی سەلیقە و بیرکردنەوەیە، یان کەتوارە؟ تاکە دەریچەیەک ئەوەیە، مرۆڤ توانای ئەفراندنی بەرهەمی تازەی هەیە لە ڕێی زمانەوە. ئەوەی زمان دروستی دەکا هەمیشە جیاوازە لەوەی هەیە. قژ زەردی ناو دەرگای حەوشە وەستاوی ناو شیعری " ئەی قژ زەرد " ی گۆران تا هەتا دەمێنێ، لەکاتێک قژ زەردە واقعییەکە تەمەنی دیتنی چەند چرکەیەکی کەمە.

شاعیرەکان خەونیان هەیە و خەونەکانیان لە واقعدا جێگەی نابێتەوە؟ ئەو جیهانەی ئەوان بە نیازی خوڵقاندنی دەنووسن، جیهانی نموونە و میسالە؟ تێیدا دەگا بە کاملی جوانییەکان؟ ئەو جیهانەی هەیە ڕاستەقینە نییە، ورووژێنەری خەیاڵە بۆ ژیانی ڕاسەقینە؟

پرسیارگەلێک زیاتر بۆ وەلامدانەوەی پرسیارێکی سادەیە، بۆ دەنووسم؟

ئەم جۆرە بیرکردنەوەی عەوداڵی ئاکار و ئەدگاری دنیای میساله ڕەگێکی ئایینی هەیە. لە دنیای شیعردا چی دەنووسی بارتەقای چۆنی دەنووسی گرنگ نییە.

زمان، بەشێک لەو گرفتەی چارەسەر کردووە، ئەوەی تر تەکنیکی نووسینە.

ئەوەی زمان دروستی دەکا کرۆکی بوونە، وەها نەبێ شاعیر ناتوانێ بنووسێ.

هیچ شتێک لە دەرەوەی زماندا نییە. ڕاستتر ئەوەیە، جیهانی شیعر ڕاستەقینەیە. ئەوەی تر هەڵچنراوی زەمەنە و کاتییە( نموونەی پێشووم سەبارەت قژ زەرد)، پێچەوانەی دیواری ئەشکەوتەکەی فلاتوون.
ئەوەی چاوی شاعیر دەیبینێ، کەسانی تر ناتوانن ببینن. ئەم ڕستەیە پڕ بەپێستی ئەو بیرکردنەوەیەی سەرەوەیە. شیعر دنیای ڕاستەقینەی بێ سنوورە.
لە کۆنەوە شاعیر ئەو تایبەتمەندییەی هەیە. بازنەی بینینی فراوانترە. ئەم جیاوازییە، بەگوێرەی تیۆری ڕێژەیی، بۆ ڕووبەری ڕووناکی دارژاو دەگەڕێتەوە. ڕووناکی دوو جۆرە. یەکیان، سەرچاوەکەی لە خۆرەوەیە. ئەوەی تر، لە ناو دڵ! ( ناخ). ڕاستتر لە زماندایە و شاعیر ئاشکرای دەکا، بۆیە، لەناو هەندێک میللەتی کۆندا، شاعیر، وەک پێغەمبەر دەناسرا. ئەویش، تیشکی ڕووناکی خودا دەداتەوە، ئەگەر بەراووردکردنەکە گونجاو بێ.
شاعیری نوێ لەو میسالیاتە کەمێک دوورکەوتۆتەوە. دەڵێم، کەمێک، چونکە دنیای نووسین هێشتا لە ئاقاری خەیاڵ دەرنەچووە.
شیعری نوێ نزیکترە لەگەشەی دەرخستەکانی ژیانی ڕۆژانە، و خەمی تاک. ئەو توونێلانەی ئاوەز لە ئەزموونی ژیندا، بە وتەی هایدیگەر، هەڵی دەکۆڵێ، و ئەو فەزایەی والای دەکا، سنووری بینین دەکاتەوە. ئەوەی شیعر دەیکا لە پووختی دەربڕیندا؛ زمانی نووسین پاک دەکاتەوە لەو فشوفۆڵییەی لەڕێی بیرکردنەوەی گشتگیر و بابەتییەوە دروست بووە. هەوڵی پاراستنی کرۆکی بوون دەدا.
نامەوێ خوێنەر ببەم بۆ ئەو دیوی شتەکان و چێوەیان وەکو تەمومژی خەیاڵی ڕووت نیشان بدەم. هێندەی دەمەوێ، ئاوڕ لەو پەیوەندی و چشتانە بدەمەوە کە هێندە نزیکن ناتوانرێ دەستبەرداریان بین. من چێوە دروست ناکەم تابلۆ دەکێشم.
شیعر مواسەفاتی هونەری هەیە بەس مواسەفاتی مێژوویی و سیاسی نییە.
شیعر، وەکو تەشقێکی ئایینی زۆر بە ئاسانی ئەنجام دەدرێ. مانا و مەغزای پەنهانیشی هەیە. جیاوازی نێوان، تەشقی شیعر و ئایین، ڕووگەیە. ئەویان ڕوو لە ئاسمان و غەیبە، هی شیعر، گەشتی مرۆڤە بەرەو ناخ.
ئەوەی لە ماوەی نیو سەدەی نووسیندا هەڵمهێنجاوە بەرهەمی ماندووبوونی ڕۆح و گەڕان و پشکنینی بەردەوامە بۆ دیتنەوەی ڕووناکی لە چشتە بێدەنگ و پەراوێزەکان، چ ئەوانەی لە ژیانی واقعی خۆم و دەوروبەرم هەستم پێیان کردووە، چ ئەوانەی لە خوێندنەوە و ئەزموونی کەسانی تر فێریان بووم. هەندێک جاریش لە دنیای خەونەکانەوە. مەرج نییە ئەو شتانە خۆیان وەکو هەن جوان دەرکەوتبن، بەهرەمەندی شاعیر ئەو کاتە دەردەکەوێ کە لەگەڵ مەزەندەی گشتی یەکانگیر نەبێ؛ دیتنەوەی جوانی لە ناو ناشیرینییەکان.
دۆزینەوەی ژمارە چ گۆڕانێکی لە زانست دروستکرد، شیعر هەمان گۆڕانی کرد، بە شفرە و هێماکانی، بە والاکردنی ئاسۆ لەبەردەم ئازادی دەربڕیندا.
لە کوێوە هاتووم، و بەرەو کوێ دەچم؟

" چۆن ناتوانم له منداڵیم دەربازبم، ئاوەهاش ناتوانم له ڤرجیل، و دانتی، و بۆدلێر، و مەولەوی ڕزگاربم. [ گومان دەکەم ڕستەیەکی لەوچەشنەم له شوێنێک خوێندبێتەوە، هەرلەبەر ئەوەشە خستمە ناو زلەکەوانەوە]. لەگەڵ ئەو هەموو جیاوازییەی له نێوان منداڵیی و ئەو ڕابردووە شیعرییەدا هەیە.

ئەوان، قۆناغی منداڵیی شیعر نین. شاعیر که دروست بوو، به تەمەن گەورەیە ئەگەر به بچوکیش بێ. ڕاستتر ئەوەیە. ئەوان، ئیشارەتی گەورەن بەسەر بازنەی داهێنانەوە، بەردەوام دەخولێنەوە. ئەگەر ئەفراندن به بازنه بچوێنین که سەرەتا و کۆتایی نییە.

ئەوانەی ئاگاداری کۆی بەرهەمەکانی منن، دەزانن، ئەو ڕستەیە، هی منیش نەبێ بۆ ئەزموونی من گونجاو و پڕ به پێستییەتی.

له ژیانمدا، نه پوولم کۆکردووەتەوە، نه پەپوولە، تا ئەلبوومیان لێ دروست بکەم. وشه و هەستم کۆکردووەتەوە. چوومەته بنجوبنەوانی هەستەکان، و شکست، و سەرکەوتنەکانی مرۆڤ، و درێژەپێدانەکانی نێوان، شته جودا، و دژەکانم دیتیتەوە. گەشەم به توانای داڕشتن داوە بۆ دەرخستنەوەیان له واقیعێکی شیعرییدا.

ئەوانەی پوول و پەپووله کۆدەکەنەوە، دوای ساڵانێک، ئەگەر جیهانبینیان نەشگۆڕێ هەست و بیرکردنەوەیەکیان له لا دروست دەبێ تایبەت بەجیهانی کەرەستەکانیان. کەچی شاعیر لەدوای ئەزموون، جیهانبینی به چەشنێک دەگۆڕێ، که شیعر، ببێته هەموو ژیانی.

وەک کەسێک، فێری هەناسەی ئاسایی بێ ئەگەر ئۆکسجینی دەستکرد و بوتڵی بۆ دانێن چی بەسەردێ؟ شاعیریش بێ شیعر وەهای لێ دێ.

به منداڵیی ئەوەی بیرم لێی نەکردبووەوە ئەوە بوو ڕۆژێک دابێ ببم به شاعیر. بەڵام بووم و پەشیمان نییم. شاعیریی چشتێکی فێرکردووم مەحاڵە چشتی تر فێری کردبام، ئەویش جورئەتی ڕووبەڕوو بوونەوەیە لەگەڵ خۆمدا. ئەوکاتەی له دەرەوە تووشی هەر جۆره هەست به کەمییەک بکەم بەرانبەر غەدرێک لێم کرابێ، که دەنووسم وەک ئەوەی هێزێکم تێدا هەبێ له شکان نەیێ وەهام. کەسایەتی خۆم لەوێ دایە.

ئێستا که نزیکەی پەنجا ساڵ بەسەر یەکەم ئەزموونم تێپەڕ دەبێ لەخۆم دەپرسم، بۆ دەنووسم؟ ئەوە بێهومێدی نییە هێندەی دەرخستنی تایبەتمەندییە.

بەکورتی، دەنووسم چونکه ناتوانم نەنووسم. ژیانم له دەرەوەی نووسین مانا و مەغزای تێدا نابینم بۆ خۆم.

که لەو پرسیاره دەربازم بێ ڕووبەڕووی پرسیاره قورسەکه دەبمەوە، چی دەنووسم؟ چۆن دەنووسم؟

له دوای جەنگی دووەمی جیهانەوە، ڕیتمی ژیان و ڕووداوەکان گۆڕاون. ئەوەی پێی دەوترا داهاتوو بوو به تراویلکە. بایەخ بەو ساتانه درا، که تێیدا دەژین. ئەوەی لەکتێبەکانی فەلسەفە به زەمەنی بوونگەرایی ناسراوە.

ئیلییەت، لەبارەی ئاڵۆزییەکانی ئەو گۆڕانەوە دەنووسێ،

ئەو شارستانیەتە، چەندین پارچەی پەرشوبڵاوە، کۆبۆتەوە. ئەو پارچانە، کە بەر هەستی وریای شاعیر دەکەون، شیعرێکی ئاوێتەی پڕ لە کینایە دێتەکایەوە. مانا گشتیەکان بە زمانێک دەردەبڕێن کە لە بنچینەدا کورتهێنە! ( مەبەست لەو موعاناتەیە کە شاعیر بەدەست ڕکێفکردنی زمانەوە دەیچێژێ لەکاتی دەربڕیندا).

واتا، ناکرێ، شیعر قورس و ئاوێتەیی نەبێ.

دوای نیو سەدە لەم بۆچوونە، و بچووککردنی مرۆڤ لە لایەن سیستمی جیهانی نوێوە، شیعر زێتر ڕوو لە سادەبوونەوە و ڕوون بوونەیە. ئەم ڕوونبوونەوەیە، جگە لەوەی گەشەی ئەزموونی نووسینی شیعرە لە جیهاندا، لەهەمان کاتیشدا، ئامادەبوون و کاریگەری خوێنەرە بە شێوەی چالاکتر.

بەگوێرەی مەنتیقی خوێندنەوە و زۆری ئەزموونە شیعرییەکان بوایە، دەبوو خوێنەری شیعر زیاتربا. کەچی دەبینین لە کشانەوەیە.

ئەم دۆخە، بۆ پاڵەپەستۆی واقیع دەگەڕێتەوە، یان، نا ئامادەیی شیعر؟

شیعر، وەکو هەوا نەگۆڕاوە. ژینگەی خراپ هەوای لێ پیس کردووە. شیعر، زمان پاک دەکاتەوە لە زیادەی ناشیعریی، وەکو چۆن، فلتەر، هەوا پاک ڕادەگرێ.

لەنێوان، پاراستنی ئەو هەستەی هەمە بەرانبەر شکۆی زمان و ئەزموونی خۆم لەگەڵ وشە و دەستەواژەکاندا و پاراستنی ئەو تەلیسمەی لە ئەفسانەکانەوە وەریگرتووە، لەگەڵ ئەو لادانانەی، کە ڕۆحی زمانی شیعرە، بە گوێرەی کۆهین. ڕێچکەیەکم بۆخۆم کردووەتەوە، ئەویش نووسینی شیعری ڕۆشنبیرییە. ئەم کارە بەشێکی سەلیقە و خۆڕسکە، بەشی تری پڕۆژەیە.

ئەم دەستەواژەیە، پێشتر بەکارهاتووە، لە ئەدەبی میللەتانی تردا. بۆ شیعری تی. ئێس. ئیلییەت، و گۆستاف میووش بەکارهاتووە.

دانتی دەیتوانی، کۆمیدیا، بە زمانی ڕاستەوخۆ بنووسێ، نەینووسی.

تێگەیشتن بۆ شیعر هەمان تێگەیشتنە لە کۆنەوە، ئەوەی گۆڕاوە ئاستی پەیوەندییەکانی نێوان شیعر و خوێنەرە.

میلتۆن، مەلحەمەی " بەهەشتی ونبوو" ی لە سەدەی حەڤدەدا نووسی. کە بە سەردەمی دارمانی ئەدەب دەناسرێ، لە ئەدەبی ئینگلیزیدا. دوای شیکسپیر و شاعیرانی میتافیزیک. سەردەمی جەنگی ناوخۆش بوو. کەچی، تێکستێکە، پڕ لە ڕەمز و ئەفسانەی هەمەجۆر. ناتوانین مەزەندە بکەین، کام جۆر شیعر پێویستە. بەڵام، دەتوانین بڵێین، شیعر پێویستییە. سارتەر، قسەیەکی هەیە دەڵێ، " لانیکەم دەبێ سەدەیەک چاوەڕێ بکەین، تا بزانین، ئەوکارەی ئەنجاممان داوە توانا و مافی مانەوەی هەیە، یان نا".

بەو گریمانەی سارتەر، ئەگەر بەرهەمی خۆم، بپێوم، دەبێ چاوەڕێ بکەم. بە متمانە، و دڵنیاییەوە چاوەڕێ دەکەم. ترسی ئەوەم نییە، مێژووی داهێنان غەدرم لێ بکا.

بەکورتی، من تەنیا ژیانی خۆم نانووسمەوە، هەستی خۆمێک دەنووسمەوە، کە لە بنچینەدا سروشتی کۆی هەیە. ژیانەکان، و مرۆڤەکان لە دنیایەکدان، تەنیا یەک ڕەهەندی نییە، بەڵکو شەش پاڵووە*.

لە شوێنێکی ئەم جیهانە دەژیم هەموو مێژووی شراوەی بن عەردییە. ئەوەی بەدەرەوەیە وەک درەختی بەر ڕەشەبا حەجمانی نییە. کەوتمە گەڕان و پشکنینی ناخی مرۆڤەکانی، ئەویش لێوانلێوی غەریبییە. خۆم کردە چەقی بوون و کەوتمە هەڵکۆڵینی ؛ ئەوەی نووسیوومە بەرهەمی ئەو هەڵکۆڵینەیە. ڕێچکەی شاعیرانی بەرلەخۆم نەگرت. بە لاڕێیەکدا هاتم، شوێنەواری کەسی تری لەسەر نەبێ. ئەوەی زۆریش سەرنجی ڕاکێشاوم ئەو غەریبییەیە، وەک بارێکی گران بەشانەوەیە، بوارنادە سەر بەرزبکاتەوە.
هەستم، بەر هەرشتێک بکەوێ، ئەگەر خوێنیشی لێ نەیێ، شوێنەواری دەمێنێ. بەو حەماسەتەوە، دەنووسم. بەس، بە هێمنی خۆڵەمێش، ئاگری شیعر دەپارێزم.
ئەکید، شیعر، وەک لاسکێکی تەڕ، لە قۆناغی لاوییدا دەرکەوت، و دواتر قەد و قەوارەی بۆ خۆی دروستکرد. سەرەتا، تۆوێک بوو، ڕەشەبایەک هێنای، نە هیچم لەبارەی تۆوەکە دەزانی، نە ڕەشەباکە. ماندووبوونێکی زۆر، و کەمێک بەهرە، کردی بەوەی دەیبینن.
ناڵێم، هەموو ژیانم، تەنیا شیعر بووە. وا بوایە، خێزان و منداڵم نەدەبوو. هێندە هەیە، ڕاستگۆیانە، بەشی هەرە گرنگی ژیانم، بۆ شیعر تەرخانە. دڵنیاشم، خێزانم، ئەگەر بۆ هیچ شتێکم بە وەفا نەبن، دەبێ، ئەو شکۆیە بپارێزن، کە شیعر، بۆ منی فەراهەم کردووە. ئەکید بۆ ئەوانیش.

---------------------

* *شەش پاڵوویی قۆناخێکی هونەرە لای پیکاسۆ و پراک بەیەکەوە.*

## لەبارەی مۆسیقاوە

هەرکەسە و بۆ ئامێریک دەگەڕێ ناخی خۆی پێ بژەنێ.
ڕەوەند و کۆچەر جگە لە شمشاڵ چی تریان هەیە؟
ئەگەر قسە لەبارەی بیناسازییشەوە بێ شمشاڵ دەگۆڕێ بۆ ڕەشماڵ!
مەزەندە وایە، ئێمە جگە لە ڕەشماڵ خاوەنی هیچی تر نەبین. بە دیوی تردا هێشتا کۆچەرین.
گرفت لە وشەی کۆچەردا نییە. کۆچەر بەشێکن لە میللەت، گرفت لە میللەتێک دایە هەمووی کۆچەربێ.
شمشاڵ گرفتی هیچیانی نییە. ڕێڕەوی ڕوونە. شوێنی نیشتەجێی شمشاڵژەن نارِوونە!

ئەندازیارێکی تەلارساز بۆی گێڕامەوە، لە ئینسکلۆپیدیایەکی تەلارسازییدا کە نووسەرەکەی تەلارسازێکی ئەمریکاییە و ناوی پاول ئۆلیڤەرە خوێندوویەتیەوە، تەنیا ڕەشماڵ مۆرکی کەلەپووری کوردی پێوەیە لەکۆندا. تاکە دیاری کورد بۆ جیهان ڕەشماڵە!
میللەت هەر میللەتە. زۆروکەمی ئەوەی دەیبەخشێ بوونی ناسەلمێنێ. هیندییە سوورەکان چییان هەبوو جگە لە ڕۆح و ئەدگارێکی بەرز کە تا ئێستا بە ئیعجابەوە تەماشا دەکرێن؟ ئەگەر ئەشکەوت و گوندی کورد وەکو خۆیان پارێزراوبان. قەڵای دەسەڵاتدارانی مابان، شتێکیان لێ دەردەکەوتەوە لەناو ئەوجۆرە کتێب و سەرچاوانەدا.

گەزنەفۆن، لە ئانابازدا، باسی گوندی کوردەکان دەکا، کە خۆراک و شەرابی زۆریان لێ بووە. سوپاکەی بە تالانی بردوون. باشە شەراب و خۆراکی داکراو چی دەکا لای کۆچەر و ڕەوەند؟ سەلاحەدین، کەریم خانی زەند، زریاب - م بە بیردا دێ!

ئەوانە بەو ئاسانییە دەبوون بە هی غەیرە ئەگەر خۆمان هیچمان لەباربوایە؟
هەموو ئاماژەکان بۆ ئەوەدەچن کە ئێمە لە قۆناغی پێگەیشتنی نەتەوایەتییدا لەدواوەین، دروستتر ئەوەیە هێشتا بە ڕێگاوەین.

مەبەست لەم نووسینە ڕێڕەوی شمشاڵە، نەک ڕەشماڵ.

باوکم وەکو هەموو پیاوێکی کورد، حەزی لە دەنگی کاوێس ئاغا و ئایشەشان بوو. کە گوێی لێیان دەبوو، خێرا دوگمەی دەنگی ڕادیۆ سانیۆکەی بۆ لای ڕاست بادەدا. حەزیدەکرد بە دەنگی بەرز ، گوێی لێیان بێ. ئەو ئاوازە کوردییانە، لە منداڵییەوە پەڕەکانی گوێچکەمی لەراندووتەوە.
گەنج بووم ، لە گەڕەکەکەماندا،کەسێک هەبوو لەمن گەورەتر، گۆرانی دەزانی. ماوەیەک لەگەڵ ئەو پرۆڤەی گۆرانیمان دەکرد. گۆرانییەکانی دەمانووت کوردی بوون، زۆریشم لە لا شیرین بوون. بەڵام نازانم لەبەر چی زوو وازم لێیهێنا.
لە قۆناغی دواناوەندیدا، حەزم لە گۆرانییەکانی فەیرووز بوو. برادەرەکانم ئەوەیان دەزانی، هەموو جار ئەو قسەیان پێ دەووتمەوە، من لە کیشوەری دەنگی فەیرووزدا دەژیم!
لە هەشتاکانیشەوە تا ئەمڕۆ، زۆربەی کاتی نووسین و خوێندنەوەم ،گوێ لە مۆسیقا دەگرم. هەر نووسەرە و تەشق و فەزایەک دەخوڵقێنێ، تا دابڕێ لە دەرەوە کاتی نووسین. هی واش هەیە لە جێی قەرەباڵغی پڕ دەنگ دەنووسن، یان پێچەوانە.
مۆسیقا وەرزشی ڕۆحە بۆ مانەوەی بە زیندوویی.

ئەوکاتەی لە بەغداد دەمخوێند، لە شەقامی ڕەشید دووکانێک هەبوو ئامێری گرامفۆن و قەوانی دەفرۆشت بەناوی ( أسطوانات چقماقچي). هەر لەبەر ئەو دووکانە جاری وابوو دەچوومە ئەو شەقامە و تێر لەو ئامێر و قەوانانە ڕادەمام کە هەندێکیان مۆسیقا و هەندێکی تر گۆرانیان لەسەر تۆمارکرابوو. هەستم دەکرد، بەرانبەر فەزایەکی شارستانیانە وەستاوم . دوو ناو زۆر سەرنجیان ڕادەکێشام (حلاق أشبيلية) و ( بحيره البجع).
یەکەمیان ئۆپیرایەکی ڕۆسینیە و ئەوەی تر مۆسیقایەکی بالێی چایکۆڤسکیە. ساڵی ١٩٩٨ لە مۆسکۆ، لە هۆڵی گەورەی نمایشی ئەو شارەدا بالێیەکەی چایکۆڤسکیم بە شێوەی ڕاستەوخۆ بینی.
یەکەمین جار لەو دووکانە ناوی زریاب- م بیست، سەرنجی ڕاکێشام ،بەڵام هیچم لەبارەیەوە نەدەزانی. دواتر، چەند نووسینێکم لەبارەی خوێندەوە.
زریاب، واتا ئاوی زێڕ. بە ڕەچەڵەک کورد و ناوی عەلی نافیعە و خەڵکی موسڵ و قوتابی ئیسحاق موسڵیی بووە. ئیسحاق کوردێکی جوو بووە بۆتە موسڵمان. زریاب، ناوێکی گەورەی دنیای هونەر و مۆدەیە لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا. سەردەمی عەباسییەکان دەرکەوتووە و دواتر

چۆتە میسر و مەراکش و ئینجا قورتوبە و مۆسیقای گەیاندۆتە ئەندەلوس و قوتابخانەی مۆسیقا و گۆرانی لەوێ کردووەتەوە.
یەکەم کتێب سەبارەت بە مۆسیقا دوای یەکێک لەو سەردانانە بۆ چقماقچی لەکتێبخانەکانی شەقامی سەعدوون کڕیم کتێبی " تمهید الفن الموسيقي" ماکس پنشار بوو کە محمد ڕەشاد بەدران وەریگێڕاوە. لەو کتێبەوە شارەزای ئامێرەکانی مۆسیقا و کۆڕاڵ و قوداس و کۆنشێرتۆ و سیمفۆنیا بووم.

چۆن ددانی بچووک توانای جووین و گەدەی بچووک توانای هەرسکردنی جۆرەها گیا و تۆوی توێکڵ ڕەق و دەمارداری نەدەبوو ئەگەر ئاگر نەدۆزرابایەوە بۆکوڵاندن، ئەو هەموو پێکهاتە و ئاوازە هەمەڕەنگەش بە شێوەی گونجاو و هارمۆنی بێ کەمانچە و باقی ژێدارەکان مەحاڵ بوو چڕینیان.
هەر بەم بۆنەوە، دەمەوێ، ئەو هەڵەیە ڕاست بکەمەوە لەبارەی ئامێری تەموورەوە. هەندێک بە ئامێرێکی عارەبی دەزانن کەچی مۆرکی کوردە لە جیهانی ئامێرەکانی مۆسیقای ژێداردا.

هەرچی ئامێری مۆسیقا هەیە لەپێکهاتەی پێست و هەناوی مرۆڤ( ڕیخۆڵەکان) و لە بژی ئەسپ و ئێسکی باڵندە و لەقامیش و لقی تەڕ خۆش دەکرێ. مرۆڤ، لە ئەزەلەوە، بۆ پێویستی ڕۆح پەنای بردووەتە بەر نزیکترین دۆستی کە سروشتە.

مرۆڤ و مۆسیقا سەرەداوی زۆر بەیەکتریان دەبەستێتەوە.

ئامێرەکان دەژەنرێن، یان هەوایان تێدەکرێ، یان دەکوترێن، بەدەست و دەمم و هەوای سینەی مرۆڤ.

لە هەڵبژاردنی سروشتیی ( ئیڤۆلیوشن) ی داروین- دا، تاکەکان ئەوانەی ڕزگاریان دەبێ ( باشترینەکان)ن، بەگونجانیان لەگەڵ ژینگە دەمێننەوە.
مۆسیقا، گەڕێکی تری هەڵبژاردنی ڕۆحە بۆ مانەوەی( باشترینەکان).

لە مێژووی بەشەردا زۆر چشت دەرکەوتوون و لەناوچوون. هەندێکیان، زۆر گەورەو بەهێز بوون، وەک دایناسوورەکان. کەچی شمشاڵ، کە قامیشێکی وشک و برینگە، بەڵام هەزاران ساڵە و هەر ماوەتەوە.

ژیانی تازە لەبەردەم هەڕەشەدایە بێ مۆسیقا.

ئەو هەموو بینا بەرزە و بازاڕە گەورە و ئەو هەموو قیر و بارستایی چیمەنتۆیە، گوڵەگەنم و باخی بەبەرو کتێبخانەی پڕ بەرهەم و هۆڵی سینەما و تیپی ئۆرکسترای تێدا نەبێ جگە لە نائومێدیی هیچی تری لێ ناڕوێ.

جیهانی ئاژەڵ و زەریاکان بێ مۆسیقان وەلێ بێ ئیقاع نیین!
هەموو ئەو ئاواز و دەنگانەی، کە شەپۆل و با دروستیان دەکەن، ئیقاعی خۆڕسکی سروشتن ئینسان ئیلهامیان لێ وەردەگرێ و بۆ خۆشگوزەرانی خۆی بەکاریان دەبا. بەڵام هێشتا ساغ نەبووەتەوە جووڵەی بێ هەستی میکانیکین، یان دەگۆڕێن. ئاوی جۆگە و هی ناو دەفرێکی ناندین هەمان ئاوە؟ هەوای دەرەوە و هی ناو سییەکان هەمان شتن؟

مرۆڤی نیمچە نەخۆشی سەردەمی نوێ کە هەزارویەک گرفت سەری تێ ئاژنیوە، دەبێ بەو دەروازەیەدا بگەڕێتەوە بۆ ئەو کێڵگانەی ڕۆح کە پشتی تێ کردوون.
گابریل گارسیا مارکیز لە وتارێکی کورتدا، باسی چارەسەر بە موزیک دەکا. پزیشکێک سوود لەکلارنێت وەربگرێ بۆ ڕەواندنەوەی تای نەخۆشێک کە لە گیانەڵادایە.
جگە لە قەشە و پزیشک چارەسەری ئۆرکستراییش دەبێتە فریادڕەسی عەزابی مرۆڤ.

ئێمە فرچکمان بە ئاوازی لایلایە گرتووە.

بە بیرم دێ، بەیانیان، پێش نانخواردن، یان شەوان پێش نووستن، لە ڕادیۆوە، گوێمان لە گۆرانی و مۆسیقا دەگرت، و ئارامی لەسەر پەڕەکانی دڵ دەنیشت. بەزۆری گوێ لە شمشال و نەی و عود و کەمانچە دەگیرا، هارپ و پیانۆ و سەکسەفۆن نەبوو، بووبێتیش زۆر سنووردار‌بوو.
گوێگرتن لە مۆسیقا، ڕەگێکی کۆنی هەیە. بەتایبەتی لە تەشقی سیحر و ئایین وخۆشی و ناخۆشیدا. وەکی تر، لەهەندێک کۆشک و دیوەخان، یان لە دەو چۆم و ڕووبار، لەناو باخچە و دارستاندا هەمیشە دەنگی شمشاڵ و دەف بیستراوە.

خەمێکت بوو مۆسیقا دەیرەوێنتەوەز خۆشیت بوو مۆسیقا دەیپەڕێنتەوە .
مۆسیقا وزەی ئەرێنی ڕادەکێشێ. توانای پاکژکردنەوەی ماڵ و ناخی هەیە. وزەی نەرێنی لادەدا.
ڕوونە، کە هێزی ڕاکێشان گۆی زەوی ڕاگرتووە. هێشتا ڕوون نییە، ئەو هێزە بە چ ئیقاع و ئاوازێک دەیخولێنتەوە؟ ڕیتمی فەزا کێ لێی دەدا ؟ کەس هەوڵیداوە گوێی لێ بێ؟

## ئێسک و پڕوسک

**خوێندنەوەی تابلۆی " هاملێت"ی قەرەنی جەمیل**

ئێسک هەیکەلی ڕاگرتنی لەش و پاراستنی، لە هەمان کاتدا سەرچاوەی بەرهەمهێنانی خوێن و گەنجینەی خۆراک و میتاڵەکانە لە جەستە.
مرۆڤی سەردەمی نوێ هێندەی لە خەمی پێست و قژ و ئاکاری لووت و بۆتۆکس و فیلێری ڕوومەت و لێویدایە، هێندە بۆ ئەو هەیکەلە بە پەرۆش نییە؛ کە ئیستقامەی جەستەی ڕاگرتووە.
دیمەنی هەیکەلی ئێسک و پڕوسکی پلاستیکی ژووری دکتۆر لە نۆرینگەکانیاندا، کە بۆ ڕاڤە و تێگەیشتنی نەخۆش دانراوە؛ ترسێک دەخاتە دڵی نەخۆش. خەیاڵی بۆ دوای مەرگ ڕادەکێشێ. لە قوتابخانەدا، هەمان هەیکەل، بۆ خوێندن بەکاردێ. تا قوتابی ئاشنا بکرێ بە جەستەی خۆی، کەچی وەک جەستەیەکی نامۆ دەیبینێ.
هەردوو دۆخەکە، ئەوەمان پێدەڵێن،کلتووری ئێمە کلتووری مەرگە، خەیاڵ بەو ئاراستەیەدا خۆشترە لەگەڵ ئەوەی پڕ ترسترە.
چیرۆکی هەیکەلی مرۆڤ بە گێڕانەوەی زانست شتێکە و بە گێڕانەوەی ئەدەب شتێکی ترە. کەللەسەرێکی ڕزیوی ژێرخاک لەڕووی زانستەوە ڕەنگە بایەخی ئۆستیۆلۆژی هەبێ، یان لەڕووی مێژووییەوە، بۆ ڕوونکردنەوەی هەندێک جومگەی ژیان، یان ناسینەوە سوودی لێ ببینرێ. کەچی گێڕانەوەی ئەدەب هەزارویەک خەیاڵ و ڕووداوی لێ بەرهەم دێنێ.

لێرەدا، مەبەست، تابلۆیەکی هونەرمەند قەرەنی جەمیلە، بە ناونیشانی( گفتوگۆی هاملێت) لە دوا پێشانگەی ساڵی ٢٠١٨یدا لە هۆڵی میدیا لە هەولێر.
دیمەنی گفتوگۆی دراماتیکی نێوان کەللەسەرێک و کەسێکە ( بە جلێکی شڕی کوردییەوە) لەرۆخی چاڵێک دانیشتووە کە هێمای گۆڕ دەدا.
ناوی هاملێت یەکسەر کارەساتی غەدر و خیانەتمان بیر دەخاتەوە. فەزای تراژیدیی تێکستەکەی شیکسپیر،کە لە یادەوەری هەمووماندایە، لای قەرەنی- یش دەرکەوتووە بە ئیزافەیەکەوە، ئەویش، کەسایەتی هاملێت لە تابلۆکەدا، کەسێکی تەئەمولی هێمنە وەک هاملێت - ی بنچینەیی ئینفعالیی نییە. گیانی تۆڵەسەندنەوە لە لای هاملێتی تابلۆکە نابینرێ. دۆخی ڕامان بەسەر تابلۆکەدا زاڵە نەک تۆڵە. چاڵەکەی ناو تابلۆکەش هێمایە بۆ گۆڕێکی فانتازیی (بە گوێرەی ڕەنگڕێژی هونەرمەندەکە).
هاملێت لەو کەسایەتییە ئەدەبییانەیە کە سروشتی جیهانیی وەرگرتووە و هەر میللەتە بە چەندین جۆر لەسەر نمایشیان کردووە، هەندێک جار سەرەڕۆییشی تێدا کراوە وەک ئەوەی هەندێک لە عارەبەکان کردوویانە " هاملێت عربیا" . چونکە کەسایەتی و بابەتی تراژیدیاکە ئینسانیی و بەرفراوانە. غەدر و خیانەت و تۆڵەسەندنەوە ڕەهەندی جۆراوجۆری وەرگرتووە لە زۆر شوێنی دنیا.
فیگەرەکەی هاملێت لای قەرەنی جگە لەوەی کوردییە، ڕووداویش لەناو ڕاڕەوی قەڵای دەسەڵات ڕوونادا، بەڵکو لە ساکەگۆڕێکی بە ڕەنگ و فەزای هێمن، وەک ئەوەی پێمان بڵێ، غەدر و خیانەت بەردەوامە، هەر بستێک هەڵدەیتەوە شوێنەواری دەدۆزیەوە .
ئەو گرتەیە، دەتگێڕێتەوە بۆ دیالۆگی ناو هەندێک تراژیدیای گریک و ئەفسانەی سیزیف و بێهوودەیی کامۆ ...تاد. زنجیرەیەک دیالۆگ کە کرۆکی هەموویان عەزابی ئینسانە بەدەست بێدادییەوە.
تابلۆکە درێژەپێدانی تراژیدیاکانە بە زمانی ڕەنگ و فیگەری غەمگین. ڕێک گفتوگۆی نێوان دوو نەوەیە، یەکیان دەژی و ئەوەی تریان لە یادەوەرییەکاندایە. ئەمەش نهێنی هەموو کارێکی هونەریی بەرزە، ئیشکردن لەسەر هێڵی هاوتەریبی دوو زەمەن، وەکو ئەوەی جیمس جۆیس کردوویەتی لە یۆلیسدا. گێڕانەوە و باکگراوند لە ڕێی تەداعیاتەوە.
هەیکەل و ئێسقان لەناو ئەو ئایینانەی جەستەی مردوو دەشارنەوە مانایەک دەدا و ئەوانەی دەیسووتێنن وەک هندۆس، یان لەسەر بەردێکی بڵند جێی دێڵن بۆ باڵندە، یان مۆمیای دەکەن مانای تری هەیە ئەگەرچی ئەنجام هەمان عەدەمە.
بەگشتی ئەوانەی لاشە دەسووتێنن خۆڵەمێشەکەی بخەنە ژێرخاک، یان بەسەر ڕووی ئاوی دابکەن، هەموو ئەم تەشقانە بەناوی پیرۆزیی جەستەشەوە بێ، ناتوانن ئەو قەناعەتە ئایینییە بشارنەوە کە جەستە بە پیس و گڵاو دەزانێ.
ئەوانەی کار لە هەڵدانەوەی گۆڕەکان دەکەن دەستکێش لە دەست دەکەن، کەچی ئەو کاراکتەرە تراژیدییەی قەرەنی نە دەستکێشی لە دەستە و نە دوودڵییەک دەبینین لە سیمای.

وەکو ئەوەی دۆخەکە زۆر ویژدانییە وکەللەسەرەکەش هی مرۆڤێکی نزیک و ناسراوە. ئەم تەماهییە لایەنێکی تری هێزە لە هونەرەکەی قەرەنیدا.
ئێسکی کەللەسەر بەهێزترین جۆر ئێسکی لەش نییە، کەچی هیچ پارچە ئێسکێک مانای ئێسکی کەللەسەر نادا. ئەگەر بوونەوەرەکەی قەرەنی لە بری کەللەسەر ئێسکی بڕبڕەی پشتێکی بە دەستەوە بگرتبا چ مانایەکی تراژیدیایی نەدەدا جگە لە شێتیی، یان دڕندەیی. خۆ ئەگەر ئێسکی کلێنچک بوایە، مانایەکی سرف ئایینی دەبەخشی: گەڕان بەدوای زیندووبوونەوەدا.
دیالۆگی شراوەی ناو تابلۆکە عەزابی کەسێک  نیشان دەدا بەدەست ڕابردووەوە، یان وردبوونەوە لە ڕابردوو. کەچی ناونیشانی تابلۆکە دۆخی گشتی پێ دەبەخشێ و وەک عەزابێکی هاوبەشی مرۆڤایەتی دەیلاوێنێتەوە ، ئەو خاڵە هاوبەشە قورسایی تابلۆکەی بردووە بۆ لوتکە وەک تەحەدایەکی سیزیفیی لە فەزای بێدەنگییەکی گەورەی زەمەنی ئێستادا.
زاڵبوونی زەمەنی ئێستا لەکەڤاڵەکەی قەرەنیدا بە تەکنیکێکی کارامە و لێهاتوو بە لاداخستنی هاوکێشەی کۆنی نێوان نۆستالیژیا و گەڕانەوە بۆ ڕابردووە. قەرەنی پێمان دەڵێ: هێزی مانەوەی ڕابردوو لە گێڕانەوەی ئێستا دایە.

## زمان و شیعری نوێ

**شەرابی نوێ لە مەشکەی نوێ دەکرێ**
ئینجیل مەتا

فەرهەنگی شیعری هەرشاعیرێک بە زۆروکەمی وشەکانی ناپێورێ بەڵکو بە ژمارەی لادان و کرانەوەی ئاسۆی تازەی بەردەمی وشەکان دەپێورێ.
زمانی شیعری نوێ فەزای گشتی جێهێشتووە و بایەخ بە تایبەتمەندی و کەساندنی ڕووداو دەدا. بۆ نموونە، درەختەکان، گوڵەکان، مەلەکان و شەپۆلەکان کەمتر لە شیعری تازەدا دەردەکەون.
شیعر دەربڕینی شارەزاییانەیە. ئەو شارەزاییە لە ژیان و جووڵە و پەرەسەندنەکانی دەوروبەر و ناخی خۆت. ئەو دۆخەکەسییە و ئەو شارەزایی و زانیارییانە لە زمانی دەربڕیندا ڕەنگدەدەنەوە. کە وتت، درەخت، کام درەختە؟ لە کامە دۆخ، بەهار، یان وادەی خەزاندایە و هەریەک لەم دوو دۆخە سیما و ڕەنگ و نواندنی خۆیان هەیە... تاد. ئەگەر باسی شوێن بوو جۆری دەربڕین دەگۆڕێ. پان و تەسکی جێ، یان درێژکۆڵانە، کۆن، یان تازە و جۆری دەرکەوتنیان لە ساتی دەربڕیندا. خۆ ئەگەر باسی زەمەن بوو جیاوازە. بۆ نموونە کاتەکە چ کاتە، یان وەرزەکە چ وەرزە؟ بە هەموو وردەکارییەکانەوە. ئەم وردەکارییە لە زماندا گرنگە. خۆی زمان کەگەشەدەکا ئەو وردەکارییە لەگەڵ خۆی دێنێ.
هەندێک نموونە:
***بە دەنگی کپی شەپۆلەکان کە لەناو دارکە قامیشەکان دەشکێنەوە.***
***لەژێر چرای بە چارۆگەی کەشتییەوە هەڵواسراو.***
***پەرستگای گریکەکانیان ڕووخاند بۆ بەیانی نوێژمان بەرانبەر هەمیشەبەهارکرد.***
لێرەدا مەبەست وەسفکردن نییە زیاتر دیقەتی وێنەی شیعر و وردەکاری کات و شوێن و دەوڵەمەندبوونی فەرهەنگی شیعرە.
ڕۆژێک، لە نەوەیەکی خۆم پرسی کە لە پۆلی دووی سەرەتاییە لەو قوتابخانانەی کە خوێندنیان بە ئینگلیزییە، وتم، بووکەشووشە بە ئینگلیزی چی پێدەڵێن، وتی، هی ڕەق، یان نەرم؟ هەرچەند لەوێشHARD و SOFT DOLL بە کارهاتووە، بەڵام لای ئێمە بووکۆکە باغەیە کەچی ناوی بووکەشووشەیە.
دەرخستنی لقوپۆپی نوێی لە وشەدا خەسڵەتی گەشەی هەر زمانێکە.

ئەو وردەکارییە لە زمانی کوردییدا و لە هەندێک بواردا ئێجگار دەوڵەمەندە بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە ژیانی لادێ و سروشت و کشتوکاڵەوە هەیە، ئەوەی هەژاریی پێوەدیارە زمانی شارە.
لە زمانی کوردییدا موقەدەسێک نییە ببێتە بەربەست وەک ئەوەی لە عارەبیدا هەیە، زمانی قورئان.
ئێمە هێشتا لە فەزای زمانی لادێ دەرباز نەبووین، زمانی زانستمان کە زمانی وردەکارییەکانە کزە، بۆیە هێشتا زمان گرفت و ئارێشەی زۆرە.
مەسعوود محەمەد لە کتێبی "زاراوەسازیی پێوانە"دا بناخەیەکی بۆ شارەزایان داناوە بەڵام پێ ناچێ کەسی بە دواوە داچوو بێ!
ڕستەی، فڵانەکەس پیاڵەیەک ژەهری خواردەوە. یان گوڵێکم بۆنکرد. ڕستەیەکی گشتییە و لەناو دەقی کۆنیشدا زۆر ڕستەی لەم چەشنە هەیە. لە زمانی زانستدا ژەهرەکان، گوڵەکان ناوی خۆیان هەیە و جیاوازن. شیعر ئێستا لەو فەزایەدا ئیش لەناو زماندا دەکا، هەرەوەها وشە لە سیاقی شیعرییەتدا لە دۆخی درێژەپێدان و گەشەدایە و فەزای نوێش دەکاتەوە.
زۆرجار لەخۆم دەپرسم زمانی شەو جیاوازی چییە لەگەڵ هی ڕۆژ؟ زمانی ناوچە شاخاوییەکان و هی دەشتاییەکان؟ زمانی منداڵیی و پیریی؟ هی شار و لادێ؟
کەسێک لە ئەستێرە و هەسارەی ترەوە بێ بە چ زمانێک دەدوێ؟
ئەی زمانی دۆخە نادیارەکان و کەشفکردنی مەجهوول چۆن؟
نالی کە دەڵێ: **لەدەوری تۆیە خورشیدی پرتەو بەخشی شەوگەردان**
**کە نالی وا لە حاڵاتی میحاقی ماهی نەو دایە**
مەسعوود محەمەد لەدەوری پێ ڕاستترە نەک لە دووری وەک مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس نووسیویە، دەلالاتی مانایی دەور زۆرترە لە دوور. ئەمەی نالی کەشفی مەجهوولە.
گرفتی شاعیر لەگەڵ زماندا نابڕێتەوە تا هەتایە.
شیعر زمانە کەچی بەربەستی سەرەکی بەردەمیشی هەر زمانە.
پەیوەندی شاعیر لەگەڵ زماندا لە گۆڕانی بەردەوام دایە.
لە یەک لەو چاوپێکەوتنانەی لەگەڵمدا کراوە، وتوومە، دار هەنارێک لە باخچەکەماندایە( لە ماڵەکەمان لە سلێمانی ) کاتی گوڵکردنی، یان وەختی پایز دیمەنێکی زۆر جوانی هەیە، هەرچەند ویستم ئەم دیمەنە بگوازمەوە ناو شیعرێکم نەمتوانی، چونکە لەکاتی نووسیندا ئەو دار هەنارە دەرناکەوێتەوە دەبێ بە شتێکی شیعریی تر، بۆ نموونە نامەیەک لە وەرزێکی سروشتەوە بە پۆستەی هەواوە دێ تا کە دەیخوێنمەوە سەرلەنوێ جوانی دار هەنارم نیشان بداتەوە بە چەندین دیمەن نەک دیمەنێک. دار هەناری ناو شیعر هەمان دار هەناری ناو سروشت نییە، چۆتە ناو کۆمەڵێک پەیوەندی جیاوازەوە ئەمەیە کاری پۆیتیکا.
زمان لە شیعردا یەک ئاراستە نییە و فرە ئاراستەیە . وشە ئاوێنە نییە، ئەگەر ئاوینەش بن ئاوێنەی کۆماوەن.

قسەیەکی ڤالیری - یە دەڵێ: ماسی دەستکردی سروشتە بەڵام پەری دەریا کە نیوەی کچە و نیوەی ماسی دەستکردی هونەوە.
لێرە بایەخی مۆسیقا دەردەکەوێ لە شیعردا کە پەیوەندی نێوان وشەکان دەباتە باڵاترین ئاستی دەربڕین.
زمانی سروشت یەک ڕەهەندە، ئەوە شاعیرەکانن ڕەهەندی تری تێدا دەدۆزنەوە.
لە ئەرستۆ دەپرسن، ئەو هەموو زانیارییەت لە کوێ هێناوە؟ دەڵێ، لە چشتەکان، ئەوان ناتوانن درۆ بکەن.
جۆری دەرکەوتنی چشتەکان لە دۆخە جیاوازەکاندا، هێمای جیاوازبوونیان دەدا نەک خۆیان.
ئەو چەقۆیەی دەست قەسابێک ئەو چەقۆیە نییە لە مەتبەخ بەدەست خانمێکەوە، ئەمیش هەمان چەقۆی دەست دکتۆرێک نییە، هەروەها چەقۆی ناو جامخانەی دووکانێک جیاوازە.
بازووەکان و جۆری دەرکەوتن و مەبەستیان جودایە، لەوەش زیاتر هەمان چەقۆ لە تاریکی شەودا بیبینی بە دەست کەسێکەوە جیاوازە لەوەی لەڕووناکی ڕۆژدا دەیبینی. چەقۆ بە تەنیا مانایەک و لەگەڵ چەنگاڵ و کەوچک مانایەکی تری هەیە.  ئەو چەقۆیەی بە دەست ئیبراهیم پێغەمبەرەوە هاتووە چۆتە ناو مێژووی ئەفسانەوە. لە شیعری کوردییدا چەقۆ ڕەمزی دەسەڵات و زوڵمە، کەچی جوانترین چەقۆ ئێکسسواری مەتبەخی کابانێکە.
دەرچوون لە فەزای باوی شیعری کوردی و دۆزینەوەی فەزای نوێ وەک هەر نوێیەک باجی خۆی هەیە و پێداویستی خۆشی هەیە. باجەکە! ئێرە شوێنی باسکردنی نییە، فەزا نوێیەکە چۆن؟
ئەگەر چاو بەو دەقانەدا بگێڕین کە لە دە ساڵی نێوان ( ١٩٧٠- ١٩٨٠ ) نووسراون، موعاناتە گشتییەکان زاڵن، زمان ڕاستەوخۆ ڕووی لە دەرەوەیە، لە نیوەی یەکەمی ئەو دەساڵەدا و دواتر کە سانسۆری دەوڵەت توند دەبێ، شاعیران پەنا بۆ زمانی نیمچە شاراوەی ناڕاستەوخۆ دەبەن، لێرەوە هونەری شیعر باشتر دەردەکەوێ. فراوانکردنی بازنەی وشە و هەڵبژاردنی ئەو وشەیەی زیاتر لە مانایەک دەبەخشێ ، بایەخدان بە وێنەی شیعریی و گوزارشت لە هەڵوێستی بەرەنگاریی لەڕێی دەقەوە، هەموو ئەمانە خاڵی بەهێزی شیعری نیوەی دووەمی ئەو دەیەیەن.
بەڵام ئەوەش لە چێوەی زمانە گشتییەکەدا ڕوویدا و ئەو وردەکاریی و لقوپۆپەی لە سەرەتای وتارەکەدا ئاماژەم بۆ کردووە هێشتا بە باشی دەرنەکەوتووە.
ڕاستییەک هەیە لە مێژووی ئەدەبدا ئەویش ئەوەیە، سەردەمی نوێ بە دەرکەوتنی جیاوازییەکان دەستپێدەکا، یەکێک لە سیما دیارەکانی ئەو سەردەمەش غوربەت و هەستی نامۆییە لای شاعیری نوێ.
ئەگەر لێکچوونەکە وا بکەین کە شاعیران پۆلە باڵندەبووبن بە یەکەوە فڕیون.  ژاوەژاوی سەردەمی نوێ و لەتبوونی حەقیقەت پەرتەوازەبوونی بۆ ئەوەی هەریەکە و بە ئاراستەیەک بفڕێ، ئەوە وەکو دۆخێکی پۆزەتیف لێکدەدرێتەوە لەمێژووی ئەفراندندا.

ئەو دۆخە ئەوە دەسەلمێنێ هەر شاعیرە و چۆن لەپۆیتیکا تێدەگا. ئەم ڕستەیە وەکو بناغەوایە بۆ بونیادنانی جیهانی شیعر بە هەموو درێژدادڕییەکانییەوە.
لەبەرئەوەی شاعیر بە بونیاد کائینێکی گەردوونییە، بۆیە مانەوەی لە سنووری کەلتووری نەتەوەیی دەبێتە هۆی چەقبەستنی، بە پێچەوانەوە بەهێزبوونی ئەو هەستە نەتەوەییە پێویست بە کرانەوەیە بەرانبەر ئەزموونی شیعریی شاعیرانی نەتەوەی تر و فیکر و کاریگەربوون بەو شاعیرانەی لە لۆکاڵییەوە پەڕیونەتەوە بۆ جیهانیی، کە ئامانجی  هەموو شاعیرێکە.
شاعیری نوێ بە جۆرێک لە جۆرەکان خۆی بە میراتگری شاعیرانی بەر لەخۆی دەزانێ لە جیهاندا، ئەمەش بەو مانایە نییە کە شیعر خۆی لەخۆیدا کاری تاک نییە، بەڵکو خۆسەلماندنە وەکو تاک لە جیهانێکی بەرینتردا.
شیعری نوێ لە جیهاندا یەک شیعرە، وەک درەختێک لکی هاویشتبێ و ڕەگەکان هاوبەشن.
ئەمانە هەمووی سەرەتای بیرکردنەوەی منیان پێکهێنا لە یەکەم ساتی نووسینی " سووتانی ڕەنگەکان" ەوە.
"ڕوانگە" دیارترین بزووتنەوەی شیعری نێوان ١٩٧٠- ١٩٨٠ بوو. مفاوەزاتی نێوان حکوومەتی بەغداد و سەرکردایەتی شۆڕشی کورد زەمینەی بۆ سازاند. ئاراستەی سەرەکی ئەو بزووتنەوەیە دژی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بوو، دژی دەسەڵاتی مەلا کۆنەپەرستەکان بوو، بۆیە کەمتر بایەخی بە هونەری شیعر دا.
قەسیدەی پەخشان گرنگترین دیاردەی شیعر بوو دوای ڕوانگە کە توانی ئەو زەمینەیە بخوڵقێنێ بۆ ئازادکردنی دەربڕین و نزیکخستنەوەی ڕیتمی شیعر لە گیانی سەردەم و ناخی هەڵڕژاوی کوردیش خانەڕێژ بکا لەناو مۆسیقای ناوەوەی ڕستەکان و ئاهەنگی نێوان وشەکاندا. ئەو ئازادییەی لە دەرەوە لێی زەوتکراوە لە دەربڕیندا بیگێڕێتەوە.
ئەو جۆرە دەربڕینە ڕەنگە پێشتر وەکو trووسکە لێرە و لەوێ لە حەیران و هەندێک دەقی میللی عەلی بەردەشانی و هەندێک شاعیری تردا دەرکەوتبێ، بەڵام وەکو دیاردەی شیعر و دەربڕین و تەکنیک نەبووە، خۆڕسک و بێ مەبەست بووە. بۆیە قەسیدەی پەخشان بە هیچ جۆرێک درێژکراوەی ئەوانە نییە و مۆدەیەکی شیعرنووسینی خۆرئاواییە و پەڕیوەتەوە ناو شیعری میللەتان و ئێمەش زیاتر لەڕێی وەرگێڕانی عارەبییەوە وەرمانگرتووە.

## نامەیەکی درەنگ وەخت

***لە سوزن بی کەستر***

پەندی کوردی

دوای ئەو هەموو ساڵەی گۆشەگیریی لە زیندانی ئیمراڵیدا، بەیانییەکیان زوو لە خەو هەستا، بەرانبەر تیشکی خۆر چەمایەوە و پەیامی خۆی پێ وت:

[ئەی هەسارەی مەزن!

ئەی سەرچاوەی هێز و وزەی بێ کۆتایی، ئەی دایکی میهرەبانی ڕووناکی، ئەی کانگەی وزە ئەی خۆر!

ئەوە تۆی کە شەو و ڕۆژهێنی و بەیانی و ئێوارە دەنەخشێنی.

هەمووان دڵنیادەکەیتەوە بە هاتنت، لەسەر ڕووی شووشەی پەنجەرەکان ئۆقرە ناگری و یەکسەر بێ گوێدانە بەربەست دەخزێیتە ژوورەکانەوە.

لە دوند و لووتکەکانەوە گوێم لە دەنگی پێتە خرتەخرت تاریکی شەق دەکەی بێ ئەوەی سڵ لە هیچ شتێک بکەیتەوە، بەو هەیبەتەی تۆ سەرسامم، چ قەیدی ئەگەر لاسایی گەورە سەرکردەی خاکیی و سەرامەدی وەک تۆ بکەمەوە!

وەک ئێزدییەک بەردی چل مێرا ماچ بکا، یان موسڵمانێک کەعبە، یان جوویەک دیواری هەیکەلی سلێمان ماچ بکا.

من لەسەر ئاینی ئینسان دڵی عاشقێک ماچ دەکەم، هەناری هەڵەبچە ماچ دەکەم، زەیتوونی عەفرین ماچ دەکەم، دار و پەردووی کۆبانی ماچ دەکەم، سڵاو لە بەفری تواوەی بەهاری قەندیل دەکەم لەژێر دەسەڵاتی ڕەهای تۆدا. سڵاو!

ئەوە پێغەمبەرەکانن ئیلهام لە تۆ وەردەگرن و پەیامی برایەتی و پێکەوە ژیان بە زەویدا بڵاودەکەنەوە.

ئەوە پێغەمبەرەکانن بە نەشئەی تیشکی تۆوە ڕەگی ئومێد لە ناخی مرۆڤدا دەچێنن.

ئەوە پێغەمبەرەکانن بە نێڵەی دڵی گەرمی تۆوە ڕق وکینە دادەمرکێننەوە.

من لەسەر ڕێچکەی ئەوان و بە هەمان شێوەی ئەوان لەسەردەمێکی جیاوازدا ڕێی فەڕ و ئیلهامم گرتووە، هەروەکو ئەوانیش بەر نەفرەتی دەسەڵاتەکان کەوتم.

ئەی هەسارەی مەزن! لێت دەپاڕێمەوە،

هێزی خۆتم پێ ببەخشە، لە نووری خۆت بێبەشم مەکە،

منیش پەیمانت پێدەدەم، شکۆی خۆم نەشکێنم، هەرگیز سەردانەنوێنم.]

شەرمەزارییەکی گەورەیە، ئەو هەموو ساڵانە هاتن و ڕۆیشتن ئێمە هەواڵێکی تۆمان نەپرسی، سۆراخێکی جیددیمان نەکردی،کارتێکی جەژنمان بۆ نەناردی، پۆستێک لە کتێب و گۆڤارەکانمان بۆ نەناردی.... خۆ ئەگەر نەشتوانی بیانخوێنیەوە لەبەر شێوەی حەرفەکانی، دەتوانی بۆنیان بکەی، بە دڵی خۆتیانەوە بنێی، بۆن و بەرامە و گەرماییەکیان تێدایە بە دڵ ئاشنایە، مخابن! نەهاتبین بۆ دیدارت.
کتێبە کۆنەکان هەڵدەدەمەوە، لەناو کتێبخانەکەمدا دەگەڕێم جگە لە یەک دوو کتێبی تۆ هیچی ترم لانییە، نە وێنەیەکت، نە ئاڵایەک کە بەسەر بارەگەتەوە هەڵواسرابوو، نە سیدییەکی وتارەکانت. نایشارمەوە من سەرسام نەبووم بەو وتارە زۆرانەی دەتدا، بە جۆری ئاخاوتن و شێوەی دەست ڕاشەقاندن و زۆر شتی تریشت.
من لەوکاتەوە تۆم خۆشویست کە کەوتیتە زیندان. جۆری گرتن و ڕفاندن و دادگایت منی گریاند.
تا دواجار بەرگرینامەکەتم خوێندەوە، چەندین جار گریام لەگەڵ ڕستەکانی، حەیف لە جیهانی کەڕدا کەس قەدریانی نەزانی.
تۆ وەکو ئۆدیسۆس دوای تەڕوادە بە مەبەستی گەیشتن بە ئیساکا و پینلۆپ سواری پشتی شەپۆل بووی، کەچی دوورگە لەعنەتییەکانی سیکلۆپ و بۆسیدۆن و بەرازەکان ڕێیان تەنیبوو بە پیلان.
"بەرگرینامەی مرۆڤی ئازاد" ناونیشانێکی چەند سەرامەد لە سەردەمێکی کەڕدا، سەردەمی قێزەونی بەرژەوەندی چاوچنۆکی ئەمریکا و دۆستە کۆیلەکانی!
دەزانم تۆش لە چەک بێزاربووی، لە خوێنڕشتن و وێرانبوونی وڵات دەترسی، چ شانازییەک نەماوە جگە لە ئاشتی و برایەتی و پێکەوەژیان، چش لەوەی ملهووڕێک وەک هیتلەر بەسەر نەخشەی ناوچەکەوە وەستاوە، بە نیازی زیندووکردنەوەی زرەخەونێکی کۆن پەنجەڕادەشەقێنێ و هەڕەشەدەکا.
ئومێددەکەم بەم زووانە لەناو حاویەی یەکێک لەشارەکانی تورکیا بەفرێدراوی بیدۆزنەوە وەک تەکیلا لەیلای دوا ڕۆمانی ئەلیف شافاک ئەگەرچی ئەو ئەڤینفرۆشە جێگەی سۆز و بەزەیی هەموو مرۆڤێکە، پێچەوانەی ئەو شێوە هیتلەرە! ئەو شانازییەشی پێ ڕەوا نابینرێ.
تورکیا وڵاتێکی جوانە خەڵکی لای ئێمە بە پەرۆشن بۆ دیتنی، وڵاتێکی گرینگ و دەوڵەمەندە بەداخەوە فیکری شۆفینی و داپلۆسین بەرۆکی گرتووە، ئەو هەموو جوانییەی ناشیرین کردووە.
تورکیا بە تۆ و ئەحمەد کایا و پامۆک و ئەلیف شافاکەوە جوانە، وەک چۆن بە نازم حیکمەت و ئۆرهان وەلی و ئەحمەد عارفەوە جوان بوو.
دڵم لاتە، وەک ماسیگرەیەک هەڵدەنیشم بۆ دەنکە گەنمێکی ناو لەپت کە لە لێواری بسفۆردا وەستاوی دەستت درێژکردووە بۆ بەخشین، بمینێی سەرۆک!

## پەلکی پیاز

پەلکی پیاز فڕێ دەدرێ، کەچی پەلکی تەماتە و خەیار بەسوودە؟
هەندێک شت بووە بە کلتوور، نازانم بۆ؟
هیچ نزیکی نابینم لە نێوان "پەلکی پیاز" و " تلیاک " .
بۆ ئەم ناونیشانەشم هەڵبژارد؟
کە لە نووسینی ئەم وتارە بوومەوە بڕیارم دا ناونیشانەکەی وەکو خۆی بهێڵمەوە.کێ ناڵێ لە داهاتوودا جۆرە نزیکییەک نادۆزرێتەوە لە نێوانیاندا، یان ڕەنگە هەبێ و من نەمزانیبێ، ئەو جۆرە زەنکردنە پێ ناچێ لە خۆڕاییوە هاتبێ!
هەشتاکان، واتا پێش چل ساڵێک، لە هەرەتی گەرم وگوڕی خوێندنەوەدا هەندێک نووسەرم دۆزیبووەوە بێ ئەوەی پێشتر لە ناوەندی ئەدەبی کوردییدا ناسراو بن، لەوانە ئەلدۆس هێکسلی.
هێکسلی نووسەرێکی ئینگلیزە و ماوەیەک ئیعجابێکی زۆرم هەبوو بەرانبەری ئێستاش هۆیەکەیم بەتەواوی بۆ ڕوون نییە.
هێکسلی وەکو لە وەسفی شێوەیدا هاتووە بالآبەرزێکی زەعیفکەلانەی چاوکز بووە و بەشێک لە نووسینەکانی کاریگەری ئەو چاوکزییەی پێوە دیارە لەوەی جیهان لە ڕێی ئاوەزەوە دەبینێ ، نەک وەکو هەستپێکراو.
بەشێک لە بەرهەمەکانی لەژێر کاریگەری هۆشبەر نووسیوە. لە لایەک زاڵبوونی ئاوەز و لە لای تر کاریگەری هۆشبەر سەرەتا وا دێتە بەرچاو کەدژ بە یەک بن، کەچی ئەو (بێ هۆشییەکەی) بۆ ئەوە بووە کە قەرەبووی چاوکزییەکەی بکاتەوە و بینینی چڕبکاتەوە بۆگەیشتن بە قووڵایی، بۆیە بێ هۆشیی لێرە مەبەست نییە بەڵکو هەوڵێکە بۆ دابڕان لە دەرەوە.
پێدەچێ ئەو ستایلەی نووسین سەرنجی ڕاکێشابم ، یان حەزێک هەبێ بۆ ئەو ئەزموونانەی دەمکێشنەوە بەرەو جیهانی نەست و هەڵماڵینی جەنجاڵی دەرەوە و دۆزینەوەی نەبینراوەکانی ناخ، کەئەمەیان ڕێی تێدەچێ. ئەو هەستە مەیلە و سۆفیانە نزیکترە لە شیعر.

کۆتایی حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکان ماددەی هۆشبەر لە کوردستان دەگمەن بوو. ئێمە وەک هێندێک وڵاتی وەک ئێران و یەمەن و ئەمریکای لاتینیش نیین تا ئەوجۆرە ماددانە بەشێک بن لە کەلتوورمان، بۆیە وەک ماددەی قاچاخن و هەموو کەس ناتوانێ بە ئاسانی دەستی پێیان بگا.

وەک هەموو نووسەرێکی گەنجی خولیای ئەدەبی ڕۆژئاوا و بەو ئەزموونە کەمەی هەمبوو، هەندێک کات لەکاتی نووسیندا کۆڵۆنیام لەکاغەزی جگەرەکەم دەدا بەو نیازەی کەمێک بێ هۆشم بکا! ئێستا کە بیر لەو ڕەفتارەم دەکەمەوە پێکەنینم بە جۆری بیرکردنەوەی خۆم دێ.

من لەو کەسانە نییم کە زۆر مەی دەخۆنەوە، دەمێکە دەخۆمەوە بەڵام بە کەمی، جگە لە شەراب کە زۆر گوێ بە بڕەکەی نادەم. بەڵام تلیاکم بە هەموو جۆرەکانی بەکار نەهێناوە.

پێش چەند ساڵێک لە سەفەرێکی دانیمارک لە کۆبنهاگن چوومە (کریستیانیا) ئەو شوێنەی لە سەنتەری شارەکەدایە و بە کۆماری حەشیشە بە ناوبانگە لەوێ یەکەمجار  ئەم ماددەیەم بەکارهێنا.

لە هۆڵندا و دانمارک بەکارهێنانی هۆشبەر بە ڕێژەیەکی کەم ڕێگا پێدراوە.

ئەو جۆرە ماددانە ئەگەر لەسەری بەردەوام نەبی بە دانەیەک و دووان کاریگەری دەرناکەوێ، ڕەنگە کەمێک وزە  ببەخشێ بۆ کاتێکی دیاریکراو و بەس.

جارێکی تر لە ئەمستردام دوای نیوەڕۆیەکی درەنگ بوو دەمویست بچمە مۆزەی ڕامبرانت و زۆریش هیلاک بووم لەکافێیەک جگەرەیەکی لەو چەشنەم کێشا بۆ ئەوەی توانا و وزەی گەڕانم بداتێ بەناو نهۆمەکانی مۆزەکەدا ئەگەرچی مۆزەکە زۆر گەورەش نییە.

لەهەردوو جارەکەدا یادی ئەڵدۆس هێکسلی و "خاڵ بەرانبەر خاڵ" و "دوورگەکە" یۆتۆبیام کردەوە.

تلیاک پەلک و گوڵ و گیای سروشتن و هەندێکیشی دروستکراوی کیمایین.

ئەوەی پەیوەستە بە پەلکی پیازیش هێشتا مەبنی للمەجهووله!

## شار

کتێبی " ئێوارەیەکی ئاسایی لە بۆینس ئایرس" ی ویلیس بارنستۆنم دەخوێندەوە لەبارەی ژیانی بۆرخیس- ەوە .

کتێبەکە پڕە لە زانیاریی و ڕستە و پەرەگرافی سەرنجڕاکێش بەڵام بۆ مەبەستی ئەم نووسینەی من ڕستەیەک سەرنجی ڕاکێشام لە لاپەڕە ١٠٤ی وەرگێڕانەکەی د.عابد ئیسماعیل-دایە.

" لە شەقامەکانی بۆینس ئایرس و دەوروبەری نزیکی، نیوەشەوان بێ ترس دەسووڕامەوە، هەندێک جار سەعات سێی بەیانیش."

لە یادەوەریماندا پێچەوانەی ئەم ڕستەیە عەمبارکراوە سەبارەت بە ئەمریکای لاتین کە بۆینس ئایرس یەکێکە لە پایتەختەکانی.

بۆینس ئایرس کە بە پاریسی ئەمریکای باشوور ناودەبرێ ١٣ ملیۆنی تێدا دەژی، زۆرینەی سپی پێستە و ڕەگێکی ئەوروپایی هەیە.

شارێکە پڕ لە وەشانخانە و کتێبخانە و بارەگای گۆڤار و هۆڵی ئاهەنگی مۆسیقا و کافتیریا و گەڕەکی کۆن و لۆقنتە و هۆڵی شانۆ و کوخەکانی سەر ڕێژگەی ڕووباری ڕیۆ دیلا بلاتا، هەروەها ئەو هەموو کۆڕو سیمینارو کۆبوونەوەی ڕۆشنبیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووسان تا دەگا بە بۆرخیس وەکو بارنستۆن دەڵێ.

بارنستۆن شاعیرێکی ئەمریکاییە. بیست ساڵ برادەری بۆرخیس و وەرگێڕی بەرهەمەکانی بوو بۆ ئینگلیزی، پێنج ساڵ لە نزیکی بۆرخیس ژیا تا ئەم کتێبەی سەرەوەی نووسی.

نووسین لەبارەی کەسانی ترەوە بە تایبەتیش کەسێکی فرە بەهرەی فرە ڕۆشنبیریی وەکو بۆرخیس کە ئینسکلۆپیدیایەک بوو بۆ خۆی دەبێ دوای شارەزایی و بە دەستهێنانی زانیاریی ورد بێ.

تەها مەحموود تەها ساڵانێکی زۆر لە دبلن ژیا تا مەوسوعەی جیمس جۆیسی نووسی. حەسەن عوسمان ماوەی دەساڵ پێیەکی لە ئیتاڵیا نەبڕی تا کۆمیدیای دانتی وەرگێڕا. بابەتی جیدییەت لە وەرگێڕاندا و بە هەند وەرگرتنی ژیانی نووسەران شایانی لەسەر نووسینە وەلێ ئێرە شوێنی

نییە. بابەت  شار و کاریگەریی شاری گەورە و پەیوەندییە جاڵجاڵۆکەییەکانە کە مەحاڵە لە شاری بچووک و لادێدا دروست بێ.
مەرج نییە نووسەر تەنیا لەو جۆرە شارانە بژی بۆ ئەوەی نووسەرێکی باش بێ، یان ئەدەب تەنیا لەو ژینگە قەرەباڵغانە دروست بێ. بە دیوەکەی تردا بێ گوزەران لە شار ( مەرج نییە شاری گەورە ) نووسینی ئەدەبێکی تازە ئەستەمە بە تایبەتی بۆ ئەدەبێک کە تەمەنێکی درێژی نەبێ و کەڵەکەی ئەزموونەکانی نەبووبێتە وزە .
تاک کە بۆ (کەس) بەکارهات خەسڵەتێکی ئەرێنی هەیە. لە ئەدەبدا تاک سەنتەرە، ئەوانەی دەیگوازنەوە بۆ دۆخێکی گشتی نووسەرەکانن. ئەکادیمیای سوید کە نۆبڵی ئەدەبی بەخشی بە شاعیری ئەمریکایی لویس گلوک وتی، ئەو شاعیرە ڕەهەندێکی گشتی داوە بە ژیانی تاک لە شیعرەکانیدا. بە واتایەکی تر تاک ئەو دووربینەیە کە شتە دوورەکان نزیک دەکاتەوە، یان ئەو وردبینەی تیشکەکان چڕدەکاتەوە.
ئەو جۆرە کەسانە لە شارەکاندا بەرژەوەندی و خواست و ئاواتەکانیان دەگۆڕێ، هەوڵی دەرکەوتنیشیان جیاواز و پڕ زەحمەتییە ، لە هەمان کاتدا کاریگەریان بە هۆی تەونی پەیوەندییەکان و زۆری بوارەکانەوە فراوانترە.
شارێکی وەکو هەولێر لە سەرەتای شەستەکانەوە تا ناوەڕاستی حەفتاکان جگە لە ژمارەیەک چایخانەو لۆقنتەو یەک دوو دانە هۆڵی شانۆ و یەک کتێبخانەی گشتی و چەند کتێبخانەیەکی تر و یەک چاپخانەو چەند شەقامێک و قەڵایەک کە بۆتە ڕەمزی شارەکە و تۆڕێکی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی بەرتەسک و نەبوونی ئازادی سیاسی و نەبوونی سەرچاوەی زانیاریی نوێ و کەمی کتێب .. تاد. هەموو ئەمانە بە سەریەکەوە و تەمەنی کورتی نووسین بە کوردی تێیداو سنوورداری ئەزموونە ئەدەبییەکان ڕێگەی لە بەردەم نوێبوونەوە ئێجگار بەرتەسک کردووە. ئەگەر بەراوردی دۆخی کلتووری شارەکە بکەین لەگەڵ ساڵانی زووتردا دەبینین گەشەی ئەو شارە لەسەر بنچینەی فرە کلتووریی خۆی نەبووە، ژیانی کلتووریی سەردەمی ئەتابەکییەکان زۆر دەوڵەمەندتر بووە لە ژیانی دواتری. کاتی ئەتابەکییەکان سالۆنی ئەدەبی هەبووە ( ماڵی ئیبنو مستۆفی یەکێک بووە لەو شوێنانەی کە لە ئۆرووپا بە سالۆنی ئەدەب ناسراوە)  ئەدیب و نووسەر و ڕۆشنبیری تێدا کۆدەبوونەوە، ئەگەرچی زۆربەی نووسین ئەوکات بە عارەبی بووە لەگەڵ هەندێک ناوەندی کریستیان کە بە ئارامی و سریانی نووسیوویانە). یەکێک لەو دیاردانەی ئەوکات لەناو کۆمەڵ وەکو دیاردە دەرکەوتووە ژمارەی زۆری شاعیرەکان بووە.
حاجری شاعیرێکی سالووک و زۆربەی بابەتی شیعرەکانی لەبارەی جوانی نێر بووە و لە لایەن موزەفەردین کۆکبرییەوە زیندانی کراوە و دواتریش بە چەقۆ لە گۆڕستانی گەورەی شارەکە کوژراوە. هەر لەم شارەدا گۆرگیس وەردە ماڵی لە گەڕەکێکی ناو هەولێر بووە ، دیوانێکی شیعری بە زمانی ئارامی نووسیوە لەبارەی گەمارۆدانی قەڵای هەولێر لەلایەن سوپای هۆلاکۆوە. کتێبەکە لە فاتیکان پارێزراوە، لەم ساڵانەی دوایی فۆتۆیەکی لە دهۆک چاپ کراوەتەوە.

کتێبی " یەزداندوخت – ژنەخانەدانی ئەربل " کە قەشە سلێمان سایغ نووسیویەتی لە پاژێکیدا باسی ئۆتێلێک دەکا لە هەولێر کە یەزداندوخت و خۆشەویستەکەی کە لە نسێبینەوە دێ بۆ ئەوەی تێیدا یەکتری ببینن. نووسەر وا وەسفی ئۆتێلەکە دەکا کە دوو شوێنی هەبووە یەکیان بۆ عەوام و ئەوی تر بۆ خەڵکی خانەدان و شوێنی ئافرەت جیاواز بووە. ئەوکات قەرەداغ پاشای کریستیان حاکمی شاربووەو کۆشکی پاشایەتی بەردەوام ئاوەدان بوو.
ئەگەر ئەم گێڕانەوەیەی یەزداندوخت دەستکردی خەیاڵی نووسەر خۆیشی بێ دەبێ شتێک لەکەتوار( بووە )ی ئەوسای شارەکەی تێدا بێ، لە هیچەوە دروست نەبووە.
من شتێک لەو خانەدانییەم لە خێزانە کۆنەکانی هەولێر دیوە لە شەستەکاندا، دواتر هەتا هاتووە کزبووە.
ئەو مۆزایکە تاکە نوقسانی ئەوەبوو ئەدەب و زمانی کوردی تێدا غائیب بوو .
کوردایەتی کە سەرهەڵدەدا لەم شارە پشت لەو مۆزایکە دەکا. جۆرە دابڕانێک دروست دەبێ.
ئەم ڕەوتە وەکو پەرچەکردار ئەو ڕابردووە پشتگوێ دەخا بە مەبەست ، چونکە بەلێکەوتەی داگیرکاریی و غەدری نەتەوەیی دەزانێ، ئەنجام زیانی بە خۆی و بە دۆخی ڕۆشنبیریی شارەکە گەیاند. قاتوقڕی ئەدەبی ساڵانی دواتر یەکێک لە هۆکارەکانی ئەو پشتگوێخستنەیە.
موعاناتی نووسەر لە شاری وەهادا فرەیە، ئەگەر گوزەرانیش مسۆگەر نەبێ، ئەوکات ئەوانەی بە نووسینەوە خەریکن فەرمانبەری میریین، یان بێکارن.
نووسین نەچۆتە ناو لیستی پیشە و نووسەر وەکو لاخۆری دەستوپێ سپی تەماشادەکرێ، ئەگینا دەبێ لە دیوەخان و دەرباری دەسەڵاتەکاندا بژی.
لە شاری گەورەدا توێژێک دروست دەبن نە موڵک و ماڵیان لە بابوباپیرەوە بۆ ماوەتەوە و نە دەستوپێیان سووتاوە بە پارە پەیداکردنەوە، ئەوانە بەهرەیان لە جۆرە کارێکی دیاریکراودا هەیە وەکو ڕیکلام، یان مۆدیل و فاشیۆن، یان دەڵاڵ وجامبازن بۆ کەسانی دەستڕۆیشتوو.
هەندێک شوێن دەبێتە تایتڵی ئەوجۆرە شارانە وەک پاریس و بورجی ئیفڵ، فلۆڕەنس و پەیکەری داوود، ڕیۆدۆجانیرۆ و هەیکەلی مەسیح . لە هەولێر ماوەیەکی زۆر قەڵاو منارە وەک لە سلێمانی سەهۆڵەکە دەبێ بە ڕەمز!
شار وەکو ناو وایە کە بەدڵت نەبوو دەتوانی لە خۆتی بکەیتەوە، هەندێک جار لەبەر گوزەران و جاریش هەیە لەبەر هەڵوێستی سیاسی ، یان ترس و ڕاونان شار و جێی نیشتەجێبوون دەگۆڕدرێ.
شار هەیە کۆسمۆپۆلیتییە وەک لەندەن و پاریس ،هەشە لۆکاڵییە وەک دهۆک، یان سنە.
لە کۆنەوە جەنگ هەڕەشەیە بۆسەر شار و لادێ بە هۆی دوورە دەستییەوە پارێزراو تر بووە و دەسەڵاتەکان هەردەم لە شارەکاندان.

## کۆڵانە تەسکەکان

*بەڵەمەکان تەسک بوون تەسک بوو جێگای نووستنمان*
*سان جۆن پێرس*

یەکبەخۆم پێمخۆش بوو :
کتێبخانەیەکی کوردیی دەوڵەمەندمان هەبایە.
چەند ئەدیبێکمان خەڵاتی جیهانییان وەرگرتبا.
چ بەختەوەرن ئەو ئەدیبانەی کە چاو هەڵدێنن، پێش خۆیان کەسانی تر ڕێگایان خۆشکردووە لەبەردەمیاندا، لە جیهاندا ناسراون. چی دەکەی؟ لە دایکبوون و هەڵبژاردنی شوێن بە دەست مرۆڤ نییە.
نەک بەربەست و کێشەکان تێت بئاڵێن و بخوازی، ئەگەر چانست هەبایە لە شوێنێکی تر لە دایک دەبووی.
ئێمە وەک سیزیف گاشەی دۆخێکی ناڵەبارمان بەشانەوە، بێ هیچ پێداویستییەکی بەردەوامبوون بە جرەجرِ ڕامانکێشا. ئەلحەق! هیچیشمان بە هیچ نەکرد!
دوو جەنگی گەورەی جیهان پڕووشکی بەر ئێمە کەوت. شەڕوئاشووبی ترک و عەجەم و عارەب بەشی زۆریان لەسەر خاکی ئێمە ڕوویاندا. نە دەستکەوتێکمان لێیان چنیەوە، نە تۆمارێکی ڕووداوەکانیانمان هەیە.
ئەو ئەدیب و نووسەرانەی هاوتەمەنمن، بە ناچاری لە بوارێکدا خوێندنمان تەواو کرد، بێ حەز و ئارەزووی خۆمان.
من کولیەی کشتوکاڵم تەواوکرد. ساڵانێکی زۆریش فەرمانبەری کشتوکاڵ بووم. بواری کارەکەم دووربوو لە شیعر. سەرەڕای ئەوەی لەناو خێزانەکەشمدا نە کتێب هەبوو نە خوێندنەوە تا گەیشتم بە قۆناخی ناوەندی.
پۆلی سێی سەرەتایی بووم بارەگای (حەرەس قەومی) لەگەڕەکەکەمان بوو، لە شوێنی یانەی( برووسک)ی وەرزش. ئەم یانەیە جگە لە هۆڵێکی گەورە بۆ لەشجوانی گۆڕەپانی یاری باسکە و تۆپی مێزیشی هەبوو. حەرەس قەومی کردبووی بە بارەگا و شوێنی ئەشکەنجەدانی ئەوانەی دەستگیریان دەکردن.

ڕۆژێکیان تەرمی کوژراوێکیان لە بەردەم بارەگاکە هەڵواسی، وتیان پێشمەرگەیە. کەس لە نیشتەنیانی گەڕەک نەیدەوێرا بچێتە دەرەوە و سەیری بکا. خەڵکانێک لە سەربانەکان بە دزی لە کوونی ستارەکانەوە تەماشایان دەکرد. ئەو دیمەنە هەتا ئێستا لەبەرچاوم ون نەبووە.
هەر لە منداڵییەوە ڕووداوەکان فێری سیاسەتیان دەکردین. دواتر کە گەیشتمە قۆناخی ئامادەیی مەیلی بیروباوەڕی چەپم هەبوو، نازانم سەرچاوەکەشی چی بوو.
ماوەیەک لەگەڵ پارتی کارم کرد، دواتر بە هۆی بیروباوەڕی (چەپ و ئیلحاد)ەوە کە هەردووکیان هەندێک کادیری کۆنەپەرست بۆیان هەڵبەستبووم لە حیزب دوورخرامەوە.
دوای بڵاوبوونەوەی چاوپێکەوتنێکم لە ژمارە ٢٠٢ی ساڵی ١٩٧٤ی ڕۆژنامەی (هاوکاری)دا کە مەحموود زامدار سازیدا بوو، ڕستەیەک کە لەوێدا وتبووم، " شکاندنی بتەکان و دڕاندنی ئەو نەخشەیەی بچووکمان دەکاتەوە، خۆشویستنی کوردستان و کوردستانەکانی هەموو دنیا". وەک ئەوەی ڤێتنام و کەمبۆدیا و لاوس بە وڵاتی خۆم بزانم!
ئەم ڕستەی سەرەوە منی بە (کۆمەڵەی مارکسی لینینی _ بیروباوەڕی ماو) ناساند.
ڕێکخراوێکی تازە بوو . تا ساڵی ١٩٧٧ ئەندام بووم تێیدا. بەو بیروباوەڕە کاڵەوە وام مەزەندە دەکرد، ڕزگاربوونی میللەت تەنیا لەسەردەستی بیروباوەڕی چەپ دێتەدی. لە کاتێکدا زەمینەی فیکریی و واقیعیی بۆ ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە لەناو کورددا نەبوو. نە کتێبەکانی مارکس و ئینگلس کرابوون بە کوردی، نە کتێبی پەیڕەوانی ئەو ڕێبازە بە کوردی هەبوون.
واقیعی کۆمەڵایەتیی و ڕۆشنبیریی زۆر دواکەوتوو بوو. نەخوێندەواری بڵاو بوو. چارەسەری پەتا و نەخۆشی و سیستمی خۆراک ئەوپەڕی سەرەتایی بوو. ئابووری کشتوکاڵ و دەسەڵاتی ئاغا و کادیری حیزب و پێشمەرگە لەزۆر ناوچەدا حوکمی قانوونی دەگێڕا. مەلا و شێخ دەسەڵاتیان لە مدیری ناحیە و قایمقام زیاتر بوو، هەرئەوانیش، ئەو فەرمانبەرانەیان دادەنا.
ئەوانەی لەو جۆرە کۆمەڵگەیە هەڵگری بیروباوەڕی جیاواز و نوێ بن؛ خاچی موعاناتی دەکەن بە کۆڵ هەڵدەگرن!
لە ناوەندی ئەدەبییدا، بیروباوەڕی نەتەوەیی و کلێشەکانی واقیعی ئیشتراکی و ئیلتیزام دەستی خستبووە قورگی ئەدەب و نووسینەوە.
لەو ژینگە سەرەتاییەوە بەو کەرەستە هەژارانەوە دەستمان پێکرد. فەقێی جاران لە ئێمە زیاتری دەخوێند لە زانستی عەقڵی و نەقڵی تا دەبوو بە مەلا!
ئەگەر پێنج ساڵی ژیانی بەغداد نەبوایە، ئەو هەموو سەرچاوە و کتێبخانە زەبەللاحانەی ئەوێ نەبوونایە، قەرەبووی ئەو سەرەتا کزەی خۆم بۆ نەدەکرایەوە.
نازانم لەڕووی فسیۆلۆژییەوە چی جیاوازییەکم هەیە، بەڵام دەزانم هەست و هۆشم زوو گەشەیان کرد؛ بە ئەندازەیەک، بەشێک لە برادەرەکانم، بە تەمەن، لە من گەورەتر بوون، بێ ئەوەی هەست بە شتێکی نامۆ بکەم لە برادەرایەتییاندا. هەر ئەو جیاوازییە بوو هانیدام، لە ماوەیەکی کورتدا، ئەو سەرەتایە لاوازە تێپەڕێنم، بۆ بیرکردنەوەیەک کە خۆی بە نامۆ ببینێ لە ناوەندی ئەدەبی کوردییدا. بە جۆرێک تاقەتی خوێندنەوەی ئەو ئەدەبەم نەما کە هەبوو.

لەو ماوەیەی کە باسم کرد ئەو کتێبانەشم لە کتێبخانە متەوازیعەکەمدا نەهێشت کە هی ئەو ئەدیب و شاعیرە کوردانەی هاوسەردەمم بوون، جا باشم کردووە، یان خراپ ئەمەیان مەسەلەیەکی ترە.
ئەوەی سان جۆن پێرس بە بەلەمی تەسک و من بە کۆلانی تەسک ناوم برد دەبێتە مایەی سنوورداری جێگای ئارامیی و مەیدانی یارییەکان.
دەوەن ئاخر دەبێتە داری گەورە/ مەڕی لەڕ خزمەتی بۆ گۆشتی چەورە.
ڕستی ژیانم بریتییە لە چاکبینی و جیابینی و جوانبینی ئەگەر بەر هێدمەش کەوتبێ، سارد نەبوومەتەوە. جەنەراڵەکی فاشی بە پیکاسۆ دەڵێ، تۆ ژێرنیکات دروستکردووە؟ دەڵێ، نەخێر ئێوە! بەو تەحەدایە بەربەستەکانم کردووە بە وزە بۆ بەرهەمەکانم.
شتێکی کورتم نووسیوە بۆ ئەو سەروبەندە دەشێ:

ناوم دڵشادە
باوانم دنیایە
لە قووڵایی شەوی وڵاتی بێ ناونیشاندا
تۆفانێک بە ڕێوەیە سەرەتایە
بە ناوی منەوە نووسرایە!

زیندەخەویش بێ هەر خۆشە.

## کتێبی ڕەش

خوا سەبری گچکەی چل ساڵە
پەندی کوردی

کتێبێک دەخوێنمەوە هێشتا نەمنووسیوە!
وشە و ڕستە و پەرەگرافەکانی لە حەرفی تاریکی چنراون.
تاریکی وزەی لەبن نەهاتووی ناخی خۆمە، هەرچەندی لێ وەردەگرم هێندەی تری دێتەجێ.
بومەلەرزەی بە ڕێختەر ناپێورێ و سیزمۆگراف دڵی خۆمە.
کێ لە تاریکی ڕامایە و داوی خەیاڵ نەیبردووە بۆ سەت جێ؟ تاریکی یەکێکە لە ڕەشەکان.
ڕەشی تر زۆرن، هی چاو جودایە. ڕەشی جلوبەرگ وەکی ڕەشی چاویلکە نییە، ئەمیان دەرەوە تاریک دەکا و ئەویان دەرەوە جوانتر دەردەخا. سەربووردەی ڕەش گێڕانەوەی فرە مەبەستە.
سندووقی ڕەشی فڕۆکە نهێنییەکانی تێدایە، کتێبی ڕەشی منیش بەو مانایە.
گێڕانەوە جۆرێکە لەمەزەندە، ژیانی خۆشت کە دەگێڕیەوە هەرگیز وەکو ئەوە نابێ کە ڕوویداوە با زۆر دیقەتیشت دابێ. تامی ئەو جۆرە نووسینە لە دەرخستنی ئەگەرەکانی تری ژیانتە کە کاتی خۆی پەیت پێ نەبردووە، ئەگینا گێڕانەوە چ کەڵکی هەیە؟
ئەوەی دەینووسم لە کەلێنی زماندا هەڵمگرتووە، وا نەبوایە نەمدەتوانی بنووسم.
ڕابردوو نانووسمەوە بەڵکو ئەو جارێکی تر بە زمانێکی جیاواز دەمنووسێتەوە.

بەدوای شتێکدا دەگەڕێم، وەک گەڕان بەناو هەوردا بۆ دڵۆپی باران.
کتێبی پڕ لە تەلیسم.
پەڕی لە ئاوریشم، لەوەی لە چین دەیهێنن. حەرفی لە قوڕ، لەو خۆڵەی لە قەندەهار دەیشێڵن.
ڕستەی باڵی سیمرخ، فەزای قوللەی قاف، مەعنا خوراسانیی، لوغز لە تبت و بۆن لە سەحرای تەتار و لە بنچینەدا سرف زاگرۆسیی.
هەرچەندی دەخوێنمەوە هێشتا دەڵێی لە سەرەتادام، وەک دارستانێکی چڕ ڕێی خۆمی تێدا بە زەحمەت دەبینمەوە. کێ گەیشتووە تا من بگەم؟
هەیوانی ماڵێکی بە کرێ، ناوی نراوە دنیا. لێک حاڵینەبوونێک پێی دەوترێ ژیان.
لەسەر بەرگی کتێبەکە نووسراوە، مەتەڵی نەوەکان.
کتێبی کەسێک جگە لە بەرپێی خۆی هیچی تری لێ دیارنییە.

نووسینەوەی ژیان سەرکێشییە. ئەوانەی سەرکێشانە دەژین بیر لە نووسینەوەی ناکەنەوە، ئەوانەی دەیگێڕنەوە ماندوون. گرفتی گەورە لە گێڕانەوەدایە.
هاوکێشەکە ئالۆزە بۆ کەسێک بە هەموو هەستەکانی بژی. نووسینەوەی هەست دوای تێپەڕینی زەمەنێک، لزووم بە خەیاڵ و سەلیقەیەکی فەوقەلعادەیە، وەک شووشتنەوەی فیلمە لەناو حەوزی ترشەلۆکدا.
فیلم جێی ژیان ناگرێتەوە، بەڵام کە دیمەنەکان کۆدەکرێنەوە و لەیەک دەدرێن بۆ مەبەستێک، ئەوەی بەرهەم دێ دیوێکی نەبینراوی ژیانە بە تامی هونەر.

کاوێژکردنەوە تامی خواردن نابەخشێ. لەو ترسە، هەندێک ڕووداوم لەناو فەزای خۆی پاراست، بەڵام بیرکردنەوە لە قوتوودا هەڵناگیرێ، کە کاتی بەسەرچوو هەڵدەوەرێ تێکدەچێ.

یەکەم هەست مەحاڵە پاتەبێتەوە، کە پاتەی دەکەیەوە تامی تری لێ دێ.

نووسینەوەی ژیان هەوڵێکە بە ئاقاری کۆلاجکردنی وێنەی هەستەکان.
ناتوانی دووجار بچیتە ناو هەمان ئاو بە مەنتیقی هیراکلیتس، یان خۆت لە ئاوی کولاودا ببینی.
پشت بەستن بەو قەناعەتەی سەرەوە "کتێبی تاریکی" فەزایەکی تری شیعرەکانمە بە جلی ئەستووری زستانەوە.
دروستکردنی باخچەی پشتەوەی ماڵە، بۆ حەوانەوەی ئاکنجیانی. کارێکە بەر لەمن کردوویانە، دوای منیش دەکرێ، کە ماڵبات گەورەبوو ناتوانی دەستبەرداری بی.
ئاشکراکردنی ئەو شتانەی شیعرەکانم هەڵیانگرتوون بێ ئەوەی نازیان بەسەرەوە بکەن، وەک درەخت چۆن پەلک هەڵدەگرێ، یان مەل باڵ هەڵدەگرێ بێ ئەوەی لاف لێبدا.
ئەمجۆرە نووسینە بۆ شاعیر دووسەرەیە. ئێمیل سیۆران لە کتێبی" هەندێک ڕاهێنان لە سەرسامیی" سەبارەت بە پۆل ڤالیری دەنووسێ، نیگبەتی ڕاستەقینەی دانەر خۆ کەشفکردنییەتی. ڤالیری هەندێک کلیلی خستە بەردەست بۆ تێگەیشتن لێی، بەمەش بەشێک لەو بەدحاڵیبوونەی ڕەواندەوە کە بۆ شکۆی نووسەر گرنگە تا بە تەمومژاوی بمێنێتەوە.
بیانووی سیۆران ئەوەیە، خوێنەر ئەو تەمومژە لابدا بە توانای خۆی و گەمژەیی و بیرتیژی نووسەر لێک جیا بکرێتەوە.
موحەقەق هارمۆنییەتی نەبینراو باڵاترە لە هی بینراو.
کێشەکە لە ئەدەبی کوردییدا جۆرێکی ترە. نەبوونی بایۆگرافی نووسەرانی کۆن و ئاگادارنەبوونی خوێنەر لە ژیانی شاعیران هەندێک گرفتی بۆ ناسین و ناسینەوەی تێکستەکانیان دروستکردووە، وەلێ دواجار ڕاستی ئەوەیە ئێمە لە تێکستەکاندا ئەو جومگانە بدۆزینەوە نەک پێچەوانە، بۆیە ئەگەر خۆم لە هەندێک وردەکاری دزیبێتەوە مەبەست بۆ ئەو خاڵە دەگەڕێتەوە کە سیۆران باسی دەکا.

ئەوەی لەم کتێبەدایە بەسەرداچوونەوەی گشتی نییە بۆ دیمەنەکان، هێندەی ڕامان و وردبینی خۆمە. هێشتا سیحری نووسینم هەر لە درەخت و باڵەکان دایە.

بۆ ئەوەی لە بالۆرەی بە خۆدا هەڵدان ڕزگارم بێ و لە چێوەیەکدا قەتیس نەخۆم؛ هەوڵمداوە ژیانی تاقە کەسێک نەنووسمەوە، بەڵکو ژیانی تەرزە کەسێک کە گرفتاری تەرزە ژیانێکە لەژێر تایتڵی نەوەیەکدا. لە کاری وەهاشدا گرنگ بارستایی و قەوارەی ڕووداوەکان نییە،گرنگ ئەوەیە هێندەی درک بکەی ئەو فەزایە بنەخشێنی کە هەوێنی ژیانەکان بوون، بیانو و بەهانە بۆ ئەوانی تر جێ دێڵم.

لە منداڵییەوە کۆسپ و تەگەرە لە دەرەوە و ناوەوەدا هەڵچنرابوون، بەسەر هەندێکیان سەرکەوتم و لە هەندێکیاندا شکستم خوارد، هیچ عەیبییەک لەوەدا نییە.
سەرزەنشتی خۆم دەکەم، دەبوو یاخییانەتر بژیابام، باکم بەو کۆت و پێوەندە زۆرو زەوەندە نەبا، سڵم لەوە نەکردباوە کە ئەویان لە ترسی دین ناکەم و ئەمیان لە ترسی خێزان و چی و چی.
مرۆڤ هەتا سەرچڵ بژی تامی ژیانی خۆشترە.
هەتا مەرگیش کە مەزن بوو چارەنووسی مەزنی لێ دەکەوێتەوە.
ئەی خوێنەر!
ئەگەر ئاڵتوونم بۆ هەڵڕشتبی حەڵاڵی خۆتە، ئەگەر کاشم ڕشتبێ بۆ خاوەنی جێ بێڵە.

ئەو وێستگانەی بڕیومن هەندێکی دووبارە دەبێتەوە لای کەسانی تری هاوتەمەنم و هەندێکی تایبەتن بە خۆم.
لە ژیانی هەریەکێکدا ساڵ و ڕۆژ و ساتی وا هەن لە یادناچنەوە، پڕن لە ڕەنگ و دەنگ و ئاواز، هی واش هەن خۆزگە دەخوازی نەژیابای. ژیان بەو ڕیتمە هەمەڕەنگەوە خۆشترە وەک ئاهەنگی ئۆرکسترا، کەس بە تەرزە ژین و ژەنینێک ناتوانی تاسەر بەردەوام بێ.

دوای شەست ساڵی کەوتمە لێدانەوەی هەندێک لەو فیلمانە. بڕێکی سووتاون و هیچیان لە پاش جێ نەماوە، بڕێکی تر تەمومژاوی، بەحاڵ شتێکی تێدا دەبینرێ. ئەوەی تر دەڵێی تازە گیراون.
ئەو دیمەنەی زاڵە لە ناویاندا، کەسێکە چاوەڕێ دەکا!
لەهەموو وێنەکاندا سێبەری ئەو چاوەڕوانییە دیارە، هەتا سێبەرەکە گەورەتر دەبێ ئەوەی چاوەڕێی دەکا دوورتر دەکەوێتەوە.

ڕامان و وردبوونەوە لە ژیانی خۆت دەرمانی زۆر دەردە. خۆشبەحاڵی ئەوانەی سەرەداوی تازە دەبیننەوە لە ڕابردووی خۆیاندا.

ئەگەر ڕشت بی و جارِز نەبی ساتەکان هێشتا ڕووتەن نین، ڕەنگە هەندێک جێی داشۆران خواردبی ، زیانی لە تام و بۆیان نەداوە و هەر ساتێک دەگۆڕێ بۆ چەندین، ئەنجام ژیان خۆیشی دەبێ بە چەندین.
وەک پارچەیەکی لەش کە بە هۆی ڕووداوێکەوە لە جەستە بووبێتەوە هەتا جەستە ماوە هەست بە ئازاری جیابوونەوەی دەکا. ئاوەهایە نێوانی من و ساتەکان.
هەمووکاتێک کە دەمەوێ بگەڕێمەوە بۆ سەردەمێکی زووتر دڵ دەنێرم بەر لەهەر ئەندامێکی تر، دڵنیا لەوەی دەنگی لەرینەوەی پەڕەکان بە وردی دەبیسێ، بۆنەکان دەناسێتەوە، تامەکان دێنێتەوە ناو زار، دوورایيەکان دەبڕێ بە غار.

هیچ شتێک موجەڕەد نییە، بە تایبەتی ئەوانەی زەمەن پەنای داون لە دووتوێی ڕیشاڵ ڕیشاڵی سیەکانیدا، هەر ڕیشاڵێک بەرەو ڕەهەندێک دەمبا پێشتر پەیم پێ نەبردووە. ئەگەرچی تاریکی وێنەکان هەڵدەمژێ، باقوبریقیان کەم دەکاتەوە، بەڵام دڵ ژەنگوژوويان دەوەرێنێ ئەڵماسی ڕووتیان دەردەخا، ئۆخەی!
گێڕانەوە بەهرەمەندێکی دڵتەڕە.

**ئاداری ١٩٧٤- ئاداری ١٩٧٥:**
بەپێی لێکدانەوەی فەلەکیساڵ ٣٦٥ ڕۆژ و چارەگە ڕۆژێکە، ماوەی خولانەوەی زەوی بە دەوری خۆردا. چوارساڵ جارێک چارەگە ڕۆژەکان لە ڕەشەمێدا دەبن بە ڕۆژێک و ئەو مانگە دەبێ بە ٢٩ ڕۆژ. بەو ساڵە دەوترێ ساڵی تەواو، یان پڕ.
ساڵی ١٩٧٤ ساڵێکی ناتەواو بوو بەپێی پێوانەی سەرەوە و ناتەواویش بوو لە ڕووی ئامانجی گشتی! کەچی بۆ من ساڵێکی پڕبوو،
پۆلی یەکی زانکۆبووم دامەکێو لە دژی دەسەڵات. هێشتا هزرم تەواو نەخەملیبوو، چەشەو سەلیقەی ئەدەبییم شل، ئەزموونی ژیانم کاڵ وکرچ.
هەڵبژاردنی ئەم هەڵوێستەم هی خۆم بوو، نە باوکم لەگەڵمدا بوو نە کەسێ لەناو خێزانم.
ئەو ساڵە بە لێشاو خەڵک دایانەکێو، هەندێک بە ناچاری، هەندێک لەگەڵ خزم و کەسی، من ناچار نەبووم، بای ئەوەندە هەستم دەکرد، چۆن هەڵوێست وەرگرم.
ئەو ڕۆژانە، سیاسەت و ئەدەب هێندە چووبوون بەناو یەکتریدا بە زەحمەت هەڵاوێردەکران.
هێشتا دۆخی وڵات نەخەملیبوو، بارێکی گشتی لە ئارادا بوو، چەک و شۆڕش حوکمی تێدا دەگێڕا. لەو جۆرە دۆخەدا هەمووان بە یەکەوە، شاریی و لادێیی، دەوڵەمەند و هەژار، گێژەڵووکەی ڕووداوەکان لوولیانی دەدا.
ژیانی سادە و سەرەتایی پێشمەرگایەتی، تەنیایی و سەرما و برسیەتی، خۆشووشتن بە ئاوی جۆگەو کوڵاندنی جلوبەرگ لەناو تەنەکە لە ترسی ڕشک و ئەسپێ...تاد. هەموو ئەمانە لە لایەک و باوەڕ بە خۆبوون لایەکەی تری ئەم ئەزموونە بوون بۆ منی شاریی.
لە قۆناغی ئامادەییەوە چووبوومە ناو ئەو دنیا جەنجاڵە. دنیایەکی سەرەتایی و کەم ئەزموون.

تا شەشی ئامادەییم تەواو کردکوڕ لە قوتانخانەیەک و کچ لە قوتانخانەیەک دەیانخوێند.
دۆخی کۆمەڵایەتی دژواربوو. سینەما و شانۆ لە شارەکەماندا کەم بوو، کتێبخانەی دەوڵەمەند نەبوو.
کە چوومە بەغداد دنیایەکی نوێم لەبەردەم کرایەوە. هێندەی نەبرد، هێشتا جێی خۆم لەوێ خۆش نەکردبوو، جەنگ لە کوردستان هەڵگیرسایەوە و پۆل پۆل خەڵک چوونە شاخ.
ئەو سەرەتایەم لە بەغداد تووشی دابڕان هات.
دەبێ ساتەکان بگێڕمەوە، لە گێڕانەوەشدا دەبێ زمانی ڕابردوو بەکار بێنم، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ئەوەی ئەو ڕیتمە خاوە دامالّم لە هەندێک پەرەگرافدا زەمەن دەگۆڕم و لە هەندێکی تر تەنیا بە مۆنۆلۆگ دەگەڕێمەوە ناو ساتەکان و هەستەکان.
خەونم زۆرە، نازانم گێژەنی ڕۆژەکان چیان بەسەر دێنن. دەڕۆم و گوێ بە ئامۆژگاری باوان نادەم. باوەڕم بەخۆم هەیە، چاک و خراپم بۆ جیادەکرێتەوە بەس قازانج و زەرەر هێشتا جێیان لە هزرمدا خاڵییە.
یەکەم وێستگە لە (چۆمان)ەوە دەست پێدەکا.
مزگەوت وەکو ئوتێل پڕە لە خەڵک، چەند برادەرێکی زانستگا لەوێ دەبینمەوە. شەوێک لەو ئوتێلە! پڕ کێچ و ئەسپێیە دەخەوین! بەیانی ڕێی (قەڵادزێ) دەگرین.
باران بە خوڕ دادەکا، ڕێی شاخ تادێ پێچ دەخوا، ئەو قەفە نا ئەوی تریان، نزیک دەبینەوە، ئیتر دۆڵی شەهیدانە!
یەکەم بەرکەوتنم لەگەڵ وشەی شەهید زووترە. پۆلی سێی سەرەتایی بووم، وتیان خاڵە ئەحمەدت شەهید بوو. ئەوکات شەهید بە سوپەرئینسان تێدەگەیشتم، کەسێک شتێکی لەدەست دێ بەکەسانی تر ناکرێ. بە خەیاڵی منداڵیی گونجاوترین وەسف بۆی فریشتەیە. لێکچواندنێکی ئاینیی ڕووتە. بە هەرحاڵ یەکەم فریشتە کە دەمناسی ئەو خاڵەم بوو. دواتر گاڵتەم بەو وەسفە دەهات، دەمووت، فریشتە! بەڵام بە سەروڕیشێکی ڕەشەوە ! نەک نەرموسپی و موو زەردی دوو باڵ بە شانەوە وەک لە وێنە خەیاڵییەکان دەردەکەوتن.
دۆڵی شەهیدان لای من دۆڵی خاڵە ئەحمەدەکانی نەدەگەیاند، وەک ئەو کاکەڕەشەی ڕەنگی پێستی سوور و سپییە.
یەکێک لە هاوڕێکان وتی، ئیتر دۆڵی ئەو سەگبابانە ببڕین نزیکتر دەبینەوە.
ئەو لە من بە تەمەن تر بوو . وتی، دەزانی بۆ جوێنیان پێ دەدەم، ئەوانە داگیرکەری کوردستانن! لەم دۆڵە ئەو عارەبە ئیسلامانە کوژراون کە هاتوون وڵاتمان داگیربکەن. کورد ناوی ناوە دۆڵی شەهیدان!
ئێستا بەراورد لە نێوان کوژرانی خاڵە ئەحمەدم و کوژرانی ئەو هەموو عارەبە ئیسلامە دەکەم. ئەوان سوپای شمشێر بەدەست، لە دوورگەی عەرەبەوە هاتوون و لێرەکانەکوژراون، ئەمیش لەسەر خاکی خۆی بە فڕۆکەی عەرەب کوژرا. لەسەر ئەو ئاخە خوێنی هەردووکیان ڕژاوە! کورد بە هەردووکیان دەڵێ، شەهید! کەواتە هەڵە و ئاڵۆزیی لە بیروباوەڕەکانەوە هاتۆتە ناو زمان.

ماوەیەک دۆش دادەمێنم، کەڵەکەی ئەو بیروباوەڕە هەرەس دێنێ کە منی لەژێر هەژموونی خۆیدا گیرداوە. لە لایەک نەتەوە و لایتر بیری چەپ! ( ماوییەت ببوو بە کتێبی پیرۆز لە ختوخۆڕاییی).
مەرگ هەرمەرگە؟ بە دیوێکیدا ڕەوایە و بە دیوی تردا تاوان ! ئەگەر مەبەست کۆتایی هاتنی فیزیکی بێ ئەمەیان دروستە، وەکی دی فەزای دەرەوە و ناوەوەی بەر لە مردن جودایە.
خەڵکم دیوە سڵی لە مەرگ نەکردووەتەوە، ئەوانە ئازا و بە جەرگن، هی واش هەیە چۆکی دەلەرزێ بەرانبەری! بە گشتی پەروەردە و بیروباوەڕ دروستکەری ئەو جۆرە هەڵوێستەن.
لەگەڵ هەموو ئەو لێکدانەوە جیاوازانەشدا مردن تراژیدیایەکی گەورەی ژیانی مرۆڤە و بیرکردنەوە و خەیاڵ دەستەوەستانە بەرانبەری.
دڵم دەگووشرێ، هێڵنجم دێتێ، مەرگی ئینسانەکان هێندە سووکە تا زیندووان بە ماشای خۆیان ناوی لێ بنێن؟
دیسان دەچمەوە سەر هەمان قەوانی کۆن کە ئینسان هەرئینسانە و مەرگیشی هەمان مەرگ، ئەو جیاکردنەوە لە پای چی؟
پێوانە پەیوەستە بە ژیان خۆیەوە نەک ژیانی ئەو دنیا کە کەس هیچ شتێک نازانێ لە بارەیەوە، ئەگینا ناپلیۆن و مارکس و بۆدلێر و بۆهیمییەک و ئیماندارێکی جوو، یان کریستیان، یان زەردوشتی وەکو جەستە یەک کۆتاییان هەیە.
هەست بە کێماسییەک دەکەم لە خۆمدا توانای هەڵاوێردنی گرفتەکانی بەردەم بیرکردنەوەم نییە، ئێ خۆ ناهەقیشم نییە. پرسیار دەئاڵۆزکێن لە بێ وەڵامییدا.
یەکەمین چووزەرەی هەستی ئینسانیی لەو ساتەوە لە لام سەری هەڵدا، بەڵام هەر زوو لەژێر پەردووی ڕووداوەکاندا پڵیشایەوە!
لەناو جەنجاڵی شۆڕش و ڕەوایەتی ماف و چی و چیدا، ساڵێکی پڕ لە گینگڵ و خۆ خواردنەوەم بەڕێکرد.
ساڵی دۆزینەوەی دەرەوە بوو لە لایەک و دەرکەوتنی تایبەتمەندی خۆیشم بوو لە لای ترەوە. لە لایەک مافی نەتەوە و لایەکەی تر ئازادی تاک و خولیاکانی کەس، گەشەکردنی هەر لایەک دەبوو بە مایەی نغرۆبوونی لایەکەی تر، ئەگەرچی لە ڕووکەشدا وا دیاربوو بە یەکەوە گەشەکردنیان.
بۆ ئەم مەبەستە دوو ڕێگا هەبوو. یەکیان بەر لە من تاقیکرابووەوە، ئەویش گونجاندنی سیاسەت و شیعر لە ژیانی شاعیردا، ئەوەی تر هەڵبژاردنی ڕێگای شیعر و شاعیریی بوو، ڕێگایەک بوو تاقینەکرابووەوە.
هێشتا زۆرم مابوو تێبگەم چۆن یەکیان هەڵبژێرم و بیکەم بە بناغەی هەڵکشان لە ئەوی تریاندا، وەک هەموو ئەو نووسەرانەی بە ئەفراندن بەرگریان لە ناوبانگی میللەتەکەیان کردووە.

له ژیانی هەریەکێکدا جومگە هەیە زەحمەتە لێی دەربازبی، یان بڕیاری لە بارەوە بدەی، جەنگ یەکێکە لە جومگە سەرەتانییەکان. بە درێژایی نیوسەدەیە نەوەکان لەژێر هەڕەشەی جەنگدان. جەنگەکان چیان فێرکردین؟ چ کۆتوپێوەندیان شکاند؟ چ کۆتوپێوەندیان خستە ئەستۆمان؟ هێنری میللەر دەپرسێ: زەوی نە پەناگەیە و نە زیندان، بەڵکو بەهەشتە. ئەوکاتە لەوە دەگەین کە چاو دەکەینەوە. خۆی بەهەشتە پێویست ناکا بیکەین بە بەهەشت.
جەنگەکان ئەو بەهەشتەیان کردووە بە دۆزەخ، ئیتر پێویست ناکا بیر لە بەهەشت بکەینەوە.
لە قەڵادزێ ( ناوەندی قەزای پشدەرە و لە١٩٤٨ بۆتە قەزا) شەقام و کۆڵان پڕە لە غەریب، هەر قوتابی زانکۆیە (وایان پێ دەوتن) لە چایخانە خەریکی گفتوگۆیە، هەر بەردەرگا و دوکانێک جمەی دێ، هەندێک لە چایخانەی کرێکاران دادەنیشتن بۆ هاوسۆزی هەژاران! ئەوانەی لەوێ دادەنیشتن چەپەکان بوون. هەندێکی تر لە جایخانەی تر. جگە لە چایخانە هیچ شوێنی تر نەبوو بۆ کات بەسەربردن.
سەرکردایەتی شۆڕش هۆڵێکی وانە خوێندنی دابین نەکردبوو کەچی زانکۆی ڕاگەیاند! بارێکی گرانی لە خۆی نا.
ماوەیەک لە دەرەوەی شار، لە گوندی (بێدەڵان) شوێنیان بۆ چێ کردین. دواتر چووینە ناو شارو ئەو بەنگەڵانەی بۆ دائیرەی تووتن دروستکرابوو کران بە بەشی ناوخۆی خوێندکاران.
شەوێک لە شەوانی بەهار، ڕێک ئەو شەوەی بەیانی فڕۆکەکان هاتن و شاریان خڵتانی خوێن کرد. فڕۆکەوانێکی کورد لە سوپای عیراقەوە هەڵاتبوو هاتبووە قەڵادزێ و ئەو شەوە باسی جۆری فڕۆکەکانی عیراق و چۆنیەتی خۆپاراستنی بۆ دەکردین.
لەناکاو دەنگێک بەئاگای هێناین، دەنگێک لە ئاسمانەوە چەشنی شووڵێک لە دۆەخەوە بێ، ناڵەی فڕۆکەیەک بە بەرزییەوە دەسووڕایەوە دیاربوو بۆ پشکنینی ناوچەکە هاتبوو، ئەو دەنگە دانیشتنەکەی لێ تێکداین. هەر پۆلەو ڕووی لە شوێنێک کردو بەنگەڵەکانمان جێهێشت.
چێشتانگاوی ڕۆژی دواتر چەند فڕۆکەیەک بە ناپاڵم شارەکەیان بۆردوومان کرد.
یەکەم جارم بوو کوژراو و بریندار ببینم، لەبەر زۆری بریندار و کەمی برینپێچ بە ناچاری ڕۆڵی برینپێچیش بگێڕم.
بریندارەکان هەندێکیان گواسترانەوە بۆ هۆڵی مزگەوتەکان، لە یەکێک لەو هۆڵانە ئێمە چەند خوێندکارێک بووین کەوتینە تیمارکردنیان بەو کەرەستانەی نەخۆشخانە کە گوسترابوونەوە بۆ ئەوێ. ئێستاش لە یادمە لاقی ژنێکی زامدارم بەستەوە  شکابوو، ئێسقانەکانم خستەسەریەک و بە تەختە توند ڕامگرت، ئینجا بە لەفاف پێچامەوە ئەو جۆرە چارەسەرەم پێشتر بیستبوو.
یەکەم جاربوو خوێن و گۆشت و ئێسقانی مرۆڤ ببینم لەسەر ڕاخەری مزگەوت. خودا چ دڵێکی ڕەقی پێداوین . کاتێک ئەو پارچە ئادەمییانە دەبەنەوە بەردەمی و دەزانێ ئەوانە خولقێنەری خۆی بوون، چۆن تەماشایان دەکا؟! ئەوجا بەندەیەکی بەستەزمان ئەو ڕۆڵەی پێ بسپێرن دەبێ چی بکا؟ ئێستاش دوای ئەوهەموو ساڵە ئەو تراژیدیایە دەڵێی، تازە ڕووی داوە،

هێشتا شەختەی وکرێوەی ئەو ساتانە لە لەشم دەرناچێ، هێشتا بۆنی خۆڵ و خوێن بە قووڵایی ناخدا چوون و بۆنەکە لە گیان دەرناچێ.
نازانم چۆن نەمردم؟
نیوەڕۆ بانگیان ڕادێرا، شار چۆڵ بکەین. ئەو قوربانیانە لەناو زامەکان جێ بێڵین. ئەو شەپۆلی گریانانە بدەینە کۆڵ و ڕابکەین! چیمان لەدەست دێ ؟
بە ناچاری ڕێی (هەڵشۆ)مان گرت ( شارەدێیەکە نزیک سنووری ئێران).
قوتابیانی زانکۆ پەرتەوازەبوون، هەریەکە و بۆ لایەک. شەوێک لە هەڵشۆ مامەوە، هەبوون چووبوونە (هێرۆ) ئەویش دێیەکی گەورەی نزیک سنووری ئێرانە. ڕۆژی پاشتر گەڕامەوە قەڵادزێ و لەگەڵ ژمارەیەک لە قوتابییەکان بەناو دۆڵی بەلافاو گیراوی شەهیدانەوە چوومەوە چۆمان و لەوێ لەڕێی مەکتەبی عەسکەریی شۆڕشەوە نووسراوێکم وەرگرت بۆ ئەوەی بچمە ناوچەی دەوروبەری هەولێر وەکو پێشمەرگە.
ئەو هەمموو ڕووداوە ترسناکە بەدوای یەکدا هاتن، خەریک بوو هەناسەم بوەستێ لە تاو سەرمای سروشت وکارەساتی قەڵادزێ-یش تاساندبوومی. لەگەڵ ئەوەشدا دەمزانی ئەو ڕێیە ڕێی خوێنە، لەوە زیاتری لێ چاوەڕوان ناکرێ. نابێ لە یەکەم هەنگاودا کۆڵبدەم. من هاتووم بمێنمەوە نەک هەڵبێم!
دەمویست ئەو هەلە بقۆزمەوە بۆ بەهێزکردنی کەسایەتی خۆم و ئەزموونی تاڵی جەنگ ببینم، لەناو دوکەڵی چڕی بۆردوومانداا چۆکم نەلەرزێ، ئەوە ئەو حیکمەتە بوو کە پێشتر لە کتێب و قسەی ڕابەرانی بیروباوەڕی چەپ فێرببووم.
حەزم لە ژیانی پێشمەرگایەتی نەبووە تائێستاشی لەگەڵدابێ بە ژیانێکی شایستەی مرۆڤی سەدەی بیستی نازانم. ئەزموونی شۆڕش و یاخیبوونەکان لەم ڕووەوە تاڵە، دابڕان لە شارو ژیانی مەدەنیدا بۆ نووسەر و شاعیر جۆرێکە لەوشکبوونەوە، گوناهی من نییە ئەوانەی سەرکردایەتی ئەو شۆڕش و ڕاپەڕینانەیان کردووە ئەو دۆخەیان خوڵقاندووە، ڕەنگە ئەوانیش بیانووی خۆیان هەبێ، بەمن چی؟ لەگەڵ ئەمەشدا، وتم، مادامەکی هاتووم با لەناو کوورەکە بم نەک لە دەوریدا.

عەریف عەلی برادەری باوکم بوو، یەکێک بوو لەو کەسانەی هێزی ئیحتیاتی پۆلیس کە ساڵی ١٩٦١ پەیوەندیان بە شۆڕشەوە کرد. ئامر بەتالیۆن بوو لە هێزی سەفین( پلەیەکە لە شێوەی ئامر فەوجی سوپا).
بەپیادە ئەم دۆڵ و ئەو دۆڵم بڕی و چوومە لای، ئەوکات بارەگای لە سوسێی خۆشناوەتی بوو. لە یەکەم ساتەوە کە زانی کوڕی کێم و قوتابی زانکۆم زۆر ڕێزی لێنام. من تاکە قوتابی زانکۆ بووم لەناو بەتالیۆنەکەدا.
لەوێ زۆر ئەزموونی تاڵ و ناخۆشم دیت، لەوانە:
ژیانی مەقەڕو خەوی ناو سەنگەرو سەرمای شاخ و چەک لەخۆبەستن و ڕۆیشتنی ناو دۆڵ و کێوان ... جگە لە ترسی شەڕو بۆردوومان.

شەوێکیان لە نێوان (سماقووڵی سەروچاوە) و (سووسێ)ی خۆشناوەتی ڕێگام ونکرد. بە تەنیا بووم، ناچار لە کادینێک لامداو لێی خەوتم، پاش ماوەیەک گوێم لە دەنگەدەنگێک بوو، هاتمە دەرەوە دەبینم چوار پێشمەرگە بە وڵاغ تەرمی دوو پێشمەرگەیان هێناوە بۆ ئەوەی لە گوندێکی نزیک بەخاکیان بسپێرن، هەردووک بە لوغم کوژرابوون. وەگەڵیان کەوتم تا شاردنەوەیان و پاشان ڕێی سووسێیان نیشان دام.
لەو جۆرە شوێنانە پێویست بە ناسین ناکا بۆئەوەی ببن بە برادەر، کە وتت پێشمەرگەم ئیتر وەک ئەوە وایە تۆ کەسی ئەو بی. ئەو هەستە لە ڕووی ئینسانییەوە بەرزە ؛ ئەگەر بۆنی مێگەلبوونیش بدا.

لەو کێوانە، بە تەنیا دەچوومە بن دارێک، یان سەربەردێک خەریکی نووسین دەبووم، کتێب نەبوو. ماوەیەک لە سووسێ و دواتر لە شیرێی دۆڵی بالیسان و کلاوقاسم دا خووم بە دارو بەردەکان گرتبوو. لەوێ فێری دوو شت بووم، ڕامان لە شتە بچووکەکان و برادەرایەتی لەگەڵ خەڵکی سادەی وا کە هیچ خەمیکی نییە جگە لە تفەنگ پاککردنەوە و جێگای خەوتن خۆشکردن و جل شووشتن لەسەر ڕووبار.
ئەو شوێنەی منی لێ بووم دوورە شەڕ بوو. تەنیا لە چیای ماکۆک ڕووداوی شەڕم دیوە . من تەنیا بۆ ئیشوکاری بەتالیۆن دەچوومە ئەو شوێنانە و یەک دوو ڕۆژ دەمامەوە . عەیف عەلی خۆیشی ڕازی نەدەبوو، داوای دەکرد بگەڕێمەوە بارەگای پشتەوەی بەتالیۆن. لەگەڵ ئەوەشدا ژیانی پێشمەرگایەتی ئازار و ناخۆشی زۆرە هەر تەنیا شەڕ ناخۆشیی نییە.
لەم ماوەیەدا چەندپارچە شیعرێکی کاڵم نووسی بەداخەوە نە ئەو شیعرانەم ماوە نەدەزانم باسی چیم کردووە، بەڵام دڵنیام گریانێکی بێدەنگ بوو لەگەڵ خۆمدا و زیاتر خەمی دووری شار و خەیاڵی گەنجانە بوون.
جارێک لە شەڕی چیای ماکۆک لەبن کەپکە شاخێک سەربازێکی دیلیان هێنا خەڵکی خوارووی عیراق بوو، من زۆر دڵنەواییم کرد تا نەترسێ و دڵنیا بێ ناهێڵم بیکوژن. ئەو بەستەزمانە لەبەرگیانی خۆی دەیووت، ئەگەر ڕزگارم بکەی خوشکی خۆمت دەدەمێ! خۆشی خەڵکی ناسریەی خوارووی عیراق بوو.
من دەبوایە بگەڕێمەوە بالیسان، سەربازە دیلەکەم لەگەڵ خۆم هێنا و لە نیوەی ڕێ لەگەڵ دوو پاسەوان بەڕێم کرد بۆ (ناوپردان)، لەوێ دیلەکان دەخرانە زیندانی تایبەتەوە و ئەمانەتی پاسەوانەکانم دا کە بە سەلامەتی بیگەیێن.
چەند مانگێک لە خۆشناوەتی مامەوە، دواتر گەڕامەوە چۆمان و لە ڕاگەیاندن کارم کرد تا ئەوکاتەی ڕێکەوتنی جەزائیر مۆرکراو شۆڕش کۆتایی هات.

**ساڵی ١٩٧٥:**

جارێکی ترگەڕامەوە بەرخوێندن لە بەغداد.

ئەوەی لەگەڵ خۆم بردبووم گیانێکی نیمچە یاخی بوو، ئەوەی لەگەڵ خۆمدا هێنامەوە ئێسک و پروسکی گومان و هەرەس و تێکشکان بوو.
ئەو هەرەسە وایکرد لە زەمەنی دەرەوە بسەڵمێمەوە بخزێمە ناو قۆزاخەی خۆم، زەمەنی شکست و خیانەت و پیلان، زەمەنی دەسەڵاتی ڕەهای گەورەکان و پلیشانەوەی بێ هێزەکان بوو.
گەڕانەوە بۆ زەمەنی ناوەوە و ئازادبوون لە کۆتی زەمەنی دەرەوەی دەستکردی دەسەڵاتداران، گەڕانەوە بۆ زەمەنی منداڵیی و خەون و خولیای ئینسان، نەک هی ئەم و ئەو. زەمەنی هەموو شتە تایبەتییەکان با بچووک و بێ بایەخیش بن بۆ خۆت گرنگن. زەمەنی بێ سنووری قاچاخ و بێ یاساوڵی دەوڵەت و بێ سانسۆری کۆمەڵ. هەرچەندە ئەو زەمەنە کەوتبووە ژێر بارستایی ڕووداوەکان و تا ئەندازەیەک پلیشابووەوە، یان ڕاستتر لە لایەن بیری بەرتەسکی کۆمەڵ و دابونەریتەوە هاتبووە چەپاندن.
ئەم جۆرە گەڕانەوانە پێویستیان بە جورئەت و لە خۆ بوردوویيە. پێویستیان بە دوور کەوتنەوە لە ئیغرائاتی دەرەوەیە، لەتەک شارەزایی هەڵکۆڵین وگەڕان بۆ دۆزینەوەی سەرەداوی جیهانی نوێ و دەرکەوتنی ئاسۆی نوێ. ئەو نوێبوونەوە لە نان و ئاو پێویستتر بوو.
بۆ شارەزایی لەو زەمەنە کەوتمە خوێندنەوەی فرۆید.
سەرەتا کتێبی " زات و ئارەزووەکان" م خوێندەوە بۆ ناسینی[ من و منی باڵا و هۆش و نەست و ئارەزووی ئیرۆس و سادی] لە مرۆڤدا. دەبوو ئەوانە تێبگەم بۆ چوونە ناو جیهانی فرۆید. ئەو زانایەی جۆری بیرکردنەوەی مرۆڤایەتی لە دەرەوە گواستەوە بۆ ناخی مرۆڤ خۆی.
ڕستەیەکی ناو ئەم کتێبە زۆر کاری تێکردم : هەموو ئەوانەی دەکەونە بەر پەرچدانەوە و خەفەکردن نەستن ، بەڵام هەموو نەستێک خەفەکراو نییە.
ئەم ڕستەیە ڕێگای خۆشکرد بۆ ئەوەی سوود لە نەست وەربگرم لە دەربڕینی شیعریدا.
هێزی شیعر لەوەدایە چەند نەست تێیدا درەوشاوەیە.
ڕێ بۆ نەست دەبێ خۆشبکرێ تا بتوانێ ئازادانە نمایشی خۆی بکا. چۆن ئازادانە؟ لەکاتێکدا گرێدراوی سەتان گرێ وگۆڵی شراوەیە. ئەو کاتە ماهییەتی نووسین لە لام گۆڕا و بوو بە پێویستیی.
بەڵام نووسین هەرتەنیا مانا نییە بە تایبەتی شیعر ،تەکنیکیشە. ئەو ڕاستییە لەشاعیرانی فەرەنسایی فێربووم، بەتایبەتی بۆدلێر و مالارمێ. لای ئەوان شیعر ئیحابوو بۆ ئەو زەمەنە نەک تێگەیشتن. تاکە ڕێگای دەربڕینی ئیحاش تەکنیکە.

**هەندێک وێستگە:**

ساڵی یەکەمم لە زانکۆ زۆربەی وانەکان پراکتیکی بوون، کە گەڕامەوە لە شاخ فریای خوێندن نەکەوتم و خۆشم تاقەتی خوێندنم نەبوو، بۆیە ئەو ساڵە لە چەند وانەیەکدا مامەوە. ئەوە یەکەم جارم بوو لە پۆلێکدا بمێنمەوە.

ساڵی خوێندنی ١٩٧٥- ١٩٧٦ لەبەر ئەوەی کەوتبووم لە بەشی ناوخۆش وەرنەگیرام.
ماوەیەک لە ئوتێل (ئەربیل) لای مەهدی خۆشناو  کە لە ئیدارەی ئوتێلەکە کاری دەکرد و دواتر لە (دیوانیەی کەبیر) لەگەڵ فەرهاد شاکەلی و لەتیف هەڵمەت مامەوە، ئینجا لای دوو برادەری تر کە ژوورێکیان لە(حەیدەرخانە) گرتبوو مامەوە. هاوینی ئەو ساڵیش لە ئەعزەمیە لە شووقەی برادەرێک ماوەی تاقیکردنەکانم بەڕێکرد.
ئێستا کە بیر لەوساڵەی تەمەنم دەکەمەوە ئازارێکی زۆر دەچێژم. دەبێ سوپاسی ئەو برادەرانە بکەم کە هاوکارم بوون بۆ حەوانەوە، لەوانە، مەهدی خۆشناو، ئیبراهیم بایز ڕەوانی
هەردووکیان ڕووناک بێ و دیار خدر و سەید موەفەق یادیان بەخێر کە هەریەکەو بە جۆرێک لە شوێنی نیشتەجێبوونیان جێگەی منیان کردەوە بۆ ماوەیەک.
ئەو شوێنانە هەریەکە بۆ خۆی فەسڵی ڕۆمانێکن، بەڵام من شاعیرم، چوونە ناو هەندێک فەزای ڕۆمان بۆ شاعیر زەحمەتە، بۆیە دیمەنەکان بە کامیرای خێرا دەگێڕمەوە:
ئۆتێل (دیوانیەی کەبیر) بینایەکی گەورەی کۆن بوو، ژوورەکان بەسەر حەوشەیەکی فراواندا دەیانڕوانی. زۆربەی نیشتەنیانی خەڵکی گەرمیان و خوارووی عیراق بوون، جگە لە ئێمە و چەند کەسێکی کەمی تر ئەوەی تر هەمووی کەواوسەڵتە، یان دشداشە لەبەر بوون.
لەگەڵ لەتیف زۆرجاران بە پێ پیاسەی شەقامی ڕەشیدمان دەکرد و لە چایخانەی پەرلەمان دادەنیشتین، یان بەناو کتێبخانەکاندا دەگەڕاین. کەچی من و فەرهاد شاکەلی کە ئەوسا ناوی ئەنوەر بوو، هەردووکمان کۆمەڵەی ڕەنجدەران بووین، شەوانە دەچووینە بارەکانی (ئەبونەواس) بەدەم خواردنەوە گفتوگۆی ئەدەبی و سیاسییمان دەکرد. لەتیف لەبەر ئەوەی کوڕە شێخ بوو نەیدەخواردەوە.
فەرهاد ڕۆشنبیرێکی وریاتر بوو. وەکو شیعر هەندێک دەستەواژەی دەرهەستی تێکەڵ شیعردەکرد ئەوەش بۆ پاشخانی هزری ئەو دەگەڕایەوە، من خۆشم دەویست و ئاشنای ڕەوشتی بەرزی ببووم هەرچەند لە ڕەفتارییدا کەمێک تووندوتیژیی هەبوو لەگەڵ کەمێک غروور. ئەوجۆرە هەڵسوکەوتە شیرینییەکی دابوو بە کەسایەتی ئەو من پێم جوان بوو. ئێستا دوای ئەو هەموو ساڵە هەست دەکەم لەبەرچی من پێم جوان بووە چونکە هەندێکی پێچەوانەی کەسایەتی من بوو، منیش هەمیشە حەزم نەکردووە برادەرایەتی کەسێک بکەم تەواو لە خۆم بچێ.

**ساڵی ١٩٧٧:**
بۆیەکجاری وازم لەکاری حیزبایەتی هێنا، تا ئێستاشی لەگەڵدا بێ ( ٢٠٢١ ).
دەبێ وەکو شاعیر بژیم.
ڕستەیەک کە هەموو ژیانم وابەستەم پێیەوە. ئەگەرچی زەمینەی ئەو جۆرە ژیانە پێویستی بە خۆدەربازکردن بوو لە برێک پەیوەندی کۆمەڵایەتی و جڤاکی، سەرەڕای ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو بۆچوونە کۆنەی کە شاعیر زمانحاڵی هۆزو میللەتەو دەبێ لە جەرگەی ڕووداوەکان دانەبڕێ، ئەوکاتیش ڕووداو مۆرکێکی سیاسیی تۆخی هەبوو.

بیرکردنەوەیەکی سادەو زۆر سەرەتایی لە ئارادا بوو، کە پوختەی بەم جۆرەبوو: کورد لەبەردەم هەڕەشەی مانەوەدایەو ئەوەی بەرگریی لە مانەوەی دەکا شۆڕش و پێشمەرگەیە، هەموو ئەوانەی تر بە ئەدەب و هونەرەوە دەبێ لە خزمەتی ئەودا بن.
ئەو سادەیی بیرکردنەوە، پەیوەندی بەو تێگەیشتنەوە هەبوو کە گرووپ و حیزبی مارکسیی بانگەشەیان بۆ دەکرد لەژێر ناوی واقعییەتی ئیشتراکیی و هەندێک ئەکادیمی و ڕەخنەگریش کەوتبوونە ژێر کاریگەری ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە. من هەر لە سەرەتاوە نەکەوتبوومە ژێر کاریگەری ئەو جۆرە چێوە تەسکەی ئەوان بۆ ئەدەب. خۆ بەستنەوە بە قەزیەی نەتەوە و خاک دیوێکی تری ئەو کۆت و پێوەندە بوون، لەبەرئەوەی مەبەستێک پاڵنەری ئەو ئاراستەیە بوو لە دەرەوەی ئەدەبدا بۆیە لێی دەسڵەمیمەوە، ئەگینا کەس هێندەی شاعیر گرێدراوی زمان و خاک و نەتەوەکەی نییە.
شاعیرانی کورد بەگشتی و لەژێر کاریگەری بزووتنەوەی سیاسییدا کاراکتەری مەیدانەکان بوون تا ئەندازەی ئەوەی ببوون بە سەری ڕم و بەرهەمیان لێوانلێو بوو لە ڕقی ( پیرۆز! )ی دژ بە دوژمن.
ئەوساڵە زۆر کتێبم خوێندەوە، لە ئەنجامی ئەو خوێندنەوانە سەلیقەی شیعرییم گۆڕانی بەسەرداهات و ئیتر ئەو فەزایەی شیعری کوردی بڕی نە دەشکاندم. ئەزموونی هەندێک لە شاعیرە عارەبەکان فریام کەوت، لەوانە ئەدۆنیس و فازل عەزاوی. لەڕێی ئەوانیشەوە شاعیرانی گۆڤاری شیعری بەیرووتم ناسی. ئەوە یەکەمین پەنجەرەکردنەوەم بوو بەرەو دنیای شیعری نوێ.
ئەو دەربازبوونە لە هەژموونی دەسەڵاتەکانی دەرەوەی شیعر و دۆزینەوەی سەرچاوەی شیعریی جیاواز لە ئەزموونی ئەو دوو شاعیرەوە پێیان گەیشتم. ئەو دوو شاعیرە فەزای شیعریان لەیەک نزیکە بەڵام سنووردارە، زیاتر فەزای ئاراستەیەک و دیدگایەگ زاڵە کە فەزای ناڕەزاییە، بۆ شیعر ئەو فەزایە لە قۆناغی هەڵکشان و پێگەییندا خنکێنەوە.
هەر لەڕێی ئەدۆنیسەوە پاسترناکم ناسی کەکتێبەکەی بە ناوی " قەزیەی پاسترناک"ە.
دواتر ڕۆمانی دکتۆر زیفاکۆیم خوێندەوە. شیعرەکانی کە لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا بڵاوببووەوە فەزای ناسینی زیاتر بۆم واڵاکرد. شیعری سپی وەسفێکە زۆر گونجاوە بۆ بەرهەمەکانی ئەو شاعیرە.
ئەو فەزا نوێیە، شانبەشانی ئەو ئەزموونەی لە شکستی شۆڕش و قاڵبەکانی دەرەوە پێی گەیشتبووم، بوون بە هەوێنی بیرکردنەوەی تازەم.
پاسترناک لەشیعرێکیدا دەڵێ:
کە دەژی، وەک ئەوە نییە کە لە ڕێیەکدا دەپەڕیتەوە.
وشەی (دەژی ) بەرانبەرەکەی تەنیا چەقی ڕووداوەکان نییە، بەڵکو هەستکردنیشە بە خۆت، بەشداری ڕاستەقینەیە لە دروستکردنی ڕووداو، بەو واتایەی، ژیان خۆی چەقی بیرکردنەوەیە نەک بیروباوەڕ. ئەو دەقەم چەندین جار خوێندووەتەوە و هەر جارەو وشەی (دەژی) ئەفسوونێکی جیاوازی هەیە. ژیان و پەڕینەوە دوو پرۆسەی جیان، یەکیان بەرپرسیارەتییە،

ئەوەی تر گوێ نەدانە، لەمیاندا هەستەکان زیندوون لەویاندا هەست لە کاریش کەوتبێ کێشە دروست نابێ.
ژیان بە مانای مانەوە و بەردەوامییە، تێپەڕین سەرپێی و کاتییە.
لە دێڕە شیعرێکی تریدا ئەم مەبەستە ڕوونتر دەکاتەوە کە دەڵێ: تۆ دەستبەسەری زەمەنی، تۆ لای نەمریی دیلی.
دوای خوێندنەوەی دکتۆر زیفاکۆ شیعرێکم نووسی بە ناوی " شەوێکی سارد" لەژێر فەزای خوێندنەوەی پاسترناکدا[ گۆڤاری ڕۆژی کوردستان ژمارە ٥٢ لە تشرینی یەکەمی ١٩٧٨] .
یەکەمین جاربوو شیعرێک بنووسم و کاراکتەری شاعیرێکی تری غەیرە کورد بەکاربێنم بۆ دەربڕینی هەستی نامۆیی خۆم و خاڵی هاوبەش بدۆزمەوە لە نێوان موعاناتی ئینسانەکاندا دژی جەنگ.
دوای بڵاوبوونەوەی ئەم شیعرە هەندێک برادەر! ڕەخنەی ئەوەیان گرت کە چوومەتە پاڵ هزری ڕاسترەوەکانەوە، گۆیە پاسترناک کە ڕووسیای وەک زیندان نیشانداوە خیانەتی لە سیستمی سوشیالیستی کردووە. کەر لە کوێ کەوتووە و کوندە لە کوێ دڕاوە!
ڕزگاربوون لە هەژموونی هزری ئایدیۆلۆجیایی گشتگیرو گەڕانەوە بۆ تاک و شیعرییەتی ڕاستەقینە، هەنگاوە بەراییەکانی لای من لەگەڵ دۆزینەوەی پاسترناکدا دەست پێدەکا.
ئەو ساڵەی پاسترناک ئەو ڕۆمانەی تەواو کرد ساڵی لە دایکبوونی منە ١٩٥٦.
ئەو بەرهەمەی نووسەر کە خەڵاتی نۆبلی پێ وەرگرت، بوو بە مایەی سەرئێشەیەکی گەورە بۆی تا ئەو ئەندازەی لە یەکێتیی نووسەرانی سۆڤیەت دەرکراو سەفەری لێ قەدەغەکرا.
بە گوێرەی لێکدانەوەی ئەدۆنیس؛ پاسترناک هەندێک شیعری شاعیرانی گورجی وەرگێڕابوو ئەو وەرگێڕانە فریای کەوت، چونکە ستالین گورجی بوو ئەمەی پێخۆش بوو، هەر ئەم شیعرانە پاسترناکی لە مەرگیش ڕزگار کرد.ماڵت ئاوا ستالین!
[ ناچارم ئەو خەڵاتە ڕەتبکەمەوە کە پێتان بەخشیم بە هۆی ئەو مانایەی لێی کەوتەوە لای ئەو کۆمەڵگەیەی تێیدا دەژیم، تکا دەکەم ئەم ڕەتکردنەوەیەم بە خراپ تێمەگەن]. ئەمە بەشێکی نامەکەی پاسترناکە بۆ ئەکادیمیای سوید.
لەناو رووسیاشدا هەبوون دەیانووت، ئەو شاعیرە شایانی خەڵات نییە! چونکە شاعیرێکی هاکەزاییە و ئەو خەڵاتەشی بۆیە پێ دراوە چونکە دژی سۆڤیەتە. دوای پەنجا ساڵ کە شەمێ لەسەر بەڵگەنامەکان لابرا دەرکەوت پاسترناک شەش ساڵ پێشتریش هەڵبژێردراوە بۆ ئەو خەڵاتە بەڵام پشتگیریی تەواوی بەدەست نەهێناوە.
لە شیعرێکیدا بە ناوی خەڵاتی نۆبل دەنووسێ:
سەرم لێشێوا وەک وەحش لە گەوڕێک
لە شوێنێک- مرۆڤ، ڕووناکیی و بڕیارە،
لە پشتەوەی مندا ژاوەژاوی ڕاوەدوونانە
بۆ چوونە دەرەوە ڕاڕەوێک نییە.
چ کارێکی ترسناکم ئەنجام داوە

ئایا پیاوکوژم، یا کەسێکی خراپ؟
منێک وام کرد جیهان هەمووی
بگری بۆ نالەباری وڵات.

ناتوانم بە تەواوی ئەو بیرکردنەوەیە بەرجەستە بکەم سەبارەت دوورکەوتنەوەم لە زەوقی باوی ئەوکات و چۆن کاریگەری دەرەوەم لەسەرەخۆم کەمکردەوە و بایەخم بە ناخ و تەکنیک دا لە شیعر، بەڵام لێم ڕوونە خوێندنەوەی جیاواز و گەیشتن بە سەرچاوەی ئەدەبی جیهان بە تایبەتیش ئەدەبی فەرەنسایی کە تەوژم و مۆدەی زۆری تێدایە یەکێک بوون لە پاڵنەرە هەرە بە هێزەکانم لەم ڕووەوە.

لەسەرتاوە تەحەفوزم لەسەر شیعر نەبووە، هەروەها بیرکردنەوەشم هەردەم ئامادەیە بۆ وەرگرتنی تازە. ئایین و ئایدیۆلۆژیا تاسەر نین، زوو بەو قەناعەتە گەیشتم.

ململانێ لانیکەم لای من لە دەرەوەوە گواسترایەوە بۆ ناوەوەی مرۆڤ وەک تاک، ئەو ململانێیە بەرهەمدارە.

ئازادی و دژە ئازادی لە ناخی ئینسان و هەست و هزریدا لە ململانێدایە، لە ئەدەبدا ناوەوە گرنگە.

ئەوەی پێی دەوترێ چین و نەتەوە وئایین گشتیین و مرۆڤ هەڵیاندەگرێ، کەواتا مرۆڤ گرنگترە لەوان. تاک و بژاردەی ئەدەبی لە گۆڕانی بەها و ڕووانینەکاندا گرنگترە.

پاسترناک جورئەتی ئەوەی تێدا بوو کە مارکسییەت و فاشییەت وەک دوودیوی یەک دراو زیندانی ئازادی مرۆڤن، ئەوانن تاک دەهاڕن. لە درێژەی ئەو وەرچەرخانەدا چەمکی خوداش لام گۆڕا، لە گشتەوە بۆ تاک. خودای ناخی تاکەکان، یان هەریەکەو خودای خۆی.

ڕۆژێکیان لە کتێبخانەی " الكتاب المقدس" لە شەقامی ڕەشیدی بەغداد پیاوێکی بە تەمەن دیاربوو سەرپەرشتی کتێبخانەکەی دەکرد، پێی وتم، ڕۆڵە! ئەم کتێبە ببە بیخوێنەوە.

کتێبێکی قەوارە بچووکی پەڕ تەنکی بارستایی کاغەزەکانی ئەستوور. وتی: ئەمە چوار ئینجیلەکەی مەسیح و کتێبی سەردەمی کۆن( تەورات)و خەونی پیاوچاکانیشی تێدایە. بردم و زۆریشم هەوەس پێهات.

ئەم کتێبەم چەندجارێک خوێندووەتەوە، بۆ زۆر سەفەریش لەگەڵ خۆم بردووە. ئەو کاتەی سەربازی هەڵاتوو بووم، لەهەشتاکان، کە چوومە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە لە سنووری ئێران، هەگبەیەکم بە کۆڵەوە بوو، دوو دەستە دەرپێ و فانیلە و تاقمی تراش و شتی پێویستی تری تێدابوو، لەگەڵ ئەم کتێبە. لە یەکێک لە بارەگاکانی سەرەڕێ بۆ پشوودان لامدا، لەکاتی پشوودا بۆ ئارامیی و دڵنەوایی خۆم چەند لاپەڕەیەکیم خوێندەوە. کە گەیشتمە شوێنی سەرکردایەتی یەکێتیی لە گوندی زەڵێ، وا بڵاوببووەوە کە قەشەیەک هاتووە و پەیوەندی بە شۆڕشەوە کردووە!

جاری تر، لەکۆڕەوی ١٩٩١ تەنیا دوو کتێبم خستبووە ناو ئوتۆمبیلەکەمەوە، یەکیان ڕۆمانی" خاڵ بەرانبەر خاڵ" ی ئەڵدۆس هکسلی بوو کەزۆر حەزم لە خوێندنەوەی بوو، ئەوەی تر

ئینجیلەکە بوو. کە چووینە ئۆردووگای (قروە) لە ئێران جگە لە من، محەمەد موکری و زاهیر ڕۆژبەیانی( ڕەوانیان ڕووناک) کتێبەکەیان خوێندەوە، کتێبی ترمان پێ نەبوو ئەو کتێبە فریامان کەوت، کاتێکی باشمان بە خوێندنەوەی بەسەربرد.
لەو کتێبەوە ئیتر ئاشنای مەسیح بووم و بە پێشەنگ و نموونەی بەرزی خۆم زانیوە تا ئەمڕۆ.
ژیانی کورتی مەسیح پڕۆڤە بوو بۆ ژیانی ئەبەدیی، ژیانێک کە لە جەستە دێتە دەرەوە و دەچێتە ناو ماناوە. دواتر لە کتێبەکانی دیستۆیفسکییدا وێنەی ئەو مەسیحە باشتر لام بەرجەستە بوو.
چوار لە هاوەڵانی مەسیح مەتا، مەرقۆس، لۆقا، یۆحنا ئینجیلیان نووسیوەتەوە، هەموویان کۆکن لەسەر ئەوەی مەسیح ڕەمزی ئازاری موژدەهێنە. ئەو ئازارەی خەیاڵی هەموو دنیای بۆ لای خۆی ڕاکێشا.
ئینجیلی لۆقا ڕەچەڵەکی مەسیح بە گوێرەی مریەمی پاکیزە دەگێڕێتەوە نەک بە گوێرەی یوسف. هەروەها مەسیح لەوێ هاوشێوەی بەشەرە.
لۆقا خۆی پزیشک بووە. پوختەی وتەو کردارەکانی مەسیحی بە داڕشتنێکی بەرز نووسیوە، بۆ عەوامی خەڵک نا، بۆ ساوفلیسی ڕۆمانیی نووسیوەو ناوی ناوە ڕاستی ئەوقسانەی کە پێم زانیوە.
ئەو ساوفلیسە کێیە؟ نازانم، بەڵام دەسەڵاتدار بووە.
ئینجیلەکان پڕن لە وێنەی شیعریی باڵا: " ئاسمان و زەوی بەسەردەچن، بەڵام وشەکانم هەرگیز بەسەرناچن."
لەناو ئەو نووسەرانەی باسی مەسیحیان کردووە هەر لە میکاڤاڵتاری تا ساراماگۆ و سەتانی ترکەسیان هێندەی دیستۆیفیسکی کاری تێنەکردم بەتایبەتی ڕۆمانی (گەمژەکە)ی.
ئەو لەو ڕۆمانەیدا سوودی لە تابلۆی (مەسیحی مردوو)ی هونەرمەندی ئەڵمانیایی هانس هۆڵباین وەرگرتووە. ئەو هونەرمەندە مەسیحێکی نیگارکێشاوە کە تازە لە دار هێنراوەتە خوار و هەموو لەشی شوێن لێدان و برینە، جەستەی ڕوو لە شیبوونەوەیە وەکو جەستەی هەموو ئینسانێکی مردوو. وتەیەکی بەناوبانگی دیستۆیفسکی هەیە دەڵێ، ئەگەر هەموو بەشەر لە لایەک بوەستێ و مەسیح لە لایەک من دەچمە پاڵ مەسیح. ئەو ئیمانەی جێگەی سەرسامییم بووە تا ئەمڕۆ.
بۆرخیس لە شیعرێکیدا هەمان وێنەی مەسیح نیشاندەدا. شیعری" ئینجیل بەگوێرەی مارک" ( مەسیح لەسەر خاچە. پێیەکان دەگەنە زەوی. ڕیشی ڕەشی درێژی شۆڕبۆتەوە سەر سینگی ..... مێشیک بە هێمنی لەسەر جەستەی دەڕوا.... ).
ڕۆژهەڵات دەوڵەمەندە لە ڕامانگری گەورە، لە  سۆفی و بیرمەندی ڕۆحی، لە ئەدیبی مەزن، بەڵام هەژارە لە دەسەڵاتداری دادپەروەری یاساپارێز، لە سیاسی دبلۆماسیی. لە ناوچەیەکی وادا ناتوانی مەزەندە بکەی کەرامەتی ئینسان تاکوێ پارێزراوە.
لە شەقام و چایخانە و باڕەکانی بەغداد، لە کتێبخانەو ماڵەکانی، لە سیماو جۆری ئاخاوتنی ئاکنجیانی، لە کچ و ژنە مۆدەکانی، لە زۆر کونجی ئەوشارەدا، دیوی یەکەمی ڕۆژهەڵات بە ئاسانی دەبینی، بەڵام دیوی دووەمی، خوێڕێژییەکەی، لە کۆشکی دەسەڵاتەکاندایە، کاتی

پێویست دێته سەرشەقام و دەچێتە هەموو شوێن و بەسەر هەموو ژیاندا زاڵ دەبێ. هەر ئەو دۆخە وایکردووە هەرگیز هەست بە دڵنیایی تەواو نەکەی تێیدا.
بەغداد سەردەمی عەباسیەکان دروستکرا، بووە پایتەختی خەلافەتی ئیسلام. نازانم کەی بە شاری ئاشتی ناوی دەرکرد، بەڵام هێندە بیرمەند و سۆفی تێدا لە داردرا، هێندە ملی یاخییانی تێدا پەل درا؛ وەک پایتەختی خوێنیش ناوی برا. سەفاح نموونەیەکە. ئەوکاتەی ئەبونەواس و ئیبن ڕوشدی تێدا ژیاوە، لە هەمان کاتدا حەللاج و ئیبن ڕاوەندی و ئیبن موقەفەع – یش ئەو سەردەمە لەوێ ژیاون.
خەڵکی عارەبی عیراق نوێژ لەگەڵ عەلی دەکەن گۆیە پاداشتی زۆرترە، نان لەگەڵ مەعاویە دەخۆن گۆیە خواردنی چەورترە. کوردیش دەڵێ، لەگەڵ گورگ شایی دەکەن و لەگەڵ مەڕیش شین دەگێڕن. خەڵکی ئەم ناوچەیە وایان لێهاتووە.
پێنج ساڵ لە بەغداد ژیام و ئەو دۆخە گشتییەم لەناو ڕووداوەکاندا دیت. ئەوکاتەی بەعس لەو پەڕی هێزیدا بوو، فیکری نەتەوەپەرستیی شۆفێنی لەو فەزایەدا چەشنی شمشێری دیمۆکلیس بەسەر  هەمووانەوە هەڕەشەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا فەزایەک مابووەوە بۆ تاک و ئازادییە سنووردارەکانی.
هەندێک لەو کتێبانەی لەم ماوەیەدا خوێندمەوە، کاریگەریی زۆریان جێ هێشت بەسەر بیرکردنەوەمەوە،
یەکێک لەو کتێبانە ئازارەکانی فارتەری گۆتێ - یە. ئەم ڕۆمانە دوای چاپکردنی ناوبانگی لە هەموو جیهان بڵاوبووەوە. دەڵێن، کاتی خۆی لە لایەن نالی- یەوە کراوەتە کوردی، بەڵام هێشتا ئەو وەرگێڕانە لەناو ئێمەدا نەبینراوە. ئەحمەد حەسەن ئەلزەیات کردوویەتی بە عارەبی و ساڵی ١٩٧٥ لە کتێبخانەیەکی موسڵ کڕیم و زمانی وەرگێڕانەکەی پوخت و بە سەلیقەیە، دار ئەلکاتبی عەرەبی بەیرووت چاپی کردووە. تەها حوسێن پێشەکی بۆ نووسیوە. لەوێ پەنجە بۆ ئەو دۆخە ڕاکێشراوە کە ڕۆمانی ناوبراوی تێدا نووسراوە، بە چاخی وەڕسبوون لەکۆن و دەربازبوون لە باوەڕی باو ناونراوە.
گۆتێ خۆیشی وتوویەتی، لێگەڕێ هەست بە شتێک بکەم کە پێشتر هەستم پێی نەکردووە و بیر لە شتێک بکەمەوە کەپێشتر بیرم لێی نەکردووەتەوە. ئەو دۆخە لە ئەڵمانیا و لە ئەورووپا بەگشتی لە هزر و ئەدەب و هونەردا ڕەنگی داوەتەوە.
ڕۆسۆ لە فەرەنسا بانگەشەی دەکرد، بۆ ئەوەی دوای کاریگەری سروشت بکەوین لە هەموو بوارێکدا، لە سیستمی کۆمەڵایەتی و سیاسیشدا. گۆتێ- ش لە ئەڵمانیا بانگەشەی بۆ هەمان بیرکردنەوە دەکرد.
لە یەکێک لە سەفەرەکانم بۆ شاری موسڵ ئەو ڕۆمانەم کڕی.
موسڵ جگە لە بازاڕ و دوکانی باش کتێبخانەی باشیشی لێ بوو. لە کۆنەوە خەڵک لە هەولێرەوە دەچن بۆی بۆ بازاڕ و بازرگانیی و کتێب، چاپ و کڕینی.
موسڵ شارێکی نزیکە لە هەولێر نەک هەر لە ڕووی جوگرافیاوە، بەڵکو لە ڕووی کلتووری کۆمەڵایەتی و گەشەی ئابووریشەوە. حەلەب و موسڵ و هەولێر کەوتوونەتە سەر یەک خەت

و زۆریش لەیەک دەچن لە ڕووی کۆنی شار و بازرگانیی و پیشەسازیی دەست و هەروەها بەها کۆمەڵایەتییەکانەوە.
لە ڕێکەوتنی سایکس- بیکۆوە سنووری نێوان حەلەب و موسڵ کێشرا لەگەڵ جیاکردنەوەی عیراق و سوریادا. حەلەب لە ڕووی مۆزایکی ئاکنجیانەوە عەرەب و کریستیان و جوو و ئەرمەن و تورکمان و چەرکەسی تێدایە و ئەو هەمەڕەنگییە لە نەتەوەو ئایین نموونەیەکی پێکەوە ژیانی دۆستانە بوو.
لە بواری زمانیشەوە کاریگەری زمانی تورکی بەسەر شێوەزمانی خەڵکەکەیدا هەیە.
موسڵ بە هەمان شێوەی حەلەب شێوە زمانی خۆیان هەیە، ئەو تایبەتمەندییە دەبینرێ لە شێوەزمانی هەولێردا. هەولێر و موسڵ لە سەردەمی ئاشوورییەکان و دواتر ئەتابەگییەکان لە یەکەوە نزیکبوون. پەرستگای عەشتار لە هەردوو شار هەبوو.
من یەکەم جار لەگەڵ دایکم و چەند ژنێکی پلکی گەورەی چوومە موسڵ بۆ حەمام عەلیل. ژنانی هەولێر بۆ چارەسەری نەخۆشییەکانی پێست و ڕۆماتیزم سوودیان لە ئاوی گۆگرد و گەرمییەکەی دەکرد کە لە چاوەکانی ژێر زەوییەوە دەهاتنە دەرێ. ئەو جۆرە ئاوە گەرمەم لە شاری ڤیسبادنی ئەڵمانیاش دیوە. بەڵام لەوێ لە باخچە و گۆڕەپانی گشتیدا هەڵدەقووڵێن. ڕووباری خازر هەولێر و موسڵ لێک جیا دەکاتەوە.

دوای خوێندنەوەی ( ئازارەکانی ڤارتەر) هەستم دەکرد من ڤارتەرم! بە هەمان ئەو نەفەسەی کە فلۆبێر وتی، من مادام بۆڤارییم. لەبەر ئەوەی زۆر شتی خۆم لە کەسایەتی ڤارتەردا دەدۆزییەوە.
شاردنەوەی خۆشەویستی لە ڕێی ئازارەوە، کاتێک ڤارتەر کچێکی خۆشویستووە ئەو کچە شووی بەکەسێکی ترکرد. ڤارتەر سەرەتا گوێی پێ نەدا و وای مەزەندە کرد بە هەستی پاک و ئازارچەشتن دەتوانێ بەرگەی جیابوونەوەکە بگرێ. دواتر لە تەنیاییدا خۆشەویستییەکە سەر هەڵدەداتەوە و هەموو ژیانی ئەو لاوە پڕ دەکا لە ئازارێکی بێ سنوور و ئەنجام خۆی دەکوژێ. شێوەی نووسینی ڕۆمانەکەش زۆر سەرنجڕاکێشە. بریتیە لە ژمارەیەک نامەی پڕ سۆز کە هێندەی تر خوێندنەوەی ڕۆمانەکە شیرین دەکەن. هەموو ئەمانە بەسەریەکەوە کاریان تێ کردبووم.
کاتی خۆی گفتوگۆیەکی زۆری لەسەر دروست بوو، ئایا گۆتێ گەنج هان دەدا بۆ خۆ کوشتن؟ من بە پێچەوانەوە دەمبینی، گەنج هان دەدا جورئەتی ئەوەی هەبێ خۆشەویستی بکا و ژیانی تەنیایی هەڵنەبژێرێ. ئەم لایەنەی لەگەڵ باری دەروونی من دەگونجا، شاردنەوەی خۆشەویستی و پاراستنی پاکی لە ڕێی ئازارەوە.
ئەم ڕۆمانە وەک مانیفێستی گەنجەکان وا بوو لەو سەردەمەی ئێمەدا، کە کەسایەتییمان لێوانلێوبوو لە شەرم و گینگڵدان و شاردنەوەی ئارەزووەکانمان.
خوێندنەوەی ئەدەبی بیانیی زۆر زوو لە سنووری چەشەی ئەدەبی خۆماڵیی دەربازی کردم، تا ئەو ئاستەی بە ئاسانی سەرسام نەبم بە هەمووجۆرە دەقێک، بە تایبەتی بەشی زۆری ئەدەبی

خۆماڵیی ئەوکات زادەی خەیاڵێکی سادە و بە زمانێکی لادێی دەنووسران. هەر ئەو هەستە بووە مایەی ئەوەی لە سەرەتاوە کەم بنووسم و زێتر بخوێنمەوە.
ئەو کەسەی لە ماوەی ژیانی زانستگادا هاوڕێ و نزیکم وکاریگەریی بەسەرمەوە هەبوو ( نەهلە) بوو کە دواتر بەیەکەوە ژیانی خێزانیمان دروستکرد.
ئەو لە خێزانێکی کراوەی خوێندەواری هەولێرە. باوکی یەکێک بوو لە مامۆستا دیارەکان. کچێکی باوەڕ بەخۆ و چاونەترسە. هەر لە یەکەم ناسینمەوە بوو بە هاوڕێیەکی باشم و جێی متمانەم.
بە درێژایی ساڵانی خوێندنی زانکۆ وەکو دوو عاشق کاتێکی زۆر بەیەکەوە بووین. ئەو لە کۆلێجی تەکنۆلۆجیای بەغداد لە ناوچەی تەل محەمەد و من لەکۆلێجی کشتوکاڵی ئەبوغرێب. نێوانی ئەم دوو کۆلێجە ئەوسەر و ئەمسەری بەغداد بوو، هەرجارەی دەچووم بۆ دیتنی دەبوو دوو پاس بگۆڕم و سەعاتێک زیاتر بەڕێوە بم. هەموو جارێک دەتووت، یەکەمین جارە دەچم بۆ دیتنی.
کچی خەون و خەیاڵم بوو. لە ڕووی شێوە و ڕەفتارەوە تا بڵێی سادە و بێگرێ، خاکی و بێفیز، جگە لەو جوانییەی بە دەرەوە یە، ناخێکی پاک بەو ئەندازەی ناتوانێ غیرەشم لێ بکا. کەم ژن هەیە مێردی شاعیربێ و دۆستی کچی هەبێ و تووشی لێپرسینەوە نەبێ، من لە ژیانمدا بە درێژایی ئەو هەموو ساڵانە ڕوویەکی ترشم لێ نەدیوە.
دە ژنێ ! جارێک تووڕەبە و هەڕەشە بکە؟!
چل و پێنج ساڵ زیاترە ناسیومە چوار منداڵمان لە یەکتر هەیە، بەرزی و نزمی زۆر و ناخۆشی و دەردیسەری زۆرمان دیوە، کەچی خۆشەویستی نێوانمان نەگەچراوە. چرچ و لۆچی سەر ڕوو و لاملمان نەگەیشتۆتە دەروونمان. دانیپێدادەنێم کە چاکەی ئەو وای کردووە ئەو پەیوەندییە بەو توندوتۆڵییە بمێنێتەوە. جوانترین شتی وەفا و دڵسۆزییە، سەرەڕای ئەوەی سۆزی دایکێکی میهرەبانیشی تێدایە بەرانبەر خۆم و منداڵەکانمان.
من زۆر کچی ترم ناسیوە و هەندێکیان نزیکی دنیای شیعریش بوون، لەو لە پێش تربوون لەم ڕووەوە، بەڵام هیچیان جێی ئەویان نەگرتووەتەوە. ئەگەر بۆ ماوەیەک وابەستەی یەکێکی تریش بوو بم کاتیی بووە و خەیاڵێکی شاعیرانە بووە، وەک نووسینی دەقێک کە تەواو دەبی لە نووسینی، دەگەڕێیتەوە ناو دنیای فراوانی شیعرییەت، ئەویش ئەو دنیا فراوانەیە کە بۆی گەڕاومەتەوە، بێ ئەوەی موویەک کەوتبێتە نێوانمان.

**ساڵی ١٩٧٨:**

پۆلی سێی زانکۆم تەواوکرد. هاوینەکەی خولێکی مەشقکردنی سێ مانگیم لە سلێمانی کرد لە فەرمانگەی کشتوکاڵ.
لە ماوەی ئەم سێ مانگەدا و بە هۆی ئەم خولەوە ناوچەکانی سەرچنارو قلیاسان و بازیان و ئاوبارە و عەربەت و سەیدسادق و شارباژێڕ و قەرەداغ و هەورامان و هەڵەبجە و پێنجوێن و دەربەندیخانم دیت.

.

پێشتر دۆستایەتیم لەگەڵ سروشت نەبوو. ساڵی ١٩٧٤ زۆرجاران لەژێر دار گوێزی خۆشناوەتی بیرم لەوە دەکردەوە، چۆن دەتوانم باسی سروشت بکەم ئەگەر یادەوەرییم لەگەڵ ڕووداوەکانیدا نەبێ، خۆ سروشت هەر ئەودیمەنانە نیین کە دەیانبینین. ئەگەر هەڵچوون و ترس و دڵەڕاوکێ و هەستی خۆش و ناخۆش لە نێواندا نەبێ. سروشت خەسڵەتی تایبەت بەخۆی هەیە. لە گەورەیی و فراوانیدا هێزی خواوەندی تێدایە ( ئاسمان و فەزای، دەشت و کێوە بەرزەکانی، لافاو و جەنگەڵەکانی... تاد)، وەکی تر پڕە لە ئیلهام و ڕیتم و ئاواز. هەندێک جار فڵچەی هونەرمەندێکی بەسەلیقە و کارامە دەبینی لە گونجاندنی ڕەنگەکانی، هەندێک جاریش ئیحساسی شاعیرانە هەست پێ دەکەی لە جۆگە و گیا و پشکووتنی گوڵ و درەختەکانی ( دیمەنی مێرگ و لالەزار، ڕۆخ ئاو و کانی و بەردە ڕەنگینەکانی....تاد). ئاووهەوای باخەکان نەشئەیەکی جیاوازیان هەیە، سێبەری چڕ و تەنکی ، تامی جیاوازی بەرهەمەکانی،تەمەنی درەختەکانی، گەڵاو مەلەکانی،ڕەنگ و شنەی ناو لقەکانی، هەریەکەیان ئاوازی تایبەت و کاردانەوەی جیایان هەیە.

بەیانییەکیان لە ڕێگادا بەرەو پێنجوێن تەماشای شاخەکانم دەکرد هەڵمێکی سەیریان لێ بەرز دەبووەوە، دەتووت هەناسە دەدەن. دیمەنی کێوەکان زۆر سەرسامیان کردم ئەم دوو دێڕەم نووسی:

" ڕۆژێک،
بە خێرایی خۆم بە کەرتەشاخێک دادەم،
وەک مەجوسییەک، دەیسەلمێنم کە خۆشم دەوێ!"

پڕۆژەی خۆکوشتن وەک پڕۆژەیەکی شیعریی بوو لە لام. جوانترین دیمەنی خۆ هەڵدانە لە لووتکەیەکەوە!

بیرکردنەوە لە خۆکوشتن ئاراستەیەکی خەونی لاویەتییە لە لێواری هەرەس هێناندا. خەونی گەیشتن بە ترۆپکی ئاوات، ڕێچکەیەکی نادیارە بەرەو مەزنیی. لە سەرەتای ژیاندا کاتێک بەریەککەوتن دروست دەبێ لە نێوان کەسایەتی و واقیعی کۆمەڵایەتی و دەروونی و کلتوورییدا، هەندێک جاریش بارودۆخی سیاسی، ساتێک لە ساتەکان بیرکردنەوە لەو چارەسەرە دێتەپێشەوە بۆ دەربازبوون لە چێوەی داخراو. ئەگەر پرۆسەکەش ئەنجام نەدرێ دەبێتە مایەی تێپەڕاندنی پێچێکی گەورەی ڕووداوەکان و هێزێکی مەعنەویش دەبەخشێ بە خاوەنی بیرکردنەوەکە. بە مانایەکی تر هەڵبژاردنی چارەسەری خۆکۆشتن دەبێ بە وزەیەک بۆ مانەوە و تێپەڕاندن. لە ڕووودا وزەیەکی نێگەتیڤە بەڵام کەبوو بە ڕابردوو وەردەگەڕێ بۆ پۆزەتیڤ، وەک دانپێدانانی گوناهبارێک. هەموو ئەو نووسەرانەی پێیدا تێپەڕیون و ئینتیحاریان نەکردووە لە بیرەوەری خۆیاندا وەک خاڵی بەهێز باسی دەکەن.

چەندجارێک بیرم لە خۆکوشتن کردووەتەوە، بیرم لە حەب خواردن، یان گوللە! هەر ئەو دوو شێوازە لای ئێمە باوە.  ژەهر خواردنەوە کلتووری خۆکوشتنی کۆنە. ژن زیاتر خۆیان دەسووتێنن.
بە هەرحاڵ هەڵبژاردنی مەرگی خۆت بە دەست و ویستی خۆت ئەمە حاڵەتەکەیە.
چڕکردنەوەی وزەی ناوەوە بە ئاراستەی دۆخی ڕووبەڕووبوونەوەی مەزن. کاتێکیش دەگەڕێتەوە ناو ژیان، بەردەوامبوون وەرچەرخان دێنێتە ئاراوە لە کەسایەتییدا. دەرکەوتنی ئازادییە وەک هێزێک کە دواتر توانای بەرگەگرتنی ئازار و دەردیسەری زیاد دەکا و شکاندنی کۆت و پێوەند لای مرۆڤ ئاسانتر دەکا . گەڕانەوە بۆ ناو ژیان بە هێزو گوڕتر دەکا.
هەڵبژاردنی یەک ڕەنگ بەرانبەر هەمەڕەنگی ژیان هەستی گێلییەتی دەبەخشێ بە خاوەنی ، ئەو هەستەیە کۆڵن ویلسن ناوی ناوە لە دایکبوونێکی تر.
ئەو ماوەیە بوو کە شیعری ( سووتانی ڕەنگەکان) م تێدا نووسی. کە دواتر ئەو بەرهەمەی خۆم دەخوێندەوە، مەزەندەم بۆ ئەوەچوو کە پاڵنەری من بۆ خۆکوشتن پەرچەکردارێکی سێکسی بوو بێ. من کەسێکی شەرمنم و توانای نمایشی کەسییم لەم ڕووەوە  لاوازبوو، بەڵام لە دارڕژانی ناو شیعرەکەدا نەست ڕێگەی خۆشکردووە بۆ ئەو وزەیە لەڕێی ئەو هەموو وێنە ئیرۆتیکەی ناو تێکستەکەوە دەرکەون.
بە ڕووتی، دەممان دەخەینە ناو دەمی کەڵەشێری زەردی بەیان..
خاوەر بە ڕووتی کۆترەکەی خستە ژێر مەمکی ..بیخۆرەوە با نەمری.
پیاوی خورت زۆرن، ژنی سۆزانی، ڕووت، بەڕەڵڵا.. دووکەس هەردەبن گوڵەگەنم بشکێننەوە.
بولبولی سووری شەهوەتدار بخرۆشێ ..
خاوەر بە کراسی تەڕەوە ...
باوکی لەناو کەفوکوڵی ژنان خنکا، دایکیشی لە گۆمی ئارەقەی لەشی پیاوان. گوناح گوناحی وان نەبوو، ئەو کوورە سوورە خوا داویە بە ژن، خواش ئاگری تێ بەرداوە!
کراسم بەشیری مەمکان و بۆن لەشی ئاکۆ و شتی تر تەڕبووە.
مەهناز بەخۆ بە دوو مەمکی بەڕەڵڵاوە لەناو زستانێ وەستاوە.
ئەو دوو سەگە! بۆن خاوەنی خۆیان دەکەن، یا دوژمنیان.
خەزاڵ لەبەر ئاوێنەیەکی مێیینە، ئەوەی لێی دەڕژێ هەنگوینی کونەشاخ و شیلەی دارە، ئەوەی پێشی وەدەنوسێ، تۆوی هەڵلان....
ئەم وێنە شیعرییانە تەوژمێکی هەڵچوونی ڕووت نەیهێناون، وزەیەک پاڵنەرهەبووە بۆ دەرچوون لە ڕیتمی باوی شیعر.

هەندێک لە قەناعەتەکانم لە بارەی شیعر و جورئەتی نووسین لەو ساڵانەی ئەو تێکستەم تێیاندا نووسیوە:
باوەڕم بەو ڕیتمە سوواوە نەما بوو کە شیعری کوردی پێ دەنووسرا. ڕیتمێکی ماندووی وەڕسکەری دووبارە بوو. شیعری نوێ دەبێ خۆی ڕزگاربکا لەو ڕیتمە کە هی سەردەمی

مۆدێرنیزم بوو. ڕیتمی سەرکەوتنی خێر بەسەر خراپە و سنگ دەرپەڕاندن بەرانبەر جەماوەر لە کۆڕو دەست هەڵشەقاندن و هەڵچوون، ڕیتمی نوێ بە گەڕانەوە بۆ ناو تێکست و دروستکردنی ئاواز لەناو وشەکان و پێکەوە هەماهەنگی بۆ هێنانەکایەی دۆخی سپی کە ڕۆلان پارت وەکو پلەی سفری نووسین ناوی نابوو. ئەو دۆخەی وا لە تێکست دەکا وەکو وزەیەکی زمان خۆی نمایش بکا. چۆن هەندێک بەرد، یان میتاڵ وزەی جیاوازیان تێدایە و دەتوانی وەکو هێز بەکاریان بێنی، وشە هەمان خەسڵەت و زیاتریشی هەیە چونکە زانیاریی و یادەوەریش دەجووڵێنێ.
هەندێک بیرۆکە هەن لە مەملەکەتی شیعری کوردی خراونەتە دەرەوە و دەستبردن بۆیان تابۆیە. لەکاتێکدا فۆلکلۆر پڕە لەو وشانە و بیری کوردیی خۆی لە بنەڕتدا دیۆنیزیسییەو زاڵبوونی ئایینی ئیسلام ئەو دۆخە نەخوازراوەی هێناوەتە ناوەوە.
شیعری ڕزگار بوو لە فۆرمی باو کە پێی دەوترێ، پەخشانە شیعر، یان شیعری پەخشان لەو ڕۆحە تازەیە نزیکە و ئازادی دەربڕین بۆ شاعیر گونجاوتر فەراهەم دەکا، کۆت و پێوەندی کێش و سەروا ئافەرۆز دەکا، کێش و ئاواز دەگەڕێنێتەوە ناو دەق. هەموو ئەمانە لای من لە تێکستی سووتانی ڕەنگەکاندا ڕەنگی داوەتەوە.
مەرگ و لە بیرجوونەوە و بەفر هاوشانی ئەوانیش هێزی سێکس و ورووژان لە ململانێدان. ئەو دوو هێزە توخمی سەرەکی پێکهێنانی ئەو تێکستەن کە لە سێسەت و پێنج دێڕ پێکهاتووە. ناوهێنانی هەندێک وشەی ئیرۆتیکی ئەوکات بەشێک بوو لە جورئەتی لادان لە زمانی باوی نووسیندا. هەروەها بەکارهێنانی دۆخی لەش لەکاتی ورووژان و بەستنەوەی بە دۆخی نائومێدی گشتی و جووڵەی سروشتەوە، هاوکێشەکانی دراماتیکی ناو تێکستەکەن.
لەژێر کاریگەری دەقی وێرانە خاکی تی. ئێس. ئیلییەت دا و لەڕێی ئەفسانەوە زەمەنی ڕابردووم هێناوەتەوە ناو ئێستا. هەگبەی باکان و ئەفسانەی ئۆدیسە و گوڵەمێخەکی زۆرترم دەوێ ...تاد. بارگاویکردنی ڕستە بە زیاتر لە مانایەک و کردنەوەی ڕەهەندی تر لەبەردەم وێنەی شیعریی، زمانی تێکستەکەیان جیاوازکردووە.

**گەلاوێژی ١٩٧٨:**

کۆتایی مانگی گەلاوێژ لە سلێمانییەوە دەگەڕێمەوە بۆ هەولێر. بڕیارە کۆنگرەی یەکییەتی نووسەرانی کورد ببەسترێ.
زۆربەی ئەدیبانی کورد هاتوون. لەگەڵ لەتیف هەڵمەت برادەرایەتیم باش بوو، ئەویش هاتبوو. نیوەڕۆیەک چووینەماڵەوە دایکم کنگری ئامادەکردبوو، خواردمان. ئەوکات باوەڕم بە دەعوەت و دەعوەتکاری نەبوو. دەمووت، ئێمە چی دەخۆین، میوانیش هەمان شت دەخوا. نان و نمەک بەم چەشنە بەرجەستە دەبێ. ماوەیەکی باش لەگەڵ لەتیف برادەربووین. من هەرگیز سەرسام نەبووم بە ئەزموونی شیعریی ئەو؛ بەڵام خۆڕسکی و بەرائەتیم پێ جوان بوو. ئەو شاعیرە کۆمەڵە گرێیەکی هەبوو دەیتوانی بە شێوازێکی هونەری بەرز دەریانببڕێ نەک

بەو چەشنە تەقلیدییە. سنووورداری لە بیر و ناشارەزایی لە ئەزموونی شیعریی جیهان، بەربەست بوو لەوەی ئەو گەنجینەیە بە چەشنێکی باش گەشەبکا.
لەکۆنگرەی نووسەراندا، هەندێک نووسەر چوونە پاڵ عەبدولغەفار سایغ، کە ئەوکات ئەمینداری ڕۆشنبیریی ناوچەی حوکمی زاتی بوو، لەهەولێر دادەنیشت، و هەوڵی دەدا مەرکەزی یەکییەتی نووسەران لە بەغدادەوە بێنێتە هەولێر؛ بۆ ئەوەی بکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی خۆی، و لەژێر دەستی ئەو نووسەرانە دەربێنێ کە ئەو بە دژی بەعسی دەزانین. ئەو بابەتە تەمومژاویی و ئاڵۆزە، من شتێکی ئەوتۆم لەبارەوە نەدەزانی، بەڵام دڵنیانەبووم لە نیازی سایغ؛ لەبەر ئەوەی زۆرینەی نووسەرە کوردەکان دژی پرۆژەکەی بوون؛ منیش دژی بووم.
نایشارمەوە، من کەوتبوومە ژێر کاریگەری شێرکۆ بێکەس و ئەو برادەرانەی بەرەی دژ.
ئێستاش نەزانرا کە مەبەستەکە ناوچەگەریی بوو، یان دژایەتی بەعس ؟
ڕاوبۆچوونەکان نەگەیشتن بە هیچ، بۆیە، کۆنگرە دواخرا بۆ ٩/١٠ . ڕۆژی ٧/٢٨ گەڕامەوە سلێمانی بۆ تەواوکردنی مەشقی پشووی هاوینە. لە (کانی سارد)ی دۆڵی خەلەکان لاماندا بۆ نانخواردن. لەو دۆڵە زنجیرە لۆقنتەی هاکەزایی بە چروو و حەسیرلە شێوەی کەپر دروستکراون.
لە مێزەکەی بەرانبەرم چوار کەس دانیشتوون، دووانیان جلی ئینزباتی سەربازیان لەبەردایە و دوانەکەی تر جلی سەربازی ئاسایی و هەردوو دەستیان بەکەلەپچە شەتەک دراوە.
هەرچواریان خەریکی چێشت خواردنن. دیمەنەکە سەرنجم ڕادەکێشێ و بە ناخمدا پەل دەهاوێ. جیاوازی ئەو دوو جۆر مرۆڤە چییە؟ کێ ئەو دەسەڵاتەی بە ئەوان داوە حوکم بەسەر ئەمانەوە بکەن؟
ئای بەنی ئادەم! چەند بەستەزمانە، بە هەموو شتێک هەڵدەخەڵەتێ!
گۆرانییەکی حەسەن زیرەک لە ڕیکۆردەرەکەوە دەبیستم لە بنچینەدا شیعرێکی هێمن — ە و زیرەک تێکی شێڵاوە! " کوشتمی و شەشخانی ئومێدی لە من گرتن حەریف، مۆرە هەڵداوێم و بێهوودە بە هیوای دوو شەشم" . مەبەستی شاعیر لە قەزاوقەدەرە. باسی یاری تاوڵە و هەڵدانی زار دەکا، کە لەسەر هەمان بنەما دروست بووە. گۆرانییەکە دەربڕینێکی عەفەوی ئەو دۆخەی بەرانبەرمە.
زۆر شت مرۆڤەکان بە یەک دەبەستێتەوە : برسییەتی و ئازار، گریان و پێکەنین، خەو و خەیاڵ...تاد. زۆر شتی نامۆش کەوتۆتە نێوانیان: زوڵم و ستەم و غەدر لەیەک کردن. ئەم دیمەنەی بەرانبەرم پوختەی دەربڕی ئەو دوو جۆر پەیوەندییەیە.
بە تی چاو تەماشایان دەکەم، ئیحراجییەک لە هەڵوێستی ئینزباتەکان دەبینم. ئەوان دەبێ زۆر بە ئازارتربن؛ چونکە دەسەڵاتی کەسانی تر دەسەپێنن بەسەر مرۆڤی وەک خۆیان بێ دەسەڵاتی لێقەوماو. تراجیدیایەکە بۆ خۆی.
ئەم دیمەنە سەربازییە هێمایە بۆ سەردەمی جەنگ و کۆیلەیی مرۆڤ بەدەست فەرمانی بە زۆر سەپێنراوی سەربازە سەرکردەکان و خوێندنەوەی زیاتر هەڵناگرێ.
خودایە! چەندە ناخۆشە دیلیی.

جلەو بۆ هزرم شل دەکەم و دوورتر دەڕۆم. لە نێوان دوو هەڵوێستدا. یەکیان جێگەی بەزەیی و ئەوەی تر مایەی شەرمەزارییە، بیرۆکەی تر خۆی دەکا بە نێوانیاندا.
ماسۆشی و سادی، چینی سەرێ و خوارێ، دەسەڵاتدار و ژێردەستە، مێژووی خوێناوی جەنگ و ئەو گرفت و ئاریشانەی جێیان دیڵێ بۆمان، سەرەڕای داگیرکردن و نەخۆشییە بەردەوامەکانی وەکو هەست بە کەمزانی و شیزۆفرینیا و مۆتەکە.
ئەگەر دیمەنەکان بە موجەڕەد ببینی جۆرێکە و ئەگەر بیانخەیتە ناو چێوەی مێژووەوە جۆرێکی ترن.
لەبەر ئەوەی ڕووە مێژووییەکە زۆری لەبارەوە وتراوە و دووبارەکردنەوەی بە پێویست نازانم . ڕەنگە، لەو فەزا گشتییە دووریش بێ کە من ئەم کتێبەی پێ دەنووسمەوە. بۆیە دەچمە ناو فەزا تایبەتەکە، و کەمێک لەبابەتی سەربازەکان دووردەکەومەوە.
بەزەیی بەشێکە لە ئاکاری کەسانی بێ دەسەڵات بۆ ڕاکێشانی سۆزی دەسەڵاتدار بۆ مەبەستێکی دیاریکراوی کەسیی. ئەو بیرکردنەوەیە سەرچاوەی لە تێگەیشتنی نیچە- ەوە گرتووە.
ئەوانەی لەژێرەوەن و دەستبەسەرن هەڵبژاردەیان لەبەردەمدا کەمە. ئەوانەی لەسەرەوەن و دەسەڵاتیان هەیە دەتوانن هەڵبژێرن. ئەوان هەلی گونجاوترینیان لەبەردەمدایە بۆ ئەوەی ڕۆڵی ئینسانیی ببینن و گۆڕانکاری بێننە ئارا؛ ئەگەر هەڵگری بیری پێشکەوتنخواز بن. زۆربەی ئەوانەی لە بواری فەلسەفە و هزر و ئەدەبدا جێ پەنجەیان دیارە لە چینەکانی سەرەوەن، تاک و تەران ئەوانەی لە چینی خوارەوەن و کاری گەورەیان کردووە، لەدنیای هزر و نووسیندا، ئەمە قانوونیش نییە.
پلەوپایەی کۆمەڵایەتی یارمەتیدەرە، بەڵام هەرگیز مێژوو دروست ناکا، ئەگەرهەڵوێست و هزری پێشکەوتوو و ویژدانی مرۆڤانەی لەگەڵدا نەبێ، بۆ تێپەڕاندنی لەسنووری تەسکی باری کۆمەڵایەتی دیاریکراو.
لە جیهانی نوێدا، دەوڵەت زەمینەی دادپەروەرانە دەڕەخسێنێ بۆ تاکەکان بە بێ جیاوازی. ئەوانەی ژیان زوڵمی لێکردوون، یان خۆیان لەبەر هەر هۆیەکی کەسیی، یان گرێ و کێماسییەکی دەروونی پشتگوێ کەوتوون، کونجێکیان گرتووە، باشترین وەسف بۆیان: مەژی و مەمرەیە! جێی سەرسامیم نیین. ئەگەر جێگەی سەرنجیش بن. ئەوە خۆ بەزلزانییە نییە، هەستێکی سوپەرمانیی نیچەییە لەکۆنەوە هەمە، ڕەنگە بەشێکی لە باوکمەوە هاتبێ و دەرکەوتبێتەوە بە شێوەی دراماتیکی لە مندا. وەکی تر، شیعر پێی بەخشیووم بۆ خۆ هەڵقورتاندن لەکاری خواوەندەکانەوە بە مەبەستی بەرزڕاگرتنی دۆخی ئینسان لە گشت زەمان و شوێنێکدا.
بەو گیانە باڵایەوە دەنووسم ئەگەرچی لەزۆر ڕەفتار و کرداری ئینسان مەئیووسم!

**٨/٦: تەوێڵەو بیارە:**

پێشئەوەی بچینە هەورامان هەستێکی سەیرم لە خۆمدا دەدی بەرانبەر ئەم ناوچەیە. ئەو هەستە دوو سەرچاوەی هەبوو. یەکیان خۆشەویستی مەولانا خالیدی نەقشی بوو، ئەوەی تر خۆشەویستی مەولەوی .
ئەوکات، تەنیا شیعرێکی مەولانام خوێندبووەوە، کە پیرەمێرد کردبووی بە کوردی و ئەو دوو دێڕەم زۆرجاران لەبەرخۆمدا دەووت:
پێم بڵێ خالد! ئەگەر تۆ وا ڕەهەند و شێت نەبی
تۆ لەکوێ و کابوول و غەزنەین و وڵاتی قەندەهار
بە هۆی ڕەوتی بیرکردنەوەم کە نزیک بوو لە چەپ؛ نەقشییەکانم لا خۆشەویست بوون، ئەگینا من لەکوێ و ئایین و مەزهەب و تەریقەت لەکوێ؟
بۆ خۆشەویستی مەولەوی ئەمەیان حیکایەتێکی ترە.
گۆڤاری هەولێر لە ژمارە یەکیدا بابەتێکی لەبارەی مەولەوی تاوەگۆزیی - یەوە نووسیبوو. دوای خوێندنەوەی، دیوانەکەی مەولەویم دەستکەوت لە ماڵی ناسیاوێکم لە سلێمانی.
ئەگەرچی خوێندنەوەی شیعرەکان بۆ من زەحمەت بوون، بە یارمەتی شەرحەکانی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیسەوە، لەماوەی مانگێکدا، هەموو شیعرەکانم خوێندەوە. لەززەتێکی زۆریشم لە فەزای کوردانەی ئاواز و ئاهەنگی دەقەکان وەرگرت.
کە چووینە هەورامان ئەوکات من تازە کتێبەکەم دەستکەوتبوو بۆیە بینینی شوێنەکان خۆشییەکی زۆریان پێدەبەخشیم.
هەورامان، لە ناوچە گرینگەکانی وڵاتە، چ لەڕووی بیروباوەڕ و کلتوورەوە، یان لەڕووی جوانی سروشت و بەرووبوومی کشتوکاڵەوە.
لەوێ سروشت هەستمی پڕکرد لە خۆی. بە ڕەنگە جۆراوجۆر و دەنگ و ئاوازی چریکە و بە هێمنی کەسکایی چڕ و بە هێڵە چەماوە هونەرییەکانی کێوەکان. بەرد، دار ، ئاو سەرەڕای هێمنی ئەوانە جیهانی هەورامانیان لێ دروست کراوە.
ئەوەی لێی دەترسی لەم ناوچانە، ئاژەڵی دڕندە نییە، دەعبایەکە! مرۆڤ دروستیکردووە لە میتاڵ و تەقەمەنیی و ناوی لوغمە.
جەنگەکان کۆتاییان دێ و ئەو دڕندە نادیارانە دەمێنن.
بەهۆی ئاووهەوای پاک و خۆراکی سروشتیی و کارکردنەوە، خەڵکەکەی تەمەندرێژن.
ئامارێکی دروست نەبوو تا بزانم ناوەڕاستی تەمەنی مرۆڤ لەو ناوچەیەدا چەندە.
تۆپۆگرافی زەویەکەی دیمەنێکی سەرنجڕاکێشی داوە بە بینا و خانووەکانی.
کڵاشی هەورامی و گوێزی هەورامان بەناوبانگن. تایبەتمەندی کڵاشی هەورامی ئەوەیە فێنکە بۆ هاوین و ڕاست و چەپ و تاکەوتاکی نییە.

### ٨/٨ : دەربەندیخان:

یەکەمجارە زێی سیروان دەبینم . ئەم زێیە لە چیاکانی زاگرۆس، لە نزیک شاری سنە هەڵدەقوڵێ، لەهەورامانەوە دێتە باشوور ٤٤٥ کم دەڕوا تا دەڕژێتە ڕووباری دیجلەوە. جوانی

ئەو ڕووبارە لە هاروهاجی شەپۆلەکانیدایە، لە جوانی باڵندەکانیدایە، کەبەسەر ڕووی ئاوەکەیەوەن، بە تایبەتی سۆنە.
ماوەیەک لەکەنار دەمێنینەوە. ئەو ڕووبارە زۆر کوردییە بە سیما و دەرکەوتنەکانی. وەک کەسێک بە کەواوسەڵتەی دەستووری گەرمێنەوە بچێتە شارێکی پڕ دشداشە لەبەر.  ئەو ڕێبوارە ماندووە! بەسەر پشتی شەپۆلەوە تیژ دەڕوا، بواری تێفکرینی نییە. بواری نییە تاوێک لەپەنا گردێک پشوو بدا، یان خۆی لەناو لقوپۆپی درەختە تۆخەکان حەشار بدا، ئەگەر بۆ چەند ساتێکیش بێ. ئەو خەیاڵەم چەند ساتێکی کورت دەخایەنێ و یەکسەر بە دەنگی هاوڕێیەک بە ئاگا دێم، دڵشاد! دەڵێی، دەتەوێ لەگەڵ خۆت ببا؟ وەڵامێک خێرا دێ بەسەر زارمدا، خۆزگە دەمتوانی هاوسەفەری بم.
لە دێر زەمانەوە مرۆڤ هۆگری ڕۆخی ڕووبارەکانە، وەک ئەوەی بیەوێ ڕایانگرێ و بەشی خۆی ژیانییان لێ هەڵگرێتەوە.
بەدەم ئەو خەیاڵەوە بەرەو بەنداو هەڵدەکشێم. لەناکاو دیمەنێک لەبەر دەمم قوت دەبێتەوە. شاگەشکە دەبم بەو تاڤگە دەستکردەی لە خوارەوە بە هێز ئاو هەڵدەدا بۆ بەرزایی تا دڵۆپەکان دەبن بە پروشە و هەڵم.
بەنداوی دەربەندیخان ساڵی ١٩٥٦ دروستکراوە و لە ١٩٦١- ەوە کاردەکا. درێژی بەنداوەکە ٤٤٥ م و پانی ١٧م و بەرزی ١٢٨م- ە و حەفت ملیۆن و سەت هەزار لیتر سێجا ئاو دەگرێ. بەنداوەکە دەورە دراوە بە زنجیرە شاخی بەمۆ و زمناکۆ و بەرانان و لە دوورەوەش شاخی داڵاهۆ وەک پاسەوان دەردەکەوێ بەسەر ناوچەکەوە.
بەر لە دیتنی ئەو دیمەنە کەهرۆئاوییە هەستپێکراوە، کارەبا لای من جگە لە وێنەیەکی موجەڕەدی وایەر و سویچ و گڵۆپ هیچی تر نەبوو. ئەگەر شتێکیشم لێی زانیبێ تەنیا ناوی تۆماس ئەدیسۆن و بنیامین فرانکلین و هەندێک وردە زانیاری بوو لەبارەی ڤۆڵت و جۆری ئەمپێری ئەیسی و دیسی . جا مرۆڤ هەقی چییە، کارەبا چۆن دروست دەبێ و لەکوێوە دێ؟ کارەبا وشەیەکی فارسییە و بە واتای کا-کێش، ئەو هێزەی پووشکە ڕادەکێشێ.
لە کۆندا ماڵەکان بە چرا ڕووناک و بە ئاگردان گەرم دەکرانەوە، لە سەتەی نۆزدەوە ئیتر کارەبا گەیشتە ماڵەکان و گڵۆپ جێی چرا و هیتەر جێی ئاگردانی گرتەوە.  لێم ڕوون نییە ئەو گۆڕانکارییە لە لای ئێمە کەی ڕوویدا، بێ شک زۆر دواترە.
یەکەمجار مرۆڤ لە میسری کۆن هەستی بەو ڕووناکییە کرد، کە جۆرە ماسییەک لە نیل لەکاتی جووڵەدا دروستیکرد. هەر لەبەر ئەوەش ناویان نا برووسکەی نیل. تالیس یەکەم فەیلەسوفە کە باسی تەزووی کارەبایی کرد.
بەنداوەکە گۆلێکی لە پشتەخۆی دروستکردووە، دیمەنی ئاوی پەنگخواردوو جوانییەکی بێ ئەندازەی بەخشیوە بە دەوروبەری.

**٨/٩: چوارتا:**

له قەلاچوالانەوە هەڵدەکشێین بۆ سەرەوە، بەرزایی تادێ دڵگیرترە. لەسەر ڕێگا لەبن دارگوێزێک دەوەستین کە تەمەنی سەت ساڵ زیاترە.
ناوچە شاخاوییەکان بە گوێز بەناوبانگن. لە کوردستان زیاتر لە ٤٠٠ هەزار دارگوێز هەیە بە خۆڕسک ڕوواون. جگە لە بەرەکەی، سوود لە توێکڵەکەی وەردەگیرێ ، دارەکەشی بۆ دارتاشی بە ناوبانگە.
گوێز تەکاندن لە هاویندا تەشق و مەراسیمی خۆی هەیە. جوتیاران بەکۆمەڵ دەکەونە تەکاندن و کۆکردنەوەی بەرەکەی.
لە فۆلکلۆردا، دەڵێ، گوێزم بۆ دەژمێرێ( جاران گوێز بە دانە دەفرۆشرا نەک بەکیلۆ. هەزاری بە چەندی؟). سمۆرە ئەو ئاژەڵەیە کە بەردەوام بەسەر دارگوێزەوەیە و بەرەکەشی دەخوا.

**٨/١٠: سلێمانی:**

[جیهان لەو شوێنەوە دەستپێدەکا کە من تێیدام.
ئەو واقیعەی چڕنووک گیردەکا لە برینەکانم، من دروستمکردووە؟ دەشێ، ئەی خۆ لە ئاسمانەوە بە تایبەتی نەکەوتۆتە خوارەوە بۆ من.
ئەی ماسییە وردیلەکان! ئەوە ئێمەین لەناو تۆڕەکانداین! تێناگەم ئەم ڕستەیەم بۆ نووسیوە؟
ئەگەر بەدوای نەمریدای شتێک بخوڵقێنە، زۆر ماندووبووبی پێیەوە. ئەوەی پێی دەوترێ، کاری گەورە و بلێ: ئەمە منم!] هەندێک سەرەقەڵەمی ئەو ڕۆژەیە.
هاوینی ئەمساڵ زۆرگەرم بوو. درەخت بەبەرووبوومەوە وشک بوونەوە. بە تیشکی گەرمی هەتاو سووتان.
ئێمەش خوولی مەشقمان تەواو. کڵاشم دڕا و هیچم پێ نەبڕا، جگە لەنووسین.
من ناگەڕێم، من دەبینم " پیکاسۆ" .

## شەوێکی سەری ساڵ

هەندێک ڕووداو هەن گشتی نین، تامی گشتیان هەیە بەوەی ناوازە و دەستپێکن، کۆنیش بن وەک یادەوەری خۆش دەمێننەوە.
لەگەڵ جەمال جومعە پێکەوە خوێندکاری کۆلێجی کشتوکاڵ بووین. جەمال جارجارە شیعری دەنووسی. کەسێکی هەست ناسکی بەئەتەکێت بوو. تووشی نەخۆشی موو ڕووتانەوە بووبوو، باڕووکەی لە سەری دەکرد.
دوو ڕۆژ پێش سەری ساڵ داوایکرد، ئەم سەریساڵە لە ماڵی ئەواندا میوان بم، بەشداری ئاهەنگی خێزانەکەیان بکەم. ماڵیان لە گەڕەکی بەیاع بوو. باوکی نەمابوو. خۆی و دایکی وخوشکەکانی بەیەکەوە دەژیان.
سەرەتا داواکەیم ڕەتکردەوە. لەڕاستیدا شەرمم دەکرد. پێداگری جەمال و موجامەلەی شیرینی، کاتێک پێی وتم، تۆ یەکێک لە خێزانی ئێمەی، هێندە باسی تۆم لای خێزانەکەمان کردووە باش دەتناسن.
ئێستا کە ئەو ڕستانە دەنووسمەوە، تێدەگەی برادەرایەتی ئەو نەوەیە چ متمانەیەکی هەبوو!
ئێوارەی ١٩٧٨/١٢/٣١ جلوبەرگێکی ڕێکم لەبەرکرد. بەشێک لە خوێندکاران دوو دەستە جلیان هەبوو. جلی هاوبەش( زی الموحد) بۆ کاتی خوێندن، ئەوەی تر وەکو یەدەگ. قاتێکم هەبوو جارجارە بۆ هەندێک چوونەدەرەوە لەبەرم دەکرد. جاری واش بووە کە بە بێتاقەتی لەدەرەوە درەنگی شەو هاتوومەتەوە پێیەوە نووستووم.
چوومە ماڵی جەمال، پێش وادەی ئاهەنگ. ئێ! نەمدەزانی ئەو جۆرە ئاهەنگە درەنگ دەستپێدەکا. یەکەمین جارم بوو لە بۆنەی وەهادا ئامادەبم. باش بوو، جەمال فریام کەوت، وتی، وەرە لە ژوورەکەی من ئیسراحەت بکە تا وادەی ئاهەنگ.

کاتێک جەمال بانگی کردمەوە، هۆڵی ژووری میوانیان کراوە بوو، ڕازاوە بە گڵۆپ و کاغەزی ڕەنگاوڕەنگ. مێز و کورسی ڕیزکرابوون بەگوێرەی ژمارەی خێزان. لەسەری سەرەوە سێ کورسی بۆ خاڵی و بۆ براگەورەی و منیش لەبەینیان جێم بۆ دانرابوو. هەردووکیان زۆر بەڕێز و زۆریش دۆستانە پێشوازیان لێکردم، وەک نەفەرێکی خێزانی خۆیان، لەگەڵ ئەوەی بە تەمەن زۆر لەوان بچووکتر بووم.

نزیکەی پازدە کەسێک دەبوون، بەژن و پیاو. دایکیشیان وەک خانمێکی میهرەبان لە نێوانیان بە بێدەنگیی دانیشتبوو. ئەو جۆرە دانیشتنە دڵنیایی دەدا بە هۆڵەکە.

پێک تێکرا و هەڵدرا و نەخبی شەوێکی خۆش و ساڵێکی بەفەڕ و بێ بەڵا و داوای تەندروستی باش کرا بۆ دایکیان و خاڵۆیان و برا گەورەیان و منیش لە یەکەم ساتدا بۆ ئەوەی شەرمم بشکێنم، وتم، بۆ هەمووان!

بەرنامەی ئاهەنگیان وا ڕێکخستبوو، کە ئێمە، ئەو سێیەی بەیەکەوە دانیشتووین، لیژنەی حەکەمی چالاکییەکان و باشترینەکان هەڵدەبژێرین.

دوو سەعاتی یەکەم و تا نیوەشەو بەرنامەکە وەکو خۆی ڕۆی. پێک هەڵدەدرا و گفتوگۆ خۆش بوو . چەند جارێک سەما و گۆرانی و چالاکی تر، لەلایەن کچ و ژنەکانیانەوە ئەنجام درا. ئێمەش بڕیارمان لێیان دەدا.

کە چرای نیوەشەو کوژایەوە، بوو بە هەرایەک هەمووان بە یەکەوە هەستاینەوە. ئەوان کەوتنە ماچکردنی یەکتر و پیرۆزبایی ساڵی تازە. جەمالیش هاتە لای من و دوای پیرۆزبایی بردمییە لای دایکی و دەستیم ماچکرد، هیوای تەمەنی درێژم بۆ خواست. ئینجا لەگەڵ خاڵی و برا گەورەی بە هەمان شێوە.

کە ئەو تەدارەکە تەواوبوو، کاری لیژنەش تەواو. برا گەورەکەی وتی، دڵشاد! ئێمە زەرەرمانە وا دانیشتووین، هەستە دەست بکەین بەسەما. شەرم مەکە، من لەگەڵ ژنەکەم و تۆش دەستی خوشکێم بگرە بە دڵخوازی خۆت و سەما بکە. تۆش یەکێکی لە ئێمە!

ئەو کاتە، بەشێکی زۆر لەو خواردنەوەی لە بەردەممماندا بوو خورابووەوە. ئەوان، هەستان لەگەڵ مۆسیقایەکی نەرم کەوتنە سەما. جەمال لەگەڵ خوشکێکی، منیش داوام لە خوشکێکی تری کرد، بۆ دانس. دەستیم گرت و بە یەکەوە تێکەڵ شەپۆلی سەماکەران بووین.

نایشارمەوە، سەرەتا کەمێک شڵەژابووم. مەستییم هاوکاری کردم؛ زوو ئەو دۆخە تێپەڕێنم. ئیتر دوای ئەوە بوو بە مۆسیقای پۆپ و کەس پێکی خۆی نە دەناسییەوە. هەر دەست بوو بۆ ئەو پێکە درێژدەکرا کە دەکەوتە بەردەمی. هەموو مەست بووین.

شەو بووە شەوێکی دیۆنیزیسی. دایکی میهرەبانیش بە تەنیا و بە چاوێک سەیری دەکرد پڕ بوو لە خۆشی و کەمێک حەسرەت.

منی بێ ئەزموون، لە ناو ڕۆمان و فیلمەکامدا ئەو فەزایەم دیبوو، بەڵام خۆم تێیدا بم، یەکەمجارم بوو. تەواو تێ نەدەگەیشتم لەو لەززەتەی ژیان.

بەو چەشنە ماینەوە تا سەعات دووی بەرەبەیان. جەمال هاتە لام و وتی، شوێنی خەوتنت ئامادەیە، ئەگەر دەنووی. تێگەیشتم دەبێ بچم. خۆشم هەستم دەکرد تەواو مەستم و خۆم پێ ڕاناگیرێ.
دەوری هەشتی بەیانی بە ئاگاهاتم. بەخشکەیی جلوبەرگم لەبەرکرد، چوومە دەرەوە. بە تاکسییەک گەڕامەوە بەشی ناوخۆ لە ئەبوغرێب. تا دەوری دووی دوای نیوەڕۆ خەوتم. دووشێکم وەرگرت و بڕیارم دا بگەڕێمەوە هەولێر.
ئەوجۆرە بڕیاردانە خێرایە بۆ سەفەر، لای قوتابی و بە تایبەتی ئەوانەی دوور لەبەشی ناوخۆ دەژین، کارێکی ئاساییە.
بە درێژایی ڕێگای گەڕانەوەم خەیاڵم لای ئەو ساتە خۆشانەی شەوی پێشوو بوو. مرۆڤ لەو جۆرە تەشقانە هەستی مرۆڤانەی لە هەڵکشاندایە. کەسانێک باوەشت بۆ دەکەنەوە، نە جارێک لەگەڵتا دانیشتوون، نە پەیوەندییەک هەبووە لە نێوانتاندا، نە بەرژەوەندی و مەبەستێک.
ئەوەی پێی دەوترێ، پاکیزەیی ژیان، ئەو پەیوەندییانە سەرچاوەی دروستکردنیانن.
ئێستا دوای ئەو هەموو ساڵە تێدەگەم، تەبایی خێزان و ئەو سەرنجە پڕ مانایانەی دایکی جەمال بوو بە هاندەر بۆ ئەم سەفەرە کتوپڕەم. گەڕانەوە بۆ باوەشی گەرمی خێزان.
ئەو ساتە خۆشانەی خەیاڵیان ئاودام، سوپاسگوزاری جەمال- م ؛ ئەو دیمەنانەی پێشتر لە ڕۆمان و فیلمەکان دیتبووم، بۆمی کرد بە ڕووداوی ڕاستەقینە و یەکەم ئاهەنگی سەری ساڵیشی نیشاندام.
بەغداد پڕ بوو لەو جۆرە خێزانە شکۆمەندە شارستانیانە، تا ماوم شانازی بە ناسینی هەندێکیانەوە دەکەم.
جەمال لەگەڵمدا مایەوە تا کولیەشمان تەواو کرد. دواتر هەر یەکە و کەوتینە ناو لێشاوی کوێرەوەرییەکانی جەنگ و تا ئەمڕۆ یەکترمان نەدیتەوە. لە زۆر برادەر هەواڵی دەپرسم، هیچ زانیارییەک نازانن. ڕەنگە تاراوگە ئەوانی لە دوو توێی ژیانێکی سەختدا بزر کردبێ.
سڵاو بۆ جەمال! لە هەر کوێیەک بێ.

## یاداشته‌کان

**دەفتەری یاداشت وەک باغێکە جێت هێشتبێ ساڵانێک، لقوپۆپ و ڕەگ بە یەکداچووبن، هەندێکی کەسکاییان تێدا مابێ و هەندێکی وشک بووبن. دەستیان تێدادەگێڕم. بەشێکی پاک دەکەمەوە، ئەوەی تر فڕێ دەدەم. دەزانم نابێتەوە بە باغ، بەڵام نامەوێ ببێتەوە بە خاک.**

**١٩٧٩ /١/٦:**

هەواڵەکان تاڵن، دیسان شەڕی ناوخۆ، لە شاخەکاندا، وەکو وەیشوومە دەگاتە شارەکان.

خەریکە وڵات دەکەن بە دۆزەخ ئەو زەوقسزانە! لە لایەک بەعس و لای تر براکان!

بۆدلێر دەخوێنمەوە.

"مردووی بەختەوەر" : [ لە زەویەکی بە پیت، نغرۆ بە گوێچکەشەیتانۆکە/ دەمەوێ چاڵێکی قووڵ هەڵکەنم/ تا بێ پسانەوە ئێسکی پەککەوتەمی تێدا هەڵخەم، لەناو لە بیرچوونەوەدا لێی پاڵکەوم وەک کۆسەماسی لە ئاو.

بێزارم لە ڕەقیب و ڕقم لەگۆڕە؛ با قەلەڕەش هەموو بەشی لەشی پیسم خوێناویی کەن، نەک بپاڕێمەوە، بە زیندوویی، بۆ فرمێسکێک لە خەڵکی.

ئەی کرمەکان: برادەرە ئەسمەرەکانی، نە دەبینن، نە دەبیستن .

ئەوەتا مردووەیەکی سەرامەد و بەختیار دێ بۆ لاتان، ئەی حەکیمە نغرۆکانی خۆشی گوزەران، ئەی ڕۆڵەکانی گڵاوبوون، دەی بگەڕێن بەناو وێرانەییمدا بێ پەشیمانی/ ئاگادارم بکەنەوە ئەگەر هێشتا شتێک مابێ بۆ ئازاردانی جەستەی پیری بێ گیان، مردووی نێو مردووەکان!]

لەکاتی خوێندنەوەیدا هەستم دەکرد خۆم نووسیومە.

شاعیرە نەمرەکان هەمیشە لە داهاتوودا زیاتر دەژین. من هەمووکات پێویستییم بە بۆدلێرە، بە تایبەت کە بێتاقەت و نائومێد دەبم. کێ لە بۆدلێر غەمگینترە با شیعرێکی بخوێنێتەوە!

بۆدلێر چەند سەرسامە بە جوانی ئەوەندەش ترسی لێی هەیە.

تا خودا له ناخماندا بمێنێ هەست بە ئازادی ناکەین. دوای هەموو خوێندنەوەیەکی بۆدلێر ئەو هەستەم لە لا دروست دەبێ.

**:١٩٧٩/١/١٤**

کتێبی " باراباس " ی پێر لاگەرکڤیست – م کڕی. ئەم ڕستەیەم لەلای سەرەوەی پەڕی یەکەمی نووسی : ڕۆژی خوێڕیەتی لە بەغداد، سووڕانەوەی بێ ئامانج. پەنگخواردن و ڕامان.. شەویش بۆ بارەکان و خواردنەوە.
لەگەڵ محەمەد موکری و عەباس بەدری و مەحموود زامدار چووینە باڕی ( ئەلوەردە) تا دەوری دوازدە. دواتر من و موکری چووینە مەلهای ئەلف لەیلەو لەیلە، تا سەعات دووی بەیانی، بەدیار لەشی ڕووتی ئافرەت و جگەرەوە گفتوگۆمان بەردەوام بوو. هەردووکمان کنەی ئەزموونی نامۆ و ژیانی نیمچە سالووکانەمان مەبەست بوو.
بەرەبەیان، بەپێ گەڕاینەوە ئوتێل نزار لە مەیدان. زیاتر لە دەکیلۆ مەترمان بەدەم قسەکردنەوە بڕی. نزیکەی بیست سەعات بە ئاگا بی و لە جووڵە دابی و خەویشت نەیێ!
ئەو شەوە زامدار زۆر باسی منداڵی خۆی دەکرد. وتی، کە دایکم مرد ئێوارەیەک چوومە سەر گۆڕەکەی مامەوە و شەوم بەسەرداهات و خەوم لێ کەوت، کەسوکار بە فانووس گەڕابوون بە دوایدا تا دۆزیانەوە. ئەو دیمەنەی هێندە بەکوڵ گێڕایەوە چاوم پڕبوو لە ئاو. کێهانمان تا دەمرین پێویستیمان بە سۆزی دایک نییە؟
ئەو منداڵەتییە، لە هەستە جوانەکانی ئینسانە، بە تایبەتی ئەگەر نووسەر بوو.

**: ١/١٥**

پێر لاگەر کڤیست(١٨٩١- ١٩٧٤) ساڵی ١٩٥١ خەڵاتی نۆبلی وەرگرت. جگە لە ڕۆمان شیعریشی هەیە .
( باراباس ) ئەو کەسە شەڕانگێز و تاوانبارە لە لایەن حوکومەتی ڕۆمانییەکانەوە خرابووە زیندان. دەبوو لە دار بدرێ، بەڵام جووکان داوای ئازادکردنیان کرد. لە جێی ئەو مەسیح خرایە سەر دار.
دابونەریت وابوو، حکوومەتی ڕۆمانییەکان، ساڵانە یەک کەسیان لەسەر داوای پیاوانی ئایینی جوو لە زیندان دەردەهێنا. بیلاتسی حاکمی ڕۆما دەیخواست ئەو کەسە مەسیح بێ و کەهەنەی جووش دەیانووت، باراباس!
لە سێدارەدانی مەسیح کەرەستەی زۆر تێکستی ئەدەبی و هونەری بەرزە. ئەم ڕۆمانەی کڤیست، یەکێکیانە.

ئەو دارە مۆرانە لێی دەدا؟ ئەو پەتە بۆنی مل وگەردنی کەسی تری لێ دێ؟

هەتا بەشەر ماوە ئەو پیاوە هەر بەسەر دارەوە دەمێنێ! کەس نایەوێ دایگرێ. هەر بە سەر دارەوە چۆتە مۆخی ڕۆژەکانمانەوە. نە چاو دەنووقێنێ و نە بۆ ساتێک دەنوێ. نەمردەی تائەبەد. ئەو سیفەی خودایە کەوتۆتە سەر زەوی. نەمردە وشەیەکی گونجاوە؟ لەخۆم دەپرسم. دەنووسم و ڕستە فریام ناکەوێ. بێزارم لە هەندێک دەربڕین و دەمەوێ ڕستە بشکێنم؛ خۆم شکاوم؛ ناشێ ڕستەی تەقلیدی بنووسم. ئەو ڕیتمەی پێیەوە گرفتارم ڕیتمی شیعری کوردییە هەر لە گۆرانەوە تا ئەمڕۆ. هەندێک جار وشە ئەو مانایە نادا کە دەمەوێ ناچار دەیخەمە پاڵ وەسفێکەوە، یان دۆخێک: سپێدەی شەهوەت! ئەو دۆخە دۆخێکی پیاوانەیە، هەموو پیاوێک هەستی بەو سپێدانە کردووە کە بە هۆی ساردیی هەواوە لەناو پێخەف نووستوە کەچی کێری هەستاوە. ئەو سپێدەیە چۆن لە سپێدەی تر جیادەکرێتەوە، دەبێ وشەیەکی تایبەت هەبێ.
ناکرێ سێدارە و داری تەختی نووستن هەر دار بێ، ئەگەرچی هەردووکیشیان لە دار دروستدەکرێن. ڕەحمی ژنێک منداڵی هەیە لەگەڵ ڕەحمی ژنی نەزۆک، ئەوانیش لەگەڵ ڕەحمی مریەم جیان.
وشەیەکم بە خەیاڵدا دێ: دوودی! دوو... دی. دەکرێ لە جیاتی دوو دیتن لە یەک کاتدا، یان دوو دیوی یەک شت لە یەک کاتدا ببینی، یان دەرکەوتنی دوو دیو پێکەوە وەکو کەسێک سەیری شتێک بکا دوو دیوی ببینێ، ئاوێنەیەکی لە بەردەمی بێ.

**:١/٢٩**

**کۆلۆمبۆس!** وەکو ڕەمز بۆ کەسێک بەکاردێ داهێنانێکی گەورە، یان شتێکی نوێی دیتبێتەوە .
" کۆلۆمبۆس کیشوەرێکی تازە دەدۆزێتەوە"
ئەم ناوە! مێژووی خۆی سڕیووەتەوە. کۆلۆمبۆس ئەمریکای دیتەوە. هیندییە سوورەکان کەخەڵکی ئەسڵی ئەمریکابوون وەکو کۆیلە هێنایانی و لە بازاڕەکانی ئیسپانیا دەیانیفرۆشت. لەوە حاڵینییم چۆن ژمارەیەکی کەمی پێست سپی توانی ئەو هەموو هیندییانە بکەن بە کۆیلە؟ نەدەبوو: ئەمریکا هەتاسەر هی ئاکنجیانی ڕاستەقینەی کیشوەرەکە بێ؟
نامەی یەکێک لەسەرکردەکانی سیاتل- م خوێندەوە، وەک تێکستی ئیدانەکردنە بۆ ئەو داگیرکارییە و مانیفێستی بەرەنگارییە لە ژینگە بە مرۆڤ و باڵندە و ئاو و دارستانەکانیەوە.

**:١٤/ئەیلوول/١٩٨٣**

(قەڵای ئاکسل) ئیدمۆند ویلسۆن:
ئەم کتێبە کاتێک نووسراوە کە ئەو شەش نووسەرانەی باسی ئەزموونیان دەکا هێشتا لە ژیاندان، جگە لەمارسیل پرۆست . تی. ئێس . ئیلیۆت- یش هێشتا " چوار چوارینەکان" و بەشێک لەکتێبەکانی ڕەخنەی نەنووسیوە. ئەوانی تر هەریەک لە ییتس، ڤالیری، جیمس جۆیس، گرۆترۆد ستاین، و ڕامبۆن. بەو واتایەی شتێک لە پێشبینی تێدایە.
کتێبی " شیعر و ئەدەبیاتی کوردی" ڕەفیق حیلمیم دێتەوە یاد؛ ئەویش پێشبینی ئینقلابی ڕووخاندنی قوتابخانەی شاعیرە کۆنەکانی کردووە لە لایەن گۆران- ەوە. هەروەها لەبارەی

دڵدار- یشەوە هەمان پێشبینی کردووە، کاتێک دەڵێ، شاعیری تەجەدودپەروەر و ناوداری دوارۆژ .

ڕێجکەی ویلسۆن بریتییە لەوەی، ڕەخنە، مێژووی هزری ئینسان و ئەندێشەکانییەتی لە چێوەی ئەو دۆخانەی شێوازیان گرتووە تێیاندا. بەگوێرەی ئەم لێکدانەوەیە ئەفراندن پوختەی جووڵانەوەی هزرە لە دۆخەکاندا.

لە ئەدەبی کلاسیکدا نووسەر لە دەرەوەی دیمەنەکاندایە. ئیلیۆت لەو شوێنەدا لەکلاسیک جیادەبێتەوە،کە دەڵێ، شاعیر داهێنەری وێنەیە و لە دەرەوەشیدایە؛ بەڵام لەگەڵ وێنەدا دژنییە.

سەدەی حەڤدە و هەژدە لە ئۆروپا سەدەی عەقڵ و دۆزینەوەی تیۆرەکانی فیزیک و ماتماتیکە.

سەدەی نۆزدە سەدەی ماددیاتە. بزووتنەوەی ڕەمزییەکان دەرچوونە لە هەژموونی هەردووکیاندا.

ویلسۆن کتێبەکەی بەکاریگەری ئەو تەوژمە تازەیەی ڕەمزییەکان دەستپێدەکا. سەرەتای ڕەمزییەکانیش لە فەرەنسایە.

پێش ڕەمزییەکان، ڕۆمانسییەکان گرنگیان بە هەست دا و وتیان، دەریا و گردۆڵکە و چۆمەکان جیانیین لە هەستی کەسەکان. وێردزوێرس: ئەستێرە، چیا، ڕووەک، مرۆڤ سروشتن.

لای ڕەمزییەکان شیعر بریتی بوو لە:

مۆسیقا بەر لە هەموو شتێک، پاشان وشەی هەورین، و سێبەری وشەکان بە گوێرەی فرلین لە دەقی "هونەری شیعر" دا.

فەرەنساییەکان لە ئینگلیزەکان زیاتر، دەیانویست بزانن لە ئەدەبدا چی دەکەن و بۆ دەیکەن.

ئەوان ئەدگار ئالان پۆی ئەمریکاییان پەسەندکرد لەبەر ئەو هۆیە؛ پۆ، بایەخی بە تیۆری ئیستاتیکا دەدا.

بۆدلێر یەکەم شاعیری فەرەنسایی بوو، پۆ- ی دۆزییەوە و هێنایە ناو نەسیجی شیعری تازەی ئۆروپا.

تێکەڵاوکردنی دنیای دەرەوە و ناوەوە لای ڕۆمانسییەکان دەستپێدەکا، کەچی ڕەمزییەکان دنیای ناوەوەی خۆیان خستە ڕیزی یەکەم لە بەرهەمەکانیاندا.

مەولەوی تاوەگۆزی لە شیعری کوردییدا ئەو تێکەڵاوییەی کردووە و دواتر گۆران. شیعری تەسەوف نزیکە لە جیهانی ڕەمزییەکانەوە.

**تێکستی شیعر کەیانێکی سەربەخۆیە وەک ڕووبار.**

**ئاکسل** ناوی کتێبێکی **دی لیل ئادەمە** کە چامەیەکی درامی درێژە بە پەخشان نووسراوە. حیکایەتی ناو ئەو درامایە خۆی لە خۆیدا دانسقەیەکی ئەدەبی و فانتازیایە. ئەوەی گرنگە، ئاکسل لە قەڵایەکدا دەژی لەناو دارستانێک، خەریکی جیهانی فێربوونی زانستە لە ڕێی مامۆستایەکی ڕۆکسیرۆکسییەوە. ئەوانە گروپێکی ڕۆحیین و باوەڕیان بە تەشقی ئایینی شراوە هەیە. ئەو قەڵایە گەنجینەیەکی گەورەی شاراوەی تێدایە.

ناوی کتێبەکەی ویلسۆن هێمایە بۆ ئەو گەنجینەیەی لە بەرهەمی ئەو حەفت نووسەرەی باسیان دەکا شراوەیە.

**نەوەی هەشتاکانی** ئێمە، ئەگەر ئەو ناوهێنانە گونجاو بێ، لەژێر کاریگەری ڕەمزییەکان و بە هەمان نەفەسی ئەوان دوورکەوتنەوە لەکۆمەڵ و لەناو بیرکردنەوە و خەیاڵی تاکایەتی خۆیاندا لە دژی جەنگ و بە مێگەڵکردن کەوتنە پەرەپێدانی حەساسییەتی ئەدەبی تاکەکەسی و گوێنەدان بەکۆمەڵ.

دۆخی ئیرهابی جەنگ گەیشتۆتە هەمووجێ.

سەرنجڕاکێشترین خاڵی ئەم کتێبە، ئەو بەشەی کۆتاییە، کە تایبەتە بە ئارسەر ڕامبۆ. لەو پاژەدا پوختەی بیرکردنەوەی ویلسۆن ئەمەیە: دوو ڕێگا: یەکیان ئاکسل و ئەوەی تر ڕامبۆ. ڕێی ئاکسل بریتییە لە پاراستنی پاکیزەیی و مانەوە لەناو قەڵا. ڕێی تر، چوونە دەرەوە و دۆزینەوەی شوێنی تری دوورەدەستە، وەک چوونی ڕامبۆ بۆ حەبەشە، ئەمەیانی ناوناوە ڕێی ڕامبۆ.

ئەزموونی شیعر لە بازنەیەکدا نامینێ.

بۆدلێر وتارێکی لەبارەی " نیگارکێشی ژیانی تازە" نووسی،تێیدا دەڵێ، تازەگەری کاتییە و زوو دەڕوا، دەشێ نیوەی هونەر بێ، بەڵام ئەوەی تاهەتایە و جێگیرە نیوەکەی ترە.

پۆل ڤالیری بە پێچەوانەی بۆدلێر پێیوایە، رەمزییەت وەک شەترەنج دەبێتە دۆزینەوەیەکی تاهەتا.

**هەندێک سەرنج لەبارەی دادابیەکانەوە:**

ع.ع.یوسف هەمووجار دەڵێ، دادا پێویستە.

ژینگەی (دادا)مان نییە، دەڵێم.

لە جیاتی هێلکە و تەماتەی ڕزی، پۆلیسی هارمان دەنێرنە گژی.

" ئەگەر بتەوێ باسی دادا بکەی، دەبێ باسی دادا بکەی"

"ئەگەر بتەوێ باسی دادا نەکەی، دەبێ بە ناچاری باسی دادا بکەی"

ئەمە وتەی ژنە ڕۆژنامەنووسێکی دژی دادابیەکانە لە فرەنس.

دادا جووڵەیەکی نیمچە خۆڕسکی فەوزەوییانەیە، لە هەناوی ئۆرووپا ( فرانس، ئاڵمانیا. سویسرا، هۆلەندا، ئیسپانیا، ڕووسیا، ئیتاڵیا، ئیستەنبول، دوو شاری دوو وڵاتی ئەوەی پێی دەوترێ ئۆرووپای ڕۆژهەڵات- بەلگراد و بۆخاریست). نەگەیشتە ڕۆژهەڵات و ئەمریکا. لەژێر حوکمی دکتاتۆرییدا هەموو جۆرە فەوزایەکی ئەدەبیش دەخرێتە قاڵبی سیاسییەوە.

**سەرنجێک لەبارەی مەولەوی- یەوە:**

لای مەولەوی هەندێک لادانی شیعریی هەیە پێش خۆی لەناو شیعری کوردییدا نییە: بایەخدان بە هەستی بۆنکردن. ڕەنگە دوای کوێربوونەکەی بێ؟

تێکەڵکردنی شوێنی ژیانی و ڕەنگدانەوەی لە شیعردا: کتێبخانەکەی، سەرشاتە.
نازانم بۆ کاتێک چوومە دەربەندیخان نەچووم بۆ سەرشاتە، دەڵێن هەر سەعاتە ڕێیەک بە سەیارە دوورە لە دەربەند.
تەسەوف تەکانێکی گەورەیە لە شیعری کوردی ئەو سەردەمەدا.
شیعر لای مەولەوی هەستێکی زیندووە و وەک ڕووحانییەکان ئەو هەستەی پەڕیوەتەوە ناو سروشتیش.
شیعری مەولەوی وەک جۆگەیە دەتوانی تەواو هەستی پێ بکەی، فیکریش لە ڕێی وێنەی هەستپێکراوەوە دەردەکەوێ نەک وەک فیکری موجەڕەد.

**کتێبی " نووسین لەپلەی سفردا" ڕۆلان پارت:**

ئەم کتێبەی پارت بە قەوارە بچووکە شەست لاپەڕەیە. کاریگەری زۆرتری لێ دیترا.
پلەی سفری نووسین: نووسەر بێ نووسین، یان نووسینی سپی. ئیشارەت بۆ مالارمێ و کامۆ و بلانشۆ و کارۆل دەکا. ئەم نووسینەی ناو ناوە، خەونی ئۆرفیۆسیی. بەو مانایەی کەسایەتی ئۆرفیۆس فرە بەهرە و توانایە و هەر سەردەمەو بۆ مەبەستێک ئەفسانەکەی بەکارهاتووە.
زمانی مالارمێ وەک ئۆرفیۆس دەتوانێ، ئەوەی خۆشی دەوێ ڕزگاری بکا، بەوەی وازی لێبێنێ وەکو خۆی بژی لەگەڵ سووکە ئاوڕدانەوەیەک.
ساڵانێکی زۆر، فیکری مۆدێرن، بانگەشەی ئەوەی دەکرد، کە نووسەر دەبێ لایەنگیربێ. بە دیاریکراویش لایەنگیریی چینی هەژار و خەڵکی بێکەس و بێلانە ئەرکی نووسەر بێ.
جگەلەوەش، دەبوو ئەو جۆرە تەرەفگیرییە لە زمان و شێوازی دەربڕیندا ڕەنگ بداتەوە. پارت لەم کتێبەدا ئەو بابەتە بە شێوەیەکی زۆر نوێ چارەسەردەکا: زمان و شێواز دەبێ بێلایەن بێ جا بابەت هەرچی بێ. نووسەر چەندی بێلایەن دەرکەوێ لە نووسیندا هێندە بابەتیانە مامەلە لەگەڵ ڕووداوەکان دەکا و لە قازانجی دەقدایە. لێرە هاوکێشەی بابەتی تی. ئێس. ئیلیۆت- م دێتەوە یاد. ئەویش شتێکی لەوجۆرە داوادەکا، کاتێک ڕەخنە لە شیکسپیر دەگرێ لە هاملێت دا و دەڵێ، نەیتوانیوە سۆزی کەسی نووسەر بشارێتەوە لەناو دەقدا.
زمان بە شێوەی ئاسۆیی هەیە، نووسەر لە ڕێی شێوازەوە دەیگۆڕێ بۆ بوونێکی ستوونی. واتا، ڕۆچوون و هەڵکۆڵین لەناو زماندا. بە شێوەیەکی تر شێواز تایبەتمەندی نووسەرە لە دروستکردنەوەی زماندا.
حاجی قادری کۆیی لەبەرئەوەی لەکۆیە لە دایکبووە شارەزای سروشتە کە باسی سروشت دەکا، بەڵام زۆربەی ڕستەو بیرۆکەی ناو تێکستەکانی وەک شارییەک دەتیرێ.
**لۆرانس داریل** لە ڕۆمانی **جین ئۆستن** دا کاڤاڤی وەک شاعیری گەورەی یۆنان- ئەسکەندەرییە دەناسێنێ. لەوێ لەسەر زاری کاڤاڤیەوە دەڵێ، کە ژیان تێکچوو سروشت ئاڵۆزە! ئەوەی **حاجی** هەمان شتە؛ ژیانی تیکچووە لەکۆیە، لە دەست جەهل و شێخ و دەسەڵاتیان، بۆیە ڕووی لە سروشت وەرگێڕاوە.

پرسیاری دوای خوێندنەوەی کتێبەکەی پارت ئەوەیە: نووسەر دەتوانێ بێلایەن بێ لە نووسیندا کە گەیشت بە ئاستی بەرزی نووسین، ئەی خوێنەر دەتوانێ بێلایەن بێ لەکاتی خوێندنەوەیدا؟
پارت دوای کتێبی " ئەدەب چییە؟"ی سارتەر ئەم کتێبەی نووسی. سارتەر لێکدانەوەیەکی ئەخلاقیی و مێژوویی بۆ ئەدەب کرد. نووسەر لای سارتەر بەرپرسە بەرانبەر ئاریشە جەوهەرییەکان. بۆ خوێنەرێک دەنووسێ کە ئەویش هەست بە بەرپرسیارییەتی دەکا. بەر لەویش مۆریس بلانشۆ هەندێک بیروبۆچوونی لە ناوەندی ئەدەبی فەرەنساییدا بڵاوکردەوە و پشتی بە هەندێک بۆچوونی مالارمێ بەست؛ کە ئەدەب گەرانەوەیە بۆ ناوخۆی ئەدەب.
پارت وەک کەسێکی چەپ کاری لە پەیوەندی دیالیکتیکی نێو ئەدەب و مێژوو کرد؛ بەوەی زاتی نووسەر ، زاتێکی مێژووییە و سەیرووڕەی خۆی لە نووسیندا بەرجەستەدەکا. جیاوازی نێوان وتە و نووسینی کرد. کە هەریەکەیان زمانێکی جیاواز بەکاردەبەن. زمانی نووسین وەکو چاندنی تۆو وایە، لە دەرەوەی زماندا نەشونوما دەکا. ترسناکی نووسین لەوێوە دەردەکەوێ. نووسین بەریەککەوتنی زاتە لەگەڵ ئایدیۆلۆژیا و مێژوو. پێویستی بە زمانێکە لە دەرەوەی زەمەن و شوێن. نووسینەکانی ئەلبێر کامۆ بە نموونە دێنێتەوە. هەر لەو سەروبەندەدا نووسینی سپی ناوی هاتە ناوناوان. کامۆ (ئەفسانەی سیزیف)ی لە پلەی سفردا نووسیوە پێش پارت. پارت یەکێک لەو ڕەخنەگرانەی فرانسە کە ئاراستەی هزری بونیاتگەرییان کرد.

**١٩٨٣: پرۆژەی تەواو نەکراو ( لە دەفتەری بیرەوەرییەوە):**

**مەکارسییەکان!**

قاقای پێکەنینەکەی وەک سەگ پێم دەحەپێ دەچمە هەر کوێ
دەحەپێ، لە هەر چوار لا : بیسووتێنن!
ئەو پەڕەکاغەزانە، گوایە ، ڕۆشناییین! نا دڵۆپی ژەهرن
ژەهری زەردن بە نووکی خامەکانەوە
دەماری باپیرم دەپچڕێنن، پەیکەری پیرۆزی دەوڵەت دەڕووخێنن
ئەو کاغەزانە بسووتێنن
با دەف و زوڕنا گرمەی بێ لە خۆشیان وەک هەورەتریشقە
گۆرانیبێژەکان نەسرەون، مۆسیقای سەربازیی لە هەموو لایەکی وڵاتی پیرۆزی باپیرم
لەگەڵ هاوار و قیژەی گۆرانی
ناوم بگەیەنێتە ئاسمان: مەکارسی!

ئەم شیعرە لەناو یاداشتەکانمدا هەیە. پێدەچی ئەو کاتانە نووسیبم کە لە لایەن چەند قەڵەمێکی سەر بە دەزگاکانی بەعس هێرشمان دەکرایەسەر، گۆیە، ئێمە دژی دەوڵەت و

توراس و ئایینین! ئەوکات نەمدەتوانی بڵاوی بکەمەوە و دواتریش نازانم لەبەر چ هۆیەک نەگەڕاومەتەوە سەری.
لەپەڕەی تەنیشت ئەو شیعرە ئەم ڕستانە نووسراون:
پایزی ڕەش بێ ڕتووش . ڕۆژژمێری جەللادێک. پچڕاندنی ڕووناکی !
ئەو تاریکییە مانای ئەوە نییە لە ژوورەکاندا چرا نییە.
من لە ناخمدا خۆرێک دەسووتێ!
ئازاری ڕەش. سێدارە بەسەر گردەکانەوە. نینۆکەکانیان هەڵکەند. سەنگەری سەربازیی ناو بەفر، زریان. برادەرەکەی لە سەرما ڕەق بووەوە.
بڕووخێ دکتاتۆر!

**:٥/١٠**

عەدالەت چەمکێکی کۆمەڵایەتییە
قانوون چەمکێکی دەوڵەتییە
جوانی چەمکێکی مرۆییە،
لای ئەدگار ئالان پۆ و بۆدلێر: تێکەڵ بە غەریزە و هەڵچوونی ناخ و سەرسووڕمان دەبێ.
هێزێکی نائاساییە کە دێ هەموو شتێک دەشلەژێنێ.
لای ئەخلاقییەکان تێکەڵ بە خێر دەبێ و لای سیاسی تێکەڵ بە ئایدیۆلۆژیا و بەرژەوەندی چینایەتی دەبێ.
جوانی مۆسیقا لە چیدایە؟ تەناسوقی نێوان ئاوازەکان؟
جوانی شیعر لە کێش و قافیەدا نییە، لەو بیرۆکە شیعرییانەیە کە هەڵیگرتووە. لە تەکنیکی دەربڕیندایە.
جوانی کەسێک کە مردووە چییە؟ دوورکەوتنەوە و ئاوابوون؟ یان ئەو وێنانەی لە زیهنماندا هەڵمانگرتووە و تایبەتە بەو کەسە؟

لە حەوشەی ماڵەکەماندا دار مێوێکی جوان هەبوو، یان لە حەوشەدا دارمێوەکی جوان هەیە.
کام جوانی موجەڕەدترە و بەرژەوەندی کەسیی تێدا نییە، لەم دوو ڕستەیەدا؟
بۆچی ئەوانەی لێمان دووردەکەونەوە جوان دەبن؟ ئایا مەسافە پێویستە بۆ درککردن بە جوانی؟

**:٥/١١**

شوێن لای نیوتن سیفەتی جەوهەرە، جەوهەریش خودایە و موتڵەقە.
ئەم ژوورەی من هەبێ و نەبێ شوێن هەیە، بەڵام شوێن لە ئێستادا ژوورەکەی منە، ئەگەر ئەو شوێنە دارستان با دەبووە جێی دڕندە و ئاژەڵ.
ئایا شوێن لە دەرەوەی مرۆڤدا هەیە؟

شوێن موتڵەق نییە، هەر ئەو ژوورەی من، ئەگەر هی کەسێکی تر بایە، دەگۆڕا. ژوورەکەی منیش بە ڕۆژ جۆرێکە و بە شەو جۆرێک. کەواتا شوێن بە گوێرەی کەس و زەمەن دەگۆڕێ. مرۆڤ تەنیا هەست بە شوێن ناکا بەڵکو شعووری پێدەکا، وەک هێزێک پشتی پێدەبەستێ و دەیکاتە پەناگە و ئیلهام و بیرۆکەی لێ دروست دەکا.

گۆی زەوی بەند نییە بە ژیانی مرۆڤەوە، پێش ئەم ئینسانەی ئێستا بوونەوەری تری تێدا ژیاوە و لەناوچوون، ئەگەری لەناوچوونی ئێمەش مەحاڵ نییە. بەڵام مرۆڤ تا ئەو ساتە بەندە بە گۆی زەوییەوە و لە دەرەوەی ئەودا ژیانی ئەستەمە. هەرچەند هەوڵی دۆزینەوەی هەسارەی تر بۆ بەدیلی زەوییە لە ئارادایە.

ماڵەکەمان لە گەڕەکی بیریژیان کەوتبووە سووچی نێوان دوو کۆڵان، کە بارانێکی زۆردەباری لافاو هەڕەشەی ڕووخانی لێ دەکرد. هەمووجار ئێمە بوزگوڕی خۆمان دەپێچاوە و چۆڵمان دەکرد، شوێنەکەش نەمابا ئێمە دەماین بەلام لە شوێنێکی قەلەقدا.

شوێن جێگیر نییە هەتا گۆڕیش تێکەڵ بە خاک دەبێتەوە.

## ٨/١١:

د. کامل بەسیر لەگۆڤاری ڕۆشنبیری ژمارە ٩٨ دا باسی ئەلفەبێی زەند دەکا کەکوردی بووە و لە چل ودوو پیت پێکهاتووە و ساڵی ٢٨٠٠ پ. ز .

ڕەنگە ئەوەی بەسیر دەیڵێ ئەلفوبێی سەردەمی زەردوشت بێ کە ئاڤێستای پێ نووسراوە. گۆیە ئەو ئەلفوبێیە تاسەردەمی خەلافەتی عەباسی - ئەمەوی بەکارهاتووە، ئەحمەد بن وەحشی نەبەتی لەبیرەوەرییەکانیدا لەکتێبی( شوق المستهام فی معرفه رموز الاقلام) دا نووسیوویەتی، ٣٠ جلد کتێبی کوردییم دیوە لەدیمەشق بەچاوی خۆم کە بەئەلفوبێی کوردی نووسراون و پیتی پ و ڤ و چ – ی تێدا بووە. موسا عەنتریش دەڵێ، کورد پێش ئیسلام ئەلفوبێی خۆی هەبووە.

ئەوەی من دیومە لەوێنەی هەندێک کتێبی کۆندا ئەو پیتانە وەکو خەتی بزماری وێنە بووە. ئەوەی بەسیر باسی دەکا زەند ئاڤێستایە.

## ٨/١٢:

شەرەفخان لە ١٥٨٨-١٥٩٨ شەرەفنامەی بە زمانی فارسی نووسی. ئەو سەردەمە ڕۆژانی ڕەنگرێژی سەرەتای بیری نەتەوایەتییە: مەلای جزیری ئەو دەوروبەرە بووە ١٥٧٠- ١٦٤٠و فەقێ تەیران ١٥٦٣- ١٦٤١و عەلی حەریری ئەگەر هاوچەرخی ئەوان بووبێ، یان پێشتر، هێشتا ساغ نەبووەتەوە.

ڕۆژنامەی هاوکاری وتارێکی مەحموود ئەحمەد محەمەدی بڵاوکردووەتەوە لە ژمارە ٦٩٩. لەو وتارەدا ئاماژە بەوە دراوە کە میر بەهادین میری ئامێدی ساڵی ١١٩٣ی زایین قوتابخانەی لە بادینان دامەزراندووە. پاش ئەو حەسەن بەگ مەدرەسەی ڕووسی لە دێی کلیسا و مەدرەسەی کیستەومائی لە بەرواری باڵا دامەزراندووە.

ئەو جۆرە قوتابخانانە لە سەرەتاوە بۆ منداڵی میر و دەوڵەمەندەکان بووە، دواتر منداڵی خەڵکی تێیدا فێری خوێندەواری بوون. سەردەمی عەباسیەکان بوو. میرانی ئامێدی پەیوەندیان لەگەڵیاندا هەبووە. ئامێدی مێژوویەکی زۆر کۆنی هەیە و ناوەندێکی دەسەڵات بووە. هەندێک پێیان وایە ئیمارەتێک هەبووە بە ناوی بادینان لە ئامێدی و شەرەفنامەش باسی کردووە.

دوو دێڕی شیعری **حاجی** هەیە:

قەید و تەزبیب و شەرح و حاشیەکان    بوونە سەددی مەعاریفی کوردان

ئەم دووە دێڕە بە دوو مانا دەخوێنرێتەوە: سەدد بۆ پاراستن، یان بۆ مەنعی گەیشتن. ئەگەر لە سیاقی بیرکردنەوەی حاجی بێ مەنعەکەیە، چونکە ئەوانەی خەریکی حاشیە و شەرح و تەزبیب و قەیدن ئەهلی حوجرەن، وەکی دی ئەوەی هەیە لە مێژووماندا لەناو حاشیەکاندایە.
ئەو بەیتە لەناو شیعری **شاهسواری بەڵاغەتی کوردان** دایە کە کورتەی مێژووی ئەدەبی کوردییە بەقەڵەمی حاجی.

**١٩٨٣/٩/٢٢:**

ئیڤا و زیل دووجۆر سەیارەی بەرزن بۆگواستنەوەی سەرباز و کەلوپەل و خۆراک، سوپای عیراق بەکاریان دێنێ.
ڕەزایەکی قەرسیان هەیە. خەڵک لێیان دەسڵەمنەوە. لە خێرایی لێخوڕینیان دەترسن. ئەو فیلە سەیارەیە لە شەقامی شارەکاندا دەڵێی، دێون.. دڕندەن.
هێندە زۆریشن لە هەموو شوێنێک دەتیرێن.
ئەمڕۆ سەعات دەی بەیانی، لە شەقامی سەرەکی گەڕەکی شۆڕش، دوو برایان شێلا( شێرکۆ و هیوا). یەکیان دەمودەست گیانی دەرچوو، ئەوی تریشیان بە سەختی بریندار بوو. هەفتە نییە لەو شەقامە کارەساتێک دروست نەکەن.
سەرباز و جلی سەربازیی تەنیا لە فیلمدا جوانن، بە تایبەتیش لە مەیدانی جەنگدا، وەکو قوربانیی، ئەگینا وەکی دی هێمان بۆ دڕندەیی.
ترسێکی گەورە بە دوامەوەیە منیش بێهوودە ڕادەکەم وەک پاڵەوانەکەی جۆرج ئۆرۆیل.

**چوارشەم: ٩/٢٨:**

بنیامین فرانکلین کاتێک کەشفی کرد، برووسکە کۆمەڵە شیحنەیەکی ئیستاتیکیی کارەباییە، خودای برووسکە لە گۆڕنرا. گۆتێنبێرگ کە چاپخانەی دروستکرد کتێبێکی زۆر چاپ کرا و سیحری ئینجیل ڤالا بوو.
ئەو ڕستانە لە زۆر شوێن دووبارە دەبنەوە. ئەو گۆڕانکارییانە پەیوەستن بە هزر و ئاوەزی مرۆڤ خۆیەوە.

هەردووکیان مرۆڤن، هەم ئەوەی قوربانی فیکری کۆنە، هەم ئەوەی ئەفرێنەرە و بە داهێنان بیری کۆن تێدەپەڕێنێ. کەواتا ململانێ لە ئاوەز و ناخی مرۆڤایەتیدایە لە نێوان عەقڵی زانست و خورافەدا.
ئایا دنیای دەرەوە بێ گیان و بێ بەرنامە و بێدەنگە، یان ئەویش لەگەڵ ئێمە لە گۆڕان و جووڵە و تازەبوونەوەدایە؟
خۆ هەر ئێمە ناگۆڕێین بە تەنیا، ئەوانیش دەگۆڕێن. هەندێک کەڕەت پێش ئێمە و کاریگەرتر لە ئێمەیە گۆڕانیان.
ئەوەی لافاوی نووح کردی، لە بیرکردنەوەی هیچ کەسێکدا نەبوو بە نووحیشەوە، یان تاعوون کە هات چی ڕوویدا، کارەساتێکی دروستکرد کە مرۆڤ هەرگیز لە خەیاڵیشیدا نەبوو.
ئەگەر نێوانی جیهانی دەرەوە و ناخ و بیرکردنەوەی مرۆڤ بۆشاییەکی گەورە و هەندێک جار ئیهمالکردنێکی بێ ڕەحمانەی تێ بکەوێ؛ کارەساتی گەورە ڕوودەدەن؛ بۆیە گرنگە هاوکێشەی نێوان سروشت و مرۆڤ ڕابگیرێ. لەکۆنەوە کە هاوسەنگ نەماوە کارەسات قەوماوە.
**کۆڵن ولسن** زانیاری کردووە بە دوو جۆر: خۆریی و مانگیی. ئەوانەی یەکەم پەیوەندیان بە دنیای مادی و زانستی موجەڕەدەوە هەیە، ئەوەی تر جیهانی ڕۆح و باوەڕەکان وەکو ئایین و سیحر، جیهانی نەبینراو.
من لەو ناوەندەدا بە شێوەیەکی هولامی کەوتووم، باوەڕم بە زانست هەیە، بەڵام بە موتڵەقی نازانم. باوەڕم بە جیهانی ڕۆح هەیە، بە واهیمەی نازانم!
لە کۆنەوە شاعیرەکان بەگومانن لە عەقڵ. هەموو شۆڕشە ئەدەبییەکانیش دژی دەسەڵاتی ڕەهای عەقڵە.
ڕستەیەکی کۆڵن ویلسن لە کتێبی" **مرۆڤ و هێزە شراوەکانی"** دا، سەرنجڕاکێشە: مرۆڤ بۆتە کورتەبنەیەکی بیرکەرەوە.
ترس و دڵەڕاوکێ گەوترەترین هەڕەشەن بەرانبەری.

**٩/٣٠:**
شیعری کلاسیک ئاسانتر وەردەگیرا و جێگەی خۆی دەکردەوە لەبەر دوو هۆ:
ئەو وشانەی شاعیر بەکاری دەهێنان هەمان ئەو وشانەبوو کە ئاخێوەرانی زمانەکە بەکاری دێنن بە هەمان ئەو مانایەی لە شیعرەکەدایە.
شاعیر وەک زمانحاڵی نەتەوە بوو.
شاعیری تازە وشە ڕزگاردەکا لەو مانا تەقلیدییەی هەیەتی، یان هەوڵی دۆزینەوەی ڕەهەندی تازەی دەدا. پێش سەردەمەکەی خۆی دەکەوێ، بۆیە، ناتوانین بڵێین، زمانحاڵ، ڕەنگە زمانحاڵی داهاتوو گونجاوتربێ وەکو کەشفکردن.
**ڤان کوخ** کە سێوێک نەخش دەکا تۆوەکانی ناوی دیارن، کە کێڵگەیەک ڕەسم دەکا گوڵەگەنمەکانی ژیانیان لێ دەچۆڕێ، ئەو دەیەوێ بڵێ: جەوهەری ژیان کە لە خرۆشاندایە نیشان دەدەم نەک توێکڵ.

"تابلۆی لادێ پێویست ناکا بۆنداربێ".
کوخ وەکو کەسێکی میزاجتووند و سەرکێش ناسرا بوو، کەچی لە هونەردا لۆجیکی پشتگوێ نەخستووە و هاوکێشەی ناو تابلۆکانی پاراستووە لە بەکارهێنانی ڕەنگ و هێڵدا.

:١٩٨٣/١٠/٨:
ئێوارەی شەمووە. تازە تاریک داهاتووە. بە شەقامی بن قەڵاتدا دەڕۆم. گوێم لە دەنگی سەگە، لە قەڵاتەوە دێ. سەگوەڕ، ئیحایەکی سەیرم لا دروست دەکا. یەکەمین جارە ئەو دەنگە لەقەڵات دەبیستم. ئەگەر لەکۆڵانەکانی خوارەوە بایە، ئاسایی بوو. سەگی بەڕەڵڵا بە ڕەوە دەگەڕێن بە دوای خواردندا.
سەگی قەڵاتێ! تێناگەم لە ئیحای، وەکی ئەوەی سوپایەک هاتبێ و قەڵاتی داگیرکردبێ، بەو وەڕینە سەرکەوتنی ڕابگەیێنێ، یان ڕاستتر ئەوەیە، هێمای چۆڵەوانی قەڵاتە دێتە گوێم؟
من تەنیا مرۆڤم دیتیە لەوێ و سەگ و کەر و گاوگۆلک لەوێ ناژین. هەڵگەڕان بە بەدەنی قەڵات بۆ ئاژەڵ ئاسانترە. مێگەڵ و سەگم دیوە لەناو گیای بەهارانەی دەوری، ئێستا شارەوانی ڕێ لەوجۆرە کارانە دەگرێ . بەڵام ناو قەڵات.. نەمدیوە. هی ئەوەیە خەڵکەکەی شارستانن ، ناچن بەدەم بە خێوکردنی ئاژەڵەوە، یان ئاژەڵ لەو جۆرە شوێنە بەرزانە بە زەحمەت دەحەوێنەوە؟
دواجار دەگەم بەو قەناعەتەی، مرۆڤێکی نامۆم لەم شارەدا، بەو ئێوارەیە دەخولێمەوە، سەگان بەمن دەحەپن وەک ئەوەی بۆنی غەریبێک بکەن. هەستی نامۆیی، ماوەیەکە بێتاقەتی کردووم.

:١٠/١٠:
تەنیایی، هەستێکی کۆنە لە لام. لە منداڵییەوە لە گەڵمدایە. هەر ئەو هەستەش نەیهێشتووە تەواو تێکەڵی دەرەوەبم. برادەرم زۆر بوو، بەڵام بە بیرم نایێتەوە ناخی ڕاستەقینەی خۆم لە لای کەسیان هەڵڕشتبێ. هەندێک جار وەکو غرووریکی کەسیی لە خۆمدا دەیبینم.
برادەرێک پێم دەڵێ، لە سیماتەوە شتێک دەدرکێنم، ترسناکە! ناوێرم بڵێم: دەوڵەت و خێزان و ئایین قاڵبی ڤالان! هەندێک کەس ناخیان زوو ڕەنگدەداتەوە لە ڕوویان، من لەو چەشنە نیم.
جیمس جۆیس لەڕۆمانی " هونەرمەند لەتافی لاوییدا" دەڵێ، دەوڵەت و خێزان و ئایین سێکوچکەی سەرکوتکەری ئازادی تاکن، سێکوچکەی بە دۆزەخکردنی وڵاتیشن.
من کە دەمەوێ هەبم و سەربەستی خۆم بپارێزم، لەو دۆزەخە چۆن ڕزگارم دەبێ؟ تاکە ڕەفتار ئەوەیە بەشداری ئەو دۆخە نەبم.
گاندی ( هاوکارینەکردن و بەکارنەهێنانی زەبروزەنگ). ئەو سەرکردەی میللەتێکی چەند ملیاری دەکرد، من شاعیرم دەنووسم. کەواتا بە نووسین خۆم جیا دەکەمەوە.
ڕاگرتنی ئەو بالانسە لە ڕۆژانی جەنگ و ئاژاوەدا ئەستەمە، لە هەمان کاتدا زەرووڕە.
ترسم هەیە ئەو سێکوچکەیە ماهییەتی نیشتمان تێک بدا، بۆ نا؟ هیتلەر و ئەڵمانیا.

**١١/١١:**
نەمام نێژرا
بەتەور تێی کەوت
سۆپا پڕ دار
(ئەمە خوێنبەربوونی زەمەنە)
خۆڵەمێش
گەرمە
(ئەمە هەوڵی ڕاگرتنی زەمەنە)

*

دارەکە!
سەرمای لەشی دەرکرد
ناوی خۆشەویستەکەم لەسەر هەڵکۆڵیبوو .

شیعرێکی گۆران- م دێتەوە یاد: ئەی قژ زەرد!
هەتا دنیا دنیایە ئەو قژ زەردە لەناو دەرگایە
شیعر ڕاگرتنی زەمەنە لە ساتێکی ئەبەدییدا.
( ئەم کۆپلە شیعرانە، پێش چل ساڵ نووسیومە، ئێستا کە دەگەڕێمەوە سەریان هێشتا ئاونگی شیعرییەتیان بە سەرەوەیە، بەڵام نازانم بۆ چەند دەقێکم بەو نەفەس و تەشقە نەنووسیوە؟ چڕی زمان و وێنە نهێنی مانەوەیە).

**شەوی١٥/١٦/١٠:**
فڕۆکەیەکی تورک لە بادینان کەوتەخوارەوە. فڕۆکەی تورک چی دەکا لە ئاسمانی بادینان؟ ئەو خاکەی ناوی لەسەر نەخشەی جیهاندا بزرە. بەرژەوەندی دەوڵەتەکان نرخی میللەتانیان کردووە بە پەڕۆ!

گوێ لە( دانووبی شین) ی شتراوس دەگرم. مۆسیقا ئاوی لیمۆیە، چەوری ناو دەمار دەتوێنێتەوە. خوێن پێویستی بەمۆسیقایە. هەموو شتێک مۆسیقایە. حەزدەکەم قەڵەمەکەم بە دەستەوە بێ و بە دەم مۆسیقاوە سەر بخەمە سەرلاپەڕەی سپی بەردەمم و بخەوم. مەرگیش بە مۆسیقاوە ئازاری سووکترە.
دانووبی شین ساڵی ١٨٦٦ وەک نۆتەی مۆسیقا نووسرا. یوسیف فییل وشەی بۆ نووسی. دواتر وەک سروودی نیشتیمانی نافەرمی نەمسا ناسرا. جوانی و خۆشەویستی ڕووبارێک کە دووەم درێژترین ڕووباری ئۆروپایە و لە دارستانەکانی ئەڵمانیاوە دێ و سنووری دە وڵات دەبڕێ تا

دەڕژێتە ناو دەریای ڕەشەوە، سەرچاوەی ئیلهامی شتراوسە، بەڵام ئەوە شتراوسە کردی بەو دانووبەی من لە دووری هەزاران کیلۆمەترەوە بێ ئەوەی ببینم هەستی پێ بکەم، خۆی نا، شەپۆلە مۆسیقییەکانی. لەناو بێدەنگی شەو لەگەڵ ئاوازەکانی بکەومە دۆخێکی تایبەتەوە: لە ئەشکەوتی دوورگەیەکی چۆڵ، گوێم لە دەنگێکە بانگم دەکا، کە دەگەم ئیتر کۆترەکێوی و باڵندە جۆری فڕین و خوێندنیان دەگۆڕێ. ئاژەڵەکان بە جۆرێکی تر زاوزێ دەکەن، بێچوەکانیان لەگەڵ هەناسە دێنە دنیاوە و بە هەناسە گەورەدەبن.
سەرەتا بە هێمنی سروشت شادم، هەرچەندی ڕۆدەچم ژاوەژاو کەمتر دەبێتەوە. لە شوێنێک کە پێدەچێ ماڵی حەوانەوەی خواوەندەکان بێ، جێمابێ. وەک ئەوەی کەس دەستی لێ نەدابێ. لەسەر فەرشی بە ئاونگی دانووب تەڕ لێی ڕادەکشێم، چاوەڕێی هاتنەوەی خاوەن ماڵ دەکەم. بەخێر هاتی میوان!

ڕەنگرێژی خۆشەویستی وەهایە، نەک بژی! بژی !

**:١٠/١٧/١٦**

شاعیری گەل؟!

ئەو جۆرە نازناوە دەستکردی سوشیالیستەکانە، نەتەوەییەکان لەوانەوە فێربوون. بۆ ئەو شاعیرانە بەکاردێنن کە گرێدراوی بزووتنەوەی سیاسی سەر بە خۆیانن.
لە هەندێک مەحفەل بۆ هەژاری موکریانی و لە مەحفەلی تر بۆ قانیعی بەکاردێنن.
ئەزموونی شێرکۆ بێکەس و مەحکوومکردنی بەو دەستەواژەیە، سنوور دانانە بۆ شاعیرێک. نازانم شێرکۆ خۆی چۆن بیر دەکاتەوە؟ شتێکی ئەوتۆی ئەوم لەبارەی جیهابینی و ڕوانگەی تەماشاکردنی بۆ ژیان و شیعر نەخوێندووەتەوە. ئەوەی هەیە ئەو نووسینانەیە کە بۆ بەرگری لە ڕوانگە و دژی کوێرەڕەخنە نووسیبووی. لەوێش دیسان تێگەیشتنێکی ڕوون نابینی بۆ ئەدەب. بەگژ کوێرەڕەخنەدا چووەتەوە. کوێرەڕەخنەش مەبەست لێی مارکسی و سۆشیاکلیستەکانە. کەچی دەبینین شێرکۆ خۆیشی بە هەمان کەرەستەی ئایدیۆلۆژیا دژ بە ئایدیۆلۆژیایە.
ئەزموونی شێرکۆ دەچێتەپاڵ ئەزموونی شاعیرانی وەکو نازم حیکمەت، نیرۆدا. ئەویش لەڕووی شیعرییەت و تێکەڵبوونی شیعر لەگەڵ جیهانی سیاسەتی ڕۆژ لە یەکەوە نزیکن، بەڵام شیعرییەت زاڵە نەک قاڵبی فیکر. ئەو جۆرە ئەزموونە دوای ساڵانێک تەنیا پووختە شیعرەکانیان دەمێنێتەوە، زەمەن زیادە ناشیعرییەکانیان لێ دادەماڵێ. لە ئەزموونی ئەو شاعیرانەدا زۆرجار غەدرێک دەبینی، ئەویش ئەوەیە، هێندەی باسی ژیانی سیاسی و پەیوەندییەکانیان دەکرێ هێندە باسی شیعرەکانیان ناکرێ. شاعیرەکان خۆشیان هۆکارن بۆ ئەو جۆرە خوێندنەوەیە.

بۆ ئەوەی غەدر لە شێرکۆ نەکەین دەبێ ئەو ڕاستییە بگوترێ، کە شێرکۆ هەموو ژیانی بۆ شیعر تەرخانە و ئەو لەناو هەموو برادەرانی خۆی باشتر بایەخی بە هەڵکشانی ئەزموونی خۆی داوە وەک شاعیر.
من سەرسام نییم بەو جۆرە ئەزموونە، خۆ بەستنەوە بە نەتەوە، بە جۆرێکی تر دەبینم، نەک وابەستەبوون بە بیرکردنەوەی باوی سیاسی و خزمەتکردنی ڕێچکەیەک!
شیعری کوردی پێویستی بە بۆچوون و ئەزموونی تازە و جیاوازە، نەک دژایەتی و ڕەتکردنەوە.

**١٠/١٩:**

لەسەر گومبەتە خۆڵێک
بەیداخێکی ڕەش .
لەنێوان شەو و بەیانیدا ، دەمرم
بەیداخێکی ڕەش
لەسەر گومبەتە خۆڵێک

فەراهیدی پێش ئەوەی بە بازاڕی مسگرەکان تێپەڕێ و گوێی لە ئیقاعی زرینگانەوەی مس کوتین بێ، لە لێواری بیرێک نزیک ماڵیان گوێی لە دەنگدانەوەی دەنگی خۆی دەبوو لە قووڵایی بیرەکەدا: من مەیلی شیعرم بۆ ئەو دەنگدانەوەیە نەک مس کوتینەکە!
ئیلیۆت دەڵێ، کێشی شیعرم پەیوەندی بە دەنگی ماشێنەوە هەیە.
کێشی شیعرم لە خەونەکانمەوە هاتووە بۆیە ئیقاعیان جودایە.

**../ ١٠:**

ئۆردووگای بێ پیاو ! ئەمە ناونیشانێکی خەیاڵییە بۆ ڕووداوێکی واقیعی.
پێشتر گوێم لێ بووە، گوندێک هەیە ئاکنجیانی هەمووی مێن. پیاوی تێدا نییە.
ئۆردووگای قوشتەپە کە خێزانە بارزانییەکانی تێدا نیشتەجێن، ئەو جێیەی خەیاڵە. خۆزگە دەمتوانی ئەو واقیعە بکەم بە کەرەستەی نووسینێک. ئەو جۆرە فەزایە وەکو خۆی فۆتۆگراف دەرەقەتی دێ. ئەگەر بتەوێ بینای هونەری لەسەر دروست بکەی دەبێ بیر لە سیناریۆ بکەیتەوە بۆ فیلمێک. شیعریش هێندە دەستەپاچە نییە، نوقسانییەکە لە منە. خۆم هەست بەو کورتهێنانەی دەربڕینی خۆم دەکەم.
مانگی تەمووز هەردوو ئۆردووگای قودس و قادسیە لە قوشتەپە کە بارزانییەکانی تێدا نیشتەجێکرابوون لە لایەن هێزی ئەمن و سوپای عیراقەوە گەمارۆ دران. ئەوەی نێرە ( پیاو وکوڕ ) هەموویان بردن و شوێن بزرن.
ژن و کچەکانیان جارجار دەبینم بە پشتی پیکاپی جووتیاران لەکار دەگەڕێنەوە. هەندێک جاریش لە شێخەللا دەیانبینم، سندووق و تەختە شرِی کۆن و گوریس و تەپشوو و خاکەناس و ناوماڵەکانیان دەفرۆشن.

ئەو ڕووداوە جگە لە بارە نەتەوەیی و سیاسییەکەی ڕەهەندێکی ئینسانی زۆر کاریگەری هەیە، خەیاڵێکی ئازاد و تیژی دەوێ بۆ هەڵکۆڵینی.
بارزانییەکان عەشیرەتێکی زۆر جیاوازن لە ڕووی بیرکردنەوە و دابونەریت و کەمتر کاریگەری ئیسلامیان بەسەرەوەیە.

**١١/١١:**

جوانی بەرەو گونجان ویاسا دەمانبا، یان شڵەژان و مەرگ؟!
نموونەی یەکەم: میر میشکینی دیستیۆفسکی.
نموونەی دووەم: گۆستاف ئاشنباخی تۆماس مان.
جوانی لای کیرکیگارد ئیمانە.
ئیلیۆت کە دەڵێ، شیعر دەبێ بمانترسێنێ، مەبەستی لە جوانییە لەناو شیعردا.

- پێستی هێند سافە دەڵێی شیرە!
پاکییەک هەیە لە شیردا وێنەی نییە بۆ وەسفی پێستی ژن.
ئەو وەسفە ئارامبەخشە.
- پێستی ئاگرە! ئەمەیان شڵەژێنە.
ڕەنگدانەوەی جوانی لە ناخی بەرکەوتەدا لە ئەدەبی نوێدا گرنگە.

**١١/١٣:**

کە دەڵێی " کندر، یان گوریس " مەبەست ئەو پەتەئەستوورەیە کە بۆ بەستنەوەی ئاژەڵ و پاراستنی بە کاردێ. هەمان گوریس ئەگەر قەفی لێدرابێ بە سێدارەوە ماناکەی دەگۆڕێ.
منداڵێک ناتوانێ ئەو جیاوازییە بکا، ئەوە ئەزموونە پێمان دەڵێ، ئەویان مانای ژیان دەدا و ئەمیان مەرگ.
منداڵ سەرەتا هەست بە گەرمای ئاگر دەکا، کە پەنجەی دەسووتێ دەڵێ بقەیە! دەترسێ لێی و هەست بە مەترسی ئاگردەکا. جوانیی ئاگرە، گەرمییەکەی ئەخلاق و ئارامییە، وەختێ دەسووتێنێ مەترسییە.
گوڵێکی سوور لە تاریکیدا ئەو هەیبەتەی نییە، لە ڕووناکیدا شتێکی ترە. هەستکردنە بە بوونی شتەکە وەک کارلێکەر.
باری دەروون خاڵێکی تری ئەو پەیوەندییەیە، چۆن؟
کاتی ئاسایی، باخچەیەکی پڕ گوڵ دەبینی جۆرە ئینتیباعێک دەدا، کاتێک کەسێکی مەحکووم بە ئیعدام لەپشتی پەنجەرەی زیندانەوە دەیبینێ شتێکی ترە. هەروەها باڵندە و هەورەکان ...
گوریسی سێدارەش، لە کاتێکی ئاساییدا ببینی ئیحات پێدەدا بەڵام مەرج نییە بترسێنێ، کاتی تر ترسێکی گەورەت پێدەدا.

**:١٢/١٣**

**ژیان سەرچاوەیەکی زیندووە بۆ ئەدەب.**

لە **ئەرستۆ**یان پرسی، ئەو هەموو زانیارییەت لەکوێ هێناوە؟ وتی، لە شتەکان، ئەوان نازانن درۆبکەن.

دیستیۆفیسکی لە برایانی کارامازۆف دا دەڵێ، ئیمانم بە بەهای ئەو یاسایە نییە کە حوکمی جیهان دەکا. با دان بەوە دابنێم. بەڵام من پەلکی درەختەکانم خۆش دەوێ کە شەونم تەڕیکردوون کاتێک تازە سەردێنن لە بەهاردا.

گۆتێ: داری ژیان بەردارترە.

ژیان کاویەی داغ بووە، لەکوێ بەرتکەوێ ئەوێت دەسووتێ!

مایکل جاکسن وەک گۆرانیبێژ لە دایک بوو، هربەرت ڕید دەربارەی بیکۆلسن دەڵێ، کە لە دایک بوو فڵچەی بە دەستەوە بوو.

" کێیە ئەوەی بە مەملەکەتی مردوواندا تێدەپەڕێ،  بێ ئەوەی مەرگ بناسێ " دانتی سروودی هەشتەمی دۆزەخ. مەبەستی لە خۆیەتی کە زیندووە و بە هاوڕێیەتی ڤرچیل چۆتە مەملەکەتی مردووان.

ئایا پشیلە دەبۆرژێ؟

توێکل لە ڕووی هونەرمەند لادە منداڵێک دەبینی، لەبارەی شۆپانەوە جیمس هۆنیکەر دەڵێ. لەبارەی سەلاح شوانەوە: شیعر بەرەو شەقام نابا بە کۆڵانە پێچاوپێچەکاندا دەیبا.

گلەیی لە نالی دەکەن بۆ شیعری بۆ مەولانای نەقشبەندی نەنووسیوە؟ گلەیی لە باز ناکرێ، ئەو خۆی دەزانێ چۆن دەفڕێ.

ئەی بۆ بۆ ئەحمەد پاشای نووسیوە؟ پرسیارێکی موحەیەرە. بە پێچەوانەی بۆچوونی محەمەدی مەلاکەریم لەکتێبی ( نالی لەکلاوڕۆژنەی شیعرەکانییەوە) لاپەڕە ٧٣دا.

نالی قانوونەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی باش زانیووە، ئەو شیعرەی بۆ سوپای ئەحمەد پاشای نووسیوە گەواهییە.

**:١٢/١٥**

مانگەکان بەگوێرەی ساڵنامەی کوردیی: ۶ دانەیان ٣١ ڕۆژە و دەکەونە سەرەتای ساڵەوە، ۵ دانەیان ٣٠ ڕۆژە دەکەنە کۆتایی ساڵ و ڕەشەمێ کە دوا مانگی ساڵە ٢٩ ڕۆژە و چوارساڵ جارێک ٣٠ .

ساڵنامەی کوردی ٧٠٠ پێش زایینە و دروستکردنی ئیمپراتۆری مادی کردووە بە سەرەتا. نازانم چ ساڵێک ئەو حسێبە وا کراوە، بەڵام هەر میللەتێک بۆ خۆیان ڕێککەوتوون لەسەر سەرەتایەک بۆ ئەم مەبەستە. ساڵی زایینی لەدایکبوونی مەسیح- یان کردووە بە سەرەتا. ساڵی هیجری ساڵی کۆچی پێغەمبەر محەمەد-یان هەڵبژاردووە. ڕۆمانییەکان ساڵی دروستکردنی ڕۆما. هەندێک لەوانە مشتومڕی زۆریشیان لەبارەوە هەیە. لەبەر ئەوەی ئەو سەرەتایە پشت بە گێڕانەوەی مێژوویی دەبەستێ و هیچ بوارێکیش هێندەی مێژوو گومانی لەسەر نییە؛ بۆیە هیچ نەنگییەک نییە ئەگەر کوردیش شتێکی لەو چەشنەی کردبێ.

فیرعەونیەکان جەستەی مردوویان دەپاراست. باوەڕیان بە زیندووبوونەوەی هەبوو. خشل و پێداویستی ژیانیان مۆمیادەکرد، هەتا دەنکە گەنمیش؛ بۆ ئەوەی لەو دنیا بیچێننەوە.
هیندیەکان دەیسووتێنن. ڕۆح لە چەرخوفەلەکی ژیان و مردن ڕزگاری دەبێ لە ڕێی نێرڤاناوە.
بابلییەکان چارەنووسی خەڵک و قەدەریان بە ئەستێرەکان دەبەستەوە.
زەردوشتییەکان لاشەی مردوویان لە(دەخمە)بورجی بێدەنگی دادەنا تا شی بێتەوە باڵندەی گۆشتخۆر بیخۆن.
جیهانی هەستپێکراو لای هەندێک لەو ئایین و گرووپانە، هەروەها جەستەی مرۆڤ سەرچاوەی پیسیی و گوناهەکانە. ڕۆح پاکە و لەیەکەم هەلدا کە مردنە لە لەش جیا دەبێتەوە و دەچێتە جیهانی ئەبەدەوە.
جیهانی نوێ بە پێچەوانەی ئەو بیروباوەڕانە بایەخی زیاتر بە جەستە دەدا، ڕۆح و جەستە وەک هاوشان و تێکەڵی یەک دەبینێ. جودا کردنەوەیان مەحاڵە.
سەرچاوەی جوانی لە شیعری نوێدا جەستەیە، وەک چرا ڕۆح ڕووناکییە دەتوانی دایگیرسێنی و دەتوانی بە کوژاوەیی بیهێڵیتەوە.

**١٩٨٤/١٠/٢٤:**

هەر واقەواقی دڵمە بەدەستی فیراقەوە
وەک ڕێوی کەهەردوو گونی بێ بەفاقەوە

شێخ ڕەزا تەرکیبەی شیعریی و تێگەیشتنی بۆ شیعر گۆڕی. لە هەندێک شیعردا بەرهەڵستی بڕیاری کردگار دەکا. ئەو شیعرە فارسیەی لەسەر کێلی گۆڕەکەی نووسراوە، خۆی بەراورد دەکا لەگەڵ سەگی ئەسحابی کەهف. دەڵێ، بۆ ئەو بچێتە بەهەشت، منیش کە سەگی ئەسحابی تۆم نەچمە بەهەشت.
قسەیەکی پۆل هازار هەیە لەبارەی دۆنکیخۆتەوە: جیهان سەرگەردان دەبوو ئەگەر هەموو کەس وەکو دۆنکیخۆتە بان، بەڵام سەرگەردانیش دەبوو بە دڵنیاییەوە ئەگەر دۆنکیخۆتەمان لەناو نەبا.
شیعری کوردی بێ شێخ ڕەزاش وا دەبوو.

**:١٠/٢٥**

هەڵبژاردنی ئیتحادی ئودەبای عیراق/ لقی کوردستان کرا. ١٤٠ نووسەر ناویان هاتبووەوە، پەنجایان ئامادەبوون، زۆرینە موقاتەعەی کرد.
محەمەد ئەلجەزائیری لە ژمارە ٢٥٧ی ١٩٨٤ی گۆڤاری ( الفنون ) دا کە سەرنووسەری بوو، لەبارەی کۆنگرەی یەکێتی نووسەران و ئەدیبانی کوردەوە دەڵێ:
هەندێک لە نووسەرانی کورد عارەبانە دەخەنە بەر دەمی ئەسپەوە! هیچ شتێک سەرسامیان ناکا، وابەستەی باری سەرنج و تێڕوانینی خۆیانن بە تەنیا.. گفتوگۆ ئەگەر ساڵانێکیش بخایەنێ بۆچوونیان ناگۆڕێ؛ چونکە ئەوان بە تی چاوێک سەیری یەکێتی ئەدیبان دەکەن و بە تی چاوی تر سەیری " شاخ " و "چەک" دەکەن.
بەعس کۆپی حیزبە کۆمۆنیستەکانە بە جلی ڕەشی عرووبەوە.

هیچ کەس وەک خودا نییە. بنیادەمی سەرپشک کردووە بۆ خێر و شەڕ.کەچی ئایینەکان شمشێریان هەڵگرتووە بۆ سەلماندنی. ئەرێ کوچک لە ئاگر گەرمترە. خاوەن ماڵ دەرگای لەسەر پشتە، هاوسێ دێن گاڵەی دەدەن.

وتی ٥ ساڵ ڕێی نێوان بەردحوشتر و دارەبەنم کوتایەوە بۆ خوێندن. هەندێکجار لەبەر سەرما دەستم دەتەزین و دەگریام. دوای ئەو هەموو ماندووبوونە، مەکتەبم جێهێشت. بوومە جاش! ( نموونەی ئەو جۆرە قوربانیانە زۆرن ).

**:١٩٨٦**

بە تاسەوە پێشوازی ساڵی نوێ ناکەم. لە یانەی مامۆستایان: ع.ع.یوسف و ج. بەرزنجی و م. زامدار و سەراج و ڕێدار ئەنوەر چەند کاتژمێرێک بە یەکەوە دەبین.
دەگەڕێمەوە لە باوەشی (ڕامان) دەنووم. باوەشی کچ بۆ باوک جۆرە دڵەڕاوکێیەکی تێدایە، ترسە لە داهاتوو، ئەوە دەسەلمێنێ باوک بێ هیوا و بێ هوودەیە لەوەی دەتوانێ بیکا بۆ داهاتووی منداڵەکەی، بۆیە خۆی تەسلیم بە بێگەردی و بەرائەتی منداڵ دەکا.
[ نایێتەوە یادم بۆ من و ڕامان و بەس؟ ئەدی نەهلە و دەوەن؟]
[ بە بۆنەی ئەو پێکەوە بوونەمان، دەمەوێ چەند وێستگەیەکی پەیوەندی من و ڕامانی کچی گەورەم بگێڕمەوە.
کە لە دایک بوو من لە شاخ بووم. بە هۆی فیراری سەربازییەوە لایان نەبووم. چل ڕۆژ تێپەڕی، ئەوجا دوو شەو بە یەکەوە بووین لە وەرتێ، لەژێر خیوەتێکدا. دواتر کە بە سەر پێیان کەوت ئەوجا دیتمەوە. ئەو سەرەتایە بۆ من و نەهلە ناخۆش بوو.
ساڵانی دواتر، کە هێشتا نەچووبووە بەرخوێندن، زۆرجاران بە سەعاتان بە دیارمەوە دادەنیشت، بە یاریەکی منداڵانەوە خەریک دەبوو، منیش خەریکی خوێندنەوە، یان نووسین دەبووم، بێ ئەوەی بۆ ساتێک هەست بە بێزاری بکا یان مەشغوولم بکا بە خۆیەوە.

ئێستاش کە گەورەبووە بۆ خوشک و برای وەک دایک هەڵسووکەوت دەکا.
کەسایەتییەکی بە هێزی تێدا ڕوواوە، ڕێک دایکییەتی لە بەخشندەیی و میهرەبانییدا.] ئەم چەند پەرەگرافە مۆنۆلۆژی دوای ڕووداوەکانە.

**:١/١**

بەشی سێیەمی ( الثابت والمتحول ) ی ئەدۆنیس دەخوێنمەوە.
نووسینەکانی ئەدۆنیس کاریگەریان زیاترە لە تێکستە شیعرییەکانی. لەناو شیعرەکانیدا کتێبی ( مفرد بصیغة الجمع) جوانترین دەقی نوێی ئەو شاعیرەیە. دواتر کە کتێبی( الکتاب ) م خوێندەوە، بینیم هەمان شێوازی ئیشکردنە لە ڕووی تەکنیکەوە. هەردوو کتێب تا ئێستا جوانترین کتێبی ئەدۆنیسن.
کڕینی کتێبی ( الکتاب ) سەربووردەیەکی هەیە. دوای ڕووخانی سەدام، وەفدێکی فەرمی دەچوونە میسر. برادەرێکی منی تێدابوو. داوام لێیکرد ئەو کتێبەم بۆ بێنێ.کە هاتەوە دیتم کتێبەکە سێ جلْدە و قورسیشە، کەمێک ئیحراج بووم، بەڵام خۆشی دەستکەوتنی کتێبەکە، ئەو هەستەی لە بیربردمەوە. ئەوکات، کتێب کەم بوو لەوڵات، بەهۆی ئابلۆوقەوە بڵاوکراوەکانی دەرەوە نەدەگیشتنە کوردستان.
مشتومڕ لە بارەی تازەگەریی لە ئەدەبی کوردییدا تازەیە. زیاتر لە دانیشتنەکاندا باس دەکرێ. لە بەرانبەریشدا دژایەتی بۆ تازەگەریی زۆرە. هەندێک لەوانە ئێستا دژایەتی تازەگەریی دەکەن، لەکۆندا خۆیان بانگەشەی تازەگەرییان کردووە وەکو حسێن عارف و سەلاح شوان لە گۆڤاری کاروان و دەزگای ڕۆشنبیریی بەغداد.

**:١/٣**

یەکێتی نووسەرانی ئەملا ئەولا !
عەباس وتەنی، حێوترِ! ( ع.ع. یوسف وشەی ترِحێوی هەڵگێڕابووەوە).
( یەکێتی نووسەران لەناو شار هەبوو لە شاخیش دروستیانکردبوو ). لەگەڵ هەردووکیان نییم.

جیابوونەوەی تاقمەکانی شاخ بە هێزتر دەبێ و هیچ ڕوونییەک دیار نییە لە ئاسۆی پێکەوە ژیانیان.
کات زۆرە : دەتوانم تەماشای هەورەکان بکەم و بارانیش تەڕم بکا. بچمە سەر قەڵات و مێژووش هەڵگێڕمەوە. باسی دەوڵەتێکی جیهانیی بکەم! زۆر شتی تریش. بەڵام کات نییە کە مردن دێ ناتوانم سەیری خۆم بکەم!
شتێک هەیە لە جەنگدا پێی دەوترێ، ئەرزی حەرام! دەستەواژەیەکە بۆ ئەو شوێنەی دەکەوێتە نێوان دوو دوژمنی یەکتر. لەوێ زەمەن دەلالەتی تری هەیە، هەموو ساتەکانی تیژو هەڕەشاوییە. نێوانی من و مردن ئەو ئەرزی حەرامەیە!

هەر دەخوێنمەوە و فریا ناکەوم. دەگەڕێم و ئەوەی دەمەوێ نادۆزمەوە، هەوڵدەدەم و بە هیچ ڕاناگەم.

**:١/٦**

ڕەمزییەکانی فەرەنسا کەڵکیان لە ئەزموونی شاعیرانی ئینگلیز وەرگرت. ڤیرلین ماوەیەک لە بەریتانیا دەژیا. مالارمێ مامۆستای زمانی ئینگلیزی بوو. ئیدمۆن ویلسۆن لە کتێبی قەڵای ئیکسڵ ئاماژە بۆ ئەو باکگراوندە دەکا کە ڕەمزییەکان سەرچاوەی دەرەوەی فەرەنسایان زۆربووە، لەوانە، ئەڵمانی و یۆنانی و فلمینکی و بەتایبەتیش ئینگلیزی.
دۆزینەوەی ئەدگار ئالان پۆ لە لایەن بۆدلێرەوە و وەرگێڕانی شیعرەکانی بۆ فەرەنسی و سەرلەنوێ ناساندنی دۆزینەوەیەکی تری ئەمریکا بە ڕێچکەی فەرەنسایی.
پۆ لەو شاعیرە دەگمەنانەیە کە ڕەوتی شیعری نوێی گۆڕیوە. بۆدلێر وەها وەسفی دەکا:
پۆ بە ئەڤینی بۆ جوانی، بە شارەزایی لە مەرجە نەغمەییەکانی جوانی، بە شیعرە ئازاراوییە قووڵەکانی، لە هەمان کاتدا بەوپەڕی دانایی داڕێژراو، ساف و ڕوون وەک گەوهەری بەللوور، - بە شێوازی سەرسووڕهێن، بێگەرد و غەریب، تۆکمە وەک بازنەکانی خۆپاراستن... تا دەگاتە ئەوەی دەڵێ، پۆ نووسەری دەمارەکان بوو، شتێک لەوەش زیاتر، - باشترینەکان لەناو ئەوانەی دەیانناسم.
هەندێک بۆدلێر وەکو زیاتر لە برایەکی پۆ دەبینن. هەردووکیان هاوڕان کە " شیعر هیچ ئامانجێکی نییە جگە لە شیعر، ناکرێ ئامانجی تری هەبێ" . ژیانی پۆ " تایەک ناوی ژیانە" وەک خۆی لە شیعری بۆ ئانی دا نووسیویەتی.
موفارەقەی پۆ ئەوەیە ئەوەی نەیناسێ وەها مەزەندە دەکا دەوڵەمەندێکی بەختەوەرە و جارجارە لەناو سەرگەرمی کارکردن پەنای بۆ شیعرنووسین بردووە، کەچی لە ڕاستیدا هەژاریی بەردەوام ژیانی پڕ ژەهر کردووە تا ئاستی بەدبەختیی.

هزرم پەرتە. دەبێ ماوەیەک پشوو بدەم. زۆر شت هەیە ئەگەر فریایان نەکەوم بن گۆم دەبن لەناو پاڵەپەستۆی ڕووداوەکان و خوێندنەوەی بەردەوامدا. نووسین و ڕامان فریادڕەسن.
جۆرج ماکبێس شاعیرێکی نوێی ئینگلیزە. لە شیعری (چوارینەی جەنگ)دا دەڵێ:
ئاژاوە گەورەکان شەکەتیان کردین
وامان لێهات توانای گوێگرتنمان نەبێ لە مۆسیقا
هەموو
نزیک بۆمبەکانیان خەوتن.
ماکبێس، سکۆتلەندییە. چوارینەی جەنگ شیعرێکی درێژە لە چوار بەش پێکهاتووە. هەوڵێکە بۆ وەسفی چوار خاڵی وەرچەرخان لە دووەم جەنگی جیهاندا، لە گۆشەنیگای چوار کەسەوە کە بەشداربووی جەنگەکە بوون. هونەری شیعری ماکبێس لەوەدایە خۆی بەشداری جەنگ نەبووە، کەچی ئەوپەڕی شارەزایی لە دەربڕینەکانیدا هەیە، کاتێک باسی ڕووداوەکان دەکا. ئەو

پشتی بەو نامانەش بەستووە کە سەربازانی ئەڵمان نووسیویانە. شیعرەکە ساڵی ١٩٧٠ بڵاوبووەتەوە. یاسین تەها حافز کردوویەتی بە عارەبی من ئەوم خوێندووەتەوە.

شیعری جەنگ بنووسی پێویست ناکا ئەزموونی ناو جەنگت هەبێ؟
ئەو ناوچەیەی ئێمە تێیدا دەژین ئەزموونی جەنگ تێیدا کەڵەکەیە و نووسین لە بارەیەوە کەمە. ئایا هی ئەوەیە هێشتا هەژموونی جەنگ بەردەوامە، لەگەڵ جەنگ نێوانمان تێنەکەوتووە؟
گومان لەو بیانووە دەکەم. هێشتا پرسیارەکە بێ وەڵامە : بۆ شیعری جەنگمان نییە؟

خوودە هێمایە بۆ سەرباز لەکاتی جەنگدا. ئەگەر خوودەیەکت دیت لە قەدی کێوێکدا و لەگەڵ قەدی درەختێک تێکەڵ ببوو، مێژووی داگیرکاریی تێدا دەبینییەوە. کورد خوودەی بەکار نەهێناوە، جەنگاوەری میللی بووە.

به دۆڵێکدا دەڕۆی، بڕۆ ئاوڕ مەدەوە
خوودەی کۆن دەبینی تێکەڵ قەدی دار بەڕووە مۆمیاکراوە
تفەنگی شکاو دەبینی/ مافووری کەللەسەر دەبینی
شکستی بەردەوام دەبینی
ژنی لە مۆمی تواوە بەسەر بەژنی خۆی
پیاوی لە ژەنگی دەستی خۆی
هەموو ئەوانە دەبینی، ئاوڕمەدەوە
تا دەگەیتە ئەشکەفتی هەزار خێو!
دەرگای لە بەرد بکەوە
ڕووحێک لە شێوەی بزنێک بەستراوەتەوە
سیحری لێکراوە، لە بنچینەدا منداڵی هیوایە!
ڕزگاریکە و هەڵیگرە و بیهێنە دەرەوە
بێ ئەوەی ئاوڕ بەیتەوە
وریابە شیری گوانی نەڕژێ
هەر دڵۆپێک لەو شیرە بەربەستێکت دێنێتەڕێ
یەکیان دەبێ بە سابوون و هەتا ماوی دەخلیسکێی
یەکیان دەبێ بە جەنگەڵ و دڕکەڵان، تا ماوی عاسێ
ئەوەی تریان بە گۆم و زەنەکی خوێن
نەمزانی و لە دوا ساتدا ئاوڕم دایەوە
منداڵی هیوا کەوتە کوێ؟!

* *منداڵی هیوا شیعرێکی بەناوبانگی دڵدارە.*

**:١/١٤**

ناسیح حەیدەری لە ( ڕۆشنبیری نوێ ) باسی هاتنی مەولانا خالید دەکا بۆ هەولێر. گۆیە، چەندجارێک هاتووە. لە دانانی بناغەی مزگەوتی خانەقا بەشداربووە. دەڵێ، نالی- ش چەندجارێک هاتووە.
ئەو قسانە دەچێتە خانەی گێڕانەوەیەکی هاکەزایی. چۆن هاتووە و کێی دیتوە و لەگەڵ کێ گفتوگۆی کردووە، چیان باس کردووە؟
هێندە هەیە مەولانا لە هەولێر موریدی هەبووە. مزگەوت و قوتابخانەی ئایینی دیاریشی تێدا بووە بۆ ئەوەی مەلایەکی زانای وەکو نالی بێ بۆ سەردانی.

**:١/١٥**

لەگوێر زۆر کەسم دەناسم لە کورد و عەرەب. ئەو ناوچەیە دەمێکە پێکەوە دەژین و زۆر خەسڵەتی هاوبەشیان هەیە.
چەم و ئاوێکی زۆری لێیە، تەنیا بۆ کشتوکاڵ بەکاردێ. بۆ سەیرانکەروگەشت خۆشە، بەس هیچی لێ نییە، نە کافێیەک و نە گازینۆ و باڕێک.
گوندەکانی زۆر وێرانەیە. دیواری ماڵەکان خشتە، ماڵ نییە شوێنێکی نەڕووخابێ بێ ئەوەی چاک کرابێتەوە.
ڕۆژێک میوانی خزمێکی شێخ حەنەش بووم. خاوەن ماڵەکە ناوی سفووک بوو. لە بارەی پەیوەندی کورد و عارەبەوە لێم پرسی، وتی ، ئێمە ئامۆزای یەکترین. ئەو هەستەم لە لا جوانە.

**:١/١٩**

باران دەبارێ. وردەوردە دەبێتە بەفر.
نەهلە نەخۆشە. تاقەتی نییە تەماشای بەفرەکەش بکە، دەڵێ، ڕقم لە بەفرە!
بولبولەکانم جۆری خوێندنیان دەگۆڕێ، هی بەفرەکەیە. باڵندە هەستیان بەهێزە.
ماسییەکانی ناو حەوزەکە ڕەفتاریان گۆڕا، دەڵێی، کاتی گەرادانانیانە.

**:١/٢٣**

پێشنیوەڕۆی دوێنێ بەفرێکی باش باری. تا ئێوارە و شەویش هەر بەردەوام بوو.
دنیا ساردە. شەو درەنگ لە یانەی ئەندازیاران دێمە دەرەوە هەموو شوێن بەستوویەتی.
برادەرێکم لە ژووری سەرەوەی یانەکە قوماری دەکرد، بانگی سەرمێزەکەی کردم، نەمتوانی زۆر بمێنمەوە. وتیان هەموو شەوێ تا بەرەبەیان دەمێننەوە.
جیهانی قوومار سەیرە؟ شتێکی جوانی هەبێ، سووککردنی دراوە! بە جۆرێک سووک دەبێ لەگەڵ خۆی خاوەنەکەشی سووک دەکا.

**:١/٢٤**

بەیانی درەنگ لە خەو هەستام. تیشکی هەتاو ژوورەکەمی گەرم کردبوو. شەختە ملی گوڵ و دەوەنەکانی شۆڕکردبووەوە. باخچەی دەرەوە دەبریسکایەوە. هێمنیی و بێدەنگی دەرەوە هەستپێکراو بوو، پێ ناچێ کەس بە دەرەوەبێ.

شەوی ڕابردوو، لە بەرنامەی ڕۆشنبیری کوردی تەلەفزیۆنی بەغداد، کە سەعید زەنگنە ئامادەی دەکا، چاوپێکەوتنێکی من بڵاوبووەتەوە، من نەمدیبوو. نەهلە بۆی باسکردم.

ئەو چاوپێکەوتنە لەسەر پێشنیاری مەحموود زامدار بوو. لە کاتی چاوپێکەوتنەکەدا کەمێک ئیحراج بووم، لە پرسیارێک سەبارەت موعاناتی عیراقیەکان. زەنگنە دەیویست پارسەنگی وەزیفەی خۆی و خواستی من ڕابگرێ بۆ ئەوەی تووشی لێپرسینەوە نەبێ، لەوەی من باسی موعاناتی مرۆڤ بکەم و ناوی عیراق و جەنگی قادسیە نەهێنم. منیش ئامادە نەبووم قسەی وەها بکەم. چاوپێکەوتنەکەم ڕاگرت. لەبەرئەوەی وێنەگرەکان عارەب بوون، هەستیان بە هیچ نەکرد، وایان زانی هەڵەیەکی ئاساییە، کاتێک سەرلەنوێ بێ ئەو پرسیارە چاوپێکەوتنمان پاتە کردەوە. دەمتوانی بڵێم، جەنگ گەورەترین موعاناتی عیراقییەکانە ئاوی بێنەو دەستان بشۆ. نەزەرەری بۆ زەنگنە دەبوو نە لەسەر منیش دەکەوت بەوەی شتێکم وتبێ بۆنی مەرایی لێ بێ. لەبەر هەستیاریی دۆخەکە هەموو قسەیەک بە مسقاڵ دەپێورا.

**:١/٢٧**

هەشتاکان لە جیهاندا دوا وێستگەی سەردەمێکە دەتوانین ناوی بنێن ڕابردوو. ئیتر جوانییەکانی ڕابردوو کۆتاییان دێ، سەرەتای وەرچەرخانی خێرا و گۆڕانی بنچینەیی لە بوارەکاندا دەستپێدەکەن.

هەشتاکان خەمی هاوبەش هەبوو:

بۆ نموونە، جۆری بینا و نەخشەی خانووەکان، باخچە و بەرهەیوان، دیکۆری دەرەوە، بالکۆن و شورفەی فراوان. مۆبیل وکەرەستەی ناو ماڵ، خۆراک و خواردنەوە. شەراب، جلوبەرگ.

هەشتاکان دەیەیەکی گرینگە لە مێژووی میللەتان:

جگە لە گۆڕانکاری ئابووری و سیاسی، جەنگ لە سێ ناوچەی هەستیاریش بەرپا بوو: عیراق و ئێران، لوبنان، ئەفغانستان.

ئیسلامی سیاسی و تیرۆر، بیروباوەڕی نەتەوەیی لە ئەوروپا، پیرۆسترۆیکا و هەڵوەشانەوەی بلۆکی خۆرهەڵات، ئینتەرنێت، هەموو ئەمانە لە هەشتاکاندا دەرکەوتن.

**:١/٢٩**

هەندیک لە مێژوونووسان دەڵێن، کورد و ئەرمەن یەک ئەسڵیان هەیە، دواتر بەسەر دین و عەشیرەتی جیا دابەشبوون. ( شابازیان یەکێکە لەوانە، حەسرەتیان ..). ئەرمەن پێشکەوتووتربوون. مامەڵەیان لەگەڵ سوپای گەزنەفوون، دەوڵەتی ئەرمینیا. ئایینیان هاندەرە.

**:١/٢٩**

گێڕانەوەی گیانی مەلحەمە، دۆزینەوەی ڕەهەندی جیاواز لە خوێندنەوەی ڕووداوەکان، هۆکارن بۆ نووسینی شیعری درێژ، یان مەسەلەکە پەیوەستە بە تەکنیکەوە؟

عەبقەرییەتی شیکسپیر: یاسای سەردەمەکەی تێکدا

تارمایی لە تراژیدیای هاملێت - دا هێزی ناسروشتییە، یاسا تێک دەدا. گەڕانەوەیە بۆ سروشتگەرایی.

( لیوا سوورەکان) هەژموونی ناو گەنجان و ئەنتلیجنسیایە. وەک میکرۆب لە جەستەی سەرمایەدارییدا تەشەنە دەکا،

تۆماس کارلیل کتێبی( پاڵەوانەکان )ی دژی چەمکی یەکسانی نووسی. ئەو پێی وایە مێژوو بریتییە لە ژیاننامەی کەسایەتییە گەورەکان نەک ململانێی چینەکان و هێزی چینەکانی خوارەوە لە بەلاداخستنیدا.

گیانی پاڵەوانخوازی داینەمۆی مێژووە، بنچینەی ژیارەکانە. ئەم تێگەیشتنە چەمکی بیری ڕەهای هیگل - م بەبیردێنێتەوە.

**:١/٣٠**

نابۆکۆف لە وتاری ( خوێنەری چاک و نووسەری چاک ) دەڵێ:

ئەدەب ئەوکاتە دروست نەبوو کە منداڵێک لە دۆڵی نیاندرتاڵەکانەوە هات و وتی، گورگ! گورگ! و گورگێکی گەورەی بە دواوە بوو. ئەوکاتە ئەدەب دروست بوو کە منداڵەکە هاواریکرد: گورگ! گورگ! چ گورگیش لە گۆڕێ نەبوو.

هیچ شتێک لە چاوەڕوانیدا تەواو نابێ! چاوەڕوانی دۆخی دڵەڕاوکێیە لە ئینساندا.

## ژیانی نووسەر

مەرج نییە نووسەر لە ژیاندا سەرکەوتوو بێ، بەڵام مەرجە بنووسێ. کە نووسی سەرکەوتنی لە نووسینیدایە.

نووسین ڕوویەکی هەڵخەڵەتێنەری هەیە، وزەبەخشە. ئەم وزەیە قەناعەتێک دروستدەکا بۆ متمانە بەخۆبوون. بە دیوێکی تریشدا پیشەیە. هەموو پیشەیەکیش تایبەتمەندییەک دەدا بە خاوەن پیشە.

نووسەر گومانی لە توانستی خۆی نییە، کە گومانی هەبوو ناتوانێ بنووسێ.

ژیانی نووسەر وەکو ژیانی هەر مرۆڤێک ویستگەی سەرکەوتن و شکستی تێدایە. نووسەری سەرکەوتوو ئەو کەسەیە کە شکست و کەوتنەکانیش بکا بە خاڵی بەهێزبوونی بەرهەمەکانی. کە باسی ژان ژینێ دەکرێ، هێزی بەرهەمەکانی لە درەوشانەوەی نووسینیدایە. ئەو پێشتر وەکو دزێک ژیا کەکەوتە زیندان بوو بە ئەدیب. وزەی داهێنان مانایەکی تری دا بە ژیانی. ئەگەر نووسینی بۆ ئەوەش بوو بێ، کەسایەتی خۆی پەردەپۆش بکا، بەڵام ئەدەبێکی نووسی کە هەموو جیهان قبووڵی بکا وەکو ئەفراندن. ئەو جۆرە ڕێگا گۆڕینە کودەتایە بەسەر خۆتدا. هەندێک جار نووسەر کارێک دەکا لە دەرەوەی دنیای نووسیندایە. کارکردنی (گۆران) لە ئێزگەی هاوپەیمانان لە حەیفا، یان (ئەزرا پاوەند) لە ئێزگەی نازییەکاندا. نموونەی تر زۆرن. کاتی خۆی کە گۆڤاری " ئاینده" م دەردەکرد، ویستم مەلەفێک بکەمەوە بۆ تۆماری ئەو لایەنانە لە ژیانی نووسەراندا کە ناکەونە ناو بازنەی نووسینەوە. ئەگەر دەفتەرێکی بیرەوەری نووسەر، یان کەسێکی نزیک لە نووسەر باسیان نەکا ئەو وردەکاریانەی ژیانی نووسەر بن گۆم دەکەون. ئەوەی بە بیرم دێ هەندێک لە پرسیارەکان لە بارەی گۆران- ەوە بوون. بۆ نموونە، حەزی لەکام ڕەنگ بوو، قاتی چ ڕەنگی لە بەردەکرد، چۆن قژی شانەدەکرد، چ خواردنێکی زۆر دەخوارد؟ دەیان پرسیاری بێ وەڵام هەن و هەموو شیعرەکانی گۆران بخوێنەوە یەک وەڵامت دەست ناکەوێ. چونکە شیعر تا سەردەمی پۆست مۆدێرنیزم ئەو وردەکارییە کەسییانەی تێدا نییە. ئەوە کێماسییە؟

جاران پێچەوانەکەی ڕاست بوو. نووسەر تەنیا ژیانی خۆی نانووسێتەوە.

نووسین پوختەی ژیانی نووسەرە کە بەکەڵکی کەسانی تر بێ. ئەوەی تر ژیانی خۆیەتی ڕەنگە تەنیا بەکەڵکی خێزانەکەی بێ.

شیعری تازە لە جیهاندا ڕۆچووە بۆ ناو پەرەسەندنە زۆر کەسییەکانیش. خەسڵەتی دروست تێیدا بریتییە لە دیتنەوەی شیعرییەت لەناو کەرەستە و چشتە زۆر تایبەتی و بێبایەخەکان، بۆ نموونە، بەنزین وەرگرتن بۆ سەیارەکەت لە بەنزینخانە و کڕینی کارتی مۆبایل و خواردنی سێوێک بە ڕێگاوە لەکاتی لێخوڕین.... بایەخی ئەو دیمانانە لە سیاقی شیعریی و ئیسانییەتی هەستەکان و چۆنییەتی دەربڕیندایە.

## پیاسەی پەپوولەکان

ساڵی ١٩٩٢ کتێبی "جوانییەکان و چەند لاپەرەیەکی ژیانی بەفرنووس یا باو باڵەکان"م چاپکرد. ناونیشانێکی درێژ و ناوی سێ تێکستی ناو کتێبەکەم تێکەڵکردبوو. جوانییەکان ساڵی ١٩٨٣ نووسراوە و باس لەو دۆخە دەکا کە جوانی موتڵەق دروستی دەکا. جوانییەک ڕێگا بە ئیختیاری تر نادا. سوودم لە فەزای ڕۆمانی " مردن لە ڤینیسیا"ی تۆماس مان وەرگرتبوو، ناوی پاڵەوانەکەشم وەک خۆی بەکارهێنا گۆستاف ئاشنباخ! ئەو پیرەی دێتە ڤینیسیا و لەوێ بەدیار عیشقی تادزیۆی کوڕەجوان دەکەوێ تا دەیکوژێ.
شێوەی نووسینی شیعرەکە نوێیە و زمانێکی سادە و بێ ئاڵۆزیی هەیە:
ئاشنباخ مردووە
گۆستاف ئاشنباخ بە ئەنقەست مردووە... تا ئەو جوانییە کوێرم دەکا. سی و نۆ ڕستەی سادە دە جاران وشەی جوانی تێدا هاتووە.
تێکستی دووەم " سروودی بەفرنووس" کە شیعری سووتانی ڕەنگەکانە و هەردوو ناوی بەسەریەکەوە دانراوە. کەچی لەسەر بەرگ کردوومە بە چەند لاپەڕەیەک لە ژیانی بەفرنووس! جۆرە دڵەڕاوکێیەک دەبینرێ لە هەڵبژاردنی ناونیشانی ئەم تێکستەدا. جارێک بە ناوی سووتانی ڕەنگەکان و جارێک سروودی بەفرنووس و پێشتریش وەکو ڕەشنووس لام ماوە ناوم نابوو "تێکشکانی بنەماڵەی ئادەم" ! ئەم تێکستە ساڵی ١٩٨٣ تەواو بوو ، دوای ئەوەی یەکەم ڕەشنووسیم چەندساڵێک پێشتر نووسیبوو بە ناوی گورگ!
ئەوەی تر "باو باڵەکان" ە. ئەم تێکستە زمانێکی چڕی جیاوازە. زمانێک بارگاوی بە ئەفسانەو چەندین دەستەواژەی ناو حیکایەتی کوردی و وشەی ناو گۆرانی و فۆلکلۆر. پوختەی وێنەو بیرۆکەکان لەبارەی ئەو باڵانەوەیە کە مرۆڤ بەرزدەکەنەوە بۆ باڵا. کەسێک لەناو شیعرەکەدا ئەوە پاتەدەکاتەوە، ئایا من خواوەدم؟ هەندێک گومانیش دەردەکەوێ لە دەربڕینەکانیدا. ئایا بەو حاڵە خواوەندم؟ ئەو کەسە زێڕۆی شەمسییە! ناوێکی ڕەمزی دروستکراو لە هەردوو وشەی زێڕۆ کە ناوێکی کۆنی کوردییە، شەمس! دوو هێما دەدا، هەم خۆر و هەم شەمسی تەبریزیی. خۆرەکە پەیوەندی بە فڕین و ئەفسانەی دیدالۆسەوە هەیە، ئەوەی تریش دیارە کە قیبلەنومای مەولانا ڕۆمییە.
کتێبەکە ناوی ئەم سێ تێکستەیە و پێکەوە نووسراوە. نازانم لەبەرچی " ژەهروقەلا"م دوورخستووەتەوە؟ ئەم کتێبە ناوی جوانییەکان بایە خۆشتر دەبوو لەکاتی ناوهێنانیدا، هەر

واشی لێهات، چۆن کارزان دەبێتە کارە و خەجیج دەبێتە خەجە ئەویش هەر بە جوانییەکان ڕۆی.
ئەم کتێبەم پێشکەشی" نەهلە" کردووە و لە یەکەم لاپەڕەدا نووسییوومە.
ئەو ساڵانە خەڵک مەستی ڕاپەڕین و چەک و تاڵان و دزی بوون، کەرەستەی منیش ئەو شیعرانەبوون لەکتێبخانەکاندا. پیاو ڕاستی بڵێ، یەک وتاریشی لەبارەوە نەنووسرا وەک گوێز خرەی هات و ڕۆی! چش!
ساڵی ١٩٩٤ گەرمەی ململانێی هێزە سیاسییەکان و شەڕی نێوانیان و بابەتی ئیسلامی سیاسیی و تێزی جیهانی تازە بە سەرۆکایەتی ئەمریکا و ئەو فیکرە هاوردانەبوو کە ڕۆشنبیرەکانی ئێمە کاوێژیان دەکردەوە، بێ ئەوەی ئیزافەیەک، یان هەندێک جار باش تێیگەیشتبن. ئەوکات بەڕێوەبەری نووسینی ڕۆژنامەی" کوردستانی نوێ" بووم، ئەمەیان بابەتێکی ترە و لە شوێنێکی تر باسی دەکەم، بەڵام سەلیقە و نووسینم لە فەزای خۆم دانەبڕا. لەناو ئەو دۆخە گشتییە ئاڵۆزەدا شیعری " پیاسەتی پەپوولەکان"م بڵاوکردەوە.
شیعرەکە ٢٣٨ دێڕە و لە لاپەڕەیەکی ڕۆژنامەی نیو تابلۆید بڵاوبووەوە.
ناوی تێکستەکە دەرچوونە لە زەوقی گشتی، هەروەها شێوەی داڕشتن و ئەو بیرۆکە شیعرییانەی تێیدا دەردەکەون، بۆ نموونە هەندێک لەوانە:
ئەو گوڵانە چاویان لەبەر ڕۆژ هەڵنایێ، ماخولیان
یاری بە شەپۆل دەکەن
لە ئاوداشتن و لەشە ئاوییەکاندا ڕووناکییەک دەدۆزنەوە
پێشتر چراکان ڕووناکی وایان نیشانی هیچ-
چاوێک نەداوە.
یان،
من بە ئاوازی تریفە بێ دەنگ بووم
خونچەش بەو دەمە بچووکە بەیانی بانگی کرد: بەیان!
یان،
لەو خوارە کە ڕێی سەرکەوتنی تێدا نییە
پاڵەوانەکانی یۆنان لە بڵندی ئۆلیمپۆس دەپرسن!
یان،
خەو میوەیەکی فێڵبازە بە لکە پشکووتووەکاندا شۆڕبۆتەوە.
ئەو ڕستە سەرەتاییەی کە ترسێکی کۆن نوێ دەکاتەوە لە مندا چارەنووسی ئەو دۆخە گشتییەیە، کە بەم چەشنە دەرکەوتووە لە شیعرەکەدا:
مەلەکان پێدەچێ مەهابادی بن!
بە یەکجاری بچنەوە مەهاباد و لە خەونی دارهەڵووژەیەکدا بووروژێن!

ئەنجامی کۆماری مەهاباد وەکو مۆتەکەیەک، بەسەر سنگی نەوەی ئێمەوەیە و لەکۆتایی ئەم شیعرەشدا ڕەنگی داوەتەوە. ئەگەرچی تێکستەکە گەڕانە بۆ دۆزینەوەی دوورایی تر لەناو پەیوەندییە ئینسانییەکاندا.
ئەم تێکستە دواتر بووە ناوی کتێبێکم و ساڵی ١٩٩٥ چاپکرا. لە یەکەم لاپەڕەدا نووسیوومە:
بۆ ناڵپارێز کە لە شەوێکدا هەموو ژیانی کردم بە سیحر.
ئەم ڕستەیە لە خۆڕا نەهاتووە، ناڵپارێز شارۆچکەیەکی سەر بە قەزای پێنجوێنە. لە کۆڕەو خۆم و خێزانم لەناو سەیارەیەکی بەرازیلی لێدراو، بێ نان و حاڵ شەوێک لە پەنا خانووە ڕووخاوەکانی ماینەوە.
هەر لەو کتێبەدا دوو شیعری تێدایە بە ناوی شەمووەکانی ناڵپارێز و زستانی ناڵپارێز.
شەموو ڕەنگە ئەو ڕۆژە بێ کە تێیدا گەیشتم و زستانیش ئەگەر وەکو سەرماو سۆڵە بەکارم هێنابێ ئاساییە، ئەگینا ئێمە لە بەهاردا ئاوارە بووین، ئەوجۆرە غەفڵەتە بۆ تەڕوتووشی بەهاری ئەوساڵە دەگەڕێتەوە. ئەم شیعرە لە کۆتایی ١٩٩٤ و سەرەتای ١٩٩٥ نووسراوە.
پەندو حیکمەتێک کە دەتوانم لەو کتێبەوە هەڵیهێنجم ئەوەیە، ڕووداوەکان چەند سفت و سوێ بن هێندە بەرهەمی گەرم و گوڕ بەرهەم دێنن.

## شەوەکانی ئامیتا بەدرێژایی بابل

گێرانەوەکان جیاوازن، هەر دەقێک گێڕانەوەیەکی هەیە. چونکە لە نووسینی هەر دەقێکدا کۆمەڵە گرفتێک دێنە پێشەوە کە توانای بەرهەمهێنانی شیعرییەت تێیاندا دەگۆڕێ، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک خاڵی هاوبەش هەیە لە ئەزموونی هەر شاعیرێکدا بۆ هێنانەدی واقیعی شیعریی. من ناتوانم ئەو خاڵە لە ئەزموونی نووسینی خۆمدا دەرهاوێژم کە هەمیشە دەمەوێ دەقێک بنووسم توانای مانەوەی هەبێ، خوێندنەوەی نوێ و بەردەوام بێنێتەکایەوە، هەمیشە خوێنەرێکی زیرەک بتوانێ بەریەککەوتنی لەگەڵدا دروست بکا.
ئەگەر بمەوێ باسی یەکێک لەو ئەزموونانەی خۆم بکەم، ڕەنگە کتێبی" شەوەکانی ئامیتا بە درێژایی بابل " گونجاو بێ، لەبەر هۆیەکی سادە، ئەویش ئەوەیە، کتێبەکە بریتییە لە یەک دەقی درێژ و تەکنیکی نووسینیش تێیدا کەمێک جیاوازە. تێکست بە درێژ و کورتی پێوانە ناکرێ. هێندە هەیە تێکستی درێژ کە لەکتێبێکدا بەرجەستە بێ توانا و کارکردنی زۆرتری پێویستە.
بەر لە نووسینی شیعرەکە و بۆ ماوەیەکی زۆر و بە بەردەوام دیمەنی بابل وەکو سەرحێکی ئینسانیی لەبەرچاومدا بوو، نهێنی ئەو سەرحە چییە؟
هەر کارێکی گەورە بێ شک پاڵنەرێکی شەخسی لە پشتە. پاڵنەری نەبوخز نەسر چی بوو؟ پاشایەک توانای دروستکردنی لە ڕادەبەدەرە، بەڵام ئەو توانایە خۆراکی لە چی و لە کێوە بۆ هات؟
لە لای تریشدا، دەمێک بوو هەمەدان وەک شار خستبوومیە کەڵکەڵەی ئەوەی شارێکی ئاوەها کۆن و گرنگ چۆن لقوپۆپی هاویشتووە بۆ دەرەوەی خۆی؟ نایشارمەوە مەبەست ئەوەبوو، ئەو غەدرەی مێژوو لێمانی کردووە تیلماسکێکی هەڵدەمەوە.
بەڵام لەبەرئەوەی من شیعر دەنووسم و مێژوو نانووسمەوە بۆیە دەبوو، واقعێکی شیعریی دروست بکەم.
ئەو پەیوەندییەم لە نێوان هەمەدانی میدییەکان و بابل لە ڕێی جەستەی ژنێکەوە دروستکرد کە ئامیتا، یان ئامیتاسە. مێژووم لەکلاوڕۆژنەی ئەو پەیوەندییەوە هێنایە ناو دەقەکەوە کە بە هۆی هاوسەرگیریی نەبوخز نەسر و ئامیتا دروست بوو.
گەڕانەوە بۆ ئەو سەردەمە زووە پێویستی بە زانیارییە و ناتوانی تەنیا پشت بە خەیاڵ و سەلیقە ببەستی، بۆ بەرچاوڕوونی لەکاتی نووسیندا گەنجینەیەکی وشە و زانیاریت دەوێ، ئەگینا هەندێک وردەکاری زۆر لزووم نییە. بەڵام خۆ دەبێ لەسەر زاری کەسێک هەندێک

ڕسته بنووسم که مەنتقی شیعر ڕێگای پێ دەدا. بۆیە ئامیتا بوو بە ماسک، یان هاوکێشەی بابەتی ئەوەی ئیلییەت باسی دەکا، بەم کارەش تەکنیکی نووسین مەودای لەبەردەمدا کراوەتر دەبێ.

لەبەر ئەوەی شیعر پەیوەندی بە وشەوە هەیە نەک کۆسمۆلۆجیا، دەبوو ئەفسانە و حیکایەتی بابل و میدیەکان بخوێنمەوە نەک مێژوو.

هێندە ئەو بابەتە کەوتبووە خەیاڵم تا لە خەودا کۆتەڵی جەستەی ژنی بەفرم بینی چۆلەکەیەکی زۆری بە سەرەوە بوو.

کورتەی بیرۆکە مێژووییەکە ئەوەیە: نەبوخز نەسری کوڕی نەبوبەلاسری پاشای بابل ئامیتای کچی کەیخوسرەو پاشایەکی میدیای دەبێ بە هاوسەری. ئەو هاوسەرگیرییە وەک ڕێکەوتنێک بووە لە نێوان دوو بنەماڵەی پاشایەتی بۆ درێژەدان بە بەرژەوەندییەکان لە جەنگی هەردوولادا دژی ئاشوورییەکان.

بۆ ئەوەی ئامیتا دڵتەنگ نەبێ نەبوخزنەسر باخچە هەڵواسراوەکانی لە بابل بۆ دروست دەکا تا هاوشێوەی وڵاتی میدیای بۆ فەراهەم بکا.

من نەهاتووم ئەو ڕووداوە بگێڕمەوە. ئەوە کاری شیعر نییە. دەبوو شتێک بنووسم واقعێکی شیعریی گریمانەیی بێنێتەکایە، نەک بۆ ئەوەی بیکا بە شوێنگرەوەی واقیعی ڕووداو، بەڵکو بەهاو جوانییەکی ئینسانی گەڵاڵە بکەم کە بۆ هەموو دۆخێک و سەردەمێک گونجاوبێ. ئەوەی مێژوو نەیووتوە، لە ڕێی مۆنۆلۆژی ژنێکەوە کە لەگەڵ ئەو هەموو نیعمەتەی دەسەڵات، غەدرلێکراوە، لانیکەم من وای دەبینم کە وەکو غەنیمە پاشای بابل بردوویەتی! دواتر شیعرەکەشم پێشکەشی ژنێکی غەدرلێکراوی تری ناو مێژووی نوێ کرد: مارگرێت جۆرج. مارگرێت ئەو ژنە ئاشوورییەی بووە پێشمەرگە لە شۆڕشی ئەیلوولدا و دواتر بە بڕیاری شۆڕش کوژرا!

تا ئێرە گێڕانەوەی دۆخی گشتی نووسینی شیعرەکەیە. ماوەتەوە بابەتی شیعرییەت و چۆنییەتی نووسین و ئەو گرفتانەی لەسەر لاپەڕە چارەسەردەکرێ، کە ئەمبرتۆ ئیکۆ ناوی ناوە دەنگدانەوەی دەق، ئەمەیان تێکستەکە خۆی دەتوانێ بەیانی بکا و هەر شتێک بڵێم زیان لە تێکستەکە دەدا.

نهێنی نادرکێنم ئەگەر بڵێم دەنگدانەوەی دەق هێزێکی ڕایزۆمی فرە وزەیە، هەندێکی لە دەست و پەنجەکانی منەوە دەرژێن و لەتەک ئەوانیشدا دەست و پەنجەی تریش هەن هەرچەندە من نایانبینم بەڵام هەستیان پێ دەکەم، شێوەیەکی ئەو دۆخەیە کە ناویان ناوە دەقئاوێزان.

ماوەتەوە بڵێم، وشە وەکو جەستە وایە، هەتا نەخرۆشێ ناتوانێ لەززەت بەخش بێ. پەنجەکان لەکاتی نووسیندا (وشە- جەستە) دەگەینن بە ترۆپکی لەززەت.

لەبارەی تەکنیکی نووسینی شیعرەکەوە:

هەر لاپەڕەیەک کراوە بە دوو بەش، سەرەوە و خوارەوە هەندێکجار دوو کاتی جودان و هەندێکجار دوو شوێنی جیا بۆ نموونە:

**خەون بە دنیایەکی دوورترەوە دەبینم**
**دوورتر لە مەردۆک!**
**دوورتر لە شەمس!**

---

*لە بالامبۆ*
*بە منداڵی مۆریمان بە ملی بەردەکانەوە دەکرد*
*نزامان دەکرد شەڕ ببڕێتەوە*
بابمان بە سەلامەتی بێتەوە.
یان،
**ڕابردوو ئاوریشم نییە لە خۆمی بئاڵێنم**
**کراسێکی دڕکاوییە**
**لەهەر کوێوە قۆڵی خۆمی تێهەڵکێشم**
**ئەوێم پتر دەکولێتەوە**

---

*ئەگەر گۆی زەوی لە لەپی ئامیتا جێگای ببایەوە*
*وای دەکرد هەمیشە*
*کوێستانی سەر بە بەفری*
*لێ دیاربێ*
*لای ئەو هەموو باخچەی بابل*
*پەنا بەردێکی هەمەدان ناهێنێ.*
لە پیناو چی ئەو تەکنیک و خۆ ماندووکردنە، ئایا بۆ شیعرە؟ نا شیعر وەکو گۆشتی مامز تامی خۆی هەیە، ئەو هەموو ترش و خوێیە و وەستاییە لە لێنان بۆ خوێنەرە، لە پرۆسەی ئەفراندندا خوێنەرگرنگی خۆی هەیە بێ ئەوەی هەستی پێ بکەین.

*تێبینی:* سوودم لەکتێبی میدیای ئی. ئێم. دیاکۆف و لە نەخشە و وێنەکانی کتێبی شوێنەوارەکانی بیلاد ئەلڕافیدەینی سیتۆن لوید وبیلاد مابەینەلنەهرێنی لیو ئۆینهایم و پاژی بیستوچواری کتێبی عیراقی کۆنی جۆرج ڕۆ وەرگرتووە، هەروەها دەمەوێ ئاماژە بۆ ئەوەش بکەم، لە شیعری هەمەدان کە لەکتێبی بزربوونی ناوێک دا بڵاوم کردووەتەوە سوودم لە وردەکاری دروستکردنی بابل دیوە کە لە پاژی ناوبراودا بەشێکی بڵاوبووەتەوە.

## کاتی نووسین

کاتێکی دیاریکراو هەیە بۆ نووسین؟ بۆ لەکۆنەوە وا مەزەندە دەکرا شەو کاتی نووسینە؟ شاعیران تەنیا لە شەودا شاعیرن؟ دەمێکە ئەو بابەتەم دێ بە خەیاڵدا.
٢٤ کاتژمێری ڕۆژێکی تەواو بەم چەشنەیە: بەیانی زوو لە تاریک و ڕوونەوە تا کاتی نانی بەیانی، کە دوو تا سێ سەعاتە، ئەگەر سەعات هەشت کاتی نانخواردن بێ. دواتر چێشتەنگاوە، کە دەکاتە بەینی بەیانی و نیوەڕۆ ، ئەویش سێ تا چوار سەعاتە. ئینجا نیوەڕۆ . دوای نیوەڕۆ، ئەویش دەوری سێ سەعاتە. ئێوارە، ئەویش بەگوێرەی کاتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست سێ سەعاتێکە. ئەوەی تر شەوە، ئەویش سێ سەعاتێکە تا نیوەشەو. دواتر ئەوانەی شەونخوونی دەکەن و تا بەرەبەیان بێدارن، سیستمی خەو و بە ئاگاهاتنیان دەگۆڕێ. دیارە لەگەڵ وەرزەکان و کورتی و درێژی شەو و ڕۆژ ئەم خشتەیە گۆڕانی بەسەردادێ.
ئەوانەی فەرمانبەری حکوومەتن تەنیا دوای نیوەڕۆ و ئێوارە و بەشێکی شەویان بە دەستەوەیە بۆ ئەنجامدانی کاری تایبەتی. ئەوانەی تر هەموو کاتەکانیان بە دەستەوەیە.
شاعیری کورد لەکۆنەوە ئەگەر مەلا بوو بێ، بە ڕۆژ خەریکی کاری ئایین و مزگەوت بووە، چوون فەرمانبەرێکی ئێستا.
بە پێی زانیارییە زانستییەکان باشترین کاتی کارکردن بۆ جەستە و ئاوەز سەعاتەکانی بەیانی زووە و چەند سەعاتێکی ئێوارەش، مێشک دەکەوێتە چالاکی. وردتر ئەوەیە، لە سەعات شەشی بەیانییەوە تا سەعات دە، کاتی نموونەیی کارکردنە و مێشک بە هەموو وزەو توانای دەتوانێ کاربکا. ئێوارانیش لە نێوان سەعات پێنج تا یازدەی بەر لە نیوەشەو.
ئەوەی سەبارەت بە ژیانی ئاسایی نووسەران خوێندوومەتەوە بەشی هەرەزۆریان بە نووسینەکانیان دەژین، بە تایبەتی لە خۆرئاوا. نووسەری کورد باشترین کاتەکانی بۆ خۆی نییە، بۆ وەزیفەیە، یان بۆ بژێوییە و زۆرجاریش وەزیفەکەی، یان کارەکەی دوورە لە جیهانی نووسین.
ئەگەر هەندێک نموونە لە ڕۆژانی خۆم بگێڕمەوە ڕەنگە نزیکتر بێ لە واقیع:

ئەو کاتانەی لە ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەدا کارم دەکرد، ڕۆژێ ١٠ سەعات مەشغووڵی کاری ڕۆژنامەنووسی بووم. ڕۆژانی پشوو لەگەڵ سەعاتێکی نیوەڕۆ و سەعاتێکی پێش خەوتن ئەگەر خەریکی شیعرنووسین بام، واتا ئەدەبەکەم هی ڕۆژانی پشوو بوو!

چەند ساڵێک لە ژیانم بەم چەشنە بەسەربرد. بۆیە جگە لە چەند دەقێکی کەم شتێکی ئەوتۆم بەرهەم نەهێنا بە بەراوورد بە ئێستا کە هەمووکاتم داوە بە نووسین.

ماوەیەک لە سلێمانی دەژیام و ماڵەکەمان ژێرزەمینێکی گەورەی هەبوو، زۆربەی بەرهەمەکانی "مانگی نیوەمۆر" و "هەوڵێک بۆ کوشتنی کات" و "گۆمی پوونگ"م لەو ژێرزەمینە نووسیووە، بەڵام هەمدیسان بە شەو و ڕۆژانی پشوو!

بە بیرم دێتەوە شێرکۆ بێکەس کە خەریکی نووسینی دیوانێک دەبوو، هەفتەیەک نە دەوامی دەکرد لە دەزگای سەردەم و نە دەهاتە دەرەوە. نووسەر کە دەگاتە ئەو قۆناخەی کە نووسینی ببێتە کاری سەرەکی، ئەوکات جیددی ترە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم خشتە و بەرنامەیە بۆ شاعیر کەمێک جیاوازە. شیعر تەنیا کارکردن و هیلاک بوون نییە؛ شتێک کەپێی دەوترێ ئیلهام کەم تا زۆر ئەو بەرنامەیە دەگۆڕێ.

جگە لە هەموو ئەو وردەکاریانەی سەرەوە، تەشق و کەشوهەوای نووسینیش هەیە کە وەکو خووی لێ دێ. دەڵێن، مارکیز نەیدەتوانی بنووسێ ئەگەر مارسیلیا گوڵێکی سپی لەسەر مێزەکەی نووسینی دا نەنابا!

نووسین لە دایکبوونە، بۆیە تەشقی پێویستە، چۆن هۆڵی عەمەلیات دۆخی تایبەتی پێویستە. هەن لەکونجێکی دیاریکراو نەبێ ناتوانن بنووسن، هەشن لەناو کافێ و بارەکاندا جوانترین دەقیان نووسیووە، ئەمەیان بۆ شیعر دەشێ، بۆ ڕۆمان ئەستەمە.

هەن بە دەم قاوە خواردنەوەوە دەنووسن، بەلزاک سی چل فینجان قاوەی دەخواردەوە لەهەر دانیشتنێکی نووسیندا. هەیە بە قەڵەمی حوبری ڕەش نەبێ ناتوانێ حەرفێک بنووسێ، هی واش هەیە قەڵەمی ڕەساس بەکاردێنێ. هیمینگوای تەنیا بەیانی و ئێوارە دەیتوانی بنووسێ، ڕقی لە گەرمای نیوەڕۆ بوو.

هەموو ئەو تەشقانە هێمای ئەوە دەدەن کە نووسین پیشە نییە بە تەنیا سەلیقەو بەهرەشە.

## لەبارەی وەرگێڕانی شیعرەکانمەوە

شیعرئەگەر جگە لە زمان شتێکی ئەوتۆی تر نەبێ، لە وەرگێڕانی شیعردا یەکەم شت کە زیانی بەرکەوێ زمانە. بۆیە لە وەرگێڕانی هەر دەقێکمدا هەست بەو مەترسییە دەکەم، وەکی دی تەکنیک و وێنە و هەست قابیلی گواستنەوەن لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر.

وەرگێڕانی شیعر لەناو میللەتاندا لەپێش ژانرەکانی ترەوە بووە.

ئەوەی لای من گرنگە گواستنەوەی وردەکاری کارکردنی شاعیرە لەناو کایەکانی دەقدا ، ئەوەی پێی دەوترێ شێواز.

شیعر لە چرکەساتێکی ئینفیعالیەوە دەست پێدەکا وەلێ تا نەبێتە بونیادێک لە زەیندا لەڕێی وێنەی شیعریی و ئاوازی وشە و هەست و سۆزێکی ئینسانییەوە کامڵ نابێ. تاکە پێوەرێک بۆ دیاریکردنی ئاستی بەرهەمی هەر شاعیرێک لە کۆنەوە هەر لەڤرجیلەوە تا دوا شاعیری ئەمڕۆ شیعرییەتە(پۆیتیکا). ئەم شیعرییەتە لە ئەزموونی هەر شاعیرێکدا تایبەتمەندییەک وەردەگرێ.

بەر لە نووسین هەمیشە شتێکی نادیار هەیە. وشەیەک، یان ئاوازێک، یان وێنەیەک، یان بیرۆکەیەک لە پشت پەردەوە وەک تارمایی دەردەکەوێ. مەرج نییە ئەو شتە پەیوەست بێ بە ئێستاوە، ڕەنگە بۆ ڕۆژانی دوورتر بگەڕێتەوە. هی خۆتە، یان هی کەسانی تر.

ئیتر لەوێوە پرۆسەکە دەستپێدەکا بۆ دەرچوون لە هەژموونی کات و شوێن و گواستنەوەی بۆ کات و شوێن و فەزایەکی تر کە وەکو وتم شیعریەتە.

هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو لای زۆر میللەتان قاڵبی بیروباوەڕە گشتییەکان هەڵوەشایەوە. قەناعەتە گشتییەکان لە بەردەم قەناعەتی فەردی و زەمەنی دەرەوە لە بەردەم زەمەنی ناوەوەی تاک هەرەسی هێنا. ئەو شکڵە ڕیتمدارە باوەی شیعر گۆڕا بۆ ڕیتمی ساتە جیاوازەکان و مۆسیقای وشەکان لە ناوخۆیاندا.

بەم شێوەیە ڕستەیەکی نوێی شیعری کوردیش( ئەوەی پێی دەووترێ شیعری هەشتاکان) هاوکات لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییە گشتییەدا لە دایک بوو، تا ئێستا بەردەوامە و خۆی نوێ دەکاتەوە.

شیعر هەناسەی ڕاستەقینەی مرۆڤە بە تەعبیری بنیامین پێرێ، بۆیە هەتا خۆی لە ژەهر و ژەنگوژوو بپارێزێ پاراوترە. ژەهری شیعر زۆرن، ڕق و تووندوتیژیی و خراپنووسین، دووڕوویی، نەبوونی جورئەت. ئەمانە مشتێکن و لیستەکە درێژە، پێویستە شاعیر هەوڵی بە سپی مانەوەی شیعر بدا. ڕەنگی پەڕیو لە ڕستە و وێنە شیعرییەکان ڕەنگدەداتەوە.
ڕووداوە گشتییەکان کەمجار خزمەتی شیعر دەکەن، هەر لەبەر ئەوەی بارگاوین بە خواستی لایەن و چینێک لە دژی ئەوی تر. ئەو شیعرەی فوو بە ڕووداوێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا دەکا، ڕیاکارە و تەمەنیشی هەر بە قەت ڕووداوەکە کورتە.
ئەوەی پێویستە لەم پێشەکییە کورتەدا بیڵێم سەبارەت بە وەرگێڕانی چەند نموونەیەک لە بەرهەمەکانم بۆ زمانی فارسی ئەوەیە، زۆر خۆشحاڵم لە لایەن خوێنەرێکەوە بخوێنرێمەوە کە دایانگەی شیعرە بەگشتی و هی شیعری کوردی بە تایبەتی.
زمانی فارسی دەڵێی بۆ نووسینی شیعر خوڵقاوە، هەندێک جار زێدەڕۆیی دەکەم و دەڵێم شیعر بە زمانی فارسی پێویست ناکا تێی بگەی هەر ئاهەنگ و ئاوازی وشەکان وەکو مۆسیقا دەگەن و ڕۆح ئاودەدەن بەرلەوەی بۆ مانا بگەڕێی.

## ناوی شوێن

ناوی هەندێک شوێن سەرنجڕاکێشن.
برادۆست، هەورامان، پشدەر، جندیان. کانی سەمەندەر، بەردی مانگ، گەڕەکی بلبل، ڕێحان، بابا ڕۆژ، خاکوخۆڵ ... تاد.
هەر درەخت و پنچکەگیایەک ناوێک هەڵدەگرێ. هەر شتێکی کۆن و نوێ کە وەسف و خەسڵەتی هەبێ بە ناوێک دەناسرێتەوە.
باوان دەتوانێ بەر لە دروستبوونی کۆرپە ناوێکی لێ بنێ، کەچی ناوی چشت و دیاردەکان جیاوازە، هەندێکیان دوای ڕوودانیانە و هەندێک زۆر دواتر . ناوی کۆرپە هەر چییەک بێ گرنگ ئەوەیە خێزان قبوولی بکا، پێچەوانەی ناوی شوێن کە دەبێ مەنتیقی و قبوولکراوی گشتی بێ.
خاک و ئاو هەر بستێکی ناوی خۆی هەیە. هەر دۆخ و دیاردەیەکی ئەو مادده و کەس و گیانلەبەرانە ناوی خۆیان هەیە.
خاک: ئاخ، زەوی، ئادان، بانۆر، باهێز... ئەوە جگە لە گۆڕ و ڕەقێن و نەرمێن...
مانگەکانی ساڵ : بانەمەڕ، پووشپەڕ...
ڕووەک: بزن ترێنە، پیازە گورگانە، تەحلەسێڤ، کەشتی نووح ( هەندێکیان وەرگێڕاون و هەندێک خۆڕسکن).
هەر جۆگە و ڕووبار و دەریایەکیش فەرهەنگێکە بۆخۆی.
دەریای سوور فەرهەنگێکی چوار جڵدی بە ناوی شوێنەکانی هەیە. زەریای ئەتڵەس کە جاران دەریای تاریکستانیان پێ دەوت، چل ویەک لاپەڕە تەنیا ناوی ئەو وڵات و مەملەکەتانەیە کە دەوریان داوە و شوێنەکانی بە هەزاران هەزارن.
کێو و دەشت بە هەمان شێوە. هەر لووتکە و دۆڵ و چەم و کانییەک ناوی خۆی هەیە، ناوەکان هەندێک جار زۆر شاعیرین ( بەردی مانگ، تاجی باڵندە )، برێک جاریش نامۆن بە زمانی ئاکنجیان، کەچی مێژوویەک دەگێڕنەوە کە هی داگیرکارییە( قەرەداغ، یەدی قزلەر).
جاران کە شوێنێک داگیردەکرا ناوی شارو گوند و شەقامیان دەگۆڕی، کار دەگەیشت بەوەی بڕیار لەناوی دووکان و شوێنی کاسبی ئاکنجیانیش بدەن. دەڵێن خاوەن پیشەیەک بۆ ئەوەی تووشی لێپێچینەوە نەبێ ناوی دووکانەکەی لە سۆران- ەوە کردووە بە سۆزان. تەنیا خاڵێک !

هەندێک ناو پشتاوپشت دەمێنێ. شوێنی وەها هەیە چەند جارێک خاپوور بووە و سەرلەنوێ دروستکراوە، بەڵام هەمان ناوی جارانی وەرگرتووە. شوێنی وەهاش هەیە هەر سەردەمە و ناوێک هەڵدەگرێ ( دەرسیم - توونجەلی )، (ئاکباتان- هەمەدان)،( کەرکووک- تامیم).
ناو پەیوەندی بە ژیان و یادەوەریی خەڵکەوە هەیە. لەکۆندا پەیوەندی لەگەڵ شوێن بەهێزتر بوو، سەردەمی نوێ ئەوپەیوەندییە دەگۆڕێ و ڕوو لەکزییە. لە شارەکاندا شارەوانی ناو بۆ شوێنە گشتییەکان دادەنێ، لە هەندێک شوێنی میللیی ئاکنجیان ناوی تایبەتی خۆیانی لێ دەنێن و ئەو ناوە میللییە باشتر بڵاو دەبێتەوە، وەک پۆتیناوە و بەلاشاوە و چی و چی، ماوەیەکی دەوێ تا دەسڕێنەوە.
جارێکیان بە گەلی عەلی بەگدا دەڕۆیشتم بەردێکی زەبەللاح لەنێوان دوو شەقامدا مابووەوە، پێدەچی ئەو ئەندازیارەی سەرپەرشتی دروستکردنی شەقامەکەی کردبێ بۆ جوانی و وەکو خاڵێکی سەرنجڕاکێش هێشتبێتیەوە، بەڵام بێ ناو بوو، هەق بوو لانیکەم ناوی ئەندازیارەکەی لێ بنێن. ئەستەمە کاری وا دانسقە و سەرنجڕاکێش بێ ناو بمێنێتەوە، من لەخۆمەوە ناتوانم ناوی بنێم، چونکە نەئاگاداری کاری دروستکردنی ئەو ڕێوبانەم و نەناوی خاوەنی بیرۆکەکە دەزانم. ئەو تاوێرە وەک داری شەکران هێمایەکە بۆ ناوچەیەک، ئەویان بەرهەمی سەردەمی زووە و ئەمیان هی سەردەمی درەنگتر، ئەوانەی بەسواری ماشێن بەلایدا تێپەڕدەبن، خەیاڵی شوێن ناسییان کزترە.

## کیشوەرێک لە ئاگر

ئینتەرنێت جیهانی کرد بەگوندێکی گەورەو تیرۆر ترسناکی تیدا بەرپاکرد.
ڕستەیەکی ئاوەها دەکرێ مانشێتی ڕۆژنامەیەکی چەپ بێ، کە تەپوتۆزیان لە جیهان نەماوە، لە هەمان کاتدا بۆ تایتڵی وتارێکیش دەشێ بە قەڵەمی نووسەرێکی لیبراڵ. هەردوولا هەست بە هەڕەشەکە دەکەن، لایەک پشتی لێکردووەتەوە و لایەکەی تر تێیەوە ئاڵاوە!
ڕووداوەکانی ١١سپتێمبەر شارووداوی ٢٠٠١ و ساڵانێکی دوورودرێژی ئەم گۆی زەوییە دەبێ، مادامەکی ڕووداوەکە لە سەنتەری زلهێزێکی وەکو ئەمریکا ڕوویداوە و کاردانەوەکانی پەل دەهاوێ بۆ هەر شوێنێک ئەمریکا بیهەوێ جەنگی خۆی تێدا بەرپا بکا. لە بەرانبەردا ڕقێکی ئەستووری کۆنی ئیسلام هەیە کە ئەمریکا و خۆرئاوا بە دوژمنی سەرسەخت دەزانێ و بازاڕی خۆی بەو ڕقە گەرم دەکا.
ئەو ڕووداوە سەلماندی هێشتا زووە بەشەرییەت خەون بە یۆتۆپیاوە ببینێ لەسەر زەوییەکی پڕ لە برسییەتیی و نەخوێندەواریی و لە ژینگەی پەروەردەیەکی توندوتیژدا.
گۆی زەوی و بە تایبەتیش ناوچەی ئێمە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست کارەساتێکی گەورەی لێ نزیک دەبێتەوە، لەبەر ئەوەی دیوێکی تەواوی جەنگەکە قورساییەکەی لێرەیە، ئیسلام.
ڕەگ و ڕیشەی بیروباوەڕی توندوتیژیی هەژاریی و جەهالەت و زوڵمە، هەموویان بە یەکەوە لێرە کەڵەکەن. نەتەوە سەردەستە و گەورەکان زەمینەی ئەو توندوتیژییەن و نەتەوە و ئیتنی بچووک و پەراوێزخراو یەکەمین قوربانی ئەو جەنگە دەبن.
ئەوەی لە ئەمریکا ڕوویدا فیلمی خەیاڵیی نییە، فیلمی وێسترن نییە، یانکی بەسەر پشتی ئەسپەوە دەمانچەی تۆپڵی بە نێکەوە، دابەزێ و چی بوێ بیکا و کێ بکوژێ بۆی بچێتەسەر.
ڕووداوەکە تاوانێکی گەورەیە دژی مرۆڤی سڤیل، بەڵام لێکەوتە و دەرهاویشتەکانی هەموو جیهان دەگرێتەوە. ئەوەی لە داهاتووی نزیکدا لە ئەفغانستان ڕوودەدا دووبارەکردنەوەی

هەمان سیناریۆی نیۆیۆرکە بە دەرهێنانی ئەمریکایی، لەوێش خەڵکی بێتاوان دەبن بە سووتەمەنی و کۆتاییەکی تراژیدیایی چاوەڕێی دەکرێ. جەنگ هەر جەنگە و کەس خۆشی لە جەنگ نەدیوە تا نەوەی ئێمە ببینێ.
دوژمنەکان تەنیا لە قەندەهار نیین، بەڵام کەس نایەوێ ئەو ڕاستییە تێبگا، ئەمە کارەساتە. شەڕێک ئاگرێکی گەورەی لێ دەکەوێتەوە و پڕیشکی دەگاتە زۆر جێ. ئەو شەڕە دەمێکە زەمینەی بۆ سازدەکرێ.
ساڵانێکی زۆر پێش ئێستا لە گۆڤارێکی چەپدا خوێندمەوە، جەنگی داهاتووی ئەمریکا لەگەڵ تیرۆرە. ئەو دوژمنەی کە ناتوانێ بەرانبەر هێزی زەبەللاحی ئەمریکا بەرگە بگرێ، وەک ئەوەی ئەمریکا بە دەستی خۆی ئەو دوژمنەی دروست کردبێ و هێزی خۆی پێ تاقیبکاتەوە. شتێکی لەوچەشنە لە ئارادا بوو ئەگەر ڕستەکە زۆر تۆکمەش نەبێ لەگێڕانەوەدا.
تیرۆریست کێیە؟ هەر ئەوە نییە کە جەستەی ئەمریکاییەکانی ئەنجن ئەنجن کرد لە ڕێی چەند فڕۆکەیەکی دزیارییەوە، ڕیژێمە ڕەگەزپەرست و گرووپە توندڕەوەکانیشن کە جیهانیان کردووەتە جێی سەفقەی بازرگانی خوێن.
مرۆڤی سڤیل بەرکەوتەی یەکەمی ئەو جەنگە دەبێ وەک هەمیشە.
دەمێکە نووسەر و ڕۆشنبیری خاوەن هەڵوێستی ئینسانیی هاوار دەکەن، هەژاریی و دواکەوتوویی و نەخوێندەواریی هەڕەشەیە بۆسەر گشت، کێ گوێی پێدان؟
باری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی و ئابووری وڵاتانی دواکەوتوو گرفتی جیدیین لەبەردەم گەشەی جیهاندا، کێ گوێی پێدان؟
حیکمەتەکەش ئەوەیە: شەڕ لە ئەمریکا و تۆز لەبەر دەرکیماڵی مە.
شەڕ بەڕێوەیە و بە خێرایی دێتە ناو ماڵەکانمانەوە، ئێمەش بێباک. جا چیمان لە دەست دێ؟!
شەڕ هەموو شت دەسووتێنێ و ئێمەش هیچ شتێک بە موڵکی خۆمان نازانیین.
تیرۆر جیهانی خستۆتە دۆخی نائارامییەوە، بە ئێمە چی؟ خۆ ئەو جیهانە هی ئێمە نییە!
ئەو خاکەی مەڵبەندی کتێبە پیرۆزەکانە دەبێتە سووتماک، ئەوەی لە هەمووان بێباکترە ئاکنجیانی سەر ئەو خاکەن.
ئێمە ئەگەر هیچیشمان لە دەست نایێ خۆ دەتوانین:
ئێمە بەشێک نەبین لە شەرمەزاریی!

---

* ژمارە ٢٥ ی گۆڤاری ئاینده تشرینی یەکەمی ٢٠٠١ بەکەمێک دەستکارییەوە.
* ئەو وتارانەی لەژێر ناونیشانی جیاوازدا لە گۆڤارەکانی ئاینده و ئێستا و شیعرستان و ڕۆڤار کە خۆم سەرنووسەریان بووم بڵاوم کردوونەتەوە زۆرن، بەداخەوە هێشتا نەپرژاومەتە سەر کۆکردنەوەیان.

## نالی

ئەوانەی شیعری نالی- یان کۆکردووەتەوە کەسیان شاعیرنەبوون.
دیوانەکەیان بەگوێرەی حەرفی ئەبجەدی ڕێکخستووە. ئەم تەقلیدە لە دیوانی بەشی زۆری شاعیرانی کلاسیک پەیڕەوکراوە. بەپێی ئەو دەستوورە دەبوو شاعیر تێکستی بۆ هەموو پیتەکان هەبێ تا دیوانی کامڵ بێ.
ئەگەر بتەوێ لەو تەقلیدە دەربچی و بەگوێرەی کاتی نووسینی شیعرەکان و هەڵکشانی ئەزموونی شیعریی تێکستەکان ڕێک بخەی، ئاستەنگی زۆرت دێتەپێش.
بەشی هەرەزۆری تێکستەکان دیار نییە: کەی، یان لەکوێ نووسراون؟
ژیان و ئەزموونی هەر شاعیرێک چەند وێستگەیەکی نووسینە. هەندێکیان تەقلیدین وەکو سەرەتای هەر شاعیرێک، ئەوکاتانەی تازە دەست بە نووسین دەکا. هەندێکی تر جومگەیین.
بۆ دیاریکردن و دۆزینەوەی ئەو وێستگانە بایۆگرافی ژیانی شاعیر پێویستە، کە ئەویش نەبوو دەبێ بگەڕێینەوە سەر تێکستەکان. ئەوەی پێی دەگەین هەندێک کەڕەت دەبێ بە مەزەندە و هەندێک کەڕەتیش واقیعی گریمانەیی.
ماوەیەک لەمەوبەر ویستم دیوانێکی نالی بەو چەشنەی باسمکرد ئامادەبکەم. هەوڵەکانم نەگەیشتن بە ئەنجامێکی تەواو، ئەگەرچی هەندێک وێستگەشم دۆزیەوە. لێرە دا باس لە هەندێکیان دەکەم.
شیعرەکانی نالی بەگشتی بەسەر سێ وێستگە دابەش دەبن. یەکیان سەرەتای دەستپێکردنی تا سەفەری سنە، کە تەمەنی گەیشتووەتە دەوری سی و قسوور ساڵ. دووەمیان هاتنەوەی بۆ سلێمانی و مانەوەی تا وادەی سەفەری بۆ حەج ساڵی ١٨٤٨ کە تەمەنی گەیشتووەتە دەوری پەنجا ساڵ. سێیەمیان ئەو ماوەیەی لە دەرەوەی وڵاتدا ژیا کە دەوری سی ساڵێک دەبێ.
بەو حسێبە نالی نزیکەی هەشتا ساڵ ژیاوە.
قەسیدەکەی کە بۆ مەستوورەی نووسیوە، جا هۆی نووسینەکەی هەرچییەک بێ، ویستگەیەکە لە ئەزموونی شیعرنووسینیدا. بەگوێرەی لێکدانەوەی مێژوو نالی ئەم دەقەی خۆی لە تەمەنی دەوری سی ساڵیدا نووسیوە و بە دیاریکراوی ئەگەر لە ١٧٩٧ لەدایک بووبێ ئەوا ئەوکات سی و یەک ساڵ بووە، خۆ ئەگەر ساڵی هاتنە ژیانی پێش ئەو ساڵە بووبێ ئەوا چەند ساڵێکی تریشی دەچێتەسەر واتا چەند ساڵێکیش گەورەتر بووە لەم تەمەنە.
بەگوێرەی کتێبی " تاریخ مردوخ" ی محەمەد مردوخ کوردستانی ساڵی ١٨٢٨- ١٨٢٩ مەستوورە شووی بە خوسرەو خانی ئەردەلان کردووە و ئەوکات تەمەنی مەستوورە ٢٥ ساڵان

و نالی دەوری سی و یەک ساڵ بووە. ئەگەر گومان لە ساڵی هاتنە ژیانیشی ڕاست بێ ئەوا گەورەتر بووە.
دەقێکی تر هەیە لە دیوانی نالیدا کە نزیکە لەو دەقەی مەستوورە و پێدەچێ کاتی نووسینیان لەیەک نزیک بێ، ئەویش ئەو دەقەیە کەبۆ مەرگی باوکی حەبیبەی نووسیوە، کە مەتڵەعەکەی بەم شێوەیەیە: ماتەم، وەکو زولفەینی سییەە گرتی سەراپات.
فەزای نووسین و تەحەدا و جورئەتی دەربڕین دەکەونە ناو هەمان پاڵەپەستۆی کۆمەڵایەتییەوە، ڕەنگە دوای قەسیدەکەی مەستوورە نووسرابێ.
لە یەکەم بەیتی شیعری دووەمدا دیارە کە حەبیبە ئەوکاتە شۆخە ( زولفەینی سییا ).
مەلاعەبدولکەریمی مودەڕیس پێی وایە ئەم شیعرە لە شام نووسرابێ. ئەو وشەی ( شامات) ی ناو شیعرەکەی وا لێکداوەتەوە کە نالی مەبەستی بووە حەبیبە بچێ بۆ لای لە شام. کەچی مەسعوود محەمەد ڕای وایە لە سلێمانی، یان لەهەر جێیەکی تر لە ناوەوەی وڵاتدا نووسراوە. ئەم بۆچوونە لەگەڵ فەزای دەقەکە گونجاوترە.
بۆ گریەیی تۆ ڕەنگە منیش هێندە بگریەم
گەوهەر برژێنین بە بڵندی قەد و باڵات
حوجەی مەنتقی مەسعوود محەمەد ئەوەیە، [ ئەگەر نالی لە شام بوایە بە چەند ڕۆژان خەبەری ئەو مەرگەی پێدەگەیشت؟ دەسا هەتاهەتایە مەرگی بۆرەپیاوێکی ئەوتۆیی لەو سەردەمەدا نەدەگەیشتە شام، خۆ ئەگەر گەیشتبیش ڕێی تێ ناچێ نالی بڵێ، گەوهەر برژێنین بە بڵندی قەد و باڵات، چونکە دەمێکە حەبیبە لە گریان بووەتەوە، کاغەزی نالی- یش بە ڕۆژەها ناگاتە حەبیبە و فرمێسکەکانیش هەرگیز لەگەڵ فرمێسکە بەسەرچووەکانی حەبیبە کۆمەڵ نابن.] ( دەستەو دامێنی نالی مەسعوود محەمەد).
سەرەڕای ئەم حوجەیە وێنەی گریانی بە جۆشی ناو تێکستەکە دەلیلە بۆ تەمەنێکی گەنجی هەردووکیان نالی و حەبیبە. نالی خۆیشی ئەو بابەتە لە دێرێکدا یەکلایی دەکاتەوە کە دەڵێ، تۆ شۆخ و جوان دوور بی لە ئافات و خەرافات.
ئەگەر نالی هەشتا ساڵێک ژیابێ بەگوێرەی محەمەد تاهیر بۆرسەلی نووسەری عوسمانی و مەلاعەبدوڵلای جەلیزادە و  محەمەد ئەلحەزراوی و سدیق بۆرەکەیی کە هەر ئەمەش ڕێی تێدەچێ، ئەوا دەوری پەنجا ساڵێک لە ناوەوەی وڵاتدا ژیاوە و سی و قسوورەکەی تر لە دەرەوە.
کەوابوو ئەم قەسیدەیەی سەرەوە بەرهەمی ناوەوەی وڵاتە. جگە لەهەموو ئەوانەش لە تێکستەکەدا وێنەیەکی شیعری بەدی دەکرێ کە تەمومژ ناهێڵێ:
ئەو بابە کە فەتح و زەفەری قەلعەیە قەلعی
با قەلعی بکا زەلزەلەیی هادیمی لەززات
قەلع و هەدم و زەلزەلەی لەززات هەموویان هێمان بۆ توانای گەنجیی، جگەلەوەش وێنەکە نزیکی ماوەی نێوان شاعیر و حەبیبە لە ڕووی شوێنەوە نیشان دەدا ئەویش ئومێدی پێکگەیشتنە دوای کۆچی باوکی، ڕێی تێناچێ پیرێک ئەو ئاواتە بخوازێ.

ئەگەر بەراوردی گریانی ناو تێکستەکەش بکەین لەگەڵ دوو بەیتی تری ڕۆژانی پیریی کەباسی گریانی تێدا هاتووە جیاوازییەکە ڕوونترە:

لێوم، لە ڕۆژی ڕۆشنی کافووری وشکی، وشگ

چاوم، لە شەبنمی شەوی وەک عەنبەری تەڕە

دوو گریان دەبینیین یەکیان بە خوڕە و ئەوەی تر شەونمی.

نالی لە شیعرێکدا باسی حوجرە دەکا و دەڵێ: بێتە حوجرەم پارچەپارچەی موسوەدەم بکرێ بەڕوح / هەرکەسێ کوتاڵ و پارچەی بێ بەدەل سەودا دەکا.

ئەم وێنە شیعرە هی سەردەمی مەلایەتی و حوجرەیە و دیارە لەناو وڵاتدا نووسراوە.

بەم شێوەیە دەبێ ناو تێکستەکان بگەڕیین و ئەوەی شراوەیە بیهێنینەوە دەرێ.

کە بۆ یەکەمین جار دیوانی نالی لەلایەن کوردیی و مەریوانییەوە چاپکرا، پیرەمێردی شاعیر لە ڕۆژنامەی ( ژیان ) ڕۆژی ١٩٣١/٩/١٤ بەم بۆنەیەوە نووسی:

تەقریبەن نەوەد ساڵ لەمەوپێش ( دەکاتە دەوری ١٩٤١ )، ڕۆژێکی ڕەنگ زەردی پایز،...لە دەمەدەمی بەیانیدا پیرێکی سەروڕیش سپی ئیفتادە، ...بە ماتومەلوولی،... ڕوو بە (وەیس) لە سلێمانی دەرچوو. بەدوایەوە چەند فەقێیەکی خانەقا نەبێت، تەشیعکەرێکی نەبوو.

... پاش ئارشی کۆیە و ئیحتیلالی ئەم ناوە لە تەرەف ڕۆمەوە و پاش کوژانەوەی ئەستێرەی بەبەکان، دڵی نالی قوبووڵی مانەوەی نەکرد لە وڵاتەکەیدا.... ئەم چاوی بینینی حەیتە و قەرەبینای ڕۆمەکانی نەبوو... پێی نا بە دڵیاو خەیاڵی (حەبیبە)ی خستە ئەولاوە، ڕوو بە مەجهولات، بە غوربەت سەری نایەوە. پاش ئەوەی ( ئەحمەد- موختار) مەجبوور بوو بە تەرکی تەختی (بەبە)، نالی- ش بە ئارەزوو و ئیختیاری خۆی تاجی ( ملک الشعرا )یی لەسەری خۆی فڕێدا و نایە ژێر پێیەوە، چونکە لە نەزەر ئەودا موڵکی بێ تەخت شاعیری بێ تاجی دەوویست!

دواتر دەنووسێ:

ئەگەر شیعر بە غایە – وەسیلە نا – عەد بکرێت و ئەگەر شیعر عیبارەت بێ لە سنعەتێکی بەرزی بەدیعی... و ئەگەر لە شیعردا ئیبداع شەرتێکی ئەعزەم بێت، بێ گومان نالی گەورەترین شاعیری کوردە.

سەبارەت بە حەبیبەش دەڵێ: لە نەزەر مندا حەتتا حەبیبەیماڵیاواش شەخسیەتێکی حەقیقی نەبووە تەنها ڕەمزێکە نالی کردوویە بە واسیتەی ئیزهاری دەهای شاعیرانەی.

نووسینێکی شیرینی گەوارا بە قەڵەمێکی سەنگینی پێشەنگێک ، ئەوەیە وەسفی من بۆ ئەم گەوهەرەی پیرەمێرد.

ناکرێ ئەو زانیارییانەی لەم نووسینە کورتەی پیرەمێرددا هەیە نادیدە بگیرێ لەگەڵ ئەوەی شێوە پەخشانێکە، بەڵام چونکە نووسەرەکەی کەسایەتییەکی دیاری ناوەندی ئەدەبییە.

نووسینی وەها خانەدانانە لە پیرەمێرد دەوەشێتەوە وەک چۆن سەفەری دراماتیکی وەهاش لە نالی دەوەشێتەوە.

بەگوێرەی نووسینەکەی پیرەمێرد دەبێ نالی کە سەفەری حەجی کرد ئەحمەد پاشا لە حوکم نەمابێ. چونکە نووسینەکە ساڵی ١٩٣١ نووسراوە ئەگەر نەوەد ساڵی لێ دەربکەین دەکاتە ١٨٤١ کەچی ئەحمەد پاشا ساڵی ١٨٤٦یان ١٨٤٨ لە حوکم نەماوە، بۆیە وشەی تەقریبەنەکەی پیرەمێرد شتێک فریای ئەو جیاوازییە دەکەوێ. بەڵام " پیرێکی سەروڕیش سپی و ئیفتادە" ئەمەیان چۆن؟

ئەگەر نالی لە دەوری ١٧٩٧ لە دایک بووبێ ئەوا لە کاتی حوکمی ئەحمەد پاشادا تەمەنی لە خوار پەنجا بووە، ئەو وەسفەی ئیفتادە نەگونجاوە بۆ ئەو تەمەنە.

ئەگەر گریمانەی ئەوە ڕاست بێ کە نالی لە دەوری ١٧٩٠ لە دایک بووبێ ئەوکات تەمەنی نزیک شەست دەبێ، ئەمەی دوایی لەگەڵ وەسفەکەی پیرەمێرد دەگونجێ. کەچی هەرچەندی دێنم و دەبەم لەگەڵ خوێندنەوەی شیعرەکانی نالی دەگەمە بەو ئەنجامەی کە لە دەوروبەری پەنجا ساڵیدا سەفەری حەجی کردووە و ئەو وەسفەی پیرەمێرد مەجازییە بۆ بایەخدان بە کەسایەتی شاعیر و جێهێشتنی وڵات.

ئەو سەفەر دراماتیکییە کەی بووبێ و هەر مەبەستێکی لەپشت بوو بێ دوا سەفەری نالی بووە و ئیتر دوای ئەوە نەگەڕاوەتەوە.

" جگە لە چەند فەقێیەکی خانەقا تەشیعکەرێکی نەبوو" ئەمەشیان قسە زۆر هەڵدەگرێ.

ئەگەر کاتی حوکمی ئەحمەد پاشا بوو بێ دەبێ نالی بە تەدارەکێکی گەورەوە بە ڕێ کرابێ، چونکە نالی- یەک کە دۆستی پاشا و ئەو هەموو مەکانەتە ئایینی و ئەدەبییەی لە سلێمانی هەبوو بێ، دۆستی مەولانا و دەیان کەسایەتی تر بوو بێ چۆن بەو تەرزە بە ڕێ کراوە بۆ سەفەری حەج؟!

ئەگەر مەبەست ئەوە بێ کە شاعیر تۆران و دڵشکانی پێوە دیار بووە، ئەوا سەفەری حەج بەو چەشنە ناکرێ، بە پێچەوانەوە بە دڵێکی خۆشەوە کەسانی ئاسایی دەچن بۆ ئەو شوێنە پیرۆزە چ جای مەلایەک و مەلایەکەش نالی بێ.

بمانەوێ ڕووداوەکان بسڕینەوە و بە موجەڕەددی تەماشای سەفەرەکە بکەین و بەراووردی بکەین لەگەڵ کۆی بەرهەمی شاعیر گونجاوتر دێتە بەرچاوان. چۆن؟ شاعیرێک دژی دەسەڵاتی تەکیە و سۆفی و دەروێش بووە، لە دابونەریتی کۆمەڵ و باوکسالاریی داوە و شیعری بۆ کچێک نووسیوە و کردوویەتی بە قیبلەنوومای خۆی، بە زمانێک نووسیوویەتی کەپێش ئەو شیعری پێ نەنووسراوە، شێوەزاری سلێمانی.... هەموو ئەمانە باگڕاوندی ئەو نامۆبوون و سەفەر و دڵشکانەن، من ئەو هێمایانە لە ئەزموونی نالی دا دەخوێنمەوە، نەک ئەوەی کەسایەتییەکی تەبا و ڕێک لەگەڵ دەوروبەری. بۆیە، ئەوەی پیرەمێرد نووسیوویەتی لەگەڵ ئەو بۆچوونەی سەرەوەدا دەگونجێ.

ڕاستی و مەجازی ناوی حەبیبەش قسەی زۆر هەڵناگرێ، چونکە بەشێک لە شاعیران ژنێک سەرچاوەی ئیلهامیان بووە، بۆ نموونە دانتی پیاتریس و جزیری سەلمای هەبووە. شاعیرانی تریش زۆرن. ژن یەکێک لە ئیلهامبەخشە سەرەکییەکانی شیعری کلاسیک و ڕۆمانتیک.

لە سێ غەزەلی نالی دا ناوی حەبیبە بەڕوونی هاتووە. یەکیان ئەو غەزەلەیە کە مەتلەعەکەی بەم چەشنەیە: چەنانی وەک جینان کردم بە ماوا / حەبیبەی ماڵیاوا ماڵی ئاوا!
فەزای شیعرەکە بە بەرهەمی درەنگی تەمەن دەچێ. وێنە شیعرییەکان تەئەمولیین و ڕەنگیان پایزییە و نائومێدییەکی نیمچە شراوەی ئاڵ بە خوێنی تێکەڵ گریان دەخوێنینەوە.
دووەمیان: دەستم لە گەردنی خۆت هەڵمەگرە ئەی حەبیبە! ئەم تێکستە هی سەردەمی زووترە، حەبیبە " نەوشگوفتەی وەردییە و نالی مایل بە زەردییە".
ئەوەی سەرنج دەدرێ وێنە شیعرییەکانی ئەم دەقە گەرمن " من هەمدەمم لەهیبە" " دڵ مەیلی خاکی پێتە" ڕەنگ زەردی عاشقی بە / فەرمانبەری لەبی بە.
سێیەمیان: ئاخ لەگەڵ ئێمە حەبیبە سەروپێوەندی نییە. لەم دەقەیدا باسی خانەقا و مەدرەسە هاتووە. لە نیوە بەیتێکیدا ئاڵۆزییەک دروست دەبێ کە دەڵێ: تاڵیبی ڕاهی حیجازم.
لە دوا بەیتدا دەڕەوێتەوە کە دەڵێ: شیعرەکانم کە جگەرگۆشەی منن، دەربەدەرن.
ئەگەر ئەو خوێندنەوانەی من دروست بن هەر سێ غەزەل بەرهەمی درەنگی تەمەنی نالی-ین و بە ئاشکرا ناوی حەبیبەیان تێدا هاتووە. کەچی لە بەرهەمەکانی سەرەتای نووسین و تا گەڕانەوەشی لە سنە لەبەر هەر هۆیەک نالی ناوی حەبیبەی بە ئاشکرا نەهێناوە.
ئەو شیعرەی نالی بۆ مەرگی باوکی حەبیبەی نووسیووە هەندێک ڕوونکردنەوەیان تێدایە بە زمانی ئاماژە، بە تایبەتی لەو دێڕانەدا " بێ بابی مورادی من و تۆ بوو بە تەمەننا / بێ بابی دوعای من و تۆ بوو بە موناجات". بە واتایەکی تر نالی کەوتۆتە ژێر گووشاری باری خێزانی حەبیبەوە، بە تایبەتیش باوکی.
ئەو گریمانەیە بواری زۆری بەدەمەوەیە بۆ دۆزینەوەی سەرەداوی تر، وەکو باوکی حەبیبە دەسەلاتی چی هەبووە تا نالی بەم چەشنە لێی بسڵەمێتەوە؟ یان نالی خۆی کەسێکی شەرمن بووە و نەیویستووە خۆی بخاتە دۆخێکی نەخوازراو؟ یان پەیوەندی نالی و حەبیبە زانراوە و بەردەوام یەکتریان دیوە بۆیە نالی نەیویستووە کێشە بۆ حەبیبە دروست بکا؟ دەیان پرسیاری تر.

لەناو غەزەلەکاندا بەگشتی جۆرە دڵشکانێک دەبینرێ و لەناو شیعرەکانی تریشیدا کەم تا زۆر ئەو هەستە دەخوێندرێتەوە.

نالی کۆتوبەندی کۆمەلایەتی تێپەڕاندووە لەو شیعرانەیدا کە وێنەی ڕووت و ئیرۆتیکی تێدایە، بۆ حەبیبەش لەیەک دوو شوێن ئەو جۆرە لادانە دەبینین بەلام بەو ڕاستەوخۆییەی مەستوورە نییە.
نالی سۆفی نەبووە، هەستی خۆیشی نەشاردووەتەوە لەو شیعرەی کە بە بۆنەی مەرگی باوکی حەبیبەوە نووسیوویە باسی قەلعی بابی کردووە بە زەلزەلەی هادمی لەززات!

## چۆن دەڕوانمە شیعری نوێ ؟

***ئەم چاوپێکەوتنە ڕۆژنامەنووس شاخەوان سدیق لەگەڵی کردووم .***

- سەرەتا دەمەوێت لەسەر یەکێک لەتێڕوانینەکانی خۆت بۆ شیعری نوێ بوەستم کە لە کتێبی ( ئیرۆسکێ ) بڵاوکراوەتەوە دەڵێت" شیعری نوێ هەوڵدانە بۆ جۆرەکانی فڕین و جۆرەکانی تری چریکاندن " لەم پرسیارەدا مەبەستمە، هەم تێڕوانینی ئێوە بزانم بەفراوانتر بۆ شیعری نوێ و هەم دەمەوێت بپرسم، بە بۆچوونی ئێوە نوێبوون لەشیعردا بەستراوە بە تەمەنەوە، یان بەڕوانین و دنیابینییەوە؟

+ بێ شک هەوڵی شاعیری نوێخواز ئەوەیە جۆرێکی جیاواز بنووسێ. ئەگەر نووسین بەفڕین دێتە بەرچاو. فڕینی جیاواز چۆنە؟ تەواو نایێتەوە یادم لەکام وتاردا ئەم ڕستەیەم نووسیوە، بەڵام دەتوانم ڕوونتری بکەمەوە. جارێ کەدەڵێین، فڕین! دیارە مەجازە ئەگەرنا خۆ شاعیر باڵندە نییە، یان فڕۆکە! کەچی نابێ ئەوەمان لەبیربچێ، لای موتەسەوفەکان پرۆسەی فڕین بەشێکە لەهێزی پێگەیشتنی ڕۆح. کەوابوو، فڕینی جیاواز مەبەست لێی، ئەو ڕیتم و تەکنیک و دەربڕینانەیە کەبەرهەمێکی کۆن و نوێ لێک جیادەکاتەوە. هەمان شت بۆ لێکدانەوەی چریکە و چریکاندن گوونجاوە.

- ئۆجین گیلفیک شاعیری فەرەنسی دەربارەی زمانی شیعری دەڵێت" شیعر زمانی ڕاستەقینەی ئێستایە" ئەگەر بەوردی ئەزموونی شیعری ئێوە بخوێنینەوە بەتایبەت لە دیوانەکانی( هەوڵێک بۆ کوشتنی کات و گۆمی پوونگ و حەج و مانگی نیوەمۆر) دا بەر جۆرێک لەزمانی جیاوازی شیعری دەکەوین کە تاڕادەیەک لەزمانی نووسینی نووسەرە هاوتەمەنەکانی خۆت جیاوازترە، دەکرێت پێمان بڵێیت گرنگی زمان بەتایبەت جیاواز بەکارهێنانی زمان لەشیعردا لای تۆ چییە؟

+ شیعری نوێ و کۆن تائەو شوێنە گرێدراوی زەمەنە کەپەیوەستە بەتەکنیک و زمانەوە، ئەگینا پوێتیکا( شیعرییەت ) لەسەرووی هەموو ئەو لێکدانەوانەیە. دەکرێ نالی و مەولەوی نوێ بن وەک هەر شاعیرێکی ئەم سەدەیە، لەبەر دوو هۆ: یەکیان شیعرییەتە و ئەوەی تر بەردەوامی

خوێندنەوەیانە لەلایەن خوێنەرەوە. ئەگەر بەخێرایی چاو بەمێژووی شیعردا بگێڕین هەر لەهۆمیرۆسەوە تا گیلفیک ئەو گۆڕانکارییانە هەست پێدەکەین کە لەکەرەستە و زمانی نووسیندا کراوە، هەر لە کورت و درێژی تێکستەکانەوە تا وردەکارییەکانی زمانی دەربڕین. ئەوەی پەیوەندی بەزمانەوە هەیە پێویست بەڕوونکردنەوەی زیاتر هەیە.

لەشیعری کلاسیک زمان گشتییە، لەلای ڕۆمانتیکەکان تایبەتمەندی زیاتر وەردەگرێ و هەستی کەسیی دێتە ناو زمانەوە، لەشیعری نوێدا وردەکاری ئەو کەسییە زیاتر دەردەکەوێ و زەمەن چڕترە. ئەم دەرکەوتنە، پەیوەندی بەفراوانبوونی سات و ئاستی دەربڕین و هەروەها بەگەشەی زمان خۆشییەوە هەیە. نەک هەر دۆخەکانی مرۆڤ بەڵکو مامەلەکردن لەگەڵ دەرەوەش ئەو تەفاسیلەی تێدایە. ئێستا لەشیعری نوێدا وشەی درەخت و ڕووبار و گوڵ ... کەمتر دەبینی. شاعیر باسی درەخت ناکا باسی درەختێک دەکا کە ناوێکی هەیە، بۆ نموونە چنار، یان ئەکاسیا، هەندێکجار جۆری گەڵا و شێوەی دەرکەوتنیشی. هەروەها گوڵ و ئەوانی تریش. کەواتا پەیوەندییەکان جوونەتە ناو تەفاسیل و دەربڕینیش ئەو بارە کەسییەی تێدا ڕەنگڕیژە. ئەو گەشە ڕایزۆمییەی شیعر لەبۆدلێرەوە تا ئەمڕۆ بەردەوامە.

+ ئەم پرسیارە لەوەڵامی پرسیاری پێشوودا هەیە، ئەوەی تر دیارە تێگەیشتنی ڕاستەقینەی خۆمە بۆ شیعر. من لەسەرەتاوە واتا لەو کاتەی دەستم بەنووسین کرد کاریگەری هەندێک شاعیری پێش خۆم بەسەرەوە بوو بەتایبەتیش عەبدوڵڵا پەشێو کەبرادەری خۆشم بوو، بەڵام ئەو لەمن بەتەمەنترە و لەمن زۆر لەپێشتر بوو لەئەزموونی نووسین. ماوەیەکی کەم بەو شێوە مامەوە، لەبەر ئەوەی خوێندنەوەم زۆربوو، خۆشم کەسێکی جیدییم لەکارکردندا، بۆیە هەر زوو لەو فەزا تەسکەی شیعری کوردی هەستم بەنامۆیی کرد. بڕیارێکم لەگەڵ خۆمدا ئەویش ئەوەبوو: ئەگەر من بەرهەمی کەسانی تر کاوێژ بکەمەوە بیانوو بۆ هاتنی من چییە؟ دیارە سەرەتای هەر شاعیرێک جیاوازە، ئەگەرچی لەناو شیعری کوردییدا کەم بووە لەسەرەتاوە شاعیرێک بەهێزەوە دەست پێبکا، مەبەستم لەهێزی دەربڕینە. من بەیارمەتی خوێندنەوەی زۆر و ڕەنگە وزەی تریش هەبووبێ کە من ئێستا دركیان پێدەکەم، بۆ نموونە، ئەو لایەنە ڕووحییەی سۆفی خدری باپیرم لەدایکمەوە، یان گەنجینەی حیکایەت و گۆرانی فۆلکلۆری داپیرەکانم و هەروەها توانای کەسی خۆم، کەمن لەناو منداڵەکانی گەڕەکیش جیاوازبووم. ئەوانە بەجۆرێک لەجۆرەکان بەشدارن لەدروستکردنی کەسایەتی ئەدەبیشم. بەڵام کە سەرنجی ڕابردووی خۆم دەدەم هەست دەکەم زۆر ماندووبووم تا توانیم ئەو تخووبە بۆ خۆم جیابکەمەوە کەئێستا تۆ ناوی دەنێی جیاوازی زمانی نووسین. من شەونخوونی زۆرم بۆ بەدیهێنانی کردووە، سەفەرم کردووە و قوربانییم بۆداوە، ڕەنگە کەمێکیشی بەهرەی کەسی بێ.

ئەو جیاوازییە لەجۆری تێگەیشتنی منەوە هاتووە بۆ شیعر. من لای خۆم شیعر وەکو پڕۆژە دەبینم و کەم بووە هەستی ڕاستەوخۆی خۆم دەرببڕم، هەمیشە یەکەم هەستم موتوربەکردووە بەڕۆشنبیریی و بەربەستەکانی کاتی نووسینم بەخۆڕایی تێنەپەڕاندووە، بەڵکو هەوڵم داوە نەک هەر لەناو ناوەندەکەدا جیاوازبم بەڵکو لەهەر تێکستێک لەگەڵ تێکستەکەی پێشتری خۆشم، یان دروستتر، لەکتێبێکەوە بۆ کتێبێکی ترم جیاوازبم.

- ئەوەی لەئەزموونی تۆدا لای من گرنگە و جێی سەرنجە، بەکارهێنانی چەمکی مۆنۆلۆگە لەبری بەکارهێنانی چەمکی دیالۆگ لەزۆر لەشیعرەکانتا. مەبەستمە بپرسم، ئەمە وەک تەکنیکێکی تایبەتە لای ئێوە، یان بیرۆکەی شیعرەکە ئەوە دەخوازێ؟

+ ئەوەی پەیوەندی بەو لایەنەوە هەیە کە تۆ باسی دەکەی، بەشێکی هی ئەوەیە، من هەوڵم داوە لەڕێی هەندێک ڕەمزی شیعرییەوە خۆم دەرببڕم. چۆن؟ نالی، یان مەولەوی، یان بۆدلێرم هێناوە و لایەنێک، یان بیرۆکەیەکی شیعریی خۆمم لەسەر کەسایەتی ئەوان هەڵچنیوە، ئەوەش لەسەرەتاوە بۆ کاریگەری شاعیری ئینگلیزیی ئیلیۆت دەگەڕێتەوە، ئەوەی ئەو ناوی نابوو هاوکێشەی بابەتی. بەم چەشنە خۆم لەدەربڕینی ڕاستەوخۆی هەست دەربازکردووە و ڕەهەندێکی ترم داوە بە شیعرەکە و هەر بۆیەش ئەگەر سەیربکەی شیعرەکانم وەک ئاوێنەیەک ڕۆشنبیرییەکی گشتی و شیعرییان تێدایە، کە هەندێک جار بۆتە بەربەستێک لەنێوان من و خوێنەرێکی کەم شارەزا و جۆرێک لەیەک تێگەیشتنی لەگەڵ ناوەندی تەمبەڵی ئەدەبیشدا بۆ دروست بووە، ئێستا ڕاشکاوانە دەیڵێم، گوناهی من نەبووە، ئەوان نەیانتوانیوە خۆیان لەهەندێک چێوەی وەڕسکەر دەرباز بکەن.

- وەک لەئەزموونەکەتاندا دیارە بەشێوازی شیعری نوێ ئەوەی پێی دەوترێ ( شعر الحر) دەنووسن و بەگشتی خۆتان لەکێش و سەروا دەپارێزن، بەڵام هێشتا لەهەندێک شیعردا کێش و سەروا دەبینرێ وەک ئەوەی نەتوانن خۆتانی لێ بەدووربگرن. بۆ نموونە لەشیعری ( سەرلەنوێ بۆدلێر) دا ئەم حاڵەتە دەبینین. پرسیارەکە ئەمەیە، ئێوە ویستووتانە تێکهەڵکێشی دوو شیوازی کلاسیک و نوێ بکەن بەتەکنیکی جیاواز، یان ئەوە لەکاتی نووسیندا و وەک حاڵەتێکی ئاسایی هاتووە؟

+ لەسەرەتاوە و بەدیاریکراوی لەچەند دەقێکدا شیعری ئازادم نووسیوە دواتر ئەوەی پێی دەوترێ، قەسیدەی پەخشان، یان شیعری پەخشان. ئەوە پەیوەندی بەو ناوانەوە هەیە کە ڕەخنەگران بۆ شیعر پێشنیازیان کردووە و من باوەڕم بەو دەستەواژانە نییە بۆ شیعر. شیعر شیعرە و تاکە پێوانە بیوتیقایە( شیعرییەت). جگە لەوە باقی شتەکانی تر پەیوەستن بەو تەکنیک و جوانکارییانەی هەر شاعیرێک دەبێ ئەنجامی بدا بۆ فراوانکردنی سنووری دەربڕین. هەندێک جار دروستکردنی مۆسیقا لەناو ڕستەدا، واتا ئەو ئاهەنگەی وشەکان دروستی دەکەن لەنێو خۆیاندا، چۆن وێنەی شیعری گرنگە لەشیعرنووسیندا بەم چەشنە ئاواز و ئاهەنگیش گرنگە. نایشارمەوە ئەو جۆرە کارانە بەشێکن لە وەستایی نووسین و کارکردنی بەردەوامیان دەوێ، کەچی هەندێک جار خۆڕسکن بەو مەرجەی ئاستی هونەری دەق بپارێزن. ئەوانەی تۆ وەک نموونە هێناوتەوە بەشێکن لەو خۆڕسکییەی لەکاتی هەڵچوونی نووسیندا دروست دەبن و ناتوانی ڕێیان لێ بگری. بەپێچەوانەی ئەوەی تۆ دەیڵێی، واتا سووربوون و ئەنقەست نییە زیاتر دارڕژانە.

شیعری نوێ بێ ئاواز نییە، ئەوەی ئاوازی شیعری نوێ و کۆن لێک جیادەکاتەوە داینامیکی دروستبوونی ئاهەنگە، ئەوەی پێی دەوترێ، ئاوازی ناوەوەی دەق و بەریەککەوتنی وشە و خوڵقاندنی مانای تازە و بیرۆکەی شیعرییە. من زۆرتر کار لەسەر بیرۆکەی شیعری دەکەم لە کتێبەکانی ئەم دوایانەمدا نەک وێنەی شیعری بەتەنیا.

- کاپین ڕین ژنە شاعیری بەناوبانگی ئینگلیز سەبارەت شاعیر دەڵێت" شاعیری ڕاستەقینە وەک حەکیم بیردەکاتەوە، بەڵام بەساکاری دەنووسێ" ئەگەر سەرنج لەکۆی نووسینی ئێوە بدەین بەر مەعریفەیەکی قووڵ و مێژوو دەکەوین و هەست بەڕەنگدانەوەی شیعری جیهانیی دەکەین تیایدا بەنەفەسی خۆت، لەوانە گەڕانەوە بۆ ( دانتی، ڕامبۆ، بۆدلێر، .. و زۆرانی تر) . دەمەوێ بپرسم، تاچەند ئاگاداربوون لەفیکر و شیعری جیهان بۆ شاعیر پێویستە بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەزموونی خۆی؟

+ پێشتر ئاماژەم بۆ ئەوەکرد شیعری نوێ لەجیهاندا وەک ئۆکتافیۆ پاز ئاماژەی بۆ دەکا یەک جۆر شیعرە، بەواتای فەزا و شێوەی تێگەیشتن و جۆری دەبڕین. نزیکییەک لەنێوان هەموو تێکستەکاندا هەیە وەک ئەو نزیکییەی لەخەڵکی کیشوەرێکدا هەیە، کەوتت، ئەوروپایی یەکسەر دێتە پێش چاو مەبەست ئەو کەسانەیە کەڕەنگی پێستیان سپییە و موویان زەرد و چاویان کاڵە، یان ئەفریقایی… بەڵام دیارە ئەوە موتڵەق و ڕەها نییە، ئەوروپایی ئەسمەر و پێست تاریکیش هەیە کەلەخەسڵەتی تردا وەک ئەوروپایی دەناسرێ. ئەو وەسفە ناچێتە قاڵبی ڕەگەزپەرستییەوە و زیاتر بۆ ڕوونکردنەوەیە. ئەگینا مرۆڤ هەر مرۆڤە و شیعر هەر شیعرە چ کۆن چ نوێ. خوێندنەوەی شاعیر بەگوێرەی کەتەلۆک نییە، هیچناملکەیەکیش نییە پێمان بڵێ، شاعیر چۆن دروست دەبێ. هەندێک شاعیر هەن لەبواری زانستێک زۆرترین خوێندنەوە و شارەزاییان هەیە، بۆ نموونە، سەبارەت بە جیهانی پەپوولە، یان ئەستێرە، یان هەر شتێکی تر. ئەو جۆرە زانیارییە دەچێتە خانەی هوایەتەوە وەکی تر خوێندنەوەی شیعر و ئەزموونی شاعیران پێویستیی ژیانە بۆ بەردەوامبوون و گەشەی شیعر. پێم ناڵێی، چۆن دەتوانی شیعر بنووسی لەم سەردەمەدا کە کەمترین زانیاریت لەبارەی دەوروبەری خۆت و ئەو جیهانەدا نەبێ کەتێیدا دەژی. بەڵام جۆری خوێندنەوە و زانیاریی لەشاعیرێکەوە بۆ ئەوەی تر دەگۆڕێ. بەدیاریکراوی باسی ڕۆشنبیرییم نەکرد و بەمەبەست وتم، زانیاریی، شارەزایی لەبواری شیعر چونکە ڕۆشنبیریی بەپێویستی ژیان دەزانم بەڵام بۆ شیعر شارەزایی و زانیاری لەبارەی وردەکاری ژیانەوە لەپێش ڕۆشنبیریی دایە.

- کاتێک باس لەزمانی نووسینی شیعر دەکەین بەر بۆچوونی جیاواز دەکەوین، لەوانە، زمانی شیعر دەبێ باڵا بێت و نابێ بەزمانی بازاڕی بنووسرێت، پێویستە دەقی شیعری هەڵگری کۆد و هێما بێت، هەندێکیش پێیان وایە، شیعر دەبێت بەزمانێکی سادەی بێ گرێوگۆڵ بنووسرێت، بەجۆرێک هەموو کەس تێی بگات. مەبەستمە سەرنجی تۆ لەم بارەیەوە بزانم، لەگەڵ کام بۆچووندان؟

+ هیچ مەرجێکی پێشوەخت نییە بۆ ئەوەی دەقێک بە شیعر بزانین، شاعیر هەیە لەنووسیندا ئاڵۆزە وەک پۆل سیلان، هەشە سادە دەنووسێ وەک جاک بریفێر و هەردووکیشیان دوو ئەزموونی گرنگن. ئەزموونی هەر شاعیرێک ژمارەیەک کۆدە، کە کۆدەکانت ناسی ئەوەی ئاڵۆزە سادە دەبێتەوە و سادەکەش قووڵ.
ماوەیەک و بەتایبەتی لە هەشتاکان واتا چل ساڵێک پێش ئێستا قەسیدەی درێژم دەنووسی، ژمارەیەک وێنەی شیعریم بەدوای یەکەوە هەڵدەدا لەناو فەزایەکی نیمچە شاراوە، بەڵام لەگەڵ هەڵکشانی ئەزموون و خوێندنەوەی ئەزموونی شاعیرانی جیهان و شارەزایی نووسین هەم ئێستا دەقەکانم کورتترن لەچاو جاران و هەمیش ڕوونترن. بەشێکی پەیوەندی بە ئەزموونی خۆمەوە هەیە و ئەوەی تر جۆری ناوەندەکانی خوێندنەوە. من بۆ خۆم نانووسم بۆ خوێنەری زیرەکی دەنووسم بەگوێرەی وتەیەکی پامۆک، بۆیە هەم دەمەوێ تێم بگا و هەم ئاستی نووسینەکەم بەرزبێ. زمانی شیعر و زمانی پەخشان لێرە دەردەکەوێ.
سەبارەت بە پەیوەندییم لەگەڵ خوێنەر؟ وەڵامی ئەو پرسیارە زەحمەتە بەشێوەی کۆنکریتی بدەمەوە، لەبەر ئەوەی شێوازی بڵاوکردنەوە لای ئێمە زۆر خراپە و ئاستی پەیوەندییەکان دیار نییە، هەروەها خوێنەریش پەرشوبڵاوە. هۆکاری تر زۆرن، هەر لەنزمی ئاستی ڕێکخراوەکانی ئەدەبی و جۆری کۆڕ و پێکگەیشتنەکان و کەمترخەمی ناوەندەکانی ئەکادیمیا و هۆکاری تریش. بەر لەماوەیەک داوام لە مامۆستایەکی زانکۆ کرد کە ئەوکات پلەیەکی کارگێڕیشی هەبوو، وتم، ئەگەر هەل بڕەخسێنن هەفتانە موحازەرەیەکمان لەکولیە هەبێ و ئەزموونی خۆمان، یان باسی شیعر بکەین بۆ هەردوولامان باشە، ئەو ئەزموونە لەزۆر وڵاتی جیهان هەیە، پێشنیازەکەی پێ باش بوو بەڵام هیچی لێ شین نەبوو، ئەمەش هۆی خۆی هەیە، ڕەنگە چوونە ناو بازنەی زانکۆ کارێکی قورس بێ بۆ ئەکادیمییەکان! بەهەرحاڵ دۆخەکە ئاوەهایە.
ئەوانەی دەڵێن، بۆ خۆمان دەنووسین بەجۆرێک لەجۆرەکان مەرگی شیعریی خۆیان ڕادەگەێنن، ئیمبرتۆ ئیکۆ بە کەسانی بەلەنگاز و کەساس وەسفیان دەکا.

- دیسان دەگەڕێمەوە بۆ کتێبی " ئیرۆسکێ" لەوێ پێناسەیەکی شاعیر دەکەی و دەڵێیت" شاعیر دەمرێ، بۆ ئەوەی جوانییەک بدزێ و بیبا بۆ خۆی کە ژیان پەی پێ نەبردبێ" دەمەوێ بپرسم، بەڵای ئێوەوە شاعیر کێیە، شیعر هەڵگری چ نهێنییەکە لەخۆیدا کە ئەوە شاعیرەکانن پەی پێدەبەن و لەتاریکترین شوێنەکانی دنیادا ئەوان دەیدۆزنەوە؟

+ شاعیر کێیە؟ شیعر چییە؟ خۆزگە ڕۆژێک بمزانیبا.
زۆرجار ئەو پرسیارە ڕووبەڕووی شاعیرەکان کراوەتەوە و دڵنیام کەسیان جگە لەو وەڵامەی من هیچی تریان نەوتووە.

## له نێوان من و ییتس دا

***ئەم چاوپێکەوتنە خوێندکاری ماجستێر لە زمانی ئینگلیزی ڤییەننا سەلام لەگەڵی کردووم. توێژینەوەکەی سەبارەت بە بەراوردکارییە لە نێوان من و شاعیری ئێرلەندا سامۆیل ییتس دا.***

- لە پشت شاعیر بوونی دڵشاد عەبدوڵلاوە چی هەیە؟ ئێوە لە سەردەمێکدا دەستتان بە نوسین کرد کە هەروەکو لە کتێبی "بەرفرەڵۆک" دا ئاماژەت پێداوە سەردەمێک بوو کە شیعری کوردی لە نێوان دوو ئاڕاستەی جیاوازی شیعرییدا بوو. لەلایەک خەباتی ناسیۆنالیزمی کوردی کە بەشێکی گەورەی شیعری حەفتا و هەشتاکانی پێ جیا دەکرێتەوە و لە لایەک ڕەوتێکی شیعری کە بە شێوەیەکی سەرەکی بە شیعرەکانی گۆران دەست پێدەکات و ڕەوتێکی جیهانی دەدات بە شیعری کوردی. تا چەند هەستت دەکرد لە دەستپێکی نوسینتدا لەو ناکۆکیەدا دەژیایت؟ لەلایەک دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەوکاتەی کورد و لەلایەک ویستی تۆ بۆ دروستکردنی دەنگێکی جیهانی لە شیعرەکانتدا؟

+ شیعری کوردی لەسەرەتادا هاوشانی دروستبوونی ئیمارەتە کوردییەکان دروست بووە، خانی و نالی دوو ناوی دیارن بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونە، کەچی دەبینین خانی وەک شاعیرێکی نەتەوەیی دەناسرێ لەکاتێکدا نالی شاعیرێکی نەتەوەیی نەبووە. ئەوەی ئەم جیاکارییە دەکا تێگەیشتنە لە شیعر. خانی شیعری وەک ئامرازێک دەبینی بۆ دەربڕینی پەیامێکی نەتەوەیی بەڵام نالی شیعری وەکو غایە دەبینی و تاکە پەیامێکیش ئەگەر هەبووبێ پۆیتیکا ( شیعرییەت) و هونەری شیعرە . ئەنجام هەردووکیان بناغەی زمانی کوردییان دامەزراندووە کە یەکێکە لە کۆڵەگە سەرەکییەکانی نەتەوەیە.

گۆران لەسەر هەمان ڕێچکەی بایەخدان بە پۆیتیکا درێژەی بەو ڕەوتەدا کە نالی و دوای ئەویش مەولەوی ڕەنگڕێژیان کردبوو.

لەنێوان ئینتیمای خۆڕسک و ویژدانی بۆ نەتەوە و عەقیدەی سیاسی بزووتنەوەی نەتەوەییدا جیاوازی زۆر هەیە، دیارە مەبەستی تۆ ئەمەی دووەمیانە.

ئەوکاتەی تازە دەستم بە نووسین کردبوو لە حیزبێکی نەتەوەیی کارم دەکرد، دواتر وازم لێهێنا و لە ڕێکخراوێکی چەپدا کارم دەکرد. ئەوکات لە قۆناغی دوا ناوەندی بووم و هێشتا بیرکردنەوەم کاڵوکرچ بوو لەگەڵ ئەوەشدا لەناو برادەرەکانم دەرکەوتوو بووم. دواتر کە چوومە زانکۆ لە بەغداد و جیهانی پایتەختی ئەوسەردەمەم لەبەردەمدا کرایەوە بە کتێبخانەی دەوڵەمەند و هۆڵی سینەما و شانۆ و پەیوەندییەکانەوە بیرکردنەوەم باشتر بوو. هەوڵم دا خۆم لە بزووتنەوەی سیاسی بپارێزم. ئەزموونی ئەو شاعیرانەم لەبەرچاو بوو کە تێکەڵ بە جیهانی

داخراوی سیاسەت ببوون و زیانی لە شیعریان دابوو. باوەڕێکم لا پەیدا بوو کە هەر عەقیدەیەک ماهییەتی چی بێ زیان دەگەینێ بە شیعر و شاعیرییەت.
گفتوگۆیەک هەبوو لەناو ئەدەبی کوردییدا کە شیعر لە خزمەت قەزیەیەکدایە و زمانی هۆز و دواتر گرووپ و نەتەوەیە، یان شیعر غایەیە ئەوسا ناحەزەکانی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە دەیانووت، هونەر بۆ هونەرە یان بۆ گەل ؟.
من پێچەوانەی ئەو ئاراستەیە بیرم دەکردەوە کە شیعر پاشکۆ بێ و لە خزمەت سیاسەدا بێ و تا ئەندازەیەکی زۆریش دژی بووم.
لە نیوەی دووەمی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو ئەوکات دوا ساڵی خوێندنم بوو وازم لەکاری ڕێکخراوەیی هێنا خۆم بە تەواوی بۆ شیعر تەرخانکرد.
ڕاستە پۆیتیکا و زمان دوو شتی موجەڕەد نین، پەیوەستن بە ژیان و ئەزموونەکانەوە بەڵام ئەم پەیوەندییە ویژدانی و جۆری تێگەیشتن و یاخیبوونە نەک ملکەچبوون ، بەمەش تایبەتمەندی دروست دەبێ، ئەو
تایبەتمەندییە بە گوێرەی سروشتی نەتەوە و شاعیر دەگۆڕێ، بۆیە دەبینین ڕەخنەگرەکان کە باسی ڕەمزییەتی ییتس دەکەن فەزلی ئەوەی دەدەنێ کە تامی ئێرلەندای داوەتێ کاتێک لەژێر کاریگەری ڕەمزیە فەرەنسایەکان دا بەرهەمی نووسیوە.
من لە وڵاتێکی بێ ناسنامە و دانپێدانەنراودا دەژیم ، وڵات و میللەتێک لە کۆنەوە غەدری لێکراوە، کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پشتگوێی خستووە و حکوومەتەکانی ناوچەکە خاکیان داگیرکردووە و ئایین و کلتوور و مێژوویان شێواندووە لە لایەک و لە لایەن سەرکردەی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی خۆشیەوە غەدری لێکراوە و بایەخ بە گەشەی کۆمەڵگا و ئەدەب و زمانی نەدراوە. ئەمانە ڕاستە چوارچێوەی گشتین بەڵام ڕۆژانە وەکو ژەهر دەرژێتە ناو ساتەکان و ڕووداوەکان و کەسەکانەوە.
بەڵام ئیشی شیعر نییە ئاوێنەی ئەم واقیعە بێ ئەگەر ئاوێنەش بێ دەبێ ئاوێنەیەکی کۆماوە بێ ( محدودب) دوورایی تری تێدا بدۆزێتەوە و خاڵی هێز و وزەبەخش بدۆزێتەوە.
ئەو هێز و وزەیە ئەفراندنە نەک پاشکۆبوون.
من بە حوکمی خوێندنەوەم زوو کرامەوە بەسەر ئەزموونی ئەدەبی ئەورووپایی و بەتایبەتیش ئەدەبی فەڕەنسی و لەناو ئەوانیشدا ئەوانەی بە شاعیرانی ڕەمزی ناویان دەبەن بە تایبەتی بۆدلێر و مالاغمێ و ژیانم لە بەغداد بۆ ماوەی پێنج ساڵ و خوێندنەوەیەکی زۆر توانیم شێوازێک بۆ دەربڕینم بدۆزمەوە جیاواز بێ نەچێتەوە سەر ڕێگای شاعیرانی پێش خۆمیش.
کە ( شەوێکی سارد) م نووسی ئەگەرچی کەموکورتی زۆریشی تێدایە بەڵام فەزای شیعرەکە و ئیدانەکردنی شەڕ بە زمانێکی ئینسانی تایبەتمەندییەکی دابوو بە شیعرەکە، دواتر لە ( سووتانی ڕەنگەکان) دا ئیتر ئەو شێوازی نووسین و زمان فاکتانە ڕەنگرێژی دەرکەوتنی جیهانی منیان کرد.

- ئایا لە قۆناغەکانی دیکەی نوسینتدا ئەو ناکۆکییە لەگەڵتدا بەردەوام بوو لە کاتی نوسیندا؟

+ وەکو لە وەڵامی پرسیارەکەی پێشوودا ڕوونم کردەوە من شیعر وەک هونەرێکی بەرز و وەک کارکردن لەناو زماندا دەبینم نەک پەیام یان  مەبەستێک لەدەرەوەی شیعردا. ئەو بابەتە پێویستی بە ڕوونکردنەوەی زیاترە.
ئەدەبی تازە دوور نییە لە بابەتی گشتی و لە خەمی خەڵک و ئازار و موعاناتی گشتی بەڵام شیعر لە بنچینەدا چالاکی زاتییە و دواتر لەڕێی خوێنەر و ڕەخنە و ئەکادیمیاوە دەبێتە گشتی. ڕەنگە شتێک لەو ناکۆکییەی باستان کرد لە هەندێک بەرهەم و بیرکدنەوەمدا ڕەنگی دابێتەوە، شتێک لە زمانی توندوتیژی و لایەنداری لەم دێڕ یان ئەو کۆپلە شیعردا هەبێ بۆ نموونە لە شیعری( مامزە کوژراوەکانی حاجری) لە کتێبی " حەج " لە دژی سوڵتان موزەفەرەدین و تەرەفگیریی حاجری هەست پێدەکرێ، بەڵام دواتر هەوڵمداوە زمانی شیعرم سپی بێ، تەرەفگیریی تێدا نەبێ. ئەمەش کارێکی ئاسان نییە لەناو میللەتێکدا کە تا بینەقاقای نوقمی توندوتیژییە و کلتووری لێبووردەیی تێیدا باڵادەست نییە. ئەوەی منی هانداوە بۆ ئەم ئاراستەیە خۆشەویستی  شیعرە کە نامەوێ قەتاوقەت لەکەداری بکەم. شیعر وەک باران هەقی بەسەر کەسەوە نییە دەبارێ. بەڵام کاتێک هاتووم هەندێک ڕووداوی گشتی، یان ڕەمزی ناو مێژووی ئەدەبی کوردییم هەڵبژاردووە و کردوومە بە ماسک بۆ تەعبیر لە سەردەمەکەم ئەمەیان بۆ مەبەستێکی شیعریی بووە و بەشێک لە تەکنیک و هونەری دەربڕین مامەلەم لەگەڵدا کردووە.

- بە گشتی ڕۆڵی شاعیران لە خەباتی نەتەوەیی کورددا چۆن دەبینیت؟ شاعیر دەتوانێت چی بۆ نەتەوەکەی بکات؟

+ زەحمەتە بتوانی شیعری کوردی لە خەباتی نەتەوەیی دابڕی چونکە لە کۆنەوە وەک پێشەنگ تەماشای شاعیر کراوە و شیعریش وەکو پێشتر وتم زمانی هۆز و پاشان نەتەوە بوو. ئەم واقیعە ئەو ڕاستییە ناشارێتەوە کە شیعر لای شاعیرانی کلاسیک تەعبیر بووە لە خەم و موعاناتی کەسی شاعیر، بۆ نموونە جزیری هێندەی باسی سەلمای کردووە هێندە کێشە و گرفتی نەتەوە نابینی لە بەرهەمیدا، ئەوان باش لە ماهییەتی شیعر گەیشتبوون. نالی لە چەند دەقێکدا خەمی گشتی هێناوەتە ناو شیعری ئەنجام کۆی گشتی بەرهەمی بۆتە سەروەت و گەنجینەیەک بۆ شکۆی زمانی کوردی و نەتەوەی کورد خۆیشی.
ئەو پەیوەندییە لای شاعیرانی نوێ زەقتر بووە، بۆ نموونە شاعیرانی ڕوانگە هەندێک جار وەکو بڵندگۆی شۆڕش دەرکەوتوون بەتایبەتی جەلال میرزا کەریم و شێرکۆ بێکەس. کار گەیشتووە بەوەی بەرگری لە کەسێک یان سەرکردەیەک بکەن.
لە شیعری تازەدا بایەخی کەمتر بە دەرەوە دراوە و شاعیر گەڕاوەتەوە ناو ناخی تا ئەندازەیەک خۆپەرستی خۆی. ئێستا زۆر هاوکێشە و ئاریشەی گەورە دروست بوون لە جیهاندا کەچی دیدگای شاعیری کورد کەمتر گۆڕانی بەسەردا هاتووە ، زۆر جاران کە بەرهەمی شاعیرێکی نوێ دەخوێنمەوە  هەست دەکەم لە زەمەنێکی زۆر زووتر دام بێ ئەوەی دینامیکییەتی زەمەن ببینم.

خانی و نالی بەرهەمی سەردەمێکن کە ناوەندەکانی دەسەڵات و شیعر زۆر دوور نەبوون لەیەکتر و پەیوەندی نێوانیان بۆ مەبەستێکی باڵاتر بوو هەر لایەنە و بە کەرەستەی خۆی، بۆ نموونە بەبەکان سوپایان دروست دەکرد و نالی زمانێکی نوێی دەدۆزییەوە بۆ نووسینی شیعر. کەچی لە حاجی قادرەوە دابڕان دروست دەبێ، لایەک لەناو جەهالەت و لایەکەی تر لەوپەڕی ئاگاییدا.

لەسەردەمی ئێستاشدا شیعر تووڕدراوەتە دەرەوەی واقیع و ئەو دابڕانە گەیشتووە بە بەدحاڵیبوون.

- یەکێک لەو شاعیرانەی کە بە گوتەی خۆت کاریگەری هەبووە لەسەر ڕەوتی شیعری و تێروانینت بۆ شیعر و ناسیۆنالیزمی کلتوری، شاعیری ئێرلەندی ولیەم بەتڵەر ییتسە. چ شتێک ییتس بە تۆ دەبەستێتەوە؟ دەمەوێت وردتر لەبارەی ئەو کاریگەرییە و ڕەنگدانەوەی لەسەر شیعرەکانت ئاگادار بم.

+ وەکو لە وەڵامێکی پێشوومدا ئاماژەم بۆی کرد شیعری ئینگلیزی و بەتایبەتیش تی . ئێس . ئیلیەت ماوەیەک زۆر کاری تێکردم بە ڕادەیەک وەکو لاسایکردنەوەی ئەو بەدوای دۆزینەوەی هاوکێشەی بابەتی دەگەڕام بۆ ئەوەی لە دەربڕینیدا سۆزی ڕاستەوخۆیی زاڵ نەبێ ، بەکارهێنانی ئەفسانە و بارگاوی کردنی دەق بە زانیاریی و ڕەمزی ناو حیکایەتە میللییەکان لەو فێر بووم.

هەشتاکان مشتومڕێکی گەرم هەبوو لەبارەی بەشداری شیعر لە شۆڕشی چەکداری و بەرگری لە مانەوەی کورد . بەشێک لە شاعیران چووبوونە ناو شۆڕش و چەک ببوو بە تایتڵی سەرەکی بەرەنگاریی و شیعر لە سێبەری چەکدا خۆی دەبینییەوە. بۆچوونی من وانەبوو. دەمووت، شار و ئەدەب گرنگترن!

بۆ پشتگیریی لەو بۆچوونەم بەدوای ئەزموونی شاعیرانی جیهان دەگەڕام و لەو گەڕانەمدا ولیەم بەتڵەر ییتس- م دۆزیەوە کە وەکو من ڕۆڵەی نەتەوەیەکی داگرکراوە بەڵام بارتەقای شۆڕشی چەکداری ناوی میللەتەکەی خۆی پاراستووە لەڕێی بەرهەمەکانییەوە.

ئەوکات بەرهەمێکی زۆریم دەست نەدەکەوت بە عارەبی کە زمانی خوێندنەوەم بوو. لەو کتێبانەی خوێندمەوە و ئەزموونی ئەو شاعیرەی لا خۆشەویست کردم نووسینێکی کۆلین ویلسۆن بوو لە کتێبی " شیعر و سۆفیزم" و هەروەها هەردووکتێبی ڕەخنەگری ئەمریکایی ئەدمۆند وێلسن و ئەرچیباڵد مەکلیش بوو " قەڵای ئێکسل" و "شیعر و ئەزموون" .

ئەو کێشەیەی کە تۆ لە یەکێک لە پرسیارەکانتا بە جۆری تر ئاماژەت بۆ کردووە خزمەت و دنیای دەرەوەی شیعرە. وتارەکەی مەکلیش وەڵامی ئەو ئیزدیواجییەتە دەداتەوە .

ییتس توانی شیعر بباتەوە ناو دنیای گشتی بێ ئەوەی خیانەت لە شیعر بکا.

یەکێک لەو تێکستانەی زۆر سەرنجی ڕاکێشام شیعرێک بوو بە ناوی" ئەیلوولی ١٩١٣" بە تایبەتی ئەو ڕستەیەی دەڵێ، ئێرلەندای شۆڕشگێڕ مرد و لەناوچوو، ئەو لەگەڵ ئۆلیری لە گۆڕدایە.

ئەو جورئەتەم زۆر لەلا جوان بوو. شاعیر دەنگی خۆی بێ و لە چاوی خۆیەوە وڵات ببینێ نەک بە چاویلکەی سیاسی.

وتارەکەی کۆلین ویلسۆن سەرنجی بۆ شیعری " قەڵا " ی ییتس ڕاکێشام. کاتێک خوێندمەوە ئیعجابێکی زۆرترم لا دروست بوو. ئێستاش ئەو دوو سێ دێڕەم لە یادە :

نە ژیان هەبوو نە مردن

تا ئەوکاتەی مرۆڤ بە گیانی سەخت و سوێی

هەموو شتێکی دروستکرد

قفڵ و کوپە و شەراب .

دۆزینەوەی  ییتس وەک شاعیرێکی دینامیکی بۆ ئەزموونی من گرنگ بوو. من لەوەوە فێربووم چۆن تێکەڵی دنیای پڕ لە گومانی گشتی بم بێ ئەوەی بسڵەمێمەوە . نایشارمەوە من لە ئەزموونی کۆتایی ژیانی ( گۆران ) ترسابووم، ترسی ئەوەم هەبوو تێکەڵبوون لەگەڵ بابەتی گشتی ببێتە مایەی لەدەستدانی شیعرییەت. لەم شاعیرەوە تێگەیشتم هەڵبژاردنی ڕوانگەی بینینی جودا گرنگە بۆ دوورکەوتنەوە لە ڕاستەوخۆیی.

شیعری " ڕامانەکان لە زەمەنی جەنگی ناوخۆ " جوانترین تێکستە بۆ تێکەڵکردنی دۆخی گشتی و تایبەت، ئەو تەکنیکە لە نووسینی شیعردا دواتر لای ڕیتسۆس – یش بینیمەوە.

ییتس بەرچاوی ڕوونتر کردم بۆ گەڕانەوە بۆ ئەفسانە و تەسەوف و ئەوەی پێی دەوترێ ڕووحانیات !  من لە باپیرمەوە کە سۆفی بوو ڕەگی ئەو هەستە غەیبانییەم تێدا هەبوو کە هەموو شتێک بە چاو نابینرێ مرۆڤ پێویستی بە ڕاهێنانە بۆ کرانەوەی تخووبی بینینی. دیارە کە دەڵێن شاعیر ئەو شتانە دەبینێ کە کەسانی ئاسایی نایبینن پشت بەو قەناعەتە سۆفییانەیە دەبەستێ لەتەک شارەزایی و هەڵکۆڵینی زمان  کە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی شاعیرە.

- خاڵێکی هاوبەشی نێوان شیعرەکانتان بەکارهێنانی ئەفسانە و داڕشتنەوەیەتی بە زمانی شیعری ئەو سەردەمەی تێیدا ژیاون. بەکارهێنانەوەی کارەکتەری نێو ئەفسانەکان وەک کەرەستەیەکی شیعری بۆ ییتس پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە هەوڵە نەتەوەخوازییەکانی ییتسەوە هەیە بۆ زیندو کردنەوەی کلتوری کۆنی ئێرلەندی، ئایا بەکارهێنانی ئەفسانە لە شیعرەکانی تۆدا تا چەند پەیوەندی بە نەتەوەخوازییتەوە هەیە؟

+ نازانم تا کوێ پەیوەندیان هەیە بەڵام ڕوونە شیعری نوێ لە جیهاندا یەک شتە و ئەو گەنجینەی هەیە موڵکی هەمووانە . جیهانی دەرەوە مایەی دڵەڕاوکێ و ترسە، بۆیە ڕەمز و ئەفسانە هەندێک جار ئومێدێک دروست دەکەن کە لە واقیعدا نابینرێ.

گەڕانەوە بۆ ئەزموونە بەراییەکان و دیتنەوەی ڕووناکی تازە لەو تێکستە کۆنانە و سوود وەرگرتن لە کەلەپووری باوباپیران وزەیەکی پۆزەتیف دەدا بە ئەزموونی شیعریی و ئاسۆی جوداش دەکاتەوە بەسەر دەقدا.

لە شیعری " برادەرەکانم" دا لە کتێبی " بەفرنووس" کۆپلەیەک هەیە بەم شێوەیە:

شەڕکەرێک هاتەوە

ئەوە جوانترین دیمەن بوو من بینیم
نە سەروڕیشی تۆزاوی
نە پڕووشکە خوێنێک بە جلییەوە
شەڕکەرێک .. باقوبریقی سەرکەوتن لە چاوانیدا
لە شمشێری دەستیدا دەبریسکایەوە
کەچی شەڕی نەکردبوو !
ئەوە جوانترین کۆتر بوو لەناو لەپی برادەرەکانمدا ..
دیمەنێکی ئەفسانەیی شەڕکەرێک ! لە پێناوی ئاشتیدا. گەڕانەوەی شەڕکەر دوای جەنگ لە حیکایەتە کۆنەکاندا هەیە، کەرەستەکانی جەنگ هەمان کەرەستەی کۆن، شمشێر ! ئەوەی تازەیە شەڕکەرێک شەڕی نەکردووە بەڵام جەنگاوەرە بۆ پاراستنی ئاشتی. من بەم چەشنە لە ئەفسانە گەیشتووم. دروستکردنی ئومێد لەناو ڕووداوی واقیعدا.

- گەڕانەوەت بۆ نالی، مەم، سیامەند، فەقێ تەیران و چەندین کارەکتەر و شاعیر و کەسایەتی کلتووری دیکەی کورد لە شیعرەکانتدا چەندێک مەبەست لێی دروستکردنی ناسیۆنالیزم و شوناسێکی کلتوورییە؟
+ ئەوەی نەتەوە دروست دەکا ئەدەب و هونەر و فیکرە، من تەواو هاوڕام لەگەڵتا بە مەرجێک ئەو کلتوورە ئینسانی بێ. ئەگەر سەیرت کردبێ هەر ئەو ڕەمزە کوردییانە لە بەرهەمەکانمدا نین ڕەمزی جیهانیش زۆرن کە من بە موڵکی خۆمیان دەزانم. من هۆمیرۆس و ڤرجیل تا یانیس ریتسۆس و دیریک والکوت بە گەنجینەی شیعری خۆم دەزانم. لە دوا کتێبدا شیعرم بۆ ساڤۆ نووسیوە و بۆ دیریک والکوتیشم نووسیوە و نێوانی ئەم دوو شاعیرە چەندین سەتەیە.

- لە شیعرەکانتدا جەنگ باستاییەکی فراوانی داگیر کردووە. لە زۆربەیاندا جەنگ لای تۆ شتێکی ڕەتکراوەیە. ڕوداوێکە کە پشتی تێدەکەیت. هۆکاری وجودی جەنگ لە شیعرەکاندا چەندی بۆ ئەو جەنگە یەک لە دوای یەکانە دەگەڕێتەوە کە بەرۆکی نەتەوەکەتی گرتووە و چەندی ناکۆکییە لەگەڵ جەنگ وەک دیاردەیەکی جیهانی؟
+ ئێمە نەوەی ناو چەندین جەنگین ، نزیکترین و کارەساتبارترین جەنگ ئەوەی ئێران و عیراق و جەنگەکانی کەنداوە کە تائێستا پاشماوەکانیان نەبڕاوەتەوە. جەنگی دژی نەتەوەکەشم پشتاوپشتە لە باپیرانمەوە هەر حیکایەتی کارەساتبار و ماڵوێرانیم بیستووە لە بارەیەوە. بۆیە ئاساییە دەیان دیمەنی جەنگ لە بەرهەمەکانمدا ڕەنگیان دابێتەوە پێچەوانەکەی ئاسایی نییە. لەگەڵ ئەوەشدا لە بیرت نەچێ جەنگ ماددەیەکی ئینسانی گەورەیە بۆ ئەدەب، ڕاستە ئەدەبی زیندوو لە ژیانی ئاسایی و بەختەوەرییدا دروست دەبێ بەڵام چی دەکەی؟ ئێمە لەو نیعمەتە بێ بەشین!

- له شیعری "پاسەپۆرت" دا گلەیی لە دۆخێک دەکەیت کە تۆ وەکو کوردێک تا ئێستا پاسەپۆرتی تایبەت بە خۆت نییە و وڵاتەکەت بەردەوام لە ژێر هەڕەشەدایە. چ چیرۆکێک لە پشت نوسینی ئەو شیعرەوە هەیە؟

+ ئەم شیعرە ئەنجامی هەندێک ڕووداوی تاڵی ژیانی تایبەتی خۆمە بەڵام بە دیوی تردا گشتییە و ڕۆژانە لە فڕگە و سنوورەکاندا دووبارە دەبنەوە. لە سەفەرێکمدا لە فڕگەی جۆن کەنەدی لە نیویۆرک دە سەعات ڕایانگرتم بێ هیچ هۆ تەنیا لەبەر ئەوەی پاسپۆرتم عیراقییە. دوای دە سەعات مۆری چوونە ژوورەوەیان بۆ لێدام بێ ئەوەی پرسیارێکی ئەوتۆشم لێ بکەن هەموو زانیارییەکانی ناو کۆمیوتەری پۆلیس پەرێز پاکی منیان دا. جاری تر لە سەفەرێکی ئەڵمانیا لە دۆسلدۆف هەمان کێشەم بۆ دروست بوو لەبەر ئەوەی دەچوومە هۆڵندا و قونسوڵخانەی ئەو وڵاتەش لە شارەکەی مندا نەبوو من فیزای شینگنم هەبوو. هەموو ئەوانەی لە گەشتەکەدا لەگەڵما بوون جانتای خۆیان وەرگرت و چوونە ناو ئەڵمانیا من و نەهلەی هاوسەرم وەک نێرکە کاردی لەو گۆڕە ماینەوە لەبەردەم جامی ئۆفیسی پۆلیسی ئەڵمانیا . دەزانم ئەو جۆرە هەڵسوکەوتە دوای ١١ی سێپتێمبەر هاتۆتە کایەوە و تیرۆر هەموو خەڵکی تۆقاندووە بەڵام ئەو جۆرە بیانووە بۆ شیعر ناشێ و من تاوانەکەیم خستۆتە ئەستۆی بێ پاسپۆرتی وڵاتی خۆت وکەمتەرخەمی سەرکردەی وڵاتی خۆم. شیعرە چەندی حەسرەتە هێندەش ئیدانەیە و پێش هەمووشیان لە ڕەفتاری دەسەڵاتی کورد.

- تا چەند گرنگە شاعیر دەنگێکی جیهانی بێت و ڕووداو و بابەتە گشتییەکانی ناوخۆ و دەوروبەر تێپەڕێنێت؟ ئایا ئەوە تا چەند کارێکی سەختە؟

+ ئایا تایبەتمەندی نەتەوەیی و کەسیی تا چەند گرنگە بۆ پەڕینەوە لە لۆکاڵییەوە بۆ جیهانیی؟ ئەو تایبەتمەندییە، جاران بە هەڵە پێیان دەووت ڕەسەنایەتی. ئەم دەستەواژەیە بە هەڵە هاتۆتە ناو شیعر. ئەگەر مەبەست تایبەتمەندییە شتێکە و ئەگەر وەکو بیرکردنەوەی دۆگمایی مەبەست لێی دژایەتی جیهانییەتە شتێکی ترە.

هیچ شاعیرێک بۆ ئەوە نانووسێ لۆکاڵیی بێ، وەکو چۆن هیچ شاعیرێک نییە کە دەستی بە نووسین کرد جیهانیی بێ. ئەوە پرۆسەی سەیرووڕەی نووسین و گەشەسەندنە کە وا لە شاعیر دەکا بپەڕێتەوە.

گەمزاتۆڤ پوختەی کلتووری داغستانە، غلووک پوختەی ژیانی کەسیی. کەچی توانیان بپەڕنەوە بۆ جیهان. ئەوەی گرنگە شیعرییەتە.

ڕاستە غلووک دەنگی سەردەمی نوێیە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە گەمزاتۆڤ بزر بوو؛ شیعر کۆن و نوێی نییە مادامەکی خوێنەری هەیە. کە کەس نەیخوێندەوە ئەوسا بزر دەبێ، بەڵام مەرج نییە بمرێ.

پرۆسەی پاراستنی تایبەتمەندیی و دیتنەوەی خاڵە هاوبەشەکانی لەگەڵ جیهان پرۆسەیەکی قورسە و جگە لە ڕۆشنبیریی و گەڕان و پشکنین و شارەزایی پێویستی بە هەستێکی تیژیشە. مەرجی سەرەکی پەڕینەوە ئینسانیبوونی هەست و بیرکردنەوەیە، ئێستا بێلانییشی هاتۆتە پاڵ ئەوەی پێی دەووترێ شیعری سپی.

- ئەو تێمە گەردوونیانەی کە لە شیعرتدا هەن کامانەن؟
+ مرۆڤ بە خۆڕسک هەڵگری هەندێک تایبەتمەندییە کە هاوبەشە لە نێوان گیانلەبەرەکاندا، وەک لەدایکبوون و مردن، ترس، خەو و بەئاگاهاتنەوە، برسیی و تێنوویی، هەروەها جووتبوون و وەچەخستنەوەشی هاوبەشە لەگەڵ شیردەرەکان. ئەوەی تا ئێستا زانراوە ئەوەیە کە هۆش و بیرکردنەوە و زمانی جیاوازە لەگەڵ هەموو بوونەوەرەکانی تر.
لە فەزایەکی وەهادا ئەوەی سەرکردایەتی سەر گۆی زەوی و فەزای دەرەوەش دەکا تا ئێستا مرۆڤە. دەسەڵاتدارترین بوونەوەری خوڵقاوە. کەچی ئەویش بۆ لێکدانەوەی پەنهانییەکان هەندێک جار پەنا بۆ خەیاڵ و هێزی قەدەر و هەتا بۆ خورافە و بیری پووچیش دەبا، هاوشانی زانست. هۆیەکەشی ئەوەیە مرۆڤ خۆی بوونەوەرێکی کامڵ نەبووە و پرۆسەی گەیشتن بە کامڵبوونی بەردەوامە. دوا ئامانج کە پێیگەیشت لەگەڵ هاتنی کۆرۆنا ئەوەیە، کە هێشتا هێز و توانای لەبەردەم تاقیکردنەوەدایە. ڤایرۆسێک توانی هەراسانی بکا، لە هەمان کاتدا هێزی زاڵبوونیشی بەرجەستە بکا.
لە بەردەم ڕابردووی پڕ دەردیسەری و داهاتووی نادیاردا مرۆڤ توانای بەرەنگاری و خۆ تازەکردنەوەی هەیە. ئەگەر ئەو ڤایرۆسە لە هەر بوونەوەرێکی تری دابا دەبوو مرۆڤ بیر لە چارەسەر بکاتەوە بە مەبەستی تێکنەچوونی ژینگەی.
کە واتا مرۆڤ پێبزانێ یان نا هەستێکی گەردوونی و پەیوەندییەکی گەردوونی تەحەکوومی پێ دەکا.
ئەوە بە گشتی. وەکی تر شاعیر لە ڕێی دەربڕینەوە تەعبیر لەو گەردوونییەی دەکات.
ئەگەر هەڵە نەبم هەندێک تێمە هەن لە کۆنەوە بۆتە خولیا لای شاعیر. منیش بە حوکمی ئەوەی لەناوچەیەکدا دەژیم کە زۆرجار چەقی ڕووداوەکانە ناخۆشەکانە ، بۆیە لە لام زەقتر ڕەنگی داوەتەوە. وەک تێمەی جەنگ. جەنگ هەڕەشەیەکی جیددیە بۆ سەر ژیان بە گشتی و بۆ سەر ئاکنجیانی ئەم ناوچەیە لە دێر زەمانەوە. بۆیە کاریگەریی ڕووداو و پاشماوەکانی لە کتێبەکانمدا دەبینرێ.
خۆشەویستی و تەنیایی و گەڕانەوە بۆ منداڵیی لەپاڵ جەنگ و دەرهاویشتەکانی وەکو قەڵغانی خۆپارێزی و مانەوە دەبینرێ.
ئەوەی تر وەکو ئیزافەیەک بۆ تێمەکان، لایەنگرییە بۆ ئینسان و پاراستنی ئەو هەستە ئینسانییە لە ناخۆشترین کات و شوێندا وەک ئەو گوڵەی لەسەر بەرد دەڕوێ.
بە گشتی شیعر بە درەختی ژیانەوە گرێدراوە نەک بە بیروباوەڕ و قاڵبی بیرکردنەوەکانەوە.
- بابەتی ڕووحانییەت و تەسەوف تەواو لە شیعرەکانتا بەرچاون، ڕەگیان لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە؟ تا چەند دەکرێت ڕووحانییەت تێمەیەکی گەردوونی لەخۆ بگرێت بۆ شیعر؟
+ وەکو لە کتێبی بەفرەلۆک و هەندێک چاوپێکەوتندا وتوومە، من یەکەم وانەی تەسەوف لە باپیرمەوە فێربووم. پێشتر لە وەڵامی پرسیارێکتاندا باسم کرد. ئەو پێشبینی دەکرد. دەرەوەی وەک هێزێکی ڕووحانی دەدیت. جەنگی بەردەوام بوو لەگەڵ هێزە شەڕانگێزەکان. کەسێکی

نیشتیمانپەروەریش بوو. یەکەم کوڕی خۆی وەک ئیسحاق و قوربانییەکە پێشکەش وڵاتەکەی کرد. کە تەمەنی بوو بە هەژدە ساڵ ناردی بۆ ئەوەی ببێ بە پێشمەرگە.
داپیرەشم لە دایکمەوە ئەویش بە حیکایەتە میللییەکان گۆشی کردم.
دواتر بە هۆی خوێندنەوەی کتێبی جێمس فریزەر " لکی ئاڵتوون " و تەورات و نیکۆس کازانتزاکی و کۆلن وێلسن و خوێندنەوەی حیکایەتی میللی میللەتان ئەو هەستە بەراییەم چەکەرەی کرد و بوو بە بەشێک لە شێوازی دەربڕین. واتا دیتنەوەی هێزی شاراوەی ناو شتەکان و پەیوەندی دروستکردن.
ڕووح هێزێکی پڕ جووڵەیە لە ناخی مرۆڤ و لە سروشتدا بەدوای هەل و زەمینە دەگەڕێ بۆ تێکەڵبوون و وزەبەخشین. شیعر دەتوانێ کەڵک لەو هێزە وەربگرێ بۆ دروستکردنی دڵنیایی و کرانەوە. من کەسێکی غەیبانی نیم ئەوەی هەیە وەک خۆی دەیبینم بەو هێزە خەفەبووانەشەوە کە تێیاندایە بۆ گەیشتن بە بەختەوەریی. مەبەست گەیشتن بە ترۆپکی لەززەتە ئەوەی ئەپیکۆر باسی دەکا. لێرەدا دوانەی ئێستا و ڕابردوو وەک گرفت دەردەکەوێ. من ڕابردووم بۆ خزمەتی ئێستا بەکاربردووە بە هەموو ئەو وزەیەی لە سیحر و ئەفسانەکانیشەوە دزیومە وەک ئاگردزێک و ئەوەی لە ئەفسانەی گریکدا ناوی پرۆمسیۆسە. سزای پرۆمسیۆس خواردنی جەرگی بوو لە لایەن بازێکەوە، سزای شاعیر لەسەردەمی نوێدا موعاناتی تەنیاییە.
ئەو وزە ڕووحییە شیرینییەک دەخاتە ناو زمان و دەربڕینەوە شاعیری نوێ دەتوانێ سوودی لێ ببینێ بۆ فراوانکردنی تۆڕی دەربڕینی و گەیشتن بەو حیکمەتانەی جۆرە قەناعەتێک دەدا بە خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەیدا.
زۆربەی ئەو شاعیرانەی بایەخ بە سروشت دەدەن ئەو گەرمیی و سۆزەی لە بەرهەمیاندا هەیە بۆ لایەنی ڕووح دەگەڕێتەوە کاتێک ناخیان و سروشت تێکەڵ دەبن، ئەو هەستە لای مەولەوی تاوەگۆزی هەیە. لای شاعیرانی ڕۆمانسی و لای هەندێک لە شاعیرانی نوێشدا هەیە. من بەم دواییە هەندێک بەرهەمی ماری ئۆلیڤەرم خوێندەوە کە شاعیرێکی ئەمریکاییە وئەم یەک دوو ساڵە مرد ، بەرهەمەکانی پڕە لە وێنە و بیرکردنەوەی ڕۆحانیی و تەسەوف .
- ئەفسانە لە شیعرەکانتدا بە دیوێکیدا گەڕانەوەیە بۆ ڕەگی کلتوور و مێژووی کورد بە دیوێکی دیکەشدا چەندین ئەفسانەی جیهان بوون بە کەرەستەی نووسین بۆت، ڕەهەندی گەردوونیی ئەفسانە چیە لە شیعری تۆدا؟
+ ئەفسانە جیهابینی سەردەمی پاڵەوانبازییە. پاڵەوانەکان نیمچە خواوەندن لەو پەڕی تاقەت و هێزدان، کەسێکی نەخۆش نابێتە پاڵەوان لە ئەفسانەکاندا. گێڕانەوەی ڕووداوەکانە لە لایەن عەقڵێکی لە ڕادەبەدەرەوە، بە زمانێک کە پەسەندکراوە لەلایەن گشت.
ئەگەر سەرنج بدەین لە مێژوودا دەبینین کە ژیانی کەسایەتییەکان و هەتا پێغەمبەرەکانیش شێوەیەک لە ئەفسانەی پێدراوە لە گێڕانەوەدا . ئەمەش بۆ ئەوەیە کاریگەری زیاتر بێ.
میللەتان ڕابردوویان هاوبەشە ئەوەی پێی دەوترێ گوندی جیهانیی لەسەردەمی زوودا هەبووە لە ڕێی زمانی ئەفسانەوە.

ئەگەر کتێبە پیرۆزەکان بخوێنیتەوە هەست دەکەی سەرچاوەی ئەفسانە و حیکایەتەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ تەورات. لەسەر کەشتیەکەی نووح جیهان لە گوندیش بچووکتربوو. ئەوەی ئێستا دەگوزەرێ لە ڕاگەیاندن و واتس ئەپ و فێسبووک ئەفسانەی سەردەمە.

بۆیە ژیان بێ ئەفسانە نابێ.

- کاریگەربوونی هەریەکە لە تۆ و ییتس بە شیعری فەرەنسایی و سیمبولیزم، ئەو کاریگەربوونە تا چەند تێمەی گەردوونی شێوازی نووسینی هاوبەشی لە شیعرەکانتاندا دروست کردووە؟

+ پێش ئەوەی ییتس بناسم وەکو خوێندنەوە من ڕامبۆ و بۆدلێر و مالارمێ- م خوێندبووەوە. لە شیعری ئیگلیزیشدا ئەدگار ئالان پۆ و تی. ئێس. ئیللیەتم خوێندبووەوە. بەڵام خوێندنەوەی ییتس گیانی تایبەتمەندیی لا چڕکردمەوە، تایبەتمەندی ئەو وەکو ئێرلەندییەک و من وەک کوردێک، ئەو لەناو شیعری ئینگلیزیی و من لەناو فەزای ڕەشکردنەوەم لە لایەن دەوڵەتانی داگیرکەری وڵاتەکەمەوە.

شاعیرانی سیمبولیزمی فەرەنسایی فێری جیابوونەوەیان کردین، ئێمەیان بردە سەر ڕێگای ڕاستی شیعر و نەیانهێشت بابەتە زەق و گەورەکان ببن بە مایەی بایەخدان بە ناوەرۆک وگوێنەدان بە تەکنیک.

ییتس- یش هەمان کاریگەریی بەسەرەوە بووە بە تایبەتی دوای خوێندنەوەی مالارمێ. ئەو زیاتریش لەوە میرزای مالارمێ بووە.

## پارچەیەک لەفرمێسکی نهێنی

جەمال شارباژێڕی( ١٩٤- ) دەنگێکی دیاری شیعری کوردییە لە ماوەی نێوان کۆتایی پەنجاکانەوە تا سەرەتای حەفتاکان. ساڵانی هەشتاکان هەندێک بەرهەمی تری بڵاوکرووەتەوە بەڵام ئەوەی گرنگە لەئەزموونی ئەو شاعیرەدا ئەو دەساڵەی شەستەکانە.
جەمال بە هێمنی دەستپێکرد و هەر لەو هێمنییەدا مایەوە. ئەو هێمنییە دیوێکی ئەرێنی هەیە کە بە قازانجی شیعرە و دیوێکی نەرێنی ئەوەیە نابێتە مایەی خولْقاندنی ئاژاوەیەکی ئەرێنی لە ناوەندی ئەدەبیدا. جەمال هەردوو دیوی هێمنییەکەی پەیڕەوکرد بەزیادیشەوە.
ساڵانی شەستەکان لەکوردستاندا بێدەنگی و سستی و جۆرە دوورەپەرێزییەک لە ئارادابوو لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ئەدەبیەوە.
لە جیهاندا شەستەکان بە دەیەی شکاندنی قاڵبەکانی فیکر و ئەدەبی کۆن دەناسرێ.
لە ڕووی سیاسیەوە بیروباوەڕی لیبراڵ جێی بیروباوەڕە شموولیەکانی گرتەوە، لەناو سۆشیالیستەکان گرووپی تازە دروست بوو، فیکری عەبەس و وجودی و ناماقووڵ بڵاوبووەوە. لە ئەدەبدا ڕەنگدانەوەی ئەو بیروباوەڕە نوێیە لە قوتابخانەی نوێی ڕەخنە و بەرهەمی شیعریی یاخیبوون و قەسیدەی پەخشان دەردەکەوێ. لەو دەیەدا شیعر گوڕوتینی و وەرچەرخانی بەسەرداهات، ژیانی ڕۆژانە و سەلیقەی تاک و دەرچوون لە زەوقی باو و ڕیتمی دەربڕینی باو لە بەرهەمەکاندا دەبینران و ململانێی نێوان کۆن و نوێ بەهێز بوو، کەچی لە ناوەندی ئەدەبی کوردیدا پێچەوانەی ئەو دۆخە لەئارادابوو.
بەدرێژایی شەستەکان جەنگ و نائارامی سیاسی جموجۆڵی لە شارەکان بڕیبوو. بەعس کە هاتە سەر حوکم بە تایبەتیش ساڵی ١٩٦٣هەموو جۆرە ئازادییەکی ڕیشەکێش کرد. لە بەرانبەردا بزووتنەوەی سیاسی کوردستان قورسایی خەباتی خستبووە سەر چەکداری، ئەو دوو سێ بڵاوکراوە کوردییەی هەبوو بەشێکی بۆ ململانێی ناوخۆ و چاندنی ڕق تەرخان بوو.
ئەدیبان لەناو کۆمەڵدا ڕۆڵی پێشەنگیان دەگێڕا بۆیە ڕووبەڕووی گرتن و ڕاوەدوونان و سانسۆر و نانبڕین ببوونەوە. بەشێکیان چەکیان هەڵگرت و بەرهەمەکانیان بە تەواوی خستە خزمەتی بزووتنەوەی چەکدارییەوە.
ئەو بارودۆخە نالەبارە کاریگەری خراپی کردە سەر ئەدەب بەگشتی و ڕێگاشی لەبەردەم هاتنی تەوژمی نوێی شیعر گرت.
تا کۆتایی شەستەکان بێدەنگییەکی گەورە باڵی بەسەر ناوەندی ئەدەبیدا گرتبوو، سەرەڕای ئەوەش واقعیەتی سوشیالیستی وەکو قاڵبێکی وشک هێنرابووە ناو ئەدەبی کوردییەوە لە ڕێی هەندێک نموونەی کاڵی بێ پێزەوە. بەمەش هەم واقیعەت لە ئەدەبدا تووشی کاڵوکرچی بوو هەم هاتنی (نوێ)ی دواخست.

**بە بیانووی (ڕوانینەکانی چاوی شەقام)ەوە**

شیعر کائینێکی دوورەپەرێز نییە، یان بە وتەی جۆن دن دوورگەیەک نییە سەربەخۆ، بەڵکو نیمچە دوورگەیەکە و لە چەند لاوە گرێدراوی ئاوی سەردەکەیەتی. ئەگەرچی نزیک خستنەوەی شیعر لەسیاسەتی ڕۆژەوە مەترسییەکی جیددییە و هەمووجار بە زیانی شیعر تەواو دەبێ.

جەلالی میرزا کەریم ( ١٩٣٥- ١٩٩٣) دەنگێکی دیاری نیوەی یەکەمی حەفتاکانی شیعری کوردییە. لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا چەند دەقێکی هونەری بەرزی نووسی کە بابەتی سەرەکیان سیاسەتی ڕۆژ و کێشەی گشتی نیشتیمان بوو بەڵام بە هۆی توانای شیعرییەوە نەیهێشتبوو پشتی شیعر بدا بە ئەرزدا بۆ خزمەتی ڕۆژ.

جەلال لەو ماوەی تەمەنیدا دوو ئاراستەی بیرکردنەوەی سیاسی زاڵە بەسەریدا، هەم چەپ و هەمیش بیری نەتەوایەتی بە شێوەی ڕاستەوخۆ تێکەڵاویانە بۆیە سنووری بەرهەمی شیعری لاوازە بە بەراوورد لەگەڵ تەمەنی.

ئەوەی تێبینی دەکرێ شیعر لای ئەو چەکی بەرەنگاربوونەوەیە لەوەی هونەرێکی باڵا بێ. ئەو جۆرە وابەستەبوونە بە بیروباوەڕی حیزبێکی دیاریکراوەوە شیعر دەکوژێ، بۆیە جەلال جگە لە چەند دەقێک نەیتوانی هیچی تر بنووسێ کە توانای مانەوەی هەبێ.

ئەگەر بەراوردی نێوان جەلال و مەحموود دەروێش بکەین کە ماوەیەک پێشەنگی شاعیرانی خاوەن قەزییە بوو، دەبینین سەرەتا دەروێش وەکو جەلال بەڵام بە گوڕو توانایەکی جیاوازەوە لەسەر هەمان ڕێچکە بوو، شیعری بەرەنگاری لە داهێنانی ئەم و برادەرانی بوو لەناو عەرەبدا و بەئەندازەیەک ببوو بە زمانحاڵی شۆڕشی فەلەستینییەکان، بەڵام کاتێک زانی کە کێشەی سیاسی میللەتەکەی هەرچەند ڕەواشە بەڵام دەبێتە مایەی زیان گەیاندن بە ئەزموونی هونەری شیعری و تووشی دووفاقی دەکا هونەری قەسیدەی هەڵبژارد و خیانەتی لەشیعر نەکرد و لەکۆتاییدا چەندین کۆمەڵە شیعری هونەری بەرزی چاپکرد، بە پێچەوانەی جەلالی کە دابڕا لە هونەری شیعر و زیانی لە ئەزموونی شیعری خۆی دا.

جەلال یەکێک بوو لەوانەی بەیانی(ڕوانگە)ی ئیمزاکرد. ئەوکات شیعر بەشێک بوو لەو ڕاچەنینەی بەڕووی بیری کۆنەپەرست و داگیرکاریی وەستا. ئەوجۆرە شیعرە تەمەنی کورتە و

لەگەڵ ڕووداوەکاندا دەبڕێتەوە. جەلال لەو چەند تێکستەی لەنێوان ١٩٧٠ تا ١٩٧٤ نووسی دەنگی ڕاستەقینەی ئەو تووڕەبوونەی هەڵگرانی بیروبۆچوونی نوێ بوو بەرانبەر کۆنەپەرستی و داگیرکاریی لەگەڵ تێبینی لەسەر نوێبوونەوەی ڕوانگە، کە زیاتر لەوەی بزووتنەوەیەکی ئەدەبی بێ پەرچەکرداری سیاسی و جموجۆڵێکی نیمچە کۆمەڵایەتی بوو.

ئەم ڕەوتە لەناو شیعردا سەرەتاکەی لای (کامەران موکری) بە شێوەیەکی فراوان دێتەکایەوە، ئەگەرچی بەر لەو (گۆران) لە بەرهەمەکانی کۆتایی ژیانیدا بناخەی بۆ داڕشتووە.

(ڕوانگە) لە ئەنجامی پاڵەپەستۆی بیرکردنەوەی نیمچە سیاسیانە نووسرا، هەرچەند لە ڕووکەشدا وەکو هەڵگەڕانەوە لەو بیروباوەڕانە خۆی دەردەخست بە تایبەتی ( کۆمۆنیست و کاژیک) بە دەلیلی ئەوەی دوو لەکەسایەتییە سەرەکییەکانی یەکیان تا ئەمڕۆ خۆی بە مارکسی دەزانێ و ئەوەی تریان نەتەوەیی بوو تا ئەوکاتەی کۆچی دوایی کرد. جگە لەمەش ئەو پێوەرەی ئەدەبیان پێ دەناساند هەمان پێوانەی کۆن بوو بەکەمێک دەسکاریی ڕووکەشانەوە.

خاڵی گرنگ لە ڕوانگە شڵەقاندنی گۆمی ئەدەبی کوردی بوو، ئەو ئامانجەی تا ئەندازەیەک هێنایەدی لەگەڵ هەندێک تێبینی لەبارەی ناوچەگەری بزووتنەوەکە.

جەلال ناوی سێیەمی ناو بزووتنەوەکە بوو. ئەو شیعری کردبوو بەچەکی بەرەنگاری لەشۆڕش و مەشخەڵی "جەنگی پیرۆز ".

ئەم جۆرە شیعرە خەسڵەتی تەمەنکورتی لەهەناوی خۆی هەڵدەگرێ و لەگەڵ ڕووداوەکان لەیاددەکرێ.

ئەو ماوەیەی جەلال تێیدا دەنگی بڵندە ماوەی نێوان ڕێکەوتنی ١١ ئازار و شکستی شۆڕشە. دەبینین لەکاتی شۆڕشدا کۆمەڵە دەقێکی جوان دنووسێ و دوای شکست ئیتر بێدەنگە و ئەوەی نووسیوویەتی چانسی خوێندنەوەی کەمە.

هەر لەو ماوەیەدا کە تەمەنی چوارساڵە دوو ئاراستە لەناو شۆڕشدا هەبوو، یەکیان درێژەدان بە ڕێکەوتن لەگەڵ ڕژێمی بەغداد و برەودان بە ئاشتی بەهەر نرخێک بێ، ئاراستەی دووەم هێزێکی تووڕەی یاخی کە بانگەشەی تۆڵە و گەرمکردنەوەی سەنگەری دەکرد، جەلالی ڕەنگرێژ و بڵندگۆی ئەو تەوژمە تووڕەیە بوو بەتێکستەکانی.

شیعری " سووتان لەئاهەنگی ئاشتیا" کە دوا دێڕی بەم چەشنەیە: خنکاین.. خنکاین..

لەدووکەڵی بۆخوردی درۆی ئاشتیا، وەکو پوختەی ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە دەنگی دایەوە.

لەناو ئەو واقیعە شڵەژاوەدا شیعر تووشی هەژموونی توندوتیژی ببوو، لەسێبەری ئەو دەقانەی جەلال و شێرکۆ بێکەسدا زۆر شاعیری تر دەقی خۆیان نووسی.

ئەوەی جێگەی سەرنجە توندوتیژی لە بەشی زۆری شیعری کوردییدا دەردەکەوێ لەم ماوەیەدا. هۆکار هەرچی بێ، زوڵمی بەعس و ڕەگی عەشایەری سەرکردایەتی شۆڕش و جۆری پەروەردە و کلتووری باوی ناو کۆمەڵ، گرنگ ئەوەیە بە ئەرێنی بۆ شیعر و ئەفراندن نەشکایەوە، بەڵکو تووشی جۆرە نەزۆکییەکی کرد. دەبینین دوای هەرەس ماوەیەک شیعریش وەکو سیاسەت تووشی ئیفلیجی هات. خاڵی بەهێز ئەگەر هەبێ هەمدیسان شێرکۆ بێکەسە کە بە دەقی شیعری " کۆچ " گۆمەکەی سەرلەنوێ شەقاندەوە.

ئەو ڕێچکە شیعرە بە شێوەی گشتی کاری لەناو مانای باودا کردووە و بایەخی بە تەکنیک و هونەری دەربڕین نەداوە و ئەو بابەتانەی کاری تێدا کردوون ڕووداو و جووڵەی دەرەوەیە نەک هەست و نۆستالژیا و خەمەکانی مرۆڤ وەک تاک.

جەلال لەبەر ئەوەی سەلیقەی شیعری بەرزە هەوڵی داوە هەندێک وێنەی شیعر بە زمانێکی پووخت و کەمێک تەکنیک بەکاربێنێ بۆئەوەی لە ڕاستەوخۆیی دەربڕین ڕزگاری بێ و پشتی شیعر نەدا بە ئەرزدا!

حەماسەت هەمیشە شیعر بە ئاقاری سنووردار دەباو بوار ناهێڵێتەوە بۆ ڕامان و دەرکەوتنی لایەنەکانی ژیان. خوێنەری ئەم جۆرە شیعرەش هەردەم خوێنەرێکی تەمبەڵە.

شیعر خاڵی نییە لە بیروبۆچوون، بیروبۆچوونێک زادە و هەڵقوڵاوی ئەزموونی ژیانی کەسی و زانیاری و ڕۆشنبیری کەسی شاعیربێ، نەک لە دەرەوەی شعرەوە هاتبێ. هەست و بیرۆکەی شیعری ئینسانی و قەقنەسییە، دەسووتێ بۆ زیندووکردنەوەی شیعرییەت و پاراستنی ڕەگەزی جوانی لەناو تێکستدا. شیعر بە ماسوولکە نانووسرێ بەو هەستە هەستیارە دەنووسرێ کە زمان لە هەناویدا هەڵیگرتووە. ئەو هەستە باڵی پەپوولەیەک دەیهێنێتە سەما وەک چۆن خوێنێکی ڕژاو دەیکا و سووتانی شارێک دەیکا و ماچی قەتیسی سەر لێوێک و توزوگەردی سەر ڕووی دەرگایەکیش.

من هێندە ڕۆمانسیانە بیرناکەمەوە نەزانم ئێمە لە دۆزەخێکدا دەژین و مرۆڤ بێ سنوور و بێ کەنار نییە، بەڵام شاعیر لەو جۆرە شوێن و دۆخانەشدا قەدەری وایە کە موعانات و ئازاری مرۆڤ بنووسێتەوە نەک دۆزەخ لەسەر نەخشە بسڕێتەوە. ئەم خەیاڵە سپارتاکۆسییە بەکەس نەکراوە تا بە شاعیر بکرێ و کاری وەها لە بنچینەدا هی شاعیر نییە بەڵکو هی شۆڕشگێڕەکانە.

بەرهەمی شیعر بە چاکە و خراپە ناپێورێ، پاداشت و سزای تێدا نییە، هەرهێندەی هەیە تاچەند شیعرییە. زۆرجار بابەتی شیعر بایەخێکی ئەوتۆی نییە، جۆن دن شاعیرێکی میتافیزیکی ئینگلییزە شیعری لەسەر ئەسپێ نووسیوە کەخوێنی دوو عاشق دەمژێ و لە جەستەی خۆیدا تێکەڵیان دەکا و شیعرەکەی تا ئەمڕۆ نەمرە لەبەر ڕەهەندی پویێتیکا و ئینسانی کە هەندێک بابەتی قەبە ئەو هەلەی نەهێناوەتە پێش.

جەلال بیروباوەڕی چەپ بوو، ئەو چەپایەتییە لەناو تریفەی وێنەشیعرییەکاندا شراوەبوو، بەڵام نەسڕابوونەوە. لەو یەک دوو چاوپێکەوتنەی لەگەڵیدا کرابوو لەماوەی ئەم چوار ساڵەی مەبەستی نووسینەکەمانە بە ئاشکرایی بیروباوەڕ و بۆچوونە سیاسییەکانی خستۆتە پێش دەقەکانییەوە. ئەو بۆچوونانە پێمان دەڵێن شیعر لەکوێی بایەخی ئەودا بووە.

سەرەتای حەفتاکان بەپەرۆشەوە بەرهەمی جەلالم دەخوێندەوە و هێشتا ئەزموونی شاعیرانی ترم نەخوێندبووەوە، هەندێک جار بێ مەبەست لاسایی ئەویشم کردووەتەوە. دواتر تێگەیشتم هێزو وزەی ئەم شاعیرە لە ڕووداوە گەرمەکانی ڕۆژدابوون نەک هونەری سەرووی ئەو واقیعە.

**دیریک والکوت**
( ۲۰۱۷ -۱۹۳۰)

خوێندنەوەی ئەزموونی دیریک والکوت ( بەو ژمارەکەمەی تێکستەکانی کەلەبەر دەستمدایە) لەگەڵ ئەوەشدا وەک ڕۆژژمێرێکە بۆ ئازارو موعاناتی مرۆڤی ژێردەستی کۆڵۆنیاڵیی لە لایەک و لە لای ترەوە مێژووی دەریا و سروشتی دوورگەکانی کاریبی و بە تایبەتیش سانت لۆشیای زێدی، بە زمانێکی بارگاوی فرەکەلتوور کە ئەمڕۆ سیمای سەرەکی ئەفراندنە.
لە بارەی بایۆگرافی والکوتەوە زانیاری زۆرە، ئەگەرچی کەمترین چاوپێکەوتنی کردووە و ژیان و ئەزموونی خۆیشی وەکو گێڕانەوە، یان ئەزموونی شیعریی نەنووسیوە. ئەو پێیوایە، تێکستە شیعرییەکان باشتر دەتوانن جومگەکانی ژیانی تایبەتی خۆی و وڵاتەکەی دیاربخەن.
ساڵی ۱۹۳۰ لە دوورگەیەک کە لەدوای بورکان دروست بووە هاتووەتە دنیاوە.
هێشتا منداڵ بووە کە دایکی پێی وتووە، بۆ نابی بە شیکسپیر؟ تۆ بەشێکی لە حیکایەت.
باوکی نیگارکێشێکی بوهیمی بووە. والکوت منداڵ بووە کە ئەو مردووە.
ساڵی ۱۹۵۳ چۆتە ترینیداد و لە بواری شانۆدا کاری کردووە.
ساڵی ۱۹۹۲ کاتێک نۆبلی پێدرا، ئەکادیمیای سوید پوختەی هۆی هەڵبژاردنی، بەم ڕستەکورتە وەسف کرد:
کۆی بەرهەمە شیعرییەکانی درەوشانەوەیەی گەورەن، سەرچاوەیان دەگەڕێتەوە بۆ جیهانبینیی قووڵ لەبارەی مێژووەوە، کە ئەنجامی فرە لایەنی ئینتیما کەلتوورییەکەتی.
دورگەی سانت لۆشیا دەوڵەتێکی سەربەخۆیە و دانیشتوانی ناگاتە دووسەت هەزار کەس. لەژێر دەستی ئینگلیز بووە بەر لەڕزگاربوونی ساڵی ۱۹۶۷.
والکوت لەوتاری وەرگرتنی خەڵاتی نۆبلدا لەباسی وڵات و مێژووەکەی دەکا، زۆر شتمان پێدەڵێ لەبارەی شیعرییەتی شوێنەوە.
[ هەندێک نووسەر هەن بەتوانان ولەخۆشەویستەکانیشن وەک گراهام گرین، بەڵام کەسەیری ناوچەی دەریای کاریبی دەکەن وەک خەمێکی پۆشتە، پەژارە و خەفەتێکی دوورودرێژ دەیبینن، لیفی شتراوس ناوی ناوە خەمە ئیستیوایییەکان .
ئەو پەژارەیەی کە ئاکنجیانی ئەوێی پێ دەناسرێتەوە ؛ هۆیەکەی بۆ تەماشاکردنی کاتی تاریک داهاتن و باران و بڵاوبوونەوەی ژیانی پەرەسەندووی بێ کۆنترۆڵی کاریبی دەگەڕێتەوە، بۆ ویستی

ناکامی شارەکانی دەگەڕێتەوە، کە کۆپی بیناسازی نوێی وشک تێیاندا کەمە و خانووەکانی نزم و شەقامەکانی بچووکن. خەمۆکی تەشەنەی سەندووە وەک تای ئاوابوون، وەک لقی زێڕینی دار گوێزی هیندی، بەڵام کارێکی نامۆ و زۆر هەڵە هەیە لە ڕێڕەوی ئەم جۆرە خەمەدا، نەک هەر هەڵە بەڵکو ترسناکیشە ئەوەی ئینگلیز و فەرەنسییەکان و هەندێک لە نووسەرەکانی تاراوگەمان بۆی دەچن. ئەویش پەیوەندی بەو هەڵە تێگەیشتنەوە هەیە لە تیشک و لەو خەڵکانەی ئەو تیشکانەیان بەر دەکەوێ.

ئەو نووسەرانە باسی خواستی شارەکانمان دەکەن کە تەواو پێنەگەییوە و ئەنجامە ڕاگەێنراوەکانی پێنەگەیوون . ئەمە هەڵە گەورەکەیە.

شارەکان ڕەنگە لەم خاڵەدا ئیترکۆتاییان بێ، چونکە قەناعەتیان بەو قەوارەیە هەیە کە تێیدان. کەلتووری کاریبی باڵای خۆی کردووە و تەواوبووە. ڕەچەڵەکی ئەم کەلتوورە نابێ بە چاوی گەشتیار و نیشتەجێی تاراوگانەوە بپێورێ بەڵکو بە چاوی هاووڵاتیانی و بە دیمەنی تەلارەکانی دەپێورێ..]. بەشێک لەو وتارەی لەکاتی بەخشینی خەڵاتی نۆبلدا خوێندیەوە ساڵی ١٩٩٢.

والکوت زۆر سەفەری کردووە بەڵام لە هەست و هۆشی کۆمەڵگەی کاریبی دانەبڕاوە.

لێرەوە دەتوانین ئەو ڕێچکە لە بیرکردنەوە بدۆزینەوە کە والکوت گرتوویەتی بۆ ناسینی تایبەتمەندی شوێن، بە دیوێکی تردا شیعرییەتی شوێن بەو دەلالەتانەی ڕۆڵان پارت باسیان دەکا لە دەربڕینەکانیدا.

وەک دوورگەیەک لە زەوی جیا بێتەوە، شیعر لای ئەو ئاوەهایە، جیابوونەوە لەوەی هەیە، بە واتایەکی تردروستکردنی تایبەتمەندیی. زمانی شیعر وەک دڵۆپە شەونمی سەر تەوێڵی پەیکەرێک( پەیکەربە مانای ڕابردوو) تەڕە. دوورگەکانیش وەکو کرانەوەی شەرمنانەی پەڵکی گوڵێکی سپییە، مەبەستی چۆنیەتی ڕزگاربوونە لە داگیرکاریی. ئەو گوڵانە هەر دەبێ بکرێنەوە، ڕستەیەکی سادە بەڵام لێوانلێو لە ئومێد.

گرنگی ئەزموونی والکۆت لەم ڕووەوە:

بایەخدان بەو شوێنەی کە تێیدا ژیاوە، ڕووبەرێک بیست میل دووجا زیاتر نییە.

چەند ڕەگەزێک لە ناوچەیەکدا دەژین، فرە کەلتووریی.

سڕینەوەی مێژوو وەکو شەپۆلەکان دەیکەن لەکەنار، هیچ شتیکی جێگیری تەواو نییە.

کات درێژترە بە سەعات ناپێورێ دەبێ کاتی تایبەت بەخۆت دروست بکەی، لە لای ئەو دەریا بۆیە مەدلوولی زەمەن.

والکوت بە زمانی ئینگلیزی دەینووسی و خەڵاتی شاژنی بەریتانیای پێ بەخشرا لەبەری شکۆی دەربڕینی و دەوڵەمەندی زمانی، کە ڕەخنەگرەکانی ئینگلیز دەیانووت، شاعیرانی سەردەمی ئەلیزابیسیمان دێنێتەوە یاد و هەندێکیش دەیانووت، زمانی ئینگلیزی لەهەر نووسەرێکی ئینگلیز باشترە کە ئێستا لە ژیاندان.

سانت لوشیا یەکێکە لەو چوار دوورگەیەی ئەنتێل کە دەکەوێتە خۆرهەڵاتی کاریبی بەرانبەر زەریای ئەتڵەسی، ئەو شوێنە والکوت ناوی ناوە: شانۆی دەریای کاریبی.

هەموو ڕۆژ لە سەعات چوارو نیوی بەیانییەوە بۆ ماوەی پێنج کاژمێر بەردەوام دەنووسم، یان نیگاردەکێشم. ( جگە لە شیعر سیناریۆ و شانۆگەرییشی نووسیوە و جارجارەش تابلۆی بۆ هەوەسی خۆی کێشاوە ).
لە بارەی کاریگەری باوکییەوە لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێ، باوکم هەندێک شیعری نووسیوە بەڵام ڕشت نەبووە لەسەر نووسینی، زیاتر تابلۆی کێشاوە کە زۆرترینیان بە بۆیەی ئاویی و هەندێکی لەبەرگرتنەوەی هونەرمەندی ترن. من باوکم لە یاد نییە بەڵام لەگێڕانەوەی بەردەوامی دایکمدا و لەو تابلۆیانەی جێیهێشتوون هەست بە ئیحساسی بەرزی دەکەم، هەموو ئەو برادەرانەی باوکیشم کە ماون شانازی پێوە دەکەن، بۆیە هەست دەکەم ئەوەی مەرگ لە باوکمی سەندەوە من درێژەی پێدەدەم.
والکوت پێیوایە، کەشی شیعر نووسین و نوێژ نزیکن لەیەک، بە جۆرێک لە جۆرەکان شیعرنووسین پیشەیەکی ئایینییە. چۆن کاسۆلیکێک بەر لە ئاوهەڵکێشان هێمای سەلیب دەکا، کەشی نووسینی شیعریش ئەوجۆرە کڕنووش و پاڕانەوەی پێویستە بۆ دەستپێک. ئەو جوانییەی خاک و ژیان و ئەو هەستەی هەمانە بەرانبەریان جۆرێک لە بەخشینە، جەستە دەتوێتەوە لە بەرانبەریاندا و ئەو توانەوەیە بەردەوام دەبێ لە شیعردا. هەمووکات هەست دەکەم کەینوونەم، یان " من " گرنگ نییم لێرەوە نەشئەی مەستبوون دەستپێدەکا. بەڵام کە گەورەدەبین دۆخێکی تر دێ. تۆماس تراهیرن ئەو ڕێگا سەرسوڕهێنە دەشوبهێنێ بە منداڵەکان کە گەوهەری بە جموجۆڵن تا ئەوکاتەی فێری شێوازی پیسی جیهان دەبن. دەڵێ، ئەمە ڕۆحانییەت نییە وەکو ییتس دەڵێ، بە هەموو شتێک پێبکەنیین و هەموو شتێکیش کە دەیبینیین پیرۆزە. بەڵام لەکۆتاییدا ڕستە سەرەتانییەکە دەڵێ: بەڵام هەرگیز هەست بە بچووکی ناکەم بەرانبەریان.
شێوازی نووسینی لە سەرەتاوە بە ئەزموونگەرایی دەستپێدەکا و پاشان ڕوودەکاتە فۆلکلۆر کە ژیانی دوورگەکانی ئەنتیل تێیدا ڕەنگدەداتەوە. زمانیشی تێکەڵەیەک بوو لە دەستەواژە میللییەکان و ئینگلیزییەکی ڕەگاژۆی ناو کەلتووری سەردەمی شیکسپیر و زمانی لاتینی هۆمیرۆس و فەرەنسایی سان جۆن پێرس و ئیمێ سیزرا. ئەو فرە کەلتوورە دەوڵەمەندییەکی کەموێنەی داوە بە بەرهەمەکانی، چ شیعر، یان دراما. ئەگەر سەرنج لە تێکستەکانی بدەین پڕە لە وردەکاری ژیانی خەڵکی ناوچەکەی و شێوەی هەڵسوکەوت و سیما و ئەدگاری ئەستوور و زبری ڕەگەزە جیاوازەکانی. وردەکاری ژیانی دەوڵەمەندی دەریا و کەنار و کێڵگە و شەقامەکان لەگەڵ ناوی جۆرەها بەرد و باڵندە و ڕووەک و گۆماو و قەوزە و دارستان گردەکانی. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ژیانی دوورەپەرێزی بۆ خۆی هەڵبژاردبوو، دەوترێ، گەشتەکانی ئەگەرچی زۆربوو، بەڵام گەشتەکانی بۆ ناوەوەی خۆی درێژتر و بە پیتتربوون.
والکوت ئەکادیمییەکی لێهاتووش بوو، دەرسی لە هەریەک لە زانکۆکانی هارفەرد و بۆستن دەوتەوە. دۆستی هەریەک لە جۆزیف برۆدسکی ڕووس و شیمۆس هینی ئیرلەندایی بوو.

## قامیشی دەریا

نیوەی برادەرەکانم مردوون.
هی تازەت بۆ پەیدادەکەم، زەوی وتی.
نا، ئەوانم بۆ بگێڕەوە، وەکو هەبوون، هەموویان،
بە هەموو کەموکوڕییەکەوە ، من قیژاندم.

ئەمشەو دەتوانم ڕایانکێشمە لام
بە دەنگی کپی شەپۆلەکان
کە لەناو دارکە قامیشەکان دەشکێنەوە.
بەڵام من ناتوانم بڕۆم

بەنێو پەلکی بە ڕووناکی مانگ ڕۆشنی ئۆقیانووس
بەو تاکەڕێگا سپییەدا.
هەوڵدەدەم و ناتوانم بفڕم

وەک جووڵەی کوندەبۆیەک لە خەودا
بڕۆم، کە قورسایی خاک جێ دەهێڵێ.
ئای ئەی زەوی! ئەو برادەرانەی دەیانهێڵیتەوە
زۆرترن لەوانەی خۆشت بوێن.

قامیشی دەریا لەکەنار دەبریسکێنەوە کەسک و زیوین
ڕمی ئیسرافیل-ن  لە باوەڕمدا
بەڵام لە دەرەوەی ئەوەی لە دەستچووە
شتێکی بەهێزتر دەڕوێ

کە درەوشانەوەی مەنتیقی ئەو بەردەی هەیە،
کە ڕووناکی مانگی هەڵگرتووە، لە نائومێدیی دوورتر
بەهێز وەک با
بەناو قامیشیەڵاندا خۆی لادەدا

ئەوانە دێننەوە ناومان کە خۆشمان ویستن، وەکو کە هەبوون
بە هەموو هەڵەکانیانەوە، هەموویان
لەوان شکۆدارتر نییە، بە دڵنیاییەوە لەوێ.

## دوای باهۆز

ژمارەیەکی زۆر دوورگە هەن لەوێدا !
دوورگەی زۆر وەک ئەستێرە لە شەودا
لەسەر ئەو درەختە پەلوپۆ هاوێژەی کە بە نەیزەک دەلەرێتەوە
وەک میوە دەکەونە خوارەوە لە دەوری
فڕینی بەلەمی بایەوان.
بەڵام پێویستە شتەکان بکەون، وەک هەمیشە
ڤینۆس لە لایەک، و مەریخ لای تر
کەوتن هەمووی هەر یەکە، ڕێک وەکو ئەو زەویەی تەنیا تاکە دوورگەیەکە
لە ئەرخەبیلی هەسارەکاندا.
دەریا یەکەم برادەرم بوو
ئێستاش دوا برادەرە.
ئیتر پێویست بە قسەکردن نییە.

## هاوپێچی وەسیەتێک

وەکو تووشبوویەکی شیزۆفرینیا،
یان لەتکراوێک بە تەور
وەک کرێچیەک تازە دەرکرابێ،
پاداشتی خۆم دایەوە
بە ئاوارەکردنی.

لە کەنارێکی تووشبوو بەکەم خوێنی
لەژێر تریفەی مانگدا چەند میلێک ڕۆیشتم
بە پێستی ڕەشی سووتاوەوە
کە دەخوازێ لەخۆی داماڵرێ وەک مار
ڕابکا لەدەست جیهانی تاک ناسنامەدا.

بۆ ئەوەی زمانت بگۆڕی

پێویسته بوونت بگۆڕی.

ناتوانین هەڵە کۆنەکان ڕاستکەینەوە
لەبەرئەوەی شەپۆلەکان،
ئەوانەی، سەفەر بۆ هێڵی ئاسۆ هیلاکی کردوون
ڕادەچەنن بە دەنگی باڵندە ماسیگرەکان
کە بە زمانێکی بێ هێز هاواردەکەن.

لەسەر گەمێیەکی تەختەی
تێکچوو بەلمی کەنار
هەورەکانی " شارلوت فیل" دەنیشنەوە
کە دندووکی ژەهراوی کونکونی کردوون.

لە کۆندا،
وامدەزانی خۆشویستنی خاک بەسە
ئێستا
هیچ شوێنێک نەماوە لە هەگبەدا.

چاودێری ئاوەزەکان دەکەم گرفتارن وەک هەیکەلی سەگەکان
لە دەوری پارچەیەک نان
ئەوە منیش،
لەنیوەی تەمەن نزیک دەبمەوە
بە پێستی سووتاوەوە
کە لەناو لەپمدا توێکڵ فڕێ دەدا وەک پەلکی پیاز
ئەو تەلیسمانە دەردەکەون
کە ناکرێنەوە
هەرگیز.

لە دڵدا...
هیچ شتێک نییە، هیچ شتێک
تا ترس لە مردنیش.
زۆرم ناسین لەوانەی مردوون
هەموویان لەیەک دەچن
هەمووشیان لەمن دەچن

تەنیا مەرگ
دادپەروەریی دەکا لەنێو خەڵکیدا
چونکە ئێمە،
کە نوقوم دەبین لە ئاگردا
پێستمان  سەرلەنوێ نالەرزێ
لە ترسی زارکی زەوییە گەرمەکە،
یان کوورەی خۆری ئازاربەخش
هەروەها
لەبەر ئەو مانگەکلۆڵەش
کە دەردەکەوێ و بزردەبێتەوە لە پشت هەورەکان
لەوێوە،
لەو کەنارە پیس بووە ورد دەبێتەوە
کە جێی هێشت بە تەنیا لەو دوورەوە
وەک پەڕەیەکی سپی.

ئاگاداربن،
ئەو بێ دەربەستییە،
ڕادەیەک لە تووڕەبوون هەڵدەگرێ!

## کاردەکەم پاشان دەخوێنمەوە

لەژێر چرای بە چارۆگەی کەشتییەوە هەڵواسراو
هەوڵدەدەم لەبیرخۆمی ببەمەوە بەختەوەریی چی بوو،
کە ئەوەش دادی نەدا، دەکەومە پشکنینی ئەستێران،
هەندێکجار وەکو منن، هەندێکجاریش نەرمونیان لەگێڕانەوەدا
ئەوکاتەی سەرکەشتی سپی دادەگەڕێ و مانگ
هەور دەکاتەوە وەک دەرگا، ئەو ڕووناکییەی لە سەرەوەمە
دەبێتە ڕێگا لەبەر تریفەی مانگی زیوین و دەمباتەوە بۆ ماڵ.
( شابین ) گۆرانی بۆ وتی لە قووڵایی دەریاوە.

** شابین ژنێکی پێست درەوشاوەی نەرمونیانە و تێکەڵە لە هەردوو ڕەگی سپیپێست و ڕەشپێست و لە ناوچەی کاریبی وەکو ئەفسانە باس دەکرێ.*

## ئەڤین لە ئەڤیندا

ڕۆژێک دێ
پێشوازی لەخۆت دەکەی بە خۆشییەکی زۆرەوە
کە دەگەیتە بەردەرگاکەت
بەرانبەر ئاوێنە
هەریەکەتان بە زەردەخەنەوە بەخێرهاتنی ئەوی تر دەکا.

بەخۆت دەڵێی: لێرە دانیشە، بخۆ.
جارێکی تر ئەو غەریبەت خۆش دەوێ کە خۆتی.
مەی بدەرێ. نانی بدەرێ. دڵت بگەڕێنەوە بۆی
غەریبێک کە بە درێژایی ژیانت خۆشیویستووی

غەریبێک لەبیرت کردبوو، دوای کەسی تر کەوتبووی
نامەکانی عیشق لە ڕەفەی کتێبەکان بێنەخوارەوە

هەروەها وێنە و بیرەوەرییەکانی کوێرەوەری
وێنەی خۆت لە ئاوێنەدا هەڵکرێنە
دانیشە و ئاسوودە بە.

## ئەمریکای ناوەڕاست

کۆمباینی بە پەروانە مۆزی کێوی کۆدەکاتەوە.
لە نێوان پەنجەی گەورەی نیکۆتین و دۆشاومژە
دەموچاوە درشتەکان دەشکێنەوە وەک گەڵای تووتن.
منداڵەکان غلۆردەبنەوە بە بەروانکەی بەریان، بە قاچی کەوانەیی،
بە ڕۆبیانی بچووکی شلوخاوی ژێر ناوکیانەوە.
ددانی پیرەکان کۆڵکی براوەیە لە دارستانێکی سووتاودا.
پێستیان، وەک پێستی ئیغوانا، گرژ
تەماشایان وەک بەردی ئەردەواز
ژنەکان خۆیان مەڵاس داوە لای ڕووبارەکە بۆ دڵنەوایی
لەو شوێنەی منداڵەکان تا چۆکان لە ئاودان،
لە بەهاردا، لە هەرێمەکانی سەرووی شانشینەکە
مەلە زەردەکان لە ململانێدان لەناو لقە ڕووتەکاندا.

لەو ڕووبەرەدا هیچ جۆرە جیاوازییەک نییە.

تێبینی:

مۆزی کێوی: جۆرە مۆزێکە تۆوی گەورەی هەیە بۆ خواردن ناشێ.

ئیغوانا: جۆرە خشۆکێکە پێستی ڕەقە.

بەردی ئەردەواز: بەردێکە چین چین داوی بورکان دروست دەبێ خۆڵەمێشییە.

*لە وەرگێڕانی تێکستەکان پشتم بە وەرگێڕانی هەریەک لە: سەرگۆن پۆلس، محمد تاهیر، ڤاتیمە ناعووت بەستووە.*